# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارەی ٥١ | ساڵی بیستویەکەم | بەهاری ٢٧١٩

٨
## تیۆریی زاگرۆس



تەوەری ئەم ژمارە:

## ڕاسان و کوردایەتی

٢٠
ڕاسان و ناسیۆنالیزم

٣٤
کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی

٨٤
ڕاسان، نیشانەیەک بۆ دەربازبوون لە قەیران

١٠٤
کوردبوون و بنبەستی ڕاڤەکان

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێســـتا کوردســـتان وتن،
چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لـــێ ئەبنە دوژمن!

گۆران

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارەی ٥١ • ساڵی بیست و یەکەم • بەهاری ٢٧١٩

لە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکانی دنیای سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە لە ڕوانگەی نەتەوەیی وکوردایەتییەوە خوێندنەوە بۆ کێشەکانی کوردستان و ناوچەکە بکرێ. توێژینەوە لەسەر سیاسەتە درێژخایەنەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەکۆلۆنی گرتووە، دەبێتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی وردترمان لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەبێ. کوردستان لە ناوەندی قەیرانەکانی ناوچەکەدایە و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کوردستان ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێنێ کە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەر کام لە پارچەکان باشتر تێبگەین. هەر جووڵەیەکی بەربڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەندەی خۆی لەدوای بارستایەک لە باس‌وخواس و تیۆری و تێڕامانەوە دێ، هەر بەم شێوەیەش شەپۆلێک شیکاری و شرۆڤە و پرس و تێڕوانینی جۆراوجۆریش بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بەم شێوەیە هەموو بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ـ بەگوێرەی بەرتەسک بوون یان بەربڵاو بوونیانەوەـ بە خەرمانەیەکی تەنک یان تۆخی تیۆرییەوە دەورە دەدرێن و دواجار ئەو خەرمانە تیۆرییە، کار لەسەر خودی بزاڤەکەش دەکات و ئەوەندەی شوێنی لێ وەردەگرێ شوێنیشی لەسەر دادەنێ. بزاڤەکان ئەوەندەی وە دوای تیۆرییەکان دەکەون، هەر هێندەش تیۆرییەکان وە دوای خۆیان دەدەن. هەر بۆیە،هەر شۆڕشێک لە دەستپێکدا پێویستی بە تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانە هەیە و پێمان وایە کوردایەتی، هەوێنی شۆڕشێکی فرەڕەهەندە بۆ سەربەستی و ڕزگاریی تاکی کورد لە دۆخی بندەستی.


**سەرنووسەر:**
**ناسر مرادی**

**دەستەی نووسەران:**
**ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەلان،**
**مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەڕۆیی**

**بەڕێوەبەری نووسین:**
**شەهاب خالیدی**

**دیزاین:**
**ڕێبوار**

**زمانەوان:**
**کامیل نەجاری**

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشکەوە بڵاو دەبنەوە

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk
www.facebook.com/GovariTishk
govaritishk@pdki.org

# پێڕست


سەروتار ٦

## تیۆری

تیۆریی زاگرۆس: چۆن بیر لە کوردستانی فەرهەنگی دەکەینەوە؟ • شاهۆ زەنگەنە ١٠
ڕاسان و ناسیۆنالیزم • ئیدریس ئەحمەدی ٢٢
لە سۆسیالیزمی دیموکراتیکەوە بۆ سۆسیال دیموکراسی • بیریار ژاوەرۆیی ٢٦
کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە • سارۆ ئەردەڵان ٣٦
ڕاسان و جنوب زاگرس، نگرشی بە نقش یارسان • نیشتمان ٤٦
ویژمانی نەتەوەیی • بیریار ژاوەرۆیی ٧٢
فەلسەفەی سیاسیی خۆسەروەری • ژیلا موکری ٨٠
ڕاسان نیشانەیەک بۆ دەرباز بوون لە قەیران • ئالان. د ٨٦
دیالکتیکی ناسیۆنالیزمی حاکم و مەحکووم لە ئێران • ئاسۆ ساڵح ٩٤

## شیکاری

«کوردبوون» و بنبەستی ڕاڤەکان • مەسعود بابایی ١٠٦
ڕاسان و کورد بوون • هەرمان هەوشاری ١١٤
پارالێکسی ڕاسان، ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە • شوعەیب دانشپەژوو ١٢٢
بەرگریی چەکداری و وشیاریی نەتەوەیی • ئارەش ساڵح ١٣٠
خەباتی شار و شارۆمەندی بەرپرس • ئاگری ئیسماعیلنژاد ١٣٦
ڕاسان، پارادایم و سەنتێزێکی فەلسەفی و ڕامیاری ... هادی عەزیزی ١٤٠
دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەواشەکردنی دۆزی کورد • زانا هەورامی ١٤٦
ڕاسان چەمکێک بۆ هەموو وەرزەکانی شۆڕش ... • سامیار شێروە ١٥٠
ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاسانەوە • هاوڕێ کرماشانی ١٥٦
ڕۆڵی ڕاسان بۆ پێشگیریکردن لە بەلاڕێدابردنی گوتاری کوردایەتی • ئەلبورز ڕوویینتەن ١٦٠

## ڕوانگە

ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (١) • سمایل شەریفی ١٦٨

## هەڵسەنگاندن

ناساندنی کتێب ٢٠٤
ڕێنمایی نووسین ٢١٠

# سەروتار

ناسر مرادی



"سەروبەرکردنی دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتێکدا ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی لە ژێر تەوژمی گۆڕانکاریی خێرا و چاوەڕواننەکراودایە، گەلێک ئەستەمە. رۆژهەڵاتی کوردستان، لە زۆر رەهەندەوە گۆڕانی بە خۆوە بینیوە. ئەمێستاکە لە گەڵ گرێچنێکی جیاواز و فرەچەشن بەرەورووین. لێکدانەوە و گەیشتن بە ئەنجامێکی تۆکمە لەم پاژڵە، پێویستیی بە لێکدانەوەیەکی مێتۆدیکە؛ بە جۆرێک کە تێڕوانین وخوێندنەوەمان، وڵامی پرسیارەکان تێر بکات، یان هەر نەبێ لە سەر بنەمای ئەم گرێچنە پرسیارگەلێکی جددی درووست بکرێ، بە جۆرێک کە «بەردەنگ»ـەکان بەو کانتێکستەی کە پێی دەگوترێ رۆژهەڵاتی کوردستان ئاشنا بکاتەوە."

راسان وەک قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی ودیموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی کە ناونیشانێکی جێ کەوتووە لە یادەوەریی نیشتمان، بەڵام پێویستییەکی ڕادەبەدەری بە پشوودرێژی و کار و چالاکیی بەردەوام هەیە. ئەم پشوودرێژییەش دەخوازێ کە بەردەوام بوونی راسان بکرێتە بنەما. ڕوانگە گشتییەکە ئەوەیە کە راسان چوارچێوەیەکی بەرینتر و بواری فراوانتر و پانتاییەکی بەربڵاوتری پێ بدرێت و پڕ بە پێستی، مانا و مۆرکی ڕۆژهەڵاتی بوونی بۆ قایل بین.

لەم ڕوانگە گشتییەدا ئێمە لە گەڵ تان و پۆیەک لە پێشگریمانە، گریمانە وپرسیار بەرەورووین. ڕاگربوونی ئەم ڕوانگە گشتییە، خۆی گرێدراوی خوێندنەوەی نوێ و بەرۆژبوونی ڕوانینەکانە. ئەمێستا کە لەگەڵ پرسی کورد بەرەورووین، وێڕای ئەوەی کێشەکانی ئەم پرسە کەم نین، بگرە ئاڵۆزیشن. جەوهەری راسان و ئەوەی کە چاوەڕێی بەدی کردنی دەکرێ، ڕۆژهەڵاتیکی بەهێزە. گەڕانەوە بۆ «پێناسە»ی «پێناسەکراوەکان» بە بێ لەبەرچاوگرتنی کەلێن و قوژبنەکانی ناوماڵی ڕۆژهەڵات کارێکی نەکردەیە. هەوڵدان بۆ یەکخستن و دواجار سەرخستن و نەخشاندنی ئەم هێزە بە کیانێکی فەرهەنگی ـ سیاسیی یەکپارچە و بەهێز تەنیا دڵخوازێکە و هیچی تر، مەگەر ئەوەی کە دەست لە سەر راستییەکان دابنێین و نەخشەڕێگایەکی گونجاوی پێ ڕایی بکەین. ئەم نەخشەڕێگایە، لە دەلاقەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە وێنا دەکرێ، دیسان بەو مەرجەی کە لە ڕاستیەکان لانەدات و سەرنجیان بخاتە سەر.

هەر جووڵەیەکی بەربڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوەندەی خۆی لەدوای بارستایەک لە باسوخواس و تیۆری و تێرامانەوە دێ، هەر بەم شێوەیەش شەپۆلێک شیکاری و شرۆڤە و پرس و تێڕوانینی جۆراوجۆریش بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بەم شێوەیە هەموو بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ـ بەگوێرەی بەرتەسک بوون یان بەربڵاو بوونیانەوە ـ بە خەرمانەیەکی تەنک یان تۆخی تیۆرییەوە دەورە دەدرێن و دواجار ئەو خەرمانە تیۆرییە کار لەسەر خودی بزاڤەکەش دەکات و ئەوەندەی شوێنی لێ وەردەگرێ، شوێنیشی لەسەر دادەنێ. بزاڤەکان ئەوەندەی وە دوای تیۆرییەکان دەکەون، هەر هێندەش تیۆرییەکان وە دوای خۆیان دەدەن، دیارە راسانیش لەم ڕێسایە هەڵناوێردرێ.

راسان، گێڕانەوەی کوردبوونە و هەر لەم دەلاقەیەشەوە، کوردایەتی ئەو گوتارە زاڵەیە کە بەرامبەر بە هێزی داگیرکەر و باڵادەست، مانا بە ڕەفتار و کرداری تاکەکان دەدات و خۆی پێناسە دەکاتەوە. هەرچۆنێک بێت راسان پرسیاری لە سەرە و لە ڕووی گوتار و نیشانەکانیەوە، ئێستاشی لە گەڵ بێت هەندێ بواری بە بۆشایی هێشتۆتەوە. لێ ئەمە مانای وا نییە کە راسان لە بۆشایی هاتبێتە کایەوە و بەرەبەرە ڕێی نەکردبێت.

بنەجێ»نهادینە»کردنی راسان بە مانای لێک گرێدانەکەی، دەخوازێ بە قوڵایی و بە پانتاییی گۆڕەپانی کار و چالاکیەکانی، چ لە ڕووی کات و چ لە ڕووی شوێنەوە، ببێت بە دیاردەیەکی هەمیشەیی. بەو مانایە کە لە زەینی تاکی کورد و واقعی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە. پەیوەندیی نێوان دوو چەمک یان دیاردە بە چەند شێوە دێتە گۆڕێ. یان هەر پەیوەندییان پێکەوە نییە، یان دژ بە یەکترن، یان تەبا و لە یەک بەستێندان. کورد بوون وەکوو ناسنامە کە هەموو ڕەهەند، لایەن و تایبەتمەندیی تاکی کورد ئەگرێتەوە، ئاخۆ دەتوانێ ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە خۆ بگرێت؟ یان بە دیوێکی تردا لە دەلاقەی راسانەوە کوردبوون چ مانایەکی هەیە؟

# ” تیۆری “

# تیۆریی زاگرۆس:
## چۆن بیر لە کوردستانی فەرهەنگی دەکەینەوە؟

شاهۆ زەنگەنە



**ئاماژە**

کەڵک وەرگرتن لە چەمکی زاگرۆس وەک کوردستانی فەرهەنگی ئەو دەوڵەمەندییە بە بواری فیکر و کولتوورمان دەگەڕێنێتەوە کە ئەو ناوچانەی ئیستا کوردی لێ ناژین بەڵام پێشتر وەک هەرێمی فەرهەنگیی زاگرۆس کوردی لێ بووە، وەک بەشێک لە سەرمایەی کولتووری خۆمان ئەژماریان بکەین

## پێشەکی

مەبەســـت لە تیۆریی زاگرۆس تاوتوێ کردنی ڕەهەنـــدە کولتوورییەکانـــی کوردســـتانی فەرهەنگییە. لە ســـەدەی بیســـتەم و هاوکات لەگـــەڵ خەباتی ڕزگاریخوازیـــی کورد، بیری کوردایەتی بە کوردســـتانێک کورت کراوەتەوە کە چوارچێوەکەی بە زمانی کوردی سنووردار بووە. واتە کوردســـتان بەو شوێنانە وتراوە کە مرۆڤی کوردزمان لە ســـەردەمی هاوچەرخدا تیایدا ژیاوە. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە، لەسەر دوو ئاست کێشەی بووناسانەی بۆ ژیانی ئێمە لە جیهاندا ساز کردووە:

ســـەرەتا ئێمەی لە دۆخێکـــی بەرگری لە زمانـــی کوردیـــدا داناوە. مەبەســـت لە دۆخی بەرگری لە زمانی کوردی ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان بە قەدەغەکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی هەوڵیان داوە کوردستانیبوون تەنیـــا بۆ دۆخـــی کوردزمانبـــوون دابەزێنن و بەرگری لە زمانی کوردی بە ئامانجی سەرەکیی کوردایەتی دابنێن. هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایک، ڕێگەی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە مافەکانی هاووڵاتیبوونی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردســـتان لە جیاتی شۆڕش بە مەبەستی ســـەربەخۆیی پێشنیار کراوە. لە کاتێکدا بە شێوازی مێژوویی و پێش لە سەدەی بیســـتەم کوردســـتانی بوون تەنیا بـــە مانای کوردزمـــان بوون نەبـــووە. هەروەها لە دۆخی بەرگری لە زمانی کوردیدا، داگیرکەر گوشاری لەســـەر ئێمە ســـاز کردووە کە زمانی کوردی لقێکی زمانـــە ئێرانییەکانە و تەنانەت زارەکانی لوڕی، لەکی، هەورامی و زازاکی بەشـــێک لە زمانی کـــوردی نین. لە بازنەیەکی بێئەنجامی سەلماندن و ڕەتکردنەوەدا بەرگریمان لە زمانی کوردییـــەک کردووە کە تەنیا دەتوانێ یەکێک لە فاکتەرەکانی ناســـنامەی چەند ڕەهەندیی کوردســـتانی بوون لە جیهاندا بـــێ. هەروەها و بەتایبـــەت پێش لـــە ســـەردەمی مۆدێرن کوردستانییەکان تەنانەت بۆخۆشیان کەڵکیان لـــە چەندین زمانی وەک عەرەبی، فارســـی و تورکی بۆ گواســـتنەوەی تێگەیشـــتنی خۆیان سەبارەت بە مرۆڤ و جیهان وەرگرتووە.

دواتر، کاتێک ســـەیری مێژووی ناوچەکە دەکەیـــن، پانتایـــی کولتووریی کوردســـتان لـــە هەرێمێکـــی زۆر بەرفراوانتر لە ســـنووره هەنووکەییەکانـــی زمانـــی کوردییـــدا بـــووە. دوای جەنگی یەکەمـــی جیهانی، بزووتنەوەی کوردایەتی لە ژێر کاریگەریی ســـازبوونی ئەو دەوڵـــەت نەتەوانەی کە کوردســـتانیان داگیر کـــردووە، بـــەرەو هەرێمی دەســـەڵاتی زمانی کـــوردی پاشەکشـــەی کـــردووە. لـــە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا کوردســـتانی فەرهەنگی پانتاییەکی بەرینی لەخۆ گرتووە و لە هەناوی خۆیـــدا فرەچەشـــنییەکی سەرنجڕاکێشـــی هەڵگرتووە کە تاکوو ئەمڕۆ وەک کێشـــەیەک بۆ ســـەر بزووتنەوەی کوردایەتی سەیر کراوە و داگیرکەرانیـــش بـــۆ پەرتەوازەیـــی بەرەی کوردستانی زۆرترین کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لە تیۆریی زاگرۆسدا هەوڵ دەدەم بە بەکارهێنانی فەکتە مێژوویی و کولتوورییەکان، تیۆرییەکی پاڵپشـــت بۆ کوردایەتی پێشنیار بکەم بەڵکوو ئەم فرەچەشـــنییە لە مەترسییەوە بۆ دەرفەتی بەهێزترکردنی ناســـنامەی کوردســـتانیبوون بگوازینەوە. لە ئیســـتادا گوتـــاری کوردایەتی پێویســـتیەتی بـــە چەندین بیرۆکـــە بەهێزتر بکرێتەوە کە توانایان هەبێ لە زۆرترین ئاستدا یەکگرتوویی لە ناو فاکتەرە پرشوبڵاوەکاندا ساز بکەن.

ڕەنگـــە گرێدانـــی تایبەتمەندییـــە لێک دوورەکان وەک شـــێوازێک لە زاتگەرایی سەیر بکرێ کە لە ناخیدا دەیەوێ شتێکی نەگۆڕ بۆ هەڵاتن لە ڕەخنە نیشـــان بدات و چاوپۆشـــی لە کێشـــەکانی تیۆریی کوردایەتی بکا. تیۆریی زاگرۆس کەڵک لە زاتگەراییەکی ســـتراتێژیک وەردەگـــرێ کـــە لـــە ڕێگەیەوە، بـــێ ئەوەی بیهەوێ جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگای کوردی بســـڕێتەوە، خوازیاری ئەوەیە لە ناو چەمکێکی

فەرهەنگیدا پێکەوە گرێیان بداتەوە و لە هەمان کاتدا لـە بەرامبەر تیۆرییەکانـی ئێرانچیەتی (قلمرو زبان فارسی یان پانفارسیزم، ایرانیوار یان پانئێرانیسم، ایرانشهر)، جیهانی ئیسلامی (هێژمونی فەرهەنگی ئیسـلامی بە مەبەستی ناسـیۆنالیزمی عروبـە و کاریگەریـی زمانی عەربی) وتورکچیەتی (کەمالیزم، پانتورکیسم، تێهەڵکێشـی تورکی - ئیسلامی) پاڵپشتیکی فەرهەنگی بۆ کوردایەتی سـاز بـکا. تیۆریی زاگـرۆس لەسـەر دوو مژار ڕاوەسـتاوە: باس لە برشـتی کولتووریـی کوردسـتان بۆ ئەو ناوچانە دەکا کە بەپێـی هێژمونی کولتووری داگیرکەرانەوە لە کوردستان دابڕاون. هەروەها تەنیا خۆی لە ڕابردوودا کورت ناکاتاوە، بەڵکوو دەکـرێ لەسـەر ئـەو تایبەتمەندییانەی کە ناوچـەی زاگرۆس هەیەتی بـاس لە چەمکی مۆدێرنی پێکەوەژیانی گروپە ئایینی، قەومی و زمانییە جیاوازەکانی ناو کوردستان بکرێت.

## [١]
## زاگرۆس کوێیە؟

لە کاتی هاتنی یۆنانییـەکان بۆ وڵاتی میدیا، مێژوونووسـەکانیان باسـیان لەوە کردووە کە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس وڵاتی میدیا لە ناوچە دەشـتاییەکانی مێزۆپتامیا، بیابانەکانی پێرشیا و دەریای قەزوین (خـەزەر) جیا دەکاتەوە.[١] عەرەبە موسڵمانەکان کاتێک لە دەشتاییەکانی عێراقەوە دەیانەوێ دەسـت بە سەر گرنگترین شارەکانی ڕێگای ئاوریشمدا بگرن بەرەورووی چیا بـەرزەکان دەبنـەوە کە نـاوی جیبالی (چیاکان)لـێ دەنێـن. هەروەهـا دواتـر کە سیستەمێکی ڕێکوپێکی ماڵیات بۆ حکومەتی ئیسـلامی سـاز دەبێ، بەشـی مەزنی وڵاتی میدیای جاران ناوی جیبال بەخۆیەوە دەگرێت. تەنانەت ماڵیاتی (جەزیە و خەراج) دوو شاری هەرە گرنگی جیبـاڵ، دینەوەر و نەهاوەند، بۆ سازکردن و ئاوەدان کردنی دوو شاری کووفە و بەسرە لە عێراق خەرج دەکرێ. بۆیە لە زۆربەی دەقەکاندا وەک ماه الکوفە و ماه البصرە ئاماژە بەم دوو شـارە و داهاتـە زۆرەکەیان دەکرێ. لێرەدا مەبەست لە ماه وڵاتی میدیا و ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی مادەکانە. بەڵام موسڵمانەکان لـە ڕووی ئیدارییـەوە پارێزگا یان سـاتراپی ئازەرپاتێگان (ئازەربایجان) لە وڵاتە کۆنەکەی میدیا دادەبڕن؛ هەرچەند هەر لەو سەردەمەدا لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئەم دوو پارێزگایە هەر یەک بوون. تاکوو سـەدەی هەشتەمی کۆچی (چواردەی زایینی) ئاماژە بە ناوی کوردسـتان وەک شوێنێک کە کوردەکانی لێ بن ناکرێ.[٢] هەڵبەت لێرەدا دەبێ ئاگاداری دوو بابەت بین: یەکەم، جوگرافینووسە عەرەبەکان پێمان دەڵێن کە کوردەکان لە هەندێک لە شارەکانی جیبال وەک (سیروان، دینەوەر، شارەزوور، کرماشان، سـۆهرەوەرد، ئەبهەر و هەمەدان) زۆرینە بوون و لە شارەکانی دیکەش (ئیسفەهان، ڕەی، قۆم، قەزوین، زەنگان،شوش) کوردەکان بەشێک لە پێکهاتەی قەومی بوون. بەرەبەرە کوردسـتان تەنیا بـەو ناوچانە وتراوە کـە زۆرینەی کورد بوون و ناوی جیبالی عێراق بۆ ناوچەکانی دیکە بەکار هاتووە.[٣]

دووەم، جیـاکاری ئیـداری لـە نێـوان هەرێمەکاندا، ڕێک هەر وەک سەردەمی ئیستا، گرێدراوی مەبەسـتی سیاسی بووە. بۆ نموونە کاتێک سـەلجوقییەکان لە سـەدەی پێنج و شەشـی کۆچیدا (یـازدە و دوازدەی زایینی) ناوچەی جیبال دەکەنە ناوەندی دەسـەڵاتی خۆیان و عێـراق و بەغداش وەکوو پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی کۆنترۆڵ دەکەن، هەمەدان وەک پایتەختی خۆیان هەڵدەبژێرن. هەر بۆیە کاتێک خەلیفەی عەباسـی نازناوی سـلطان العراقینیان پێ دەبەخشـێ ناوی جیبال لەبەر تێکەڵ نەبوون لەگەڵ عێراقی عەرەب بە عێراقی عەجەم دەگۆڕدرێ.[٤] ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە بەردەوامانە لەسـەر ناو و جوگرافیای ناوچەکە هەتا سەدەی بیسـتەم، کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر دانیشتووانی زاگرۆس دانانێت و لە ڕووی

تایبەتمەندییە کولتوورییەکانەوە (دابونەریت، زمان، شێوازی شارنشینی) زاگرۆس جیاوازی خۆی لەگەڵ هەرێمەکانی عێراقی عەرەب، فارس و خۆراسان و تورکستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هێشتووەتەوە. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا سازبوونی دەوڵەت نەتەوەکانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا دەبنە هۆی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناوچەکانی زاگرۆس لێک دوور بکەونەوە. لە لایەکەوە بەشێکی زۆر لە ناوچەکان کوردی لێ نامێنێت و لە لایەکی دیکەشەوە هەم سنووری کوردستان بچووک دەکرێ و هەم لە نێوان چوار پارچەکەدا پەیوەندیی کولتووری لاوازتر دەبێتەوە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەرچەند لە وڵاتەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، ناوچەی خۆراسان لە ئێران، شارەکانی ئەستانبۆل و تاران ڕەوەندێکی بەرچاو لە کوردەکان دەژین، بەڵام هەر لە دێرزەمانەوە زۆرینەی کوردەکان لە زنجیرە چیا و پێدەشتەکانی زاگرۆس ژیاون.[5] کەواتە لێرەدا دەبێ خۆمان لە دوو وەهم دوور کەینەوە: وەهمی یەکەم ئەوەیە کە دەوترێ مرۆڤی نیشتەجێی چیاکان خاوەنی شار و شارستانییەت نەبوون؛ ڕێک بەپێچەوانەوە، لە کەناری چیا بڵیندەکان پێدەشتە پرپیتەکانی زاگرۆس شوێنێکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤ بوون و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەردەمی مادەکانەوە هەمانە بەشێکی گرنگ لە شارەکانی پاشایەتییەکان و خەلافەتەکان لە ناوچەی زاگرۆس هەڵکەوتوون. فەرهەنگ، ئایین، شێوازی ژیان و دابونەریتی زاگرۆس نیشانەکانی شارستانییەتێکی گرنگی ناوچەکەمان بۆ دەردەخەن کە لە سەدەی بیستەمدا لەبەر هەندێک جیاوازی بنەڕەتی هەوڵی چاوپۆشی، لەناو بردن و سڕینەوەی دراوە. وەهمی دووەم ئەوەیەکە گوایە کوردەکان هەمیشە لە شکەستدا بوون و کوردستان لە ڕەوتی مێژوویدا بچووک بووەتەوە؛ دیسان وردبوونەوە لە مێژووی ناوچەکە ڕاستییەکی ترمان بۆ دەردەخەن. هەر لە کۆنەوە پانتایی فەرهەنگیی زاگرۆس بەرفراوانتر لەو ناوچانە بووە کە دەسەڵاتە ناکوردییەکان ناوی کوردستانیان لێ ناوە. بۆ نموونە، ئەو ناوچانەی کە یەکەم جار لە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکاندا (سەدەی دوازدەیەم) کوردستانی پێ وتراوە زۆر بچووکتر لە هەرێمی کوردستانی گەورەیە.


**فەرهەنگ، ئایین، شێوازی ژیان و دابونەریتی زاگرۆس نیشانەکانی شارستانییەتێکی گرنگی ناوچەکەمان بۆ دەردەخەن**


ئەمە دەریدەخات کە کوردەکان هەم لە پانتاییەکی بەرینتردا ژیاون و هەم هەوڵیان داوە کولتووری خۆیان بۆ ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیان بگوازنەوە. بەم شێوەیە دەتوانین باس لەوە بکەین کە کولتووری زاگرۆسی و مژارە هاوبەشەکانی لە باکوورەوە بۆ ئەوپەڕی ڕووباری ئەرەس، لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ چیاکانی تورۆس (هەتاکوو سیواس، ئەرزرووم و مەرعەش) و لە باشوورەوە تا دەشتاییەکانی مێزۆپۆتامیا (دەشتی کەرکوک) گوازراوەتەوە. ئەگەر ئێستا سەیری ئەم ناوچانە دەکەین دەبینین جگە لەوەی کوردی لێ دەژین، ئەم پەرەپێدانە بووەتە هۆی ئەوەیکە هاوبەشییەکی کولتووری لە ژیانی مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرانەدا ببیندرێ کە لە کولتووری دەوڵەت - نەتەوە دەستکردەکانی ناوچەکە جیایان دەکاتەوە.

کەواتە کاتێک باس لە تیۆریی زاگرۆس دەکەین مەبەستمان لە چەمکی زاگرۆس، لە هەمان شێوازی بەکارهێنانی مێژوونووسە یۆنانییەکاندایە کە تایبەتمەندیی سەرەکیی هەرێمی میدیایان بە بوونی زنجیرە چیاکانی

زاگرۆس دەستنیشـــان کردووە. لێـــردا دەبێ وەڵامی دوو پرسیاری گرنگ بدەینەوە:

**١** چـــۆن دەکـــرێ چەمکی زاگـــرۆس وەک ناوچەیەکی جوگرافیایی لەسەر چەند هەرێمێک دابنێین کە پێمانوایە هەڵگـــری کولتوورێکی هاوبەش یان زۆر لێک نزیکن؟

**٢** چەمکـــی زاگـــرۆس وەک کوردســـتانی فەرهەنگـــی چ کەڵکێکـــی بـــۆ بزووتنـــەوەی کوردایەتی هەیە؟

لـــە وەڵامی پرســـیاری یەکەمـــدا من لە ســـێ تایبەتمەندیی زمان، ئایین، ئەدەبیات و موسیقاوەک گرنگترین فاکتەرە کولتوورییەکانی ناوچـــەی زاگـــرۆس کەڵـــک وەردەگرم هەتا لێک نزیکبوونی فەرهەنگیـــی دانیشـــتووانی زاگرۆس نیشان بدەم. لە کۆتاییدا باس لـــە بایەخی ئەم تیۆرییە بۆ بزووتنـــەوەی کوردایەتی دەکەم و ئامـــاژە بـــەوە دەدەم کە چۆن دەکـــرێ هەرێمی فەرهەنگیمان بەربڵاوتر لە هەرێمی جوگرافیمان بێ؛ یان بە واتایەکی دیکە باس لە ئیمکانەکانی تیۆرییەک دەکەم کە تیایـــدا ڕووبەری جوگرافیای فەرهەنگیمـــان لـــە جوگرافیای سیاسیمان بەرفراوانترە.

## [٢]
## شەبەنگی زمانیی زاگرۆس

مۆدێلـــی ســـازکردنی دەوڵەت ـ نەتـــەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەســـەر بنەمای یەک نەتـــەوە ـ یەک زمـــان ڕاوەســـتاوە. هەر بۆیە لە هیـــچ کام لەو وڵاتانەی کە کوردســـتانیان داگیرکـــردووە، نە تەنیا ڕێگـــە بە خوێندن بە زمانی کوردی نەدراوە، بەڵکوو هەروەهاش زمانی کوردی وەک مەترسییەک بۆ سەر یەکگرتوویی نەتەوەیی وڵاتی داگیرکەران سەیر کراوە. ئەم دەوڵەتانە سەرەڕای قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی هەوڵ دەدەن لە بۆشـــاییەکانی نێـــو فیکـــری کوردایەتی کەڵـــک وەرگرن و دۆخێکی ئاڵۆز بە ســـەر ناسنامەی کوردستانی بووندا بسەپێنن. هەر لە سەرەتاوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کاتێک داگیرکەران پرســـیارمان لێ دەکەن کامە زاری کوردی وەک زمانی فەرمی لە کوردســـتان بەکار دێنین؟ پێویســـت ناکا پێداگری لەســـەر، بۆ نموونـــە، کورمانجی یان ســـۆرانی بکەین. چونکە لە بنەمادا پرسیارەکە هەڵەیـــە و لـــە مۆدێلـــی دەوڵـــەت نەتەوەی داگیرکەرەوە ســـەرچاوەی گرتووە. واتە بەپێی تێگەیشـــتنی ئەوان هەر دەوڵەت نەتەوەیەک دەبێ تەنیـــا و تەنیا یەک زاری ستاندارد و یەک ئەلفوبێی هەبێ. مۆدێلـــی دەوڵەت نەتەوەی ئێمە توانای هەیە جگە لەوەی تیایدا دوو زاری ســـەرەکی (کورمانجی و ســـۆرانی) هەبێ کە لە لایەن ڕۆشـــنبیر و نووســـەرەکانەوە پەســـەند کراوە، تەنانەت کەڵک لـــە دوو ئەلفوبێی تـــەواو جیاواز وەرگیـــراوە. ئەگەر ئـــەم مۆدێلە هەندێک کێشەی لە سازکردنی دەوڵـــەت نەتـــەوەدا هەیـــە ئەو کێشانەی پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە نـــەک داگیرکەر کە وەک ئامرازی گوشارخســـتن بەکاری بهێنێت. ئێمە لـــەم کاتەدا کـــە تەنانەت دەوڵـــەت نەتەوە و دامودەزگا بەهێزەکانـــی پەروەردەمان نییە لە ئاســـتێکی بەرزدا توانیومانە لەگەڵ ئەو کێشە خۆمان ڕابهێنین و چارەسەرمان بۆ دۆزیوەتەوە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمـــە ئیمکانە زمانییەکانی خۆمان باش بناســـین و بە باشترین شێوە بۆ ژیانی هاووڵاتییەکانمان بەکاریان بهێنین، نەک ئەوەی بە شێوازی داگیرکەرەکانی کوردستان لەبارەیانەوە بیر بکەینەوە.

گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئیمکانە زمانییەکانی خۆمان باش بناسین و بە باشترین شێوە بۆ ژیانی هاووڵاتییەکانمان بەکاریان بهێنین، نەک ئەوەی بە شێوازی داگیرکەرەکانی کوردستان لەبارەیانەوە بیر بکەینەوە

لـــە ڕوانگەی زاگرۆســـییەوە ئـــەو زمان و زارانـــەی کە لـــە هەرێمەکـــدا ئاخاوتنی پێ

دەکرێ لێک دانەپچڕاون و لە بەرامبەردا دەبێ وەک شـــەبەنگێکی زمانی سەیریان بکەین. لە شـــەبەنگی تیشـــک و لە نێوان ڕەنگەکاندا(لە بنەوشەوە تا ســـوور) سنوورێکی لێک داپچڕاو لە ناو ڕەنگەکاندا نییە، بەڵکوو لە شەبەنگێکی پێکەوە گرێـــدراو ڕەنگـــەکان دەگۆڕدرێن. لە هەرێمـــی زاگرۆســـیش کاتێک لە باشـــووری ڕۆژهەڵاتەوە و لە زمـــان (یان زاری) لوڕییەوە بەرەو لەکی، کەلهوری، هەورامی و بنزارەکانی دیکەی کوردیی خوارەوە دەڕۆین هەســـت بە جیابوونـــەوە ناکەین. خەڵکی ئەو دەڤەرانە زۆر بە ئاسانی لێک تێدەگەن بەڵام داگیرکەران بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆریی زمانناسەکانی ڕۆژئاوا باس لە چند زمانێکی جیا لە یەک لەم ناوچانە دەکەن. ئەگەر لە خەڵکی ئاسایی هەر کام لەم شوێنانە ورد ببینینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان لە پەیوەندی سازکردن پێکەوە، گرفتێکی ئەوتۆیان نییە. کاتێک بەرەو ســـەرتر دەڕۆین ناتوانین جیاکارییەکی ڕوون لە نێوان هەرێمی بنزارەکانی کوردیی لە ناوچەکانی کرماشـــان و ئەردەڵانـــدا ببینین و لە نێـــوان بنزارەکانی سۆرانی، بادینی و کورمانجیدا دیسان هەر ئەم ڕەوتـــە بەدی دەکرێ. بەڵام ڕوونە کە لە نێوان دوو جەمسەری شـــەبەنگی زمانیی زاگرۆسدا، واتە لە لۆڕییەوە تا زازاکی، جیاوازییەکە دەگاتە ئاستێک کە لێک تێگەیشـــتنی ئاخێوەرەکان ئاستەم دەبێ. ئەم لێک تێنەگەیشتنە لە نیگای یەکەمـــدا وەک مەترســـییەک بۆ ناســـنامەی کوردستانی ســـەیر دەکرێ؛ بەڵام ئەگەر وەک داگیرکەر بیر نەکەینـــەوە و دەوڵەت نەتەوەی خۆمان تەنیا بە یەک زمان یان زار نەبەستینەوە هیچ کە کێشـــەیەک بۆ ناســـنامەی ئێمە ساز نابێ، بەڵکوو دەرفەتێکیش دەڕەخسێ کە تیایدا هاووڵاتییەکانی کوردستان بەپێی هەڵبژاردەی خۆیان لانیکەم جگە لە زار یان زمانی هەرێمی خۆیان یەکێک لە دوو زارە فەرمییەکەش فێر دەبـــن. ئەم دەوڵەمەندییە زمانییە بووەتە هۆی ئەوەی ئەدەبیـــات، فولکلۆر و موســـیقایەکی جیاواز و فرەچەشـــن لە ناوچەی زاگرۆس ساز بێ کـــە هەموویان دەتوانن لە نەخشـــاندنی پازڵی فەرهەنگیی کوردستاندا دەوریان هەبێت.

## پێکەوەژیانی ئایینی لە زاگرۆس

لـــە ســـەردەمێکدا کـــە توندڕەویـــی ئایینی هەمـــوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی تەنیوەتەوە و سیاســـەتمەدارەکان هەوڵ دەدەن لە لایەکەوە وڵاتەکەی خۆیان لەم کێشـــانە بەدوور بگرن و لە لایەکیشەوە ئایین بکەنە ئامرازی بشێوی لەو وڵاتانەی کە وەک دوژمن ســـەیریان دەکەن، هەرێمـــی زاگرۆس لانیکەم بۆ ماوەی چەندین ســـەدە، شـــوێنێک بۆ پێکەوەژیانی ئایینەکان بووە. بێگومان وەکوو هەموو شوێنێکی دونیا لە هەرێمی زاگرۆسیشدا بەریەککەوتنی ئایینەکان هەبووە و تەنانەت ئیماندارەکان کێشـــەیان بۆ بیروباوەڕی یەکتر ســـاز کـــردووە، بەڵام لەبەر فرەچەشنیی ئایینی بەرەبەرە هەڵگرانی ئایین و ئایینزا جیـــاوازەکان پێکەوە هەڵیان کردووە. پێش لە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە، ئایینەکانی مەســـیحی، جوولەکە، زەردەشتی، مانەوییەت، میترایـــی و ئاییـــنزا یۆنانییەکان لـــە هەرێمی زاگرۆسدا هەبوون و دوای ئیسلامیش سەرەڕای ئەوەی کە ئیسلامی سوننی (زۆرینەی شافعی و کەمینەیەکـــی بچووک حەنەفی) و شـــیعە بوونە ئایینی دانیشتووانی زاگرۆس، ئایینەکانی یارســـان، ئێزدیایەتی و عەلەوی، شـــەبەک و مەندایی لـــە هەرێمەکدا درێژەیـــان بە ژیانی خۆیـــان داوە.[۶] بۆ زۆربەی توێژەران پرســـیار بووە ئـــەم پێنج ئایینـــە چـــۆن توانیویانە لە لایەکەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەهێزی حکومەتە ئیســـلامییەکاندا بمێننەوە و لە لایەکیشـــەوە کاتێک لە چەند ناوچەی جیاوازن چۆن هێندە خاڵی هاوبەشی مەعریفییان هەیە؟

ئایینی مەندایی لە باشـــووری ڕۆژهەڵات ژمارەیەکی کەمی ئیماندار ماوە؛ ئایینی یارسان کـــە لە ناو لـــورەکان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینـــدرێ و لە بەشـــێک لە باشـــوور وەک

کاکەیی ناویان لێ دەبرێ؛ ئێزدیایەتی وەک ئایینی بەشێک لە کوردەکان لە باشوور، کۆمەڵگەیەکی بچووک لە باکوور و هەموو کوردەکانی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو پێک دێنێ؛ ئیماندارانی ئایینی شەبەک لە دەروبەری موسڵ لە باشووری کوردستان دەژین و عەلەوییەکانیش کە هەموویان لە باکووری کوردستانن. سەرەڕای ئەم هەموو ئایین و ئایینزایە دەتوانین باس لە بوونی لقەکانی ئایینی مەسیحییەت (ئاشوری، کلدانی) لە زاگرۆس بکەین. ئەم فرەچەشنییە سەرەڕای ئەوەی فەرمانڕەواکان کەڵکیان لێ وەرگرتووە کە لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا کێشە ساز بکەن، بەڵام لە ناو خەڵکی زاگرۆسدا بووەتە هۆی ئەوەی بەرەبەرە بیروڕای جیاواز قەبووڵ بکرێت و پێکەوەژیان و هەڵکردنی ئایینی وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ژیانی لێ دەربێت.

تیۆریی زاگرۆس پێمان دەڵێ بەپێچەوانەی هەموو دنیای ئیسلام، ئایینە نائیسلامییەکان لە هەرێمی زاگرۆس درێژەیان بە بوونی خۆیان داوە و ڕەنگە ئەمە بۆ سروشتی ناوچەکە بگەڕێتەوە. ئەگەر تەنیا لە ناو سنووری وڵاتانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا سەیری ئەم مژارە بکەین ناتوانین تێگەیشتنێکی وردمان لەسەر پرسی ئایین هەبێ. بەڵام کاتێک لە دەرەوەی سنووری ئەم وڵاتانە سەیری ئایینەکان دەکەین دەبینین تەنیا لە ناوچەی زاگرۆس ئەم فرەچەشنییە بوونی هەیە؛ ئەم دووڕگە بەرواڵەت لێک جودایانە (یارسان، ئێزدی، عەلەوی) لە ڕاستیدا وەک بیروباوەڕی خەڵکانی دانیشتووی ناوچە دووردەستەکان، پاشماوەی ئایینە کۆنەکانی ناوچەکەیان (زەردەشتیگەری و میترائیسم) لە خۆدا پاراستووە. ڕەنگە بتوانین ئەم دیاردەیە بۆ تایبەتمەندیی سروشتیی چیاکانی زاگرۆس بگەڕێنینەوە کە داڵدەی بیروباوەڕە جیاوازەکانی داوە کە لە ناو نەچن و تاکوو ئەمڕۆ بمێننەوە.

هەروەها لە ناو دڵی ئیسلامدا بەشێکی بەرچاو لە زانا و سۆفییە ناودارەکانی دنیای ئیسلام لە ناوچەی زاگرۆس ژیاون. لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی سۆفیگەری و بڵاوبوونەوەی بە دنیای ئیسلامدا، سۆفییەکانی هەرێمی زاگرۆس دەوری گواستنەوەی ئیسلامیان بۆ ناوچەکانی دیکەی دنیای ئیسلام هەبووە. زاناکانی ناوچەی زاگرۆس بە هۆی تایبەتمەندیی چەند زمانییەوە توانیویانە لە هەموو دنیای ئیسلام پەیوەندییان هەبێ. چونکە جگە لە زمانی کوردیی خۆیان هەر سێ زمانی عەرەبی، فارسی و دواتر تورکیشیان زانیوە.[۷] ئەم تایبەتمەندییە لە ناوچەی زاگرۆس بووەتە هۆی ئەوەی کەسانێک وەک عەینولقوزات هەمەدانی و سۆهرەوەردی بە هەر دوو زمانی عەرەبی و فارسی لە بەرزترین ئاستی فیکری لە دنیای ئیسلامدا بەرهەمیان هەبێ. شارەکانی بەتلیس، مێردین، شارەزوور، دینەوەر و هەمەدان گرنگترین ناوەندە فیکرییەکانی دنیای ئیسلام بوون. هەروەها لە هەرێمی زاگرۆس بیرۆکەی سۆفیگەری هەر لە سەدەی سێی کۆچییەوە تاکوو ئەمڕۆ زۆر بەهێز بووە. بیرۆکەی سۆفیگەری جودا لە شەریعەتی ڕەسمی و تایبەت بە ناوچەی زاگرۆس بووەتە هۆی ئەوەی لە هەمان سەرەتاوە سێ کەس لە گرنگترین کەسایەتییەکانی هەرێمی زاگرۆس، واتە حەللاج، عەینولقوزات و سوهرەوەردی، بە دڕندەترین شێواز بکوژرێن. ئەم سۆفییانە هەرچەند بە زمانی کوردی هیچیان نەنووسیوە بەڵام تاکوو ئێستاش پرسیارێکی گرنگیان بۆ ئێمە هێشتووەتەوە بۆچی دەبێ تەنیا ئەوان بەم شێوەیە بکوژرێن؟ هەروەها لە سەردەمی مۆدێرنیشدا و پێش لە قۆناغی ناسیۆنالیزم گرنگترین خەباتی دژەداگیرکەر لە ڕێگەی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادرییەوە پێشەنگی بکرێت.

## ئەدەبیاتی زارەکیی زاگرۆس

لە بەشی زاگرۆسی ناوەندیدا بۆ ماوەی

چەندین سـەدە کەڵک لە شێوازێکی ئەدەبیی هاوبەش وەرگیراوە. لـەم هەرێمەدا چەندین زار و بنزاری تێدایە و نووسەرەکان بەرەبەرە بە زمانێکی ئەدەبیی هاوبەش گەیشتوون کە وەک شێوازی ئەدەبیی گۆرانی باسی لێ دەکەین. لە ڕاستیداهیچ کات لە مێژووی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لەوە نەکراوە کەسێک بە زمان یان زاری گۆرانی قسەی کردبێ و تەنیا شێوازی گۆرانی زمانی ئەدەبی نێوانجی و هاوبەش لە نێوان ئاخێوەرانی هەرێمی زاگرۆسی ناوەندیدا بووە. ئەم تایبەتمەندییە بێ وێنەیە لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێی کوردستاندا نابینرێ و ئیستاکە بۆمان دەرکەوتووە شێوازی ئەدەبی گۆرانی لە ڕووی ڕێزمانەوە لە لوری و کەلهوری نزیکە و لە ڕووی فەرهەنگی وشەکانەوە نزیکایەتی لەگەڵ هەورامی و لەکییەوە هەیە.[٨] ئەمرۆکە گۆرانی نەماوە (کەس بەو شێوازە شێعر ناڵێ و پێی نانووسێت) و هەر کام لەو چوار زارە بەرەبەرە بەرەو ئەدەبیاتی خۆیان هەنگاو دەنێن. هەروەها کەلامەکانی ئایینی یارسان هەر بە شێوازی گۆرانی هۆنراونەتەوە و لە ڕێگەی نەریتی زارەکییەوە بە دەستی ئێمە گەیشتوون. لێرەدا گرنگە سەرنج بەم بابەتە بدەین کە هەرێمی زاگرۆس لە ڕووی ئەدەبییەوە دوو تایبەتمەندیی گرنگی هەبووە: تاکوو چەند سەدەیەک لەمەوپێش ئەدیبەکان کەڵکیان لە شێوازی گواستنەوەی زارەکی وەرگرتووە. بۆ نموونە چەندین چیرۆکی سەرنجڕاکێشی شانامەی کوردی بە شێوازی زارەکی و بێ ئەوەی بفەوتێن هاتوونەتە سەردەمی مۆدێرنەوە و سەرچاوەیەکی گرنگی ئوستوورەییان بۆ ئێمە ساز کردووە.[٩] کارکردێکی دیکەی شێوازی زارەکی گواستنەوەی بیرۆکەی ئایینی لە نێوان ئایینە جگەئیسلامییەکاندا بووە. یارسانەکان، ئیزدییەکان و عەلەوییەکان[١٠] لە نووسینەوەی باوەڕەکانی خۆیان نیگەران بوون، چونکە دەترسان لە لایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئیسلامییەوە بەرەورووی توندوتیژی ببنەوە؛ هەڵبەت لەبەر ئەم بارودۆخە توانیویانە مێکانیزمێکی بێ وێنەی گواستنەوەی سینە بە سینە ساز کەن کە بیروباوەڕیان نەفەوتێت. ڕەنگە بەهێزبوونی ئەم ئایینانە لە هەرێمی زاگرۆس و شێوازی زارەکی بوونیان لە ڕوی ناچارییەوە کاریگەریی لەسەر پەرەپێدان و مانەوەی ئەدەبی زارەکی دانابێت. دەکرێ بوترێ چونکە پاراستنی ڕازەکان یەکێک لە ئەرکەکانی ئیماندارانی ئەم ئایینانەیە و نەریتی زارەکی یارمەتیدەری ئەم دۆخە بووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری سەرچاوە ئایینییەکانی ئیزدییەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان چۆن توانیویانە کەڵک لە سیستەمێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی زارەکی وەربگرن و لە ڕێگەیەوە سەرەڕای دەربڕینی باوەڕە ئایینییەکان، فەرهەنگی کوردیی ئەو دەڤەرە بە سەردەمی هاوچەرخ بگوازنەوە. ئێزدییەکان کەڵکیان لەم شێوازانە وەرگرتووە: چیرۆک (پەخشانی زارەکی)، قەول، بەیت، قەسیدە، دوعا و دیرۆزە، پاییزۆک و ڕۆبارین.[١١]

> **تیۆریی زاگرۆس پیمان دەڵێ بەپێچەوانەی هەموو دنیای ئیسلام، ئایینە نائیسلامییەکان لە هەرێمی زاگرۆس درێژەیان بە بوونی خۆیان داوە و ڕەنگە ئەمە بۆ سروشتی ناوچەکە بگەڕێتەوە**

نەریتی نووسین لە زاگرۆس درەنگتر لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی گەشەی سەندووە. هەرچەند زمانی کوردی کەمتر توانیویەتی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا و پێش لە سەردەمی مۆدێرن، دەوری هەبێ و هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی بەشداریی فەرهەنگیی ئێمە بە ناوی قەومەکانی عەرەب، فارس و تورکەوە تۆمار بکرێ، بەڵام کاتێک سەیری هەرێمی زاگرۆس

دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە بیرمەندەکانی ئەم ناوچەیە دەورێکـــی بەرچاوی مەزنیان لە سازکردنی شارستانییەتی ئیسلامدا هەبووە.

مژارێکـــی تـــر کە لێـــرەدا گرنگە باســـی لێ بکەین، پـــاش هاتنی عەرەبـــەکان بۆ ئەو شـــوێنانەی کە دواتـــر وەک دنیای ئیســـلام ناوی لێ دەبەین، شێعری قەومە عەجەمەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی عەرووزی عەرەبییەوە. هەریمـــی زاگـــرۆس زۆر دواتر و لە ســـەدەی شازدەیەمەوە دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە. دانیشتووانی زاگرۆس تاکوو ئێستاش کەڵکیان لە سیســـتەمی دە برگەیی خۆیان بۆ شێعر و کەلام و قەولی ئایینی وەرگرتووە.

تەنانەت دوای ئـــەوەی گۆران و سوارە دەیانەوێ شێعری کوردی لە دەست سیستەمی عەرووزی ڕزگار کەن پەنا بۆ سیســـتەمی زۆر کۆنتری زاگرۆس دەبەن. واتە بۆ نوێ بوونەوە، بەرەو سیستەمی شێعری زاگرۆس دەگەڕێنەوە. ئەم شێوازە زارەکییە کاتێک لەگەڵ موســـیقای ناوچەی زاگرۆســـدا تێکەڵ دەبێ، چەمـــەرە، بەیت، لاوک، حەیران، بەند، سیاچەمانە و هۆرە ســـاز دەبـــن و هەروەها گۆرانییەکان لەگەڵ مەقامەکان بەربڵاوترین بەشی موسیقای ناوچەی زاگرۆس لەخۆ دەگرن.

## [٣]
## چۆن وەک کوردستانی فەرهەنگی کەڵک لە هەرێمی زاگرۆس وەربگرین؟

داگیرکەرانی کوردســـتان ویستوویانە هەمیشە نیشـــانی بدەن کە کوردســـتانی بـــوون یانی زمانـــی کـــوردی و لـــە هـــەر پارچەیەکیش زمانی کوردی بە یەکێک لـــە زارەکان کورت کراوەتـــەوە. هەروەها ئەوان دەزانن کە دەتوانن بۆشـــایيە بچووکەکانی ناو ناســـنامەی کوردی زەق و هەراوتر بکەن بۆ نموونە لێرەدا سەیری چەند کێشـــەیەکی گرنگی ناسنامەی کوردی دەکەین کە چۆن داگیرکەران لە بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی تیۆریی زاگرۆس چۆن دەتوانێ ئەم پیلانانە پووچەڵ بکاتەوە:

**١** لە ڕۆژهەڵات، حکومەتـــی ئێران بەردەوام کەڵکی لەوە وەرگرتووە کە ناسنامەی هاوتەریب لەگەڵ ناســـنامەی کوردبوون ساز بکا. لەمێژە کاریان لەســـەر ئـــەوە کردووە کـــە لوڕەکان قەومێکی جیاوازن و بەم شـــێوەیە لوڕستانیان لـــە کوردســـتانی گـــەورە جیـــا کردووەتەوە. بـــۆ ئـــەوەی گرووپێـــک بتوانێ ناســـنامەی قەومێک بەخۆیەوە بگرێ دەبێ هەندێک لێکچوون لـــە نێـــوان ئەندامەکانیدا هەبێ وەکوو هاوبەش بـــوون لە نێوان پێشینیان، زمان، مێژوو، کۆمەڵگا، کولتوور و نەتەوە. کاتێک سەیری مێژوو دەکەین تا سەدەی بیستەم لوڕستان بەشێک لە کوردستان بووە و قەومی لوڕ وەک یەکێک لـــە قەومەکانـــی کوردســـتان ســـەیر کراوە. بەڵام لە سەدەی بیســـتەمدا و لە ژێر کارتێکەریی ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا هەوڵێکی سەرکەتوو دراوە کە لوڕ وەک قەومێکی ئێرانی بناســـێنن. لە کولتووردا باس لـــە دابونەریت، ئوســـتوورە و ئایینـــی هاوبـــەش گرنگییەکی تایبەتیان لەســـەر ناســـنامەی هاوبەش هەیە. ئێرانییەکان لەم هاوکێشە ئاڵۆزە تێگەیشتوون و هەوڵیان داوە زیرەکانە لوڕەکان وەک قەومێکی ئێرانی بناسێنن. ئەم کاریگەرییە لە ئاستێکدایە کە ئێلیتی لوڕەکان خۆیان وەک ناسیۆنالیستە ئێرانییـــەکان گرنگییەکی زۆر بە دونیای پێش ئیسلام دەدەن.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد گرنگی بە ڕزگاریی مرۆڤەکانی دانیشـــتووی زاگرۆس

> پارێزگا دەستکردەکانی ئیلام و کرماشان لە کۆنەوە هەڵگر و پارێزەری توخمەکانی کولتووی کوردی بوون و جیاوازیی ئایینی تەنیا لە سەدەی بیستەمدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ناسنامە ساز کردووە

دەدا کە لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاریان ببێ.
لوڕەکان لە ناو ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا وەک قەومێکی ئێرانی سەیر دەکرێن و لە کاتێکدا بە هۆی نەوتەوە دەوڵەمەندترین ناوچەی جوگرافیای سیاسیی ئێران پێک دێنن بەڵام لە دۆخێکی دژواردا دەژین و لەگەڵ فەوتانی دابونەریت، زمان و کولتووری خۆیان بەرەوروو بوونەتەوە. بزووتنەوەی کوردایەتی بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆریی زاگرۆس پێشنیاری ئەوە دەکا کە لوڕەکان نەک وەک قەوم بەڵکوو تەنانەت وەک نەتەوەیەکی جیاواز دەتوانن ناسنامەی خۆیان هەبێ. تایبەتمەندیی فەرهەنگیی زاگرۆس کورد و لوڕ لێک گرێ دەداتەوە و خەباتی هاوبەشی دژ بە داگیرکەر، بەرژەوەندی نیشتمانی هەر دوو لایەن دەپارێزێت.

**۲** بەردەوام ڕەخنە لەوە دەگیرێ کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەمترین کاریگەرییان لەسەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بووە. بەتایبەت کورد و لەکەکانی ئەم ناوچەیە کاتێک ئایینزای شیعەیان هەیە لە ڕووی ناسنامەوە مەیلیان بەرەو ئێرانی بوون هەیە؛ ئەم بابەتە لە قوروە و بیجاڕیش دەبیندرێ. حکومەتی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا کەڵکی لەم قەڵشتە وەرگرتووە و تەنانەت بە سازکردنی لەهجەیەکی بێ بنەما بە ناوی «فارسی کرماشانی» هەوڵی داوە ناسنامەیەکی چەند ڕەهەندیی دەستکرد کە بریتییە لە ئێرانی بوونی کوردی شیعە ساز بکا. لە ناسنامەی کوردستانی فەرهەنگیدا ئەم ناوچانە هەست بە گرێدراوییەکی زۆر زیاتر لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان دەکەن. پارێزگا دەستکردەکانی ئیلام و کرماشان لە کۆنەوە هەڵگر و پارێزەری توخمەکانی کولتووی کوردی بوون و جیاوازیی ئایینی تەنیا لە سەدەی بیستەمدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ناسنامە ساز کردووە؛ ئەگەرنا تایبەتمەندیی پێکەوەژیانی ئایینی بووەتە هۆی ئەوەی دانیشتووانی زاگرۆس کێشەیەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبێت.

**۳** لە باشوور، پاش ساڵی ۲۰۰۳ هەوڵێک لە ئارادا بووە کە ناسنامەی کوردبوون بۆ ئێزدییەکان ساز بکرێ یان بۆیان بگەڕێندرێتەوە. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە زمانی ئاخافتن و زمانی ئایینی ئێزدییەکان کوردییە، بەڵام بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێزدی خواستیان لەسەر ئەوەیە کە پرسی ناسنامە تەنیا بە ئایین گرێ بدەنەوە. ئایینی ئێزدیایەتی وەک ئایینی یارسان داخراوە و جگە لە پەیوەنیی خوێنی ناکرێ کەسێک لە دەرەوەی بازنەکە ئایینی خۆی بۆ ئێزدیایەتی یان یارسان بگۆڕێت. هەر بۆیە بەشێک لە ئێزدییەکان دەیانەوێ وەک جوولەکەکان تەنیا لە ڕێگەی ئایینەوە بناسرێنەوە و باس لە کوردبوونی خۆیان نەکەن. پاش داگیرکردنی شنگال لە لایەن داعشەوە و بەرگری نەکردنی پێشمەرگەکانی هەرێمی کوردستان و لە ئاکامدا کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان، دیسانەوە قەڵشتی نێوان ئەوان لەگەڵ ناسنامەی کوردی زیاتر بووەتەوە. هەر بۆیە نادیە مۆراد دەوری بەرگری کردن لە ئێزدییەکان وەک ڕەساڵەتی خۆی سەیر دەکا و بە زمانی کوردی قسە ناکات. ئەگەر قەبووڵی بکەین کە لە ناوچەی زاگرۆس (کوردستانی فەرهەنگی) گرووپەکان دەتوانن ڕەهەندی جیاوازیی ناسنامەییان هەبێ، ئیتر پێویست ناکا ئەوان خۆیان بە کورد یان دژەکورد بزانن. ئێزدییەکان وەک یارسانەکان هەڵگری هەندێک تایبەتمەندیی بێ وێنەی کوردبوونن و بەپێی ویستی خۆیان دەتوانن باس لە ناسنامەی خۆیان بکەن و لە کوردستانی فەرهەنگیدا بمێننەوە بێ ئەوەی پەنا بۆ ناسنامەی عێراقی یان ئێرانی ببەن.

**۴** لەمێژە لە باکووری کوردستان، سەرەڕای گوشاری ناسیۆنالیزمی تورکی، لە دوو لایەنەوە ناسنامەی کوردی پرش و بڵاوی تێکەوتووە. لایەنی گرنگتر ئەوەیە لە ئەو ناوچانەی لە باکووری کوردستان ئایینی عەلەوییان

هەیــە و بە زاری زازاکی قســە دەکەن کەمتر لەگەڵ ناوچە ســوننەکانی باکوور کە بە زاری کرمانجی دەئاخفن لە ڕووی ناسنامەوە تێکەڵ دەبــن. هەر ئەمە یەکێک لــەو هۆکارانەیە کە پارێزگای درســیم دەبێتە ناوچەیەکی گرنگ بۆ دەنگهێنانەوەی مەهەپــە وەک یەکێک لە دژەکوردترین حیزبەکانــی تورکیا. لە لایەکی دیکەشەوە بەشــێک لە کوردە سوننەکانی باکووری کوردســتان کە دەکەونــە ئەوپەڕی ڕووباری فوڕاتەوە هەڵگری ئایینزای حەنەفین و هەر لەم ڕووەوە لە ڕووی ناســنامەوە خۆیان لــە تورکــە حەنەفییەکان نزیــک دەبیننەوە؛ هــەر بۆیە لە دوایــن دەنگدانەکانی تورکیادا ئەم گرووپە بــەردەوام دەنگی زۆرینەی خۆیان بــە ئاکەپە داوە. لە ناســنامەی کوردســتانی فەرهەنگیدا ئەم فرەچەشــنییە ئایینییە وەک بابەتێکی ئاسایی ئەژمار دەکرێ و بوونی ئایین و ئایینزا جیاوازەکان بەشێک لە تایبەتمەندی کوردستانیبوون پێک دێنن.

**٥** نابــێ ئەم خاڵــەش لەبیر بکەیــن کە لە کوردستان جگە لە زمانی کوردی، ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە وەک ئاشــوری و تورکمان و هتــد. دەژین. بۆچوونێکی هەڵەیە کە بمانەوێ دەوڵــەت نەتەوە یــان دەوڵــەت نەتەوەکانی کوردســتان تەنیا بە یــەک زاری کوردییەوە ببەستینەوە. یەکدەســت نەبوونی کوردستان لە ڕووی زمانییــەوە ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لــە تواناکانی چەند زمــان و زاراوەی بۆ ئێمە ســاز کردووە و دەکرێ بە کەڵک وەرگرتن لە دوو زاری فەرمی بــۆ پەیوەندیگرتن لە نێوان هاووڵاتیان، دەرفەتی مانەوەی شەبەنگی زمانی زاگرۆس برەخســێنین. هەروەهــا لوڕەکان و زازاکان کە هەتاکوو ئیســتا نەیانتوانیوە خۆیان وەک بەشــێک لە زمانی کوردی سەیر بکەن، دەتوان وەک زمانی ســەربەخۆ لــە ئیمکانی فرەچەشنیی شەبەنگی زمانی زاگرۆس کەڵک وەربگــرن و زمانەکەی خۆیان لەمەترســیی لەناوچوون ڕزگار بکەن.

**٦** کەڵک وەرگرتن لە چەمکی زاگرۆس وەک کوردســتانی فەرهەنگی ئەو دەوڵەمەندییە بە بواری فیکر و کولتوورمــان دەگەڕێنێتەوە کە ئەو ناوچانەی ئیســتا کوردی لێ ناژین بەڵام پێشــتر وەک هەرێمــی فەرهەنگیی زاگرۆس کوردی لێ بووە، وەک بەشــێک لە سەرمایەی کولتــووری خۆمــان ئەژماریــان بکەین. بەم شــێوەیە برشتی کولتووریی ئێمە لە ناوچەکدا پــەرە دەســتێنێت و دەتوانین لــە ڕێگەیەوە باس لە شارســتانییەتی کۆنمــان بکەین. بۆ نموونــە بیرمەندگەلێک وەک ســوهرەوەردی (شێخی ئیشراق)، ئەبوونەجیب سوهرەوەردی، باباتاهیری هەمەدانی، عەینولقوزاتی هەمەدانی و ســەدانی تر لەو ناوچانە ژیاون کە ئیســتا و بەپێی هەلومەرجی سیاســی وەک کوردستان ناناسرێن بەڵام تەنانەت لە ئیستاشدا هەر وەک بەشێک لە زاگرۆس سەیر دەکرێن.

## دەرەنجام

ناوچــەی زاگــرۆس هەرێمێکــی بەربڵاوتــر لــە کوردســتانە و هیــچ کاتێکیــش هەموو دانیشتووەکانی کوردزمان نەبوون. مەبەست لە ناوچەی زاگرۆس کوردستانی فەرهەنگییە کە لە مێژوودا زۆر پان و بەرینتر لە سنوورەکانی ناوچە کوردزمانەکانی ئیســتا بووە. داگیرکەرانی کوردســتان هەر جارە و بە پاساوێک بەشێک لە کوردســتانیان لە ڕووی ناسنامەوە دابڕیوە. ناسنامەی کوردی لە ناچاریدا ویستوویەتی لە سنووره بەرتەســک کراوەکەی بەرگری بکا و شــەڕی فەرهەنگیی خۆی لەگەڵ داگیرکەران بۆ ناو کولتووری کوردی گواستووەتەوە. ئەگەر عەلەوییــەکان، ئیزدییــەکان، یارســانەکان، فەیلییەکان، شــیعەکان، لــەک و لوڕەکان بە هۆی دابڕان لە ناسنامەی کوردییەوە بە شوێن ناسنامەی نوێ بۆخۆیان بوون، پرسیارێکی گرنگ دەخاتە بەر دەم بزووتنەوەی کوردایەتییەوە کە چۆن دەتوانێ ئەم پرش و بڵاوییەوە لە دەوری ناســنامەیەک لێک گرێ بداتەوە؟ هەموو ئەم

ناســـنامە نوێیانە لە ناوچەی زاگرۆس دەژین و لە ڕووی مێژووییـــەوە نزیکایەتییەکی ئێجگار زۆریان پێکەوە هەیە. ناسنامەی زاگرۆسیبوون ئیمکانێک ســـاز دەکا کە ئەم بەشـــانە پێکەوە ببەسترێنەوە.

بزووتنـــەوەی کوردایەتـــی لە هـــەر چوار پارچەکـــە لە دژەکـــردەوە بۆ ناســـیۆنالیزمی هەر چوار داگیرکەری کوردســـتان لە دۆخی بەرگریـــدا بووە. لە کاتێکدا بەپێی پێناســـەی کوردســـتانی فەرهەنگی هەموو دەشتی موسڵ و کەرکوک بەشێک لە کوردستانە و لە جیاتی ئەوەی قووڵایی ســـتراتێژیکی بزووتنەوەکەمان بۆ ئەوپەری ئەو ناوچە داگیرکراوانە بگوازینەوە، لەسەر کوردبوونی کەرکوک دانوساندن لەگەڵ داگیرکەر دەکا. ئەم هەڵە ســـتراتێژیکە بووەتە هۆی ئەوەی لە سەدا پەنجای خاکی باشووری کوردســـتان لە هەمـــان دۆخـــی داگیرکاریدا بمێنێتەوە. لە پارچەکانی دیکەش هەر هەمان دۆخی تێنەگەیشتن لە کوردستانی فەرهەنگی کێشەی ســـەرەکی بۆ ناسنامەی دانیشتووانی زاگرۆس ســـاز کردووە. لە ڕۆژهەڵات قووڵایی ستراتێژیکی بزووتنەوەی کوردایەتی لورستانی گەورەیـــە؛ نابێ باس لـــەوە بکەین کە ورمێ، کرماشـــان یان ئیلام کوردن یان نا و لەســـەرماڵی خۆمـــان لەگەڵ داگیرکەر دانووســـاندن بکەین، بەڵکوو هەموو خۆرەم ئاوا و لۆرســـتان تاکوو کەنداو ناوچەی فەرهەنگیی زاگرۆســـن. لە باکووری کوردســـتان ئامـــادە ئەگەر قەڵای خۆراگری بێ، دەبێ هەمان گرنگی بە درسیم بدرێ کە ســـڕینەوەی کولتـــووری تورکەکان دەیەوێ ناسنامەی نوێی تونجەلی بۆ ساز بکات یان گۆڕانی دیمۆگرافیای چەولیگ بە بینگۆل لە ئاراســـتەی هەمان سیاسەتی کەمالیزمدایە. بۆیە دەکرێ تیۆریی زاگرۆس وەک تیۆرییەکی ستراتێژیک بۆ سازکردنی هێژمونی کولتووری کوردایەتی سەیر بکەین کە تیایدا فرەچەشنی زمانی، ئایینی و دابونەریت لە زاگرۆس نە تەنیا مەترسی لەسەر ناسنامەی کوردایەتی ساز ناکا بەڵکوو دەکرێ وەک دەرفەتێک ســـەیر بکرێ کە هەم ناســـنامەی کوردستانی لە ناسنامەی ئێرانی، عێراقی، ســـوری و تورکی جیا بکاتەوە و هەم لەبەر سەرنجراکێشی و دەوڵەمەندبوونی شـــێوازە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی زاگرۆسی ببێتە هۆی خۆشەویستیی زیاتری نیشتمان.

## سەرچاوەکان


1. Polybius, The Histories of Polybius (Book Five). Transl. Evelyn S. Shuckburgh (Cambridge, Ontario: In parentheses Publications, 2002), 54.

2. Guy Le Strange, The Lands of the Eastern Caliphate: Mesopotamia, Persia, and Central Asia from the Moslem Conquest to the Time of Timur (Cambridge: Cambridge University Press, 1905), Chapters XIII-XV, 185-231.

3. Edmond C. Bosworth, «□Erāq-e □Ajamī.» Encyclopædia Iranica. 2008. Accessed 09 05, 2019. http://www.iranicaonline.org/articles/eraq-e-ajami.

4. L. Lockhart, «D□j□ibāl.» Encyclopaedia of Islam, Second Edition, II (Leiden: E. J. Brill, 1991) 534.

5. McDowall, David. A Modern History of the Kurds (London: I. B. Tauris, 2004) 5-6.

6. Philip G. Kreyenbroek, «Religion and Religions in Kurdistan.» In Kurdish Culture and Identity, edited by Philip G. Kreyenbroek and Christine Allison (London: Zed Books, 1996), 85-110.

7. Martin van Bruinessen, «The Kurds and Islam” Islamic Area Studies Project, Working Paper no. 13 (Tokyo, Japan, 1999): 12.

8. Behrooz Chaman Ara and Cyrus Amiri, “Gurani: practical language or Kurdish literary idiom?” British Journal of Middle Eastern Studies45, no. 4 (2018): 643.

9. Behrooz Chaman Ara, The Kurdish Shahnama and its Literary and Religious Implications (Charleston: CreateSpace, 2015).

10. Philip G. Kreyenbroek, «Orality and Religion in Kurdistan: The Yezidi and Ahl-Haqq Tradition.» In Oral Literature of Iranian Languages: Kurdish, Pashto, Balochi, Ossetic; Persian and Tajik: Companion Volume II: A History of Persian Literature, edited by Philip G. Kreyenbroek and Ulrich Marzolph (New York: B. Tauris, 2012), 70-88.

11. Philip G. Kreyenbroek and Khalil Jindi Rashow, God and Sheikh Adi are Perfect: Sacred Poems and Religious Narratives from the Yezidi Tradition (Wiesbaden: Otto Harrassowitz, 2005), 49-51.

# ڕاسان و ناسیۆنالیزم

ئیدریس ئەحمەدی



**ئاماژە**

ڕاسان بزووتنەوەیەکی سیاسییە کە کاردانەوەیی نییە،
بەڵکوو دەستپێشخەرانەیە لە پێناو خوڵقاندنی دەرفەت بۆ گەیشتن بە ئازادی.
ڕاسان هەم بەردەوامبوونی خەباتی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتە،
هەمیش هەڵگری پێداچوونەوە و داهێنانە لە بواری خەبات
لە پێناو ڕزگاریی نەتەوایەتیدا.

## خوێندنەوەیەکی هێگلی بۆ ڕاسان: لە بری پێشەکی

وتەیەکی هێگل هەیە دەڵێ:» لە زەردەپەری کاتی خۆرئاوابووندایە کوندەبوی مینێرڤا [کە هێمای زانینە لە میتۆلۆژیــی ڕۆمیدا] باڵ دەگرێتەوە.« مانای ئەم وتەیە ئەوەیە کە پاش کۆتایی هاتنی قۆناغێک، دەتوانین بە تەواوی لێی تێبگەین. بەو پێیە، ناکرێ «دوا وتە» لە سەر ڕاسان بگوترێ، یان حوکمی کۆتایی لەسەر بدرێ.

ڕاسان پرۆسەیەکی مێژوویە. وەکوو هەموو پرۆسەیەکی مێژوویی، کە ئەمساڵ پێ دەنێتە نێو چوارەم ساڵیەوە، پاش کۆتایی هاتنی، یان دروســتتر بڵێین ســەرکەوتنی، دەتوانین لێی تێبگەیــن. هەرچەند ڕەنگبــێ دوای ئەوەش، خوێندنەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ.

لەو چەند ساڵەدا، ڕاسان بابەتی سەرەکیی موناقشە سیاســی و ڕووناکبیرییەکان بووە، چ لە نێوخۆی کوردستان، چ لە تاراوگە. تەنانەت ئەوانەی نکۆڵی لە گرنگ بوون یان شوێندانانی دەکەن، یــان هەوڵی کەمرەنــگ کردنەوەی دەدەن، بە کردەوە ئیســباتی شــوێندانەریی ڕاســان دەکەن. زۆر جار لە سیاسەتدا، نکۆڵی کردن لە خۆیدا ئیسبات کردن دەگەیەنێ.

لێدوانی زۆر لەسەر ڕاسان دراوە. هەروەها ڕاڤەی جۆراوجۆر لە ســەر ڕاســان کراوە و لە دیدی جیــاوازەوە، هەڵســەنگاندنی بۆ کراوە. هەوڵــی زۆر دراوە ڕاســان پێناســە بکــرێ. ڕاستییەکەی، ڕاسان لە چوارچێوەی پێناسەدا قەتیس نامێنێتەوە، یان با بڵێین خۆی لە هەموو پێناســەیەک دەرباز دەکا؛ چونکە دیاردەیەکی فرەلایەن و دینامیکە. لێرەدایە خوێندنەوەیەکی هێگلی بۆ ڕاسان پێویستە.

وتەیەکی دیکــەی هێگل هەیــە، دەڵێ: «مێژووی جیهــان هیچی دیکە نیە بێجگە لە گەشەســەندنی هۆشی ئازادی.»[۱] بە مانایەک، هێگل هەوڵی ئەوە بوو مێژووی کۆی مرۆڤایەتی بنووســێ، هەڵبەت نەک بە مانای نووســینی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکوو بە مانای مێژووی گەشەسەندنی هۆشی مرۆڤ، کە بە نووسینی مێژووی «گەردوونی» لە قەڵەم دراوە.[۲]

لە نووسینی ئەو مێژووەدا، ئازادی، تەوەری ســەرەکی بوو. لــەو پەیوەندییــەدا، هێگل لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکا و ئاماژە بەوە دەدا کە لە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتیدا، یەک کەس، واتە دەســەڵاتدار، ئازاد بوو؛ دواتر کە مێژوو دەگاتە یۆنانی دێرین و ڕۆم، چەندین کەس بە ئازادی دەگــەن؛ بەڵام لەســەردەمی هێــگل خۆیدا، واتە ســەردەمی مودێرن، ئازادی هەموو کەس دەگرێتەوە. بــە واتایەکی دیکە، ئەوەی هێگل لە نووســینی مێژووی گەردوونیــدا بەدوایدا دەگەڕێ، گەشەسەندنی ئازادییە.

بــەو پێیــە، ڕاســان گوزارشــتێکە لــە گەشەســەندنی هۆشی بەکۆمەڵی گەلی کورد، کــە بە نۆرەی خۆی یان بــە دیویکی دیکەدا، گەشەسەندنی هۆشی ئازادییە لە کوردستان.

ڕاســان پرۆســەیەکی مێژووییە؛ پرۆسەی گەشەسەندنی هۆشی سیاسیی نەتەوەی کوردە؛ ئەزموون وەرگرتنە لە شکست و دەسکەوتەکانی ڕابردوو؛ تێکهەڵپێچێکە لە ئەزموونی مێژوویی و بووژانەوەی ئیرادەی وەدەسهێنانی ئازادی.

ئەو خوێندنەوە هێگلییە هەروەها ســوودی هەیە بۆ باس کردن لە سەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم لە ڕاســاندا، کە تەوەری ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشکە. ئەم وتارەی بەردەست هەوڵێکە بۆ تیشک خستەسەر ئەو بابەتە. بەڵام پێش ئەوەی باس لە ڕاسان و ناسیۆنالیزم بکەین، پێویست دەکا چەند لایەنێکی گرنگی ڕاسان شی بکرێتەوە.

## ڕاسان وەک بزووتنەوەیەکی دەستپێشخەرانە

ڕاســان بزووتنەوەیەکــی سیاســییە کــە کاردانەوەیی نییە، بەڵکوو دەستپێشــخەرانەیە لە پێناو خوڵقاندنی دەرفەت بۆ گەیشــتن بە ئازادی. ڕاســان هــەم بەردەوامبوونی خەباتی لەمێژینــەی حیزبــی دێموکراتــە، هەمیش هەڵگــری پێداچوونەوە و داهێنانــە لە بواری خەبات لە پێناو ڕزگاریی نەتەوایەتیدا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕاسان، پێناسەکردنەوەی دەوری پێشمەرگەیە لە تاکە هێزی ڕزگاری بۆ هێزێک کە بە فیداکاری و گیانبەختکردن، ئامانجی هێز بەخشینە (empowerment) بە کۆمەڵانی خەڵک لە پێناو وەسەرخستنی هێزی خۆی و هێزی جەماوەر لە شکڵی خەباتی مەدەنیدا. بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بوارەکانی شارنشینی، چوونەسەری ئاستی خوێندەواری، گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەشداربوونی بەکۆمەڵ و چالاکی ژنی کورد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا.

ئەگەر پێشتر ژنانی کوردستان دەوری پاڵپشت و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون، لە ڕاساندا بەشدار و بەڕێوەبەری بزووتنەوەن. بەشداریی ژنان تەنیا سنووردار نییە بە پەیوەست بوونیان بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵکوو لە نێو شارەکاندا و لە خەباتی مەدەنیشدا جێ پەنجەیان دیارە. ئەم وەرچەرخانە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا هەروەها دەروازەیەکە بۆ باس کردن لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزم لە ڕاساندا. ئەگەر هێگلی بۆی بڕوانین، گەشەسەندنی هۆشی ئازادی لە کوردستان بەندە بە بەجەماوەریترکردنی خەبات، کە بەشداریی ژنان یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانیەتی.

## ڕاسان و ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی

ڕووکردنی بەکۆمەڵی کچان و ژنانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە وێڕای ئەو ڕۆڵە دیارەی کە لە خەباتی مەدەنی لە شارەکاندا هەیانە، نیشاندەری ئەوەیە کە ڕاسان لە هەوڵی بەرهەمهێنانی شێوە ناسیۆنالیزمێکە، کە نێوهاوێژە (inclusive)، هەروەها

> ڕاسان پرۆسەیەکی مێژووییە؛ پرۆسەی گەشەسەندنی هۆشی سیاسیی نەتەوەی کوردە؛ ئەزموون وەرگرتنە لە شکست و دەسکەوتەکانی ڕابردوو؛ تێکهەڵپێچێکە لە ئەزموونی مێژوویی و بووژانەوەی ئیرادەی وەدەسهێنانی ئازادی

توانیوەتی یەکسانی بکا بە یەکێک لە ئامانجە سەرکییەکانی. ئەمەش گوزارشتێکە لە بەجەماوەریترکردنی خەبات، کە ئامانجی دەربراوی کۆنگرەی ۱۴ی حیزبی دێموکرات بوو؛ بەڵام لە ڕاساندا بە کردەوە کاری بۆ کراوە. بە بێ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێو کوردستان و بەرەوڕووبوونەوەی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بەجەماوەریترکردنی خەبات ئەستەم بوو بە کردەوە سەربگرێ؛ کەوابوو، هێزی پێشمەرگە شادەماری ڕاسانە.

ئەگەر پێشتر کچان و ژنان ڕوویان دەکردە هێزە مارکسیست و چەپەکان، ئەورۆ ڕاسان، کە بەرهەمهێنەری ناسیۆنالیزمێکی تایبەتە، بووە بەو بزووتنەوەیەی کە ژنان خۆیانی تێدا دەبیننەوە و تێیدا چالاکانە بەشدارن.

ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ڕاسان خەریکە بەرهەمی دێنێ و لە ژیانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتدا بەدامەزراوەیی دەکا، «ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی»یە. ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم جیاوازیی هەیە لەگەڵ «ناسیۆنالیزمی ستوونی».[۳]

لە ناسیۆنالیزمی ستووندا، نوخبە ئەرکی بڵاوکردنەوەی فکری ناسیۆنالیستی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە. بەو مانایە، ناسیۆنالیزمێکی نوخبەیە. لە ناسیۆنالیزمی ئاسۆییدا، جەماوەر بەشدارە لەبەرهەمهێنانی گوتاری ناسیۆنالیستیدا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە لە ڕاساندا نوخبە دەوری نییە یان دەوری نامێنێ، بەڵکوو ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی، ئامانجی بەشدارکردنی چالاکانەی کۆمەڵانی خەڵکە لە پرۆسەی ڕزگاریی نەتەوەییدا و ڕێگایان بۆ فەراهەم دەکا کە وەکوو بکەر لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. بە واتایەکی دیکە، ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی

لە ڕاساندا وا دەخوازێ لە تاکی کورد و گەلی کورد بە گشتی، کە لە پێناو ڕزگاریدا بە فکر، زانین، ئەزموون و داهێنانی خۆیان لە ڕاساندا بەشدار بن تاکوو شکڵ و گەشەی پێ بدەن.

ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی لە ڕاساندا یەکێکە لەو هۆیانەی کە وای کردووە ئەو بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی پێناسەدا قەتیس نەمێنێتەوە و هەموو پێناسەیەک دەرباز بکا. هەر ئەمەشە وای کردووە ڕەخنەگرانی ڕاسان کاتێک دەڵێن هەڵگری «ستراتژییەکی ڕوون» نییە، ڕەچاوی ئەوە ناکەن کە ڕاسان گەشەسەندنی هۆشی سیاسیی نەتەوەی کوردە؛ پرۆسەی ئەزموون وەرگرتنە لە شکست و دەسکەوتەکانی ڕابردوو کە دەرفەت دەدا بە تاکی کورد وەکوو بکەر، نەک تەنیا وەک چالاکڤان یان خەباتگێڕ کە نوخبە هەموو ڕێگایەکی پێ نیشان بدا و تەنیا دەوری سنووردارکراوی بە جێبەجێ کردنی ئەرک، بەڵکوو دەبێ «بەشدار» بێ بە مانای شکڵدان و تەنانەت داهێنان لە ڕاساندا.



## دوا وتە

ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی لە ڕاساندا دواجار یارمەتیدەری پرۆسەی بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و دێموکراسی دەبێ لە قۆناغی پاش ڕزگاری لە کوردستاندا. سوودێکی دیکەی ناسیۆنالیزمی ئاسۆیی ئەوەیە کە ئەگەر بێت و سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە لەلایەن دوژمنەوە زەربەی وێ کەوێ، وەک لە ڕابردوودا شاهیدی بووین، ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە توانایی ئەوەی هەیە خەبات درێژە پێ بدا و دینامیک و داهێنەر بێ.

## سەرچاوەکان


1. Quoted in Peter Singer, Hegel: A Very Short Introduction (Oxford: Oxford University Press, 2001(, p. 15.

2. Francis Fukuyama, The End of History and the Last Man (London: Penguin Books, 1992), pp. 55-60.

3. Eric Kaufmann, ”Complexity and Nationalism”, Nations and Nationalism, 23 (1), 2017, 6-25.

# لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە بۆ سۆسیال دێموکراسی

## (پێشنیاری هەنگاوێک بەرەو پێش بۆ جەختی زیاتر لەسەر دێموکراسی)

**بیریار ژاوەرۆیی**



**ئاماژە**

سۆسیال دێموکراسی وەک ئایدۆلۆجیی سیاسی بزووتنەوەیەکی چاکسازیخواز، هەوڵێکی زیاتر بۆ سڕینەوەی توندوتیژیی و تۆتالیتاریانیزم لە سۆسیالیزم بووە. ئەم ئایدۆلۆجیایە کە بە جۆرێ لە دڵی سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە هەڵقوڵا و لە درێژەی چاکسازییەکانی ئەودایە، لە ڕێگای پەرەپێدانی مافەکانی هاووڵاتییانەوە گەشەی سەند.

وەک دیاره پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی و دیموکراتیک بۆ ماوەیەکی زۆره، بەتایبەت لە کۆنگرەی شەشەمەوە کە پەسەند کرا، وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ داهاتووی ئەو بەشەی کوردستان ڕەچاو کراوه. لەو ئاراستەیەدا، تیۆریی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لەلایەن شەهیدی نەمر دکتور قاسملووەوە بەکارهێنرا و بوو بە بناخەی بیری سیاسی-ئایدۆلۆجیکی ئەو حیزبە و بە هێنانە ئارای ئەوە، حیزب لە ڕەوتی زاڵی ناسیۆنالیستیی پەتی وەدەرکەوت و ڕەنگ و بۆنی زیاتر چەپی بە سەردا زاڵ بوو. لەو پەیوەندییەدا ڕەنگە هەندێ پرس بە مێشکی کەسدا بێت و ئەو پرسیارانە بێنە ئاراوه کە بۆچی دکتور لەو کاتەدا پێداگریی لەسەر سۆسیالیزمی دیموکراتیک دەکرد و نەیدەویست وەک سۆسیال دیموکرات بناسرێن؟ و بۆ تاکو ئێستا هەر لەسەر ئەوە پێداگری کراوه؟ ئاخۆ کاتی ئەوە نەگەیشتووە کە لە هەنگاوێکدا بەرەو پێش باسی سۆسیال دیموکراسی بکرێت؟ لە باری تیۆریکەوە تاکو ئێستا ئەوەندە تیشک نەخراوەتە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانە. بۆیە تێرامانێک لەو بوارەدا دەتوانێت دەسپێکی هەندێ باسی جێی سەرنج و قووڵ ببێت.

ڕەنگە چاکتر بێت کە ئەم باسە، لە پێداچوونەوە و چاکسازییەکانی ناو بەرەی چەپ بە گشتی دەست پێ بکرێت. ڕیشەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک و سۆسیال دیموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی سۆسیالیستی ئۆتۆپیایی سەدەی نۆزدە و پیداچوونەوەکانی دواتر. لە بەرەی پێداچوونەوەخوازان و چاکسازیخوازانی چەپدا دوو ڕوانگە بەرز بووەوە. یەکەمیان ڕادیکاڵ، توندوتیژ و شۆڕشگێڕانە و دووەمیان دیموکراتیک بوو. وەک یەکەم ڕوانگە، دووەمیش لەو باوەڕەدا بوو کە سۆسیالیزم لە ڕێگای خەباتی چالاکانەوە بۆ گەیشتن بە جیهانێکی چاکتر سەرهەڵدەدات، بەڵام بە پێچەوانەوەش لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو خەباتە دەبێت شێوەی دیموکراتیک و گەشەسەندنانە لە خۆ بگرێت. بیری یەکەم کە زیاتر لەلایەن «جۆرج سۆرێل»ەوە پەرەی پێ درا بواری بۆ فاشیزم و تۆتالیتاریانیزم و دووەم کە لە ژێر کاریگەریی «برنشتەین»دا بوو بواری بۆ سەرهەڵدانی سەرەتا سۆسیالیزمی دیموکراتیک و پاشان سۆسیال دیموکراسی خۆش کرد کە دەرەنجامەکەی دوورکەوتنەوەی سۆسیالیزم لە مارکسیزم بوو.

لەو پیوەندییەدا، تێرمی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» (Democratic socialism) هەندێ جار وەک هاوتای سۆسیالیزم بەکارهێنراوە، بەڵام ئاوەڵناوی دیموکراتیک بۆ جیاکردنەوەی لە سۆسیالیزمی مارکسیست-لینینیستی کە پێڕەوانی باوەڕیان بە خەباتی دیموکراتیک نەبوو و هەروەها پاش دەستەبەرکردنی دەسەڵاتیش لە چوارچێوەی سنووری سۆسیالیزمیشدا کردەوەیان نادیموکراتیک بووە، بەکارهێنراوە. سۆسیالیزمی دیموکراتیک وەک جۆرێک سۆسیالیزم پێناسە دەکرێت کە وێرای جەخت لەسەر دارابوونی ئابووریی سۆسیالیستی کە تێیدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بریتی لە سامان و زەنگین دەبێت بەکۆمەڵ و بە شێوەی کۆمەڵایەتی خاوەندارێتی بکرێن، لە باری سیاسییەوە سیستەمێکی دیموکراتیکی حکوومەت بوونی هەبێت. بە واتایەکی تر، سۆسیالیزمی دیموکراتیک فەلسەفەیەکی سیاسییە کە لە دیموکراسیی سیاسی لەگەڵ خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و جەخت لەسەر خۆبەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی دیموکراتیکی دامەزراوە ئابوورییەکان لە بازاڕدا یان هەندێ فۆرمی ئابووریی سۆسیالیستی دیسێنتراڵ کراوی بەرنامە بۆ دارێژراو بەرگری دەکات.

له ڕوانگەی سۆسیالیستە دیموکراتەکانەوە کاپیتالیزم لە ماکیدا ڕانەهاتوو و نەگونجاوە لەگەڵ بەها دیموکراتیکەکانی ئازادی، بەرابەری و تۆکمەیی (هاوکاری و دادپەروەری)؛ و ئەم ئایدیالانە تەنیا لە ڕێگای بەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییەوە دەستەبەر دەکرێن و وەک سۆسیالیستەکان لەو باوەڕەدان کە پرسە سیستەمیکەکانی کاپیتالیزم تەنیا لە ڕێگای گۆڕینی بە سیستەمێکی سۆسیالیستی چارەسەر دەبن؛ واتە لە ڕێگای گۆڕینی خاوەندارێتیی تایبەتی بە خاوەندارێتی کۆمەڵایەتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان؛ بەڵام لە دژی سیستەمی ستالینیستی و مۆدێلی ئابووریی سۆڤییەت و فۆرمی ئۆتۆریتاریەنی هەڵسووڕان و ئابووریی ژێر فەرماندەرییەکی زۆر سێنتراڵ کراو کە لە یەکیەتیی سۆڤییەت و دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکە لە سەرەتای سەدەی بیستدا بیچمی گرت. ئەم ڕوانگەیە لەسەر دیموکراسی هەر ئەو هەڵەی کاپیتالیزم و سنووردارکردنەوەی دیموکراسی بوو، واتە ئەم جارە بەجێی کاپیتالیزم و لیبرالیزم، بە سۆسیالیزم سنووردار دەکرێتەوە، لەکاتێکدا کە دیموکراسی لەسەرووی ئەوانەیە و ناکرێ بە ئایدۆلۆجی و بیرۆکەی جۆراوجۆر سنوودار بکرێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەو باوەڕەدان کە لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا هەردووکی ئابووری و کۆمەڵگا دەبێت بە شێوەی دیموکراتیک بەڕێوە ببردرێن. بۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بەرەبەرە چاکسازیخوازی لە ناو بزاڤی چەپدا بەتایبەت لەلایەن «ئێدوارد برنشتەین»ەوە لەسەر پەرەپێدانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک کاریگەر بوو. لەو پێوەندییەدا، دەکرێ ڕەوتێکی هاوشێوەی گۆڕانکاری لە ناو لیبرالیزمدا بۆ سۆسیالیزمیش ڕەچاو بکرێت کە تێیدا سۆسیالیزمی دیموکراتیک دەکرێ لە بەرانبەر «لیبرالیزمی دیموکراتیک»دا پێناسە بکرێت. کەچی بەپێچەوانەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک، «لیبرالیزمی دیموکراتیک» ئەوەندە زەق نەبووەوە چونکو دیموکراسی سنووردار دەکردەوە بە چوارچێوەی لیبرالیزم، بۆیە خێراتر بەرەو لیبراڵ دیموکراسی ڕۆشت یان بەو شێوەیە دەرکەوت، کە بۆخۆی ئایدۆلۆجیایەکی جیایە کە لە ڕێگای دەوڵەتەوە بازار کۆنترۆڵ دەکرێت و بەرەو دەوڵەتی خۆشبژێوی چووە.[1] بەوەشەوە، سۆسیالیزمی دیموکراتیکیش وەها ڕەوتێکی بەرەو سۆسیال دیموکراسی تێپەڕاند، گەرچی سنوورێکی دیاری ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە.

سۆسیال دیموکراسی وەک ئایدۆلۆجیی سیاسی بزووتنەوەیەکی چاکسازیخواز، هەوڵێکی زیاتر بۆ سڕینەوەی توندوتیژیی و تۆتالیتاریانیزم لە سۆسیالیزم بووە. ئەم ئایدۆلۆجیایە کە بە جۆرێ لە دڵی سۆسیالیزمی دیموکراتیکەوە هەڵقوڵا و لە درێژەی چاکسازییەکانی ئەوەدایە، لە ڕێگای پەرەپێدانی مافەکانی هاووڵاتییانەوە گەشەی سەند. بە جۆرێ هاوشێوەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک بووە بەو جیاوازییەوە کە زیاتر جەخت لەسەر دیموکراسی دەکات و بەپێچەوانەی ئەوە، بە دوای چاکسازیی سیستەمی کاپیتالیزم بووە نەک ڕووخان و لەنێوبردنی بەتەواوەتیی ئەوە لە ڕێگای خەباتی دیموکراتیکەوە. بۆیە لەکاتێکدا کە سۆسیالیزمی دیموکراتیک، پاڵپشتی لە سیستەمێکی سۆسیالیستیی حکوومەت دەکات کە لە ڕێگای ئامرازە دیموکراتیکەکانەوە دەستەبەر بکرێت، سۆسیال دیموکراسی، پاڵپشتی لە سیستەمێکی دیموکراتیکی حکوومەت دەکات کە سەرنجی لایەنی سۆسیال بدات. وشەی سۆسیال لە سۆسیال دیموکراسیدا بەو واتایە نییە کە حکوومەتی وەها دیموکراسییەک، دەبێت ڕێک ئایدۆلۆجیای سۆسیالیزم پێڕەو بکات، بەڵکو خۆی ئایدۆلۆجیایەکی جیاواز

و چاکسازی کراوە. لەو پێوەندییەدا، هەندێ توێژەر، سۆسیال دیموکراسی بە نیوەڕێگای نابەردەوامیی نێوان مارکسیزم و لیبرالیزم دەزانن کە هەندێ بنەمای لە دوو نەریتی ناکۆک پێکەوە کۆکردووەتە. ئەمانە وەک سۆسیالیستە دیموکراتەکان، سۆسیال دیموکراتەکانیش بە سۆسیالیستگەلی بێ باوەڕ بە شۆڕش یان ئەوانەی دەزانن کە لە جێی فیشەک و گوللە سندۆقی دەنگدانیان هەڵبژاردووە. هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە ئەو بزووتنەوەیە هەوڵێک بووە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی تایبەت یان بەها دیارەکان. لەم ڕوانگەیەوە، سۆسیال دیموکراتەکان وەک لایەنگری دەوڵەتی باشبژێویی و ئاسوودەیی، بەرابەری و تۆکمەیی دەبینرێن. هەر لەم پێوەندییەدا بە گوتەی هەندێک، سۆسیال دیموکراسی ڕێککەوتنی نێوان مارکسیزم و لیبرالیزم نییە و جێگرەوەی هەردووکی ئەوانەیە کە لە ناوەندیدا باوەڕێکی جیاواز لەسەر پێشترێتیی سیاسەت و کۆمیونیتاریانیزم هەیە.

سۆسیال دیموکراسی ئاڵتێرناتیڤی پێشترێتیی سیاسەت و هاوکاریی چینەکانی هێنایە ئاراوە. واتە لە جێی ڕاوەستان بۆ ڕووخانی کاپیتالیزم، دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ چاکسازیی ئەو. بەرەبەرە سۆسیال دیموکراتەکان تێگەیشتن کە لە جیاتی ڕوانگەی ململانێی چینەکان لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسدا دەبێت سەرنجی بابەتەکانی پێوەندیدار بە «خەڵک»، «کۆمەڵ» و «خێری گشتی» بدەن. لەڕاستیشدا ناکرێ خەڵک سنووردار و بەرتەسک بکرێتەوە بۆ چینێک، ڕەگەزێک یان هەر گرووپێکی تری کۆمەڵگا. داواکاریی دیموکراتیک بوون لە دژی هەر جۆرە وەپێشخستن و هەڵاواردنێک بەپێی ئەو جیاوازییانەیە و پێویستە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەریی بۆ هەموویان ڕەچاو بکرێت. بەم پێیە، ئەوان باوەشیان بۆ داواکارییە کۆمیونیتاریەن، کۆرپۆراتیست و تەنانەت ناسیۆنالیستییەکان کردووە و حیزبەکانیان هان دا بۆ گۆڕان لە حیزبی کرێکاران بۆ حیزبی خەڵک. ماتریالیزمی مێژوویی و ململانێی چینەکانی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس وەلا نران و پێشترێتی درا بە سیاسەت و کۆمیونیتاریانیزم. هەروەها، چاکسازیخوازانی چەپ تێگەیشتن کە پێویستە هێزی بزوێنەری گەورەی ناسیۆنالیزم ڕەچاو بکەن و بیهێننە ئەژمێر.

> سۆسیال دیموکراسی وەک ئایدۆلۆجیی سیاسی بزووتنەوەیەکی چاکسازیخواز، هەوڵێکی زیاتر بۆ سڕینەوەی توندوتیژیی و تۆتالیتاریانیزم لە سۆسیالیزم بووە

کەواتە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک زیاتر بەپێی ئەوەی لە سۆسیال دیموکراسی جیا دەکرێتەوە کە سۆسیالیستە دیموکراتەکان بەڵێنداران بە گۆڕانی سیستماتیکی ئابووری لە کاپیتالیزمەوە بۆ سۆسیالیزم، لەکاتێکدا کە سۆسیال دیموکراسی پشتگیری لە چاکسازیی کاپیتالیزم دەکات. بەپێچەوانەی سۆسیال دیموکراتەکان یان چاکترە بڵێین دیموکراتە سۆسیالەکان، سۆسیالیستە دیموکراتەکان لەو باوەڕەدان کە چاکسازییەکان کە نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی دەوڵەتی کردووەتە ئامانج، بە شێوەیەکی جیاواز پشتگیرین لە ناکۆکییە ئابوورییەکانی کاپیتالیزم دەکات. لەڕاستیدا سۆسیالیزمی دیموکراتیک قۆناخێکی تێپەڕین بووە و بە جۆرێ هەر پەرەپێدانی چاکسازییەکان لە ناو بەرەی چەپدا (بەتایبەت ئەوەی برنشتەین کە بووە هۆی پەرەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک) بوو کە بە سۆسیال دیموکراسی گەیشت. بە هۆی ئەم چاکسازییانەوە هەندێ حیزب لەوانە حیزبی

کرێکاری بەریتانیا، سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا، ئەمریکا و... وەک درێژەدەرانی ڕێگای برنشتەین هەموو بەرەو سۆسیال دیموکراسی ڕۆشتن. وەک پێشتر باس کرا، لە سۆسیالیزمی دیموکراتیکدا، سۆسیالیزمە کە چوارچێوەیە و پاش گەیشتن بە دەسەڵات لە ناو خودی سیستەمی سۆسیالیستیدایە کە دەیەوێت دیموکراتیک بێت، کە ئەمە لەدژی دیموکراسی بە گشتییە چون دیموکراسی ناکرێ سنووردار بکرێتەوە بە یەک بیرۆکە یان گرووپێک و.... واتە لێرەشدا دیموکراسی نابێت سنووردار بکرێتەوە بە پەرژینی سۆسیالیزم.

ڕەنگە ئەم خاڵە بووبێت کە بەرەبەرە بەشێک لە ڕەوتی چەپی هان دا بۆ تێپەڕین لە سۆسیالیزمی دیموکراتیکەوە بەرەو سۆسیال دیموکراسی، تاکو نەک سۆسیالیزم بەڵکو دیموکراسی ببێتە چوارچێوەی سەرەکی. بۆیە، بە کردەوەش سۆسیالیزمی دیموکراتیک چوو بەرەو سۆسیال دیموکراسی. هەروەک لیبراڵەکان لە چوارچێوەی لیبرالیزمی پەتیی سەرەتاییدا نەمانەوە و بەرەو لیبراڵ دیموکراسی و دەوڵەتی خۆشبژێوی چوون، بەشێک لە سۆسیالیستەکانیش لە سۆسیالیزمی مارکسیستی و ئۆرتۆدۆکس تێپەڕین و بەرەو سۆسیال دیموکراسی و دەوڵەتی باشبژێوی ڕۆشتن تاکو کەلێن و لاوازییەکانی سۆسیالیزم چارەسەر بکەن.

لەو پێوەندییەدا ئەو پرسە دێتە ئاراوە کە بۆچی لەکاتێکدا کە لەلایەک ڕەوتی چاکسازیخوازی چەپ و سۆسیالیزمی دیموکراتیک بەرەو سۆسیال دیموکراسی دەچوو، و لەلایەکی تریشەوە بە کردەوە هەم حیزبی دیموکرات و هەم دکتور قاسملوو ڕێزیان لە دیموکراسی، ئازادی و بیرۆکەکانی دیکە گرتووە و دیموکراسییان سنووردار نەکردووەتەوە بە تەنیا بیری چەپ و سۆسیالیزم و لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی ڕاهاتبوون، باسی سۆسیالیزمی دیموکراتیک هاتبووە ئاراوە و تاکو ئێستا جەختی لەسەر کراوەتەوە. ڕاستە کە دکتور قاسملوو بە وەرگرتن و بەکارهێنانی تیۆری «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» لە ڕێگای پاشگری «دیموکراتیک»ـەوە ویستی لە لایەنە نادیموکراتیکەکانی سۆسیالیزم بەتایبەت دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و تۆتالیتاریانیزم دەرباز بێت بەڵام لە تیۆریدا دیسان ئەوەش مانەوە لە چوارچێوەی سۆسیالیزم و پێشترێتیدانی ئەوە بەسەر دیموکراسیدا بوو. دیارە بەشێکی ئەو پرسە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی هەلی توێژینەوەیەکی چڕوپڕی تیۆریک لەسەر چەمکی سۆسیالیزمی دیموکراتیک لەو کاتەدا، بەڵام بەشێکیشی ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر ڕەچاوکردنی ڕوانگەی ڕەوتی زاڵی چەپ لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و هەروەها دۆخی سیاسیی کوردستان و ئێران. وێڕای تارادەیەک کاریگەریی پێشینەی بیری ماتریالیستی مێژوویی و مارکسیستی زانستیی خۆی و ئەمەگدارێتی بەوە لەسەر جەختیان لەسەر سۆسیالیزمی دیموکراتیک، ڕەنگە بە هۆی ئەو ڕەخنانەی کە بەرەی چەپ لە سۆسیال دیموکراسی هەیانبوو و ئەوەیان بە دابڕاو لە چەپ دەزانی و هەروەها ڕەچاوکردنی دۆخی نێودەوڵەتی و کوردستان لەو سەردەمەدا، دکتور لە شرۆڤە و پاساوی سۆسیالیزمی دیموکراتیکدا هەوڵ دەدات کە ئەوە لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی تێکەڵ نەکرێت. هەر

ڕەنگە بە هۆی ئەو ڕەخنانەی کە بەرەی چەپ لە سۆسیال دیموکراسی هەیانبوو و ئەوەیان بە دابڕاو لە چەپ دەزانی و هەروەها ڕەچاوکردنی دۆخی نێودەوڵەتی و کوردستان لەو سەردەمەدا، دکتور لە شرۆڤە و پاساوی سۆسیالیزمی دیموکراتیکدا هەوڵ دەدات کە ئەوە لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی تێکەڵ نەکرێت

بۆیە، کاتێک دەیهەوێت ئەو جیاوازییە پیشان بدات ئاماژە بەوە دەکات کە سۆسیالیزمی دیموکراتیک جیاوازە لەو حیزبە سۆسیال دیموکراتیکانەی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا هەن. هەڵبەت ئەو ئەگەرەش هەیە کە لە مێشکی دکتوردا، هەر سۆسیال دیموکراسی یان گۆڕان بەرەو ئەوە، وەک لە کردەوەدا وابووە، هەبووبێت و زیاتر بە هۆی ئەو بابەتانەی سەرەوە وەها باسی کردبێت و دەریبڕیبێت، بەجۆرێ کە دەکرێ بگوترێت کە سۆسیالیزمی دیموکراتیکی باس کراو لەلایەن ئەوانەوە بە شێوەی لەناخدا هەڵگری سۆسیال دیموکراسی بوو.

سەردەمێ کە «کورتە باس» نووسرا سەردەمێ بوو کە سۆسیالیزم هێشتا لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا تەشەنەی زۆری هەبوو و دکتور وێرای دیتنی گۆڕانکارییەکانی چەپ لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، نەیدەویست لە چوارچێوەی سۆسیالیزم تێپەڕێت، گەرچی جەختی لەسەر دیموکراتیک بوونی کردبوو. بەوجۆرە دیهەویست جیاوازیی رێبازی خۆیان لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی پیشان بدات کە لە روانگەی چەپی زاڵەوە پەڕیبووە بەرەی کاپیتالیزم. بەڵام بە تێپەڕینی کات و گۆڕانی بارودۆخ، و بەتایبەت بە تێکچوونی سۆڤییەت، رەنگە ئەو چاوەڕوانییە هەبووبێت کە لە ئێستادا و بگرە زووتریش دەبوا حیزبی دیموکرات هەنگاوی بەرەو دیموکراسی وەک بناخە هەڵێنایە و لە قۆناخی سۆسیالیزم وەک بناخە تێپەڕیبا. لە مێژە، پێویستی پێداچوونەوە بە سەر ئامانجی داهاتووی ئەو حیزبە و جەختی زیاتر لەسەر دیموکراسی هەستیان پێ دەکرێت کە ئەمە پێویستی بە رەچاوکردنی ئایدۆلۆجیا و بەرنامەیەکی مامناوەندی سەرەوەی سۆسیالیزم و نزیک لەوە دەبێت کە رەنگە بەپێی بارودۆخی جیهانی و بەتایبەت ناوچەکە و کوردستان، باشترینیان سۆسیال دیموکراسی بێت کە وەک چۆن لیبراڵ دیموکراسی لە لیبرالیزمی پەتی دوورکەوتەوە، ئەوەش لە سۆسیالیزمی پەتی و رادیکاڵ دوور کەوتووەتەوە، و بەوجۆرە جەخت دەخرێتە سەر دیموکراسی وەک کۆڵەکەی هاوبەشی هەردوولا. مادام کە جیهانی سۆسیالیستی خۆی هیوایەکی بە رۆخانی کاپیتالیزم نەماوە و تاڕادەیەکی زۆر دەستیان لێ هەڵگرتووە و تەنانەت خۆشیان بەو رێگایەدا رۆشتوون و لێی نزیک بوونەتەوە، چ پێویست بەوە نییە کە حیزبێکی نەتەوەخوازی دیموکرات لەسەر ئەوە سوور بێت. چاکتر وایە کە چەقی جەختی خۆی لەسەر دیموکراسییەکە دانێت کە ئەورۆکە لە ئاستی جیهانیدا لانیکەم بە قسەش بێت برواداریی گشتیی هەیە و لە ژێر ئەو ناوەشدا هیچ پاساوێک بۆ دژایەتی کردنی مافی نەتەوەیی نابێت، و بە شێوەیەکی فرەرەهەند و سێکۆلار و هاوسەنگ سەیری لیبراڵ و سۆسیالی بوون بکات.

بێجگە لە گۆڕانی دۆخی نێودەوڵەتی، دیارە دەکرێ پاساوی تریش بۆ گۆڕانی ئەو ئامانجە و پێویستی بە بناخەکردنی دیموکراسی و گرنگیدان بەوە بهێنرێتەوە. لەو پێوەندییەدا ئەوەی دێتە ئاراوە دۆخی کورد و کوردستان بۆخۆیەتی. یەکەم لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بارودۆخی کوردستان بۆ بە بناخەکردنی سۆسیالیزم و سیستەمێکی تەواو سۆسیالیستی گونجاو نەبووە. هەروەها، لە بنەڕەتدا لە کوردستاندا کاپیتالیزمێک نەبووە تاکو تازە لە داهاتوودا و دوای سەربەخۆیی یان پێکهێنانی حکوومەتی خۆ، بە دوای تێپەڕین و گۆڕان لەوەوە بۆ سۆسیالیزم بن. دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستی نوێش کێشەی خۆی دەبێت و ئاستەمە قبوول بکرێت. بە گشتی سۆسیالیزم و بیری سۆسیالیستی مارکسیستی تاڕادەیەک ئەزموونی خۆی ولام داوەتەوە و

له شوێنەکانی تریشـــدا ئەوەندە ئەزموونێکی سـەرکەوتووی نەبووە کە وەک تاقە مۆدێلی داهاتـــووی کوردســـتان ڕەچـــاو بکرێـــت و ئەوەنـــدە متمانەپێکراو نییـــە. بۆیە پێداگری کردن لەسەری لە ئێســـتادا ئەوەندە پاساوی بۆ نییە. دەبێت گەر کەشـــێکی دیموکراتیک بڕەخســـێت، سیســـتەمێکی گونجاو دیاری کرێت و هەڵبژێردرێت، نەک بسەپێندرێت.
دووەم، گەلی کورد بە گشتی ڕووبەڕووی دوژمنانێک بووەتەوە کـــە خاوەن زەینییەتی دیموکراتیک نین و حکوومەتەکانیشـــیان نە دیموکراتیکـــن و نە هەلـــی دیموکراتیک بۆ چالاکیی ئازاد و یاسایی حیزبە کوردییەکان دەڕەخســـێنن. دیارە کورد داوای مافی خۆی کـــردووە و بەرگریی لە مافـــی خۆی کردووە و شـــەڕخواز نەبـــووە و شـــەڕ دەرکی ماڵی پێ گرتـــووە. بۆیـــە کاتێـــک بەرانبەرەکەی دیموکراســـیی قبـــووڵ نییـــە و تەنگی پێ هەڵچنیـــوە و لە دژی شـــەڕی ڕاگەیاندووە، ئـــەدی باســـی هـــەوڵ و ڕکابەرایەتیـــی دیموکراتیـــک واتـــادار نابێـــت و تەنیا ڕێگا بەرگری لە بەرانبەر توندوتیژی دەبێت. دیارە ئەگەر لایەنـــی بەرانبەری دیموکراتیک بوایە، بە شـــێوازی دیموکراتیک و یاســـایی هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی دەدا. لێرەدایە کە جەختی زیاتر لەســـەر سۆسیالیزم پاساوی بۆ دەبینرێتـــەوە. بەڵام وەک ئامـــاژە کرا، ئەگەر بڕیار بێت شۆڕشـــگێڕی بە سۆسیالیزم پاساو بکرێت، ئەوە بە سۆسیالیزمی چاکسازیخوازانی ڕادیکاڵ و چەپی شۆڕشـــگێڕی مارکسیست لینینیســـتی دەکـــرێ پاســـاو بکرێت نەک سۆســـیالیزمی دیموکراتیـــک و سۆســـیال دیموکراسی. لەکاتێکدا کە بیری مارکسیستی خودی دکتـــور لەو چوارچێوەیەدا ناگونجێت، و شۆڕشگێڕانەبوونیشـــی بـــاری نەتەوەیی و بەرگریکارانەی هەبـــوو نەک چەپی ڕادیکاڵ. لە ئێســـتادا چونکو گەلی کورد لە دۆخێکی جیاوازدایـــە، بـــە هـــەر ئایدۆلۆجیایەکـــەوە بەرگریی توندوتیـــژ لایەنێکە لە خەباتەکەی. بۆیە پێویســـت نەبووە کە بۆ پاساوی بەرگری و توندوتیژیـــی ســـەپاو پەنا بە سۆســـیالیزم ببات. دیارە سۆسیالیزمی دیموکراتیک وەک ئامانجـــی دوارۆژ بەرنامەیەکـــی ڕەچاوکـــراو بۆ شـــێوەی هەڵســـووڕانی ئابووری-سیاسی داهاتووی کوردســـتان بووە، و نەبیستراوە کە وەک پاســـاوی بەرگری و شەڕ باسی بکرێت. لەو ڕوانگەیەوە چ سۆسیالیزمی دیموکراتیک و چ سۆســـیال دیموکراسی بۆ قۆناخی ئێستا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.
هەرچۆنێک بێت، داهاتوو باشـــتر دیاریی دەکات کـــە بـــە پێـــی دۆخی ئـــەو دەم چ بەرنامەیـــەک ڕەچـــاو بکرێـــت. وەک دکتور قاســـملوو بۆخۆی لە شـــوێنێکدا ســـەبارەت بە باســـی سیســـتەمی حکوومەتـــی دەڵێت کە وەچەکانـــی داهاتوو ڕەنگـــە داخوازییان جیاواز بێت و بۆخۆیـــان دەبێت بڕیار بدەن، لێرەشـــدا هەر لەسەر ئەو بنەمایە چاکتر وایە جەخت بخرێتە سەر ئەرکی شیاوی ئێستا و دەســـتەبەرکردنی مافەکانی گەل. ئەوەی کە چ ئایدۆلۆجـــی و بەرنامەیەکی هەڵســـووڕانی سیاســـی-ئابوورییان بوێـــت بـــەو داهاتووە و وەچەی ئەو کات بســـپێردرێت. بەوەشەوە بە گوێرەی دۆخی سەردەمی ئێستا و گرنگایەتیی دیموکراسی وەک بنەما، وێڕای ڕەچاوکردنی مافـــی وەچـــەی داهاتـــوو بۆ گـــۆڕان، چۆن بنەمای خەباتی کوردستان دەستەبەرکردنی مافەکانـــی گەلـــی کـــوردە و لـــە پێنـــاوی مرۆڤایەتی و بۆ جێگیرکردنی دیموکراســـیدا بـــووە و بەرگریـــی چەکـــداری و توندوتیـــژ لاوەکییـــە و ناچاری، دەکـــرێ هەر جەخت لەسەر سۆســـیال دیموکراسی وەک ئامانج و بەرنامەیەکی نەرمونیانتـــر بۆ داهاتوو بکرێت کە لە قۆناخی تێپەڕی ئێستاکەشدا دەتوانێت وەک ئایدۆلۆجییەکی سیاســـی دیموکراسی-تـــەوەر ببێتە هۆی پەرەســـەندنی زەینییەتی دیموکراتیک و هەلی کەمکردنەوەی ناکۆکیی

ناوماڵی کورد و هاوپەیمانی بەرەی کوردی بڕەخسێنێت.

لە سۆنگەیەکی ترەوە، دەکرێ بگوترێت کە وەرگرتن و بەکارهێنانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک، واتە سۆسیالیزمێ کە دیموکراتیک بێت، هەوڵێک بوو بۆ مانەوە لە چوارچێوەی سۆسیالیزم وێڕای گۆڕانکارییەکان و قبووڵکردنی چاکسازیی بەرەو دیموکراسی بۆ پاساوی داکۆکی لە ناسیۆنالیزم و مافی نەتەوەیی. هەر ئەو شتەی کە سۆسیال دیموکراسی بەرەو ئەوە ڕۆشتبوو. بە واتایەکی تر لەو کاتەدا ئەو هەوڵە تیرێک بوو بۆ پێکانی دوو نیشانە: لەلایەک زیاتر ڕاکێشانی حیزب بۆ ناو بەرەی چەپ و کەڵکوەرگرتن لەو دەرەتانەی چەپ دەیڕەخساند، لەلایەکی ترەوە ڕەچاوکردنی تیۆرییەکی چەپ کە هەم کەمتر ڕەخنەی لەسەر بێت و هەم ڕاهاتوو بێت لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ئەوە لە جێی خۆیدا و بۆ ئەو کاتە بەنرخ بوو چونکو چەپی خاوەن هەژموون لە ئێران و کوردستاندا هەندێ ترس لەوانە تێپەڕین لە مارکسیستی پێکهێنابوو. بەڵام جەخت لەسەر چەمکی سۆسیالیزم و بەکارهێنانی دیموکراسی وەک پاشگر و ئاوەڵناو پیشان دەدات کە لەو دەستەواژەدا سۆسیالیزم هێشتا وەک ئایدۆلۆجیی سەرەکی چوارچێوەکە دیاریی دەکات. کەچی سۆسیال دیموکراسی خۆی ئایدۆلۆجیایەکی جیاوازە و سۆسیال ئاوەڵناوە بۆ دیموکراسی و لێرەدا بنەما دیموکراسییە. بۆیە ڕەنگە چاکتر وابێت کە ئەو حیزبانەی کە خۆ بە دیموکرات دەزانن، بنەما لایان خودی دیموکراسی و ئایدۆلۆجیایەکی دیموکراسی تەوەر بێت نەک ئایدۆلۆجیایەکی تر. پێویست ناکات کە ئامانجی دوارۆژی حیزبێکی دیموکرات، پێکهێنانی سۆسیالیزم بێت و نابێت دیموکراسی بە سۆسیالیزم و... سنووردار بکرێتەوە. بەڵکو سیستەمێکی دیموکراتیک هەلی بەرابەر بۆ هەموو ئایدۆلۆجیا و گروپ و لایەنە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنیت کە ئازادانە ڕکابەرایەتیی یاسایی بکەن و بۆ سەرخستنی بەرنامەی خۆیان لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیکدا هەوڵ بدەن و بە گەیشتنە دەسەڵاتیش مافی لایەنەکانی تر و ئازادییان ڕەچاو بکەن. وێڕای هەوڵ بۆ بەهێزترکردنی بۆ نموونە لایەنی سۆسیال و دەستێوەردانی دەوڵەت لە بازاردا، ناتوانن سۆسیالیزم بە هەر پاشگرێکەوە وەک تاقە ئایدۆلۆجیا بسەپێنن.

> سەردەمێ کە «کورتە باس» نووسرا سەردەمێ بوو کە سۆسیالیزم هێشتا لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا تەشەنەی زۆری هەبوو

لەو پێوەندییەدا، جێی ئاماژەیە کە هەموو چەپەکان داواکاریی دیموکراسییان هەبووە بەڵام لەڕاستیدا دیموکراتیک بوونیان گومانی لەسەر بووە و لە ژێر پرسیاردا بووە. واتە لە بنەماکانی ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری، ئازادییان قبووڵ نەبووە؛ چون بۆ حزب و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە باوەڕیان پێ نەبووە و هەروەها بەرابەریشیان بە بەرابەری ئابووری سنووردار کردووەتەوە و لە ئاکامیشدا دادپەروەرییەک بوونی نەبووە. کەواتە بۆ حیزبێکی دیموکراتیک باش نییە کە خۆی گرێ بدات بە ئایدۆلۆجیایەکی نادیموکراتیک یان بەرتەسکتر لە دیموکراسی. دەبێت پەردەی گومان و شاردنەوە هەڵداتەوە و خۆی دەرباز بکات لە ئایدۆلۆجیا نادیموکراتیکەکان.

بە زمانی سادە داواکاریی سۆسیالیزمی دیموکراتیک واتە سۆسیالیزمێکت دەوێت کە دیموکراتیک بێت، نەک دیموکراسییەکی گشتی کە ڕەنگە هەلی وەلانانی سۆسیالیزم

وەک ئایدۆلۆجی تێدا برەخسێت. کەچی لەڕاستیدا «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی حیزبی دیموکرات لە ناوەڕۆک و کردەوەدا هەر سۆسیال دیموکراسی بووە و بە کردەوە نە حیزب و نە ڕێبەرانی خۆیان بە تاکە حیزب نەزانیوە و ئازادی و مافی لایەنەکانی تر و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تریان ڕەچاو کردووە. بۆیە بە پێویست نازانرێت خۆیان بە ناوێکەوە بناسێنن کە وەها نین. ڕەنگە خەڵک لە داهاتوودا سۆسیالیزمیان وەک ئایدۆلۆجیای گشتی قبووڵ نەبوو یان پاش ماوەیەک لایەنێکی بەرانبەر وەک لیبراڵ یان هەرچی سەرکەوت. قبووڵ کردنی دیموکراسی ئەوەی بەدواوە دەبێت و بە مانەوە لە چوارچێوەی یەک ئایدۆلۆجیا سنووردار ناکرێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، جەخت لەسەر سۆسیالیزم و کردنی دیموکراسی بە پاشگرێکی ئەوە لەلایەن حیزبێکی دیموکراتەوە دەتوانێ کێشەساز بێت، گەرچی ڕەنگە ئەو داواکارییە بۆ حیزبەکانی تر وەها نەبێت. چون لەلایەک دیموکراسی بەرینتر و گشتیترە و نابێت سنووردار بکرێتەوە بە چەمکی لەخۆ بەرتەسکتر و لەلایەکی ترەوە لەو گرێدانەدا قبووڵکردنی سۆسیالیزم وەک ئایدۆلۆجیی سەرەکی، سنووردارکردنەوەی ئازادی ئایدۆلۆجییەکانی ترە و بەوجۆرە لەدژی دیموکراسی دەبێت. دیارە داهاتووی کوردستان پێویستی بە جەختی زیاتر لەسەر دیموکراسی دەبێت تاکو لایەنی سۆسیالیستی-مارکسیستی. ئەگەر لایەنی باوەڕی مارکسیستی زانستیی دکتور ڕەچاو نەکرێت، لەڕاستیدا بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و تایبەتمەندییەکانی سۆسیال دیموکراسی، و هەروەها باوەڕی دکتور

> **لەڕاستیدا «سۆسیالیزمی دیموکراتیک»ی حیزبی دیموکرات لە ناوەڕۆک و کردەوەدا هەر سۆسیال دیموکراسی بووە و بە کردەوە نە حیزب و نە ڕێبەرانی خۆیان بە تاکە حیزب نەزانیوە و ئازادی و مافی لایەنەکانی تر و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تریان ڕەچاو کردووە**

بە دیموکراسی، دەرکەوتەی سۆسیالیزمی دیموکراتیکی حیزبی دیموکرات هەر ئەو سۆسیال دیموکراسییەیە یان باشترە وابێت. پاساوهێنانەوە بۆ جیاکردنەوەی لە سۆسیال دیموکراسی و جەخت لەسەر مانەوەی لەکاتێکدا پێوەندیی بە دۆخی ئێستاکەی کوردەوە نییە، ڕەنگە چەندان قازانجێکی نەبێت چون هەرچی بێت بنەماکەی سۆسیالیزمە و بەجۆرێ دیموکراسی ناوخۆیی دەکاتەوە و سنووورداری دەکاتەوە بە چوارچێوەی ئایدۆلۆجیای چەپ و سۆسیالیزمەوە کە ئێستا بەتایبەت لەو حیزبەدا بە کردەوە کەس ئەوەندە باوەڕی پێی نییە. هەروەها، دانانی قورسایی چەمکەکە لەسەر سۆسیالیزم، لە خۆیدا هەموو لایەن و گرووپەکانی کۆمەڵگا و تەنانەت ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە لەبەر ناگرێت و بەوبۆنەوە هەم لەدژی داواکاریی دیموکراسی و هەم لەدژی سێکیولاریزمی حیزبە. بۆ میناک، سۆسیال دیموکراسی زیاتر دەگونجێت لەگەڵ دروشمی ستراتیژیکی خودی حیزبیش واتە «دیموکراسی و فیدراڵی بۆ ئێران». لەڕاستیدا بەپێی «سۆسیالیزمی دیموکراتیک» ئەو دروشمە پێشتریش دەبوا «سۆسیالیزم بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوایە. هەرچۆنێک بێت، ڕەچاوکردنی سۆسیال دیموکراسی بەجۆرێ ئەو ناکۆکییانە چارەسەر دەکات.

هەروەها کە ئاماژە کرا، لە نێوان سۆسیالیزمی دیموکراتیک و سۆسیال دیموکراسیدا ئەوەندە جیاوازیی و سنوورێکی دیار نەبووە یان لە کۆتاییدا ئەو سۆسیالیزمە بەرەو سۆسیال دیموکراسی ڕۆشت بە جۆرێ کە لە هەندێ دەقدا کاتێک ئاماژە بە

سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکرێت مەبەست سۆسیال دێموکراسییە. بۆیە بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی چەمکەکان، باشتر وابوو کە لە حیزبی دێموکراتیشدا هەوڵی جیاکردنەوەی تەواو و بەجۆرێ بەرگیری لە ڕۆشتن بەرەو سۆسیال دێموکراسی نەدرایە. سۆسیال دێموکراسی ئایدۆلۆجیایە و ناکرێ دابەزێندرێت بۆ حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ڕۆژئاوا کە پێڕەوی دەکەن. ئەگەر سەرنجی تێپەڕین بەرەو سۆسیال دێموکراسی نەدرێت، ئەوا بەردەوام دەبن لە سنووردارکردنی دێموکراسی لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا. کەواتە مادام کە وەک بەرنامە بۆ داهاتوویە، باشتر وایە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک سۆسیال دێموکراسی ڕاڤە بکرێت یان بگۆڕدرێت بە سۆسیال دێموکراسی کە ڕەنگە ڕاهاتووتر بێت بۆ کوردستان. بەوشێوەیە ڕەنگە ئامانج و بەرنامەیەکی گونجاوتر و خاوەن توانستی گۆڕان ڕەچاو بکرێت و هەڵی دوابینییەکی باش بۆ سیستەمی ڕەچاوکراو برەخسێت و بوار بۆ پێکەوەژیان و ئاشتی لە کوردستانیشدا زیاتر خۆش ببێت.

داهاتووی کوردستان پێویستی بە دێموکراسییەکی سێکیولار، پلورال و دادپەروەر هەیە کە ڕەنگە لە هەمووی گونجاوتر سۆسیال دێموکراسی بێت کە تێیدا هەم دێموکراسی تەوەرەی سەرەکییە و هەم سەرنجی لایەنی سۆسیال دەدرێت و بەوجۆرە حیزبیش دەتوانێ داواکاریی چەپ بوونی بۆ هەندێ مەبەست بپارێزێت. وەک ئاماژە کرا، ئەو پاساوانەی کە لە کاتی خۆیدا ڕەنگە دکتور قاسملوو پشتی پێ بەستبێتن تارادەیەکی زۆر نەماون. کەواتە بە ڕەچاوکردنی دۆخی هەنووکە و داهاتوو و شیکردنەوەی چەمکەکان، ڕەنگە پێداچوونەوە بە سەر بەرنامەی ڕەچاوکراوی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» بۆ داهاتووی کوردستان پێویست بێت. بۆیە هەروەک ئەو بەرنامەیە لە پێشدا وەک ئامانجی حیزب بوونی نەبوو، ئێستاش دەکرێ بگۆڕدرێت و پێداچوونەوەی بەسەردا بکرێت و لە چەمکی ناکۆکی سۆسیالیزم-تەوەری «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»ی داهاتوو بەرەو ئایدۆلۆجیایەکی ڕوونتری دێموکراسی-تەوەر هەنگاو هەڵگیردرێت و بیر لە بەرنامەیەکی دیار و ڕاهاتووتر بکرێتەوە کە چاکتر دێموکرات بوون و باوەڕ بە دێموکراسی پیشان بدات.

## ژێدەرەکان

١. جێی ئاماژەیە کە بە گشتی لیبرالیزم بە بەراورد لەگەڵ سۆسیالیزم، پۆتانسییەلی نەرمونیانتری بۆ گۆڕان هەیە، بەتایبەت بە هۆی ئەو ئازادییەی کە تێیدا دەکرێ بۆ بابەتەکانی تر هەوڵ بدرێت. بۆیە لیبرالیزمی دێموکراتیک زووتر وەک لیبراڵ دێموکراسی دەرکەوت چونکو سنووردارکردنی دێموکراسی لە چوارچێوەی لیبرالیزمدا بوو، بەڵام لیبرال دێموکراسی خۆی ئایدۆلۆجیایەکی جیاوازە کە کۆمەڵگای مەدەنی بۆی گرنگایەتیی هەیە. لەڕاستیدا مەبەست لە لیبرالیزمی دێموکراتیکیش هەر لیبراڵ دێموکراسی بوو و بەو ڕێگایەدا چوو. مەبەستی سەرەتایی لیبرالیزمی دێموکراتیک بە دێموکراتیک کردنی لیبرالیزم و بەشداریی خەڵک لە دەسەڵات و لیبرالیزمدا بوو، واتە دەرگیرکردنی خەڵک لە سیاسەت لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکان. هەرچۆنێک بێت ئەوەی وەک هەژموونی لێهات لە زار و لە کاردا لیبراڵ دێموکراسی بوو. لیبراڵ دێموکراسیش گەرچی لە ژێر کاریگەریی بنەماکانی لیبرالیزم واتە پشتگیریی لە مافەکانی تاکدا بووە، بەڵام ئایدۆلۆجیای جیاواز بووە. چەمکی لیبراڵ دێموکراسی جۆرێک چاند یان کۆمەڵگای مەدەنی، بریتی لە ئابووری و شێوەژیان، وەسف دەکات. گەرچی لیبراڵ دێموکراسی لە دڵی لیبرالیزمەوە هەڵقوڵیوە، وشەی «لیبراڵ» لە «لیبراڵ دێموکراسی»دا بەو واتایە نییە کە حکوومەتی وەها دێموکراسییەک دەبێت ڕێک ئایدۆلۆجیای لیبرالیزم پێڕەو بکات، بەڵکو خۆی ئایدۆلۆجیایەکی تارادەیەک جیاواز و چاکسازی کراوە. ئامانجی لیبراڵ دێموکراسی ئازادیی بێ سنوور نییە، واتە ئازادی بە واتای ئازادیی نەرێنی یان بێ یاسایی و زیان گەیاندن بە ماف و ئازادیی دیتران نییە. بە شێوەی ئاسایی هەبوونی چینێکی مامناوەند و کۆمەڵگای مەدەنی وەک پێشمەرجەکانی لیبراڵ دێموکراسی دیاری کراون. ئەم ئایدۆلۆجیایە لە ڕێگای ڕەوتی سیاسیی ڕکابەرانە و هەڵبژاردنە گونجاو، ئازاد و ڕکابەرانەکانی نێوان چەندین حزبی سیاسیی جیاواز، جیاییی دەسەڵاتەکان، سەروەریی یاسا لە ژیانی ڕۆژانە وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئازاد، و پشتگیری بەرابەر لە مافەکانی مرۆڤ، مافە مەدەنییەکان، ئازادییە مەدەنییەکان، و ئازادییە سیاسییەکان بۆ هەموو کەسێک دیاری دەکرێت.

# کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە

**سارۆ ئەردەڵان**




**ئاماژە**

من لەم توێژینەوەی خۆمدا دەمەوێ ئەم مژارە لە رووی بواری تیۆریی ئابووری - سیاسیی مارکسیزمەوە پەرە پێ بدەم و بەڵگە بهێنمەوە کە هەر چوار وڵاتی کۆلۆنیالیستی کوردستان کە بریتین لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، کوردستانیان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی بە مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بەکار هێناوە.

## پێشەکی

کاتێک باس لە کوردایەتی دەکەین، سەرەتا مەبەستمان لە ڕەهەندێکی سیاسییە کە ئامانجەکەی سازکردنی دوڵەت ـ نەتەوە لەسەر خاکی کوردستانە. هەر جۆرە کردارێکی ئابووریی، کۆمەڵایەتی وکولتووری لە چوارچێوەی ئەم ڕەهەندە سیاسییەدا مانای کۆتایی بەخۆیەوە دەگرێ. هەروەها لە مانایەکی بەرفراوانتردا، ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی جگە لە ناسیۆنالیزم (ڕەهەندی سیاسی)، هەڵگری چەندین ڕەهەندی دیکە وەک سۆسیالیسم، فێمینیزم و ژینگەپارێزییە.[١] ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی دەیەوێ دابڕانێک لەگەڵ ئەو سیستەمانەدا ساز بکا کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بە ناوی دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنەوە خاکی کوردستانیان بەکۆلۆنی گرتووە. لێرەدایە کە کوردایەتی دەبێ وەک ئایدیۆلۆژییەک بۆ ڕزگاریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەیر بکەین و باشترە وەک جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ناوی لێ ببەین. واتە ئەگەر ئامانجی یەکەم سەربەخۆیی بێ، ئامانجی گرنگتر و کۆتایی ڕزگارییە. بۆ ڕزگاریی کورردستان پێویستە لە سیستەمی کۆلۆنیالیزم تێبگەین و بزانین ئەو میکانیزمانە چین کە سیستەمی کۆلۆنیالیستی کەڵکیان لێ وەردەگرێ تاکوو درێژە بە دووانەی کۆلۆنیالیست/بەکۆلینکراو بدا.[٢]

دوکتور قاسملوو لە هەر دوو کتێبی تیۆریکی خۆیدا، واتە کوردستان و کورد (١٩٦٣)[٣]، و کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیسم (١٩٨٣)[۴] پێیوایە کە ئێمە لە کوردستان لەگەڵ دوو کێشە بەرەوڕووین: ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی. چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران ئەوەیە کە خودموختاری بۆ کورد دابین بکرێ و ستەمی چینایەتی بە چەسپاندنی سیستەمێک لەسەر بنەمای سۆسیالیسم لە درێژخایەندا چارەسەر دەبێ. هەرچەند چارەسەری قاسملوو بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتە، بەڵام دیارە ئەو ژیرانە دۆخی هەموو کوردستانی لەبەر چاوە. هەروەها ئەو بۆ یەکەم جار کوردستان (کوردستانی گەورە) وەک ناوچەیەکی موستەعمەرە سەیر دەکا.[۵] بۆیە باشترە سەرەتا مەبەستی قاسملوو لە چەمکی کۆلۆنیالیزم شی بکەینەوە، ئەو دەبێژێ: «یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی سەردەمی ئێمە ڕووخانی سیستەمی موستەعمەراتییە. نەتەوە ژێردەستەکان یەک لە دوای یەک ڕزگار دەبن... بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا ئێستاش هێندێک مەڵبەند لە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماردا ماون. تەنیا نەتەوەیەکی گەورەی ئەو مەڵبەندە کە تا ئێستا ڕزگار نەبووە و لە مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی سیاسی بێبەشە، نەتەوەی کوردە. هەرچەند کوردستان بە مانای تەواوی وشە موستەعمەرە نییە، بەڵام باری سیاسیی کوردستان زۆر لەوە نزیکە. بێجگە لەوەش کە کوردستان لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە.»[۶] قاسملوو پێیوایە کە کوردستان کۆلۆنیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانە و ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا لە تورکیا، ئێران و عێراق لەسەر کارن بەرواڵەت سەربەخۆن و هەموویان بەکرێگیراوی گەورەهێزەکانی ئامریکا، بریتانیا و فەرانسەن.[٧] هەرچەند ئەم کۆلۆنیالیزمە ناڕاستەوخۆیە، بەڵام نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی دیکە دەبێ خۆی لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگار بکا کە ئیمپریالیستەکان بە سەریاندا سەپاندوویانە.

دواتر زانایەکی ناودار بە ناوی ئیسماعیل بێشکچی، لە تێزەکەی خۆیدا بە ناوی کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی (١٩٩٠) نیشانی دەدا کە نابێ باس لەوە بکەین کە کوردەکان لە وڵاتەکانی تورکیا، ئێران و عێراق کەمینەن، بەڵکوو ئەوان لەسەر خاکی خۆیان زۆرینەن و ئەوان لەبەر سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی کە لە خزمەت ئیمپریالیزمدان چەوساونەوە و بەکۆلۆنی کراون. ڕوانگەی بێشکچی نزیکە لە هەمان پارادایم کە قاسملوو تیایدا شرۆڤەی خۆی ئەنجام دابوو،

بەڵام دەکرێ بوترێ کە ئەو زیاتر جەخت لەسەر سیاسەتەکانی کەمالیزم، دەوڵەتە نەتەوەکانی ئێران و عێراق بۆ پاکتاوکردنی کورد دەکات. هەرچەند بێشکچی کەمتر باس لە باری ئابووری دەکا و ڕوانگەی تیۆریکی دیار نییە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و کولتوورییەوە بە وردی نیشانی دەدا کە دۆخی بەکۆلۆنیبوون چ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر نەتەوەی کورد و کوردستان داناوە.[٨]

من لەم توێژینەوەی خۆمدا دەمەوێ ئەم مژارە لە ڕووی بواری تیۆریی ئابووری - سیاسیی مارکسیزمەوە پەرە پێ بدەم و بەڵگە بهێنمەوە کە هەر چوار وڵاتی کۆلۆنیالیستی کوردستان کە بریتین لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، کوردستانیان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی بە مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بەکار هێناوە. واتە، کاتێک ئەم دەوڵەت نەتەوە مۆدێرنانە ساز بوون، لەبەر گەشەسەندنی خۆیان پێویستیان بوو کە هەندێک لە ناوچەکانی ناو وڵاتە نوێیە دەستکردەکەی خۆیان بە کۆلۆنی بگرن. هاوکات بە هەمان ئەندازە ناوچە ناوەندییەکانی ئەو چوار وڵاتە گەشەی دەسەند، کوردستان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو بەرەو گەشەنەکردنێکی سیستەماتیک هەنگاوی دەنا. کۆلۆنیالیست لە ڕێگەی بەکۆلۆنی کردنی کوردستان و کەڵک وەرگرتن لە هێزی کار و سەرچاوە ماددییەکان، کوردستانی وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە هێشتووەتەوە.

هەروەها من هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە چۆن ئەم گەشەی لاسەنگە (Uneven development) بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد لە فیکری سازکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی خۆیدا بێ، بەرخۆدانێکی بەربڵاو و درێژخایەن ساز بکا تاکوو لە دۆخی نابەرابەر لەگەڵ نەتەوەی کۆلۆنیالیست ڕزگاری بێ. بە واتایەکی تر کاتێک کوردستان لە ڕێگەی سیستەمی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییەوە دەچەوسێتەوە، ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی هەوڵ دەدا پێگەیەکی فیکری بۆ دەربازبوون لە دۆخی نابەرابەر بدۆزێتەوە و تەنیا دابڕانی وابەستەیی لەگەڵ ناوەند کێشەکە چارەسەر دەکات.

## کوردستانی پەراوێزخراو وەکوو کۆلۆنییەکی نێوخۆیی

خەڵکی (گەل) کوردستان بۆ ماوەی چەندین سەدە هەستی خۆشەویستیی نیشتمانیان هەبووە و لە کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان (وەک میرنشینەکان) بوون، بەڵام تاکوو کاتی سەدەی نۆزدەیەم و بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە (و بە چڕی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی) ئەم خۆبەڕێوەبەرییانە (Self-governance) مەترسیی لەناوچوونیان لەسەر ساز نەبوو و گەلی کورد هەستی بەوە نەکردبوو کە دەبێ پارێزگاری لە سەروەریی (Sovereignty) خۆی بکا. سەرەتا کاتێک ئیمپراتوریی عوسمانی و پاشایەتیی قاجار لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا بەرەورووی شکەستی بەردەوام دەبوون، ڕێگەچارەیان لە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند، سازکردنی دامودەزگای ئیداری مۆدێرن، تەیارکردنی سوپا و بەگشتی کۆنترۆڵی زیاتر بە سەر هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەبینی و هەر بۆیە میرنشینەکان بەرەو لاوازی و نەمان ڕۆشتن (تەنزیماتی عوسمانی و مەشروتەی قاجار). بۆ نموونە شۆڕشەکانی شێخ عەبیدوڵڵا نەهری و سمکۆ لە هەمان چوارچێوەی قەبوڵ نەکردنی دەسەڵاتی بێگانە بە سەر کوردستان ساز بوو؛ واتە لە کوردستان خواستێکی حکومەت بە سەردا نەکران هەبووە کە تەنانەت پاشخانەکەی لە کتێبی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا دەبینرێ. لەم قۆناغەدا کوردستان لە لایەن ئەو دوو حکومەتەوە داگیر کراوە و ناوبەناو لە کوردستانیش حکومەتی خۆجێیی ساز دەبێ و لەناو دەچێ.

دوابەدوای سازبوونی نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب و هەرەشەی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا بۆ سەر گەلی کورد لە ناوچەکە، هەستی کوردایەتی لە نێوان گەلی کورد گەشەی کرد.[٩] لێرەدایە دەتوانین باس لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد (کوردایەتی) بکەین کە لە ئەنجامیدا گەل وەکوو نەتەوە (people as a nation) خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش دەبێت. هەروەها ئەم دەوڵەتانە کە ئایدیۆلۆژی سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەستیان هەبوو جگە لە پەراوێزخستنی نەتەوەی کورد، کوردستان و نەتەوەی کوردیان بەکۆلۆنی گرت تا لە رێگەیەوە پرۆژەی گەشەسەندنی وەڵاتەکەیان خۆیان خێراتر بکەن. هەر بۆیە هێزی مرۆیی، وزە و سەرچاوە نیشتمانییەکانی کوردستانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی دەسەڵات بەکار دەهێنا.[١٠] ئەم دەوڵەتە نوێیانە، بە مەبەستی بەهێزکردنی فەرمانڕەوایی خۆیان، دەسەڵاتیان لە ناوەند چڕ کردەوە و بۆ سەقامگیرکردنی دۆخی ئابووریی خۆیان لە ناو سنوورەکانی دەوڵەتەکانیاندا پێویستیان بە چەند کۆلۆنییەک هەبوو. دۆخی کوردستان لەم قۆناغەدا و هەتاکوو ئێستا لە دۆخی کۆلۆنیالیزمدا ماوەتەوە و نەتەوەی کورد لە لایەن نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانەوە بەکۆلۆنی گیراوە.

بەکۆلۆنی کردنی هەندێک ناوچە لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا وەک کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی ناوی لێ دەبرێ.[١١] جیاوازیی سەرەکیی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ کۆلۆنیالیزم لەوەدایە کە سەرچاوەی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵ کردن لەمیاندا لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەدایە بەڵام لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ناو سنوورەکانی یەک دەوڵەت نەتەوەدا یەک یان چەندین ناوچە وەک کۆلۆنی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. من پێموایە هەر چوار پارچەی کوردستان باکوور، رۆژهەڵات، باشوور و رۆژئاوا لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریاوە وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کراوە. دەکرێ بوترێ لە سازکردنی ئەم دەوڵەتانەدا و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کوردەکان پەراوێز خراون و جگە لە ماوەیەکی کەم لە عێراق لە رووی سیاسییەوە هیچ بەشدارییەک بە کوردەکان نەکراوە کە لە ناوەندی بڕیاردانانی حکومەتەکاندا بەشدارییان هەبێ. هاوکات کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی ـ جوگرافیایی تێکەڵ بە ئەم دەوڵەتە نوێیانە کراوە و لە رووی سیاسییەوە کیانێکی سەربەخۆی نەبووە.

> **هەروەها من هەوڵ دەدەم روونی بکەمەوە کە چۆن ئەم گەشەی لاسەنگە (Uneven development) بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد لە فیکری سازکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی خۆیدا بێ**

بەڵام هەتاکوو تێکەڵبوونی سیاسی، چەوساندنەوەی ئابووریی پێ زیاد نەکرێ، ناتوانین باس لەوە بکەین کە کوردستان وەک کۆلۆنیی ئەم دەوڵەتانەی لێ دەردێت. ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی لە ناوەندی سیاسی ئەم وڵاتە نوێیانە، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر سەربەخۆیی خۆیان لە کیس دەدەن و وابەستەییەک لە نێوان ناوچە پەراوێزخراوەکان لەگەڵ ناوەند ساز دەبێ. ئەم وابەستەییە پێکهاتەییە و لە روانگەی هێشتروەوە هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە: «بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئابووری لە نێوان پەراوێز بەرەو قۆرغکردن لە لایەن ناوەندەوە دەڕوات. قەرزی بانکیش دەستی بە سەرداگیراوە. کاتێک ئاسۆی ئابووری روون دەبێتەوە بانکدارەکان، بەرێوەبەران و خاوەن کارەکان لە نێو خەڵکانی ناوەنددا هەڵدەبژێردرێن. ئابووریی پەراوێز ناچار

دەکرێ تەواوکەری گەشەی ناوەند بێ و کەواتە بە بازاڕە دەرەکییەکان وابەستە دەبێ. بە شێوەی گشتی، ئەم ئابوورییە پشتی بە هەناردەکردنی یەک بەرهەمی سەرەکی وەکوو کشتوکاڵ یان کانزاکان دەبەستێت. جووڵەی هێزی کاری پەراوێز، زۆربەی کات بە شێوەی دەرەکی دەستنیشان دەکرێ. هەر وەکوو چاوەڕوان دەکرێ، کۆچبەری و گواستنەوەی ئێجگار زۆری کرێکارەکانی ناوچە پەراوێزخراوەکان لەبەر هۆکاری بەرز و نزمیی نرخی ئەو بەرهەمانەیە کە هەناردە دەکرێن. وابەستەیی ئابووری لە ڕێگەی پێوەری یاسایی، سیاسی و سوپاییەوە تۆکمەتر دەکرێتەوە... هەڵاواردنی نەتەوەیی لەسەر بنەمای زمان، ئایین یان شێوازە کولتوورییەکانی دیکە بوونی هەیە.»[١٢] لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ئاماژە بە دوو تەوەری سەرەکیی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بکەین:

**١** دابەشکردنی هێزی کار (The division of labor): هێزی کاری ناوچەی بەکۆلۆنیکراو لە لایەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستەوە بۆ ناوەند دەگوازرێتەوە. لەم گواستنەوەیەدا دوو مەبەستی سەرەکی بەدی دەکرێ، سەرەتا ئەم هێزی کارە لە خزمەتی گەشەسەندنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی کۆلۆنیالیستدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و هەروەها ناوچەی پەراوێز بە نەمانی هێزی کار بە ناوەند وابەستە دەبێت. لە دەیەی سی سەدەی بیستەمەوە هێزی کاری کوردستان وەکوو کرێکار بۆ ناوەندەکانی ئەستانبوڵ، ئەزمیر، تاران، قەزوین، بەغدا، حەلەب و دیمەشق گوازراونەتەوە تاکوو ئەم ناوەندانە گەشەی ئابووری پەیدا بکەن. لەم ڕاگواستنەدا هێزی کاری کوردستان بە بیانووی نەبوونی کار و دابین نەبوونی بژێوی ژیان بەرەو ناوەند کۆچ دەکەن. ناوەندی کۆلۆنیالیست بۆ گەشەسەندنی خۆی بەئەنقەست ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان لە دۆخی ناگەشەسەندوویدا دەهێڵێتەوە. کۆلۆنیالیست هەوڵ دەدا نیشانی بدا کە لەبەر تێگەیشتوویی، بوونی ئیلیتی تێکنۆکرات و خوێندەوار و بەکارهێنانی مێکانیزمەکانی گەشەسەندن، ناوەند گەشەی کردووە و لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکا ناوچە پەراوێزخراوەکان لەبەر تەوەزەلی، نەبوونی ئیلیتی شارەزا و نەخوێندەواریی خۆیانەوە نەیانتوانیوە گەشە بکەن. بەڵام بەپێی ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، گەشەسەندنی ناوەند لەگەڵ گەشەنەسەندنی ناوچە پەراوێزخراوەکان هاوکات بووە. واتە ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان بەئەنقەست لە دۆخی دواکەوتوویدا هێشتراونەتەوە تاکوو لە سەرچاوە ماددی و مرۆییەکانی ئەوان بۆ گەشەکردنی ناوەند کەڵک وەربگیرێت.


ناوەندی کۆلۆنیالیست ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان لە دۆخی ناگەشەسەندوویدا دەهێڵێتەوە. کۆلۆنیالیست هەوڵ دەدا نیشانی بدا کە لەبەر تێگەیشتوویی، بوونی ئیلیتی تێکنۆکرات و خوێندەوار و بەکارهێنانی مێکانیزمەکانی گەشەسەندن، ناوەند گەشەی کردووە


**٢** دابەش کردنی کولتووری (The cultural division of labor): کۆلۆنیالیست کەڵک لە سیستەمێکی توێژبەندی وەردەگرێ کە تیایدا هەندێک لەو پیشانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزتریان هەیە بۆ ئەندامەکانی ناوەند دەستنیشان دەکرێ و ئەو پیشانەی کە لە ڕووی پرێستیژی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی نزمتردان بەر ئەندامانی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان دەکەوێت.[١٣] بۆ نموونە زۆربەی وەزیر، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، پارێزگار، دیپلۆمات و مامۆستاکانی زانکۆکان لە ئەندامانی نەتەوەی ناوەند هەڵدەبژێردرێن و ئەو پیشانەی کە لەو سیستەمە توێژبەندییەدا خراپتر یان ئاسایی دادەندرێن بۆ ئەندامانی ناوچە پەراوێزخراوەکان یان نەتەوەی ژێردەستە دەستنیشان دەکرێ. هێڵی ئەم دابەشکارییە ڕێک لەسەر هێڵی

جیاوازیی نەتەوەکان دەوەستێت. ئەگەر کرێکارانی کورد لە گەورەشارەکانی وڵاتی کۆلۆنیالیست وەک هێزی کار کەڵکیان لێ وەردەگیرا، هاوکات و لە ڕووی فەرهەنگییەوە، کرێکاربوون وەک تایبەتمەندییەکی کوردبوونی لێ دەردێ. بەرەبەرە بەکەم زانینی کورد لە ناو میدیا و ناوەندە فەرهەنگییەکانی کۆلۆنیالیستدا بەرهەم دێ و ئاستی نزمی کولتووری وەک تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی، لەمێژینە و نەگۆڕی نەتەوەی کورد پیشان دەدرێ. تەنانەت هەندێک پیشەی نەشیاو وەک کۆڵبەری و قاچاغچیەتی بە ناو نەتەوەی بەکۆلۆنیکراووەوە تاپۆ دەکرێ؛ بۆ نموونە لە ئێران هەوڵ دەدرێ کۆڵبەری وەک پیشە ناسنامەیەکی فەرمی هەبێ هەتاکوو تاکی کوردی کۆڵبەر بتوانێ داوای مافەکانی خۆی لە ئیدارەی کار بکا!

دابەش کردنی نایەکسانی سەرچاوەکان، مێکانیزمێکی کۆنترۆڵییە کە کۆلۆنیالیست بەسەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکاندا دەیسەپێنێت. ستراتێژیی کۆلۆنیالیست ئەوەیە کوردستان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو ئابوورییەکی یەک بەرهەمیی هەبێت: بۆ نموونە لە زۆربەی کوردستان گەنم و توتن وەک بەرهەمی یەکەمی کشتوکاڵ بە شێوەی دێم چێنراوە یان تەنیا گرنگی بە هەندێک بەرهەم وەک میوەی باخ و ئاژەڵداری دراوە. هەروەها سیستەمی کۆلۆنیالیستی کەڵک زەوی پرپیتی کوردستان دەکاتە پاشکۆی کارخانەکانی خۆی. بۆ نموونە بەرهەمێک وەک چۆندەر کە بایەخێکی ئابووری ئەوتۆی نییە بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی ڕۆژهەڵات داگیر دەکا هەتا شەکری پێویست بۆ ئێران بەرهەم بێ و لە ئاکامدا هیچ کەڵەکەیەکی سەرمایەی بۆ کوردستان لێ ناکەوێتەوە. لە ڕووی پیشەسازییەوە دەکرێ بوترێ کە لە کوردستان هیچ کارخانەیەکی گرنگی لێ نییە کە بتوانێ بەرهەمێکی ستراتێژیکی هەبێ.

مەبەست لەم ڕێگرییە ئەوەیە کە کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو نەنێت و لە ڕووی ئابوورییەوە هەمیشە وابەستەی ناوەند بێت. کانزاکانی کوردستان نەوت، ئاسن، زێڕ و هتد، بێ ئەوەی کەڵکێکی ئەوتۆیان بۆ ناوچەکە هەبێ بە مەبەستی پێشخستنی ئابووریی ناوەند و هەروەها هەناردەکردنیان بەتاڵان دەبرێن. ئەم شێوازە کە وەک گەشەی لاسەنگ ناوی لێ دەبەین بریتییە لەوەی لەبەر گەشەی ناوەند پەراوێزەکان گەشە ناکەن. من بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەی خۆم لەسەر بەراوردکردنی گەشەی کوردستان وەک ناوچەی پەراوێز لەگەڵ ناوەند کەڵک لە دوو بەراوردکاری وەردەگرم:

۱ بەراوردی نرخی بەرهەمی تێکڕای نیوخۆیی بۆ هەر کەسێک (GDP per capita)؛

۲ ئیندێکسی گەشەی مرۆیی (Human Development Index)

لە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئیندێکسی گەشەی مرۆیی کەڵک لە سێ ڕەهەند وەردەگیرێ:

۱ نرخی ئۆمێد بە ژیان لە کاتی لەدایکبوون (Life Expectancy at Birth)؛

۲ ڕێژەی خوێندەواری گەورەساڵان (Adult Literacy Rate)؛

۳ بەرهەمی تێکڕای نیوخۆیی ڕاستەقینە بۆ هەر کەسێک (Real GDP Per Capita).

دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئیندێکسی گەشەی مرۆیی لە نێوان سفر و یەکدا هەژمار دەکرێ. ئەم ئیندێکسە ئەو ئیمکانەمان بۆ دەرەخسێنێت کە لە نێوان ناوچە و پارێزگاکانی وڵاتەکاندا بەراوردکاری ئەنجام بدەین.

لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان لە ڕووی نرخی بەرهەمی تێکڕای بەرهەمی نیوخۆیی بۆ هەر کەسێک ساڵی ۲۰۰۰ی زایینی لە نێوان ۱۵۰۰ تاکوو ۳۷۰۰ (موش ـ ئامەد) دۆلاردان، لە کاتێکدا نرخی مامناوەند بۆ تورکیا ۵۱۰۰ و بۆ پارێزگاکانی ناوچەی مەرمەرە ۷۸۰۰ دۆلارە؛ هەروەها لە هەمان ساڵدا لە

پارێزگاکانی باکوور، ئیندێکسی گەشەی مرۆیی لە نێوان ٠/٥٧ تاکوو ٠/٦٧ (شـرناخ ـ ئامەد) بووە و لە هەمان سـاڵدا نرخـی مامناوەند بۆ تورکیا ٠/٧٢ و بـۆ ناوچەکانی مەرمەرە ٠/٧٩ بووە.[١٤] کاتێک سـەیری ئیندێکسی گەشەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریـی (Socioeconomic development index) تورکیـا لە سـاڵی ٢٠٠٣ دەکەین کە پارێزگاکانی تورکیا بە سەر پێنج ئاستدا دابەش دەکا، هەموو پارێزگاکانی باکووری کوردستان لە ئاستی هەرەوە خوارەوە (٥) و پارێزگاکانی رۆژئاوای تورکیا و ئانکارا لە ئاستی هەرە سەرەوەدان (١ و ٢).[١٥]

لـە رۆژهەڵات رێـک هەمان شـێواز لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دەبینین: ئیندێکسـی بەرهەمـی تێکـڕای بەرهەمـی نێوخۆیی بۆ هەر کەسـێک لە سـاڵی ٢٠١٤ (١٣٩٣) بۆ ناوچە جیاکانی کوردسـتان لە نێوان ٠/٥١ تا ٠.٥٧دایـە (ورمێ ـ کرماشـان) و ریزبەندی پارێزگاکانی رۆژهەڵات لە نێوان ٣١ پارێزگای ئێران بەم شێوەیە دابەش دەبێ: کرماشان ١٧، خۆراسان شۆمالی ٢٣، ئیلام ٢٧، لۆرستان ٢٨، کوردستان ٢٩، و ورمێ ٣٠. ئەمە لە کاتێکدایە کـە مامناوەندی ئەم ئیندێکسـە بـۆ ئێران بریتییە لە ٠/٦٢ کە لە بەرزترین ئاستی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکانی رۆژهەڵات لە سـەرەوەترە. ئەم ئیندێکسە بۆ پارێزگاکانی ناوەند لە نێوان ٠/٦٢ تـا ٠/٧٢ دەبێ (مازندەران ـ تاران).[١٦] هەروەها ئەگەر باس لە ئیندێکسـی گەشەی مرۆیـی بکەین و پارێـزگاکان پێکەوە بەراورد بکەین بەم دەرەنجامە دەگەین کە ئیندێکسی پارێزگاکانی کوردسـتان کە لەسەرەوە ناوم لێ بردن لـە نێوان ٠/٦٥ تا ٠/٧ (کوردسـتان ـ کرماشـان) لە سـاڵی ١٣٩٣ (٢٠١٤)دایە لە کاتێکدا ئیندێکسی مامناوەند بۆ ئێران لە هەمان ساڵدا ٠/٧٤٥ و بۆ پارێزگاکانی ناوەند لە ٠/٧٥ تا ٠/٨١دایە (مازنـدەران ـ تاران). ریزبەندی پارێزگاکانی رۆژهەڵات سەرنجڕاکێشـن و لە نێـوان ٣١ پارێزگا، پارێزگاکانی کوردسـتان وەک ناوچەی بەکۆلۆنیکراو بەم شێوە دەکەونە ریزبەندییەوە: کرماشان ١٩، خۆراسان شۆمالی ٢٦، ئیـلام ٢٧، لۆرسـتان ٢٨، ورمـێ ٢٩، کوردستان ٣٠.[١٧]

هـەر وەک دیارە، هەموو ئیندێکسـەکان نیشـانی دەدەن کـە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کوردسـتان و ناوەندەکانی دەسـەڵات کـە نەتەوەی سەردەسـت بەڕێـوەی دەبەن دەبیندرێ. بە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک و بەئەنقەست کوردستان گەشـەی نەسەندووە تاکوو ناوەندەکانی دەسـەڵاتی دەوڵەت نەتەوە لـە تورکیا و ئێران گەشـە پەیـدا بکەن. بەم پێیـە دوابەدوای ئەوەی کوردسـتان لە رووی سیاسـییەوە بە سـەر چوار دەوڵەت نەتەوەدا دابـەش دەکرێ و لـە مافی دابیـن کردنی چارەنووسـی خۆی بێبەش دەبـێ، لە رووی ئابوورییشـەوە دەچەوسـێتەوە و لـە دۆخی ژێردەستیدا دەمێنێتەوە. رزگاربوون لە دۆخی بندەستی پێویستی بە دابڕان لە وابەستەیی بە ناوەند هەیە؛ چونکە تا ئەو کاتەی کوردستان لە دۆخی بەکۆلۆنیکراویدابمێنێتەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو (کـورد) و نەتـەوەی کۆلۆنیالیسـت (تورک، فارس و عەرب) سـاز نابـێ. کاریگەرییەکانی ئـەم دۆخە تەنانەت دوای رزگاریش بە سـەر کوردسـتانەوە دەمێنێتـەوە. بـۆ نموونـە لە باشـوری کوردسـتان دەبینین کە لە ڕواڵەتدا هەرچەند لە رووی ئابوورییەوە نیشان دەدرێ کە هەرێمی کوردسـتان گەشـەی سەندووە، بەڵام لە ڕاسـتیدا لە باشـووری کوردستان لە جیاتی سـازبوونی بۆرژوازییەکـی نەتەوەیی، بۆرژوازییەکی کۆمپـرادۆر جێگای گرتووەتەوە کە دوو دەوری سـەرەکی هەیـە: تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و هەروەها ئـەم بورژوازییـە سـەرمایەی کەڵەکەکراو بۆ دەرەوەی کوردستان دەگوازێتەوە و لە هەمان کاتدا تەنیـا وەک بریکار دەوری هاوردەکردنی کاڵا بۆ کوردستان دەبینن. هەرێمی کوردستان

دیسانەوە بە هاوردەکردنی نزیکەی هەموو شتومەکی پێویست لە تورکیا و ئێرانەوە وابەستە بووە. شێوازی گەشەکردنەکە وەک فرانک دەڵێ لۆمپەن ـ گەشەکردنە و لە جیاتی بۆرژوازییەکی نەتەوەیی بریکارە کوردەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، لۆمپەن بۆرژوازییان لە باشووری کوردستان ساز کردووە.[١٨] هەر ئەم توێژە لۆمپەن بورژوایە لە کاتێکدا دەرفەتێکی زێرین بۆ سازکردنی دەوڵەت نەتەوە ڕەخسابوو ئاسۆی سازکردنی دەوڵەتیان لە کوردستان ناڕوون و لێڵ کردووە.

## دەرەنجام

گەشەسەندنی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و گەشەنەسەندنی کوردستان دوو دیوی دراوێکن. تورک، فارس و عەرەبەکان دوابەدوای سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان لە فیکری ئەوەدا بوون کە چۆن خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بن تاکوو لە دۆخی گەشەنەسەندوویی ڕزگاریان ببێ. لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە خۆیان لە پەراوێزی ئابووریی جیهانیدا بوون، کوردستانیان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو لە پەراوێزی خۆیاندا بەکار هێنا تاکوو وەک پەیژەیەک کەڵکی لێ وەرگرن و گەشە بکەن. نەوت و کانزاکانی کوردستان ماددەی خاوێکی پڕ بەهایان بۆ کارخانەکانی ناوەند و هەناردەکردن بۆ وڵاتانی دیکە دابین دەکرد. بۆ نموونە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، نەفتخانە، تەق تەق، بازیان، میران، چەمچەماڵ، خورمور، تاوکە، پیشخابیر (باشوور)، چەمەرلو، گارزان، ئیکزتەپە، باتی کوزلوجە، باتی ڕامان، دنچەر (هەموویان لە باتمان)، ئادیامان دیاربەکر و مێردین، (باکوور)، کێڵگە نەوتییەکانی نەوتشار، چەنگولە، سۆمار، ئازەر، دالپەری، دانان، دێهلۆران، کێڵگەی گازی دۆڵی بیجار (ڕۆژهەڵات)؛ و ڕۆمێلان و حەسەکە (ڕۆژئاوا) و چەندین جۆر کانزای گرنگ وەک ئاسن، کرۆم، زێڕ، زیو، قورقوشم لە ژێر مۆنۆپۆلی دەوڵەت نەتەوەکانی کۆلۆنیالیستی کوردستاندان. سەرەڕای ئەمانە، کوردستان و ناوچەی زاگرۆس سەرچاوەی ئاوی گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەن: دیجلە، فورات، ئاراس، قزل ئوزەن، کەرخە و کارون. بەتایبەت تورکیا و ئێران بە سازکردنی دەیان بەنداوی لەسەر سەرچاوەکانی ئەم ڕووبارانە دەیانەوێ لە لایەکەوە کەڵکی سیاسی لە ئاو وەرگرن و وەک گوشار بۆ سەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەکاری بێنن؛ هەروەها بە گواستنەوەی ئاوی کوردستان وزەی سازبوو بە مەبەستی ئاوادانکردنەوەی ناوچەکانی خۆیان بەکاریان دێنن.

> هەموو ئێندێکسەکان نیشانی دەدەن کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کوردستان و ناوەندەکانی دەسەلات کە نەتەوەی سەردەست بەڕێوەی دەبەن دەبیندرێ. بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەئەنقەست کوردستان گەشەی نەسەندووە

بە گۆڕانی حکومەت و ڕژیمەکان لەم وڵاتانە، دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەر نەهاتووە. واتە هیچ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتەکانی کەمالیزم و ئاکپارتی، ڕژیمی پاشایەتی پەهلەوی لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕژیمی بەعس لەگەڵ عێراقی فیدراڵ و سیاسەتەکانی بەعسیزم لە سوریا لە ئاست دۆخی بەکۆلۆنیکراوەیی کوردستان ڕووی نەداوە. چونکە لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەت نەتەوانە لەسەر بنەمای پەراوێزخستنی کوردستان و نەتەوەی کورد ساز کراون. تایبەتمەندییەکانی دۆخی بەکۆلۆنیبوون بریتین لەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی نفووزێکی ئابووری و تەکنۆلۆژییان لە ناوچە پەراوێزخراوەکان هەیە و کوردستانیان وابەستەی خۆیان کردووە. شێوازی بەرهەمهێنان پێکهاتەیەکی ئابووریی ناهاوسەنگی لە نێوان ناوەند و کوردستان ساز

کردووە. هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردستان نەتوانێ خاوەنی ئابوورییەکی خۆبژێو بێ و پەیوەندییە کۆلۆنییەکان کاریگەری لەسەر پەیوەندی چینایەتی لە کوردستان ساز دەکەن. لاسەنگی گەشەی ناوەند و کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر پەیوەندی ناهاوسەنگی ئەو دوو ناوچەیە دابنێت.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ویژە سیاسییەدا، هەستی بێ دەوڵەتیی ئەوەندە بۆ نەتەوەی کورد ئازاردەر بووە کە ڕەنگدانەوەی بە باشی لە ویژەی کوردیدا دەبینرێت. لەم پەیوەندییەدا بووە کە بەرەبەرە هەندێ دژکردەوەی زمانی سەری هەڵداوە. بۆ نموونە، لەسەر ڕێکخراوی «نەتەوە یەکگرتووەکان» ڕەخنە دەگیردرێت و بە ڕێکخراوی «دەوڵەتە یەکگرتووەکان»ی دەزانن، چون لێرەدا دەوڵەت و نەتەوە بە یەک شت زانراون و خودی نەتەوەکانی جیهان کراونەتە قوربانیی دەوڵەتەکان. یان زیاتر لە چەمکی «پەیوەندیی نێودەوڵەتی» لە بەرانبەر «پەیوەندیی نێونەتەوەیی» کەڵک وەردەگیردرێت، چون دیارە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان، پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان نەبووە و کورد ئەوەی بە «نێودەوڵەتی» زانیوە مەگەر ئەوەی کە ڕێکخراوەکان سەر بە نەتەوەکان، بە واتای ڕاستەقینەی وشە، یان پەیوەندییەکان بەڕاستی لە نێوان نەتەوەکاندا بن کە زۆر کەمترە. هەروەها، گەرچی لە هەندێ سەرچاوەی کوردیدا بە پێڕەوی لە زمانی عەرەبی و بە تایبەت لە هەڵبەست و هۆنراوەدا بە هۆی کێشی ئەوانەوە، هەندێ جار لە تاقمەوشەی «قەومی کورد» کەڵک وەرگیراوە[3] کە مەبەست نەتەوەی کورد بووە کە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی هەیە و شیاوی خاوەن دەوڵەت بوونە، بۆ نموونە لە سروودی نیشتمانی «ئەی ڕەقیب»دا. بەڵام ئەم ویژەیە بە ئاگاداربوونەوە لە کەڵکی نالەباری دەوڵەتەکان، لە ویژەی کوردیدا باوی نەما و لە ئێستادا لە نەتەوە و گەل کەڵک وەردەگیردرێت.[4]

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ویژە سیاسییەدا، هەستی بێ دەوڵەتیی ئەوەندە بۆ نەتەوەی کورد ئازاردەر بووە کە ڕەنگدانەوەی بە باشی لە ویژەی کوردیدا دەبینرێت. لەم پەیوەندییەدا بووە کە بەرەبەرە هەندێ دژکردەوەی زمانی سەری هەڵداوە

هەرچۆنێک بێت وێڕای ئەو هەموو کێشانەی پەیوەندیدار بە زمان و ڕامیاری، بەپێی هەر پێناسەیەک چ پێناسە کلاسیکەکانی نەتەوە کە جەخت لەسەر فاکتۆرگەلێک وەک زمان، خاک، مێژوو و چاند یان لە هەندێکی تردا هەستی سەر بەیەک کۆمەڵ بوون و گرێدراویتی دەکەن و چ بەپێی پێناسە نوییەکان وەک بیردۆزی خەیاڵ و وێناکردن، کورد نەتەوەیە و مافی نەتەوایەتیی خۆی هەیە. بەوەشەوە، گەرچی لەڕاستیدا نەتەوە بە گەلێک یان کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن

هەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی هاوشێوە دەگوترێت کە دەوڵەتی هەیە یان بە قۆناخی ویست و داخوازیی سیاسی گەیشتبێت و بیهەوێت لەسەر خاکی خۆی حکوومەت و دەوڵەتی تایبەت بە خۆی پێکبهێنێت و لە قۆناخی کەمەنەتەوە بوون تێپەڕێت، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسەی نەتەوە گرێ دراوە بە دەوڵەتەوە و پێکهێنانی دەوڵەت تەنیا ڕێگای بە فەرمی ناسین وەک «نەتەوە»یە.

## ٢. دۆخی کۆیلەتیی سیاسی

لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهێنانی «دەوڵەت»، کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە لە وڵاتانی نادیموکراتیکدا بە هۆی سیاسەتی حکوومەتەکان و نەبوونی ئازادی و دیموکراسی، لە باری سیاسییەوە لە زۆر نەتەوەدا قورساییی ئەرکی بەدواداچوونی دەوڵەت لەسەر شانی بەشێک لە خەڵک و بلیمەتەکانی نەتەوەیە و زۆربەی ئاپۆرەی خەڵک بە ئاگاییی سیاسیی ئەوتۆ نەگەیشتوون و هێشتا کۆیلەی سیاسین. لەم نەتەوانە دەکرێ ئاماژە بە نەتەوەکانی ئێران و لەوانە «کورد» بکرێت. هەڵبەت ئاستی ئەم کۆیلەتییە سیاسییە لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەچاو کورد زۆر زیاترە. لەڕاستیدا دەربازبوون لەو کۆیلەتییە و زەینییەتی کۆیلەتی ئاستەمە و هەوڵی بەردەوام و بێ وچانی دەوێت.

چەندین سەدە لەمەوبەر «ئێتین دو لە بۆئێتی» (١٥٣٠-١٥٦٣ ز.)[٥] لە نامیلکەی «کۆیلەتیی دڵخوازانەدا» باس لەوە دەکات کە ملهوریی دەسەڵاتداران لە هەڵبژاردنی دڵخوازانەی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت و حکوومەتی ملهوری شتێک نییە جگە لە دەسەڵاتێک کە خەڵک بە مەیل و ڕەزامەندیی خۆیان بە کەسی ملهوریان سپاردووە و خودی خەڵک گەورەترین پاڵپشتی ملهورین. بە ڕای ئەو گەرچی ڕەنگە سەرەتا ملهوری و ملکەچ کردنی خەڵک ئاستەم بێت بەڵام وەچەی دواتر بە هاسانی ملکەچی قبووڵ دەکەن و بە مەیل و ڕەزامەندی، درێژە بە ژێردەستیی بە میرات وەرگیراو دەدەن. ئەمانە وایان لێ دێت کە دۆخی ژینی خۆیان بە سروشتی دەزانن و ئاگاداری مافە مرۆییەکانی خۆیان نین. بۆیە دوو هۆکاری «خوو» و «نەریت» دەبنە هۆی قەبووڵ کردنی ملهوری لەلایەن خەڵکەوە. بە درێژەپێدانی زۆر و توندوتیژی، خەڵک عادەتی پێ دەکەن و لەم نێوانەدا ستەم بەهێزتر دەکرێت و وەچە بۆ وەچە خەڵک زیاتر خوو بە کۆیلەتی و بەندایەتی دەگرن.[٦] گەرچی ئەو بیرۆکەی «دو لە بۆئێتی» گشتییە و بۆ دۆخی جیاواز بووە بەڵام بۆ شی کردنەوەی دۆخی ئەورۆکەی نەتەوەکانی ئێران و نەتەوەی کورد بەتایبەت بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بەکار بهێنرێت. لە سەردەمی نوێدا و پاش تێکچوونی میرنشینە کوردییەکان و دەسەڵاتی ناوچەیی و خۆجێییان و هەروەها سەرکوتی بزووتنەوە کوردییەکان، و دەرەنجام پەرەسەندن و تەشەنەی دەسەڵاتی حکوومەتە نیمچەمۆدێرنەکانی نەتەوەی باندەست لە کوردستاندا، بەرەبەرە وەچەکانی دواتر خوویان بەو بندەستییە گرت. دیارە ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بێ دەسەڵاتی و سەرکوتی خەڵکی کورد کە لەو دۆخەدا دەسەڵاتی نەتەوەی باندەست لە هەموو ئامرازەکان بۆ گۆڕانی شوناس و نامۆکردنی تاکی کورد لە

پاش تێکچوونی میرنشینە کوردییەکان و دەسەڵاتی ناوچەیی و خۆجێییان و هەروەها سەرکوتی بزووتنەوە کوردییەکان، و دەرەنجام پەرەسەندن و تەشەنەی دەسەڵاتی حکوومەتە نیمچەمۆدێرنەکانی نەتەوەی باندەست لە کوردستاندا، بەرەبەرە وەچەکانی دواتر خوویان بەو بندەستییە گرت

خۆی کەڵکی وەرگرت. بەڵام بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ نائاگایی و شێوەی بارهێنانی کۆمەڵگا. گەرچی زۆربەی ئەمەش دەرەنجامی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی سیاسەتەکانی ئەو رژێمانە و چاندی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئەوان بووە، بەڵام بارهێنانی تاکی کورد لەلایەن خودی بنەماڵە و کۆمەڵگای کوردی و چاندەکەی بێ کاریگەر نەبووە و بەجۆرێک چاندی گشتیی کۆمەڵگا یارمەتیدەری ئەو زاڵیەتی و ملهورییەی دەسەڵاتداران بووە و ئەوانیش بە چاکی کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لە کۆمەڵگای ئەورۆی رۆژهەڵاتدا هەندێ کوردی کۆیلەی ملکەچ هەن و بە هۆی ئەوانەوە چاندێکی کۆیلایەتی لە ناو بەشێکی خەڵکدا پەرەی سەندووە کە بووەتە لەمپەڕ و مەترسی بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی. کۆمەڵە خەڵکێ کە بچووکترین ئاگایان لە مافی مرۆییی خۆیان نییە و کاری حکوومەتیش بەهێزترکردنی ئەمانە و سەرکوت و پەراوێزخستنی توێژی ئاگای کۆمەڵگای کوردی بووە.

بەڵام ئەم کۆیلانە کێن و شێوازی کار پێ کردنیان بۆ کۆنترۆڵ و راگیرکردنی بزووتنەوەی رزگاریخواز و سەربەستیخواز چۆنە؟ بێجگە ئەوانەی کە راشکاوانە لە خزمەتی حکوومەتی بێگانەدان و ناسراون بۆ خەڵک، کۆمەڵە خەڵکانێکی تری کۆیلە هەن کە ئاکار و کار و کردەوەیان نەتەنیا بووەتە هۆی کۆیلەتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان، بەڵکو کاریگەریی زۆریشی لەسەر کۆیلەتیی سیاسیی ئەم نەتەوەیە بە گشتی هەبووە. لەوانە دەکرێ بە بەشێکی ئاپۆرەی نائاگا لە باری سیاسیی-نەتەوەییەوە ئاماژە بکرێت کە لەو وەچانەن بەرەبەرە خوویان بە ژێردەستی گرتووە و رەنگە لە دۆخی تایبەتدا شوناسی خۆیان دەرخەن، بەڵام لە ئێستادا بەرامبەر بە مافی خۆیان خەمساردن. لە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی حکوومەتدا بە بای ئەوان دەخولێنەوە و بیر و تێرامان، ونبووی نێوانیانە. ئەمانە ئەوانەن کە هانی لاوان دەدەن کە کاریان بە سیاسەتەوە نەبێت و بە هەرجۆرێک هەیە کارێکی حکومی گیر بخەن و کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی لە کاری حکومیدا دەبینن. هەروەها نائاگان لە دۆخی مافی نەتەوەیی یان خەمساردن لەسەری. بابەتەکان لایان تێکەڵ کراوە، خزمەتگوزاریی حکوومەت و زۆر شتی تر کە ئەرکی حکوومەتن، بە منەت لە سەر خۆیان دەزانن. وادەزانن ئەو شتانەی کە لە ئاستێکی کەمیشدا بە خەڵک دەدرێت خێرومەن و لە گیرفانی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر دێتە دەر، نازانن مافی خۆیانە. لەوانەن کە ئاگادار نین کە حکوومەت لە ئامرازە جۆراوجۆرەکان وەک گرێدراوێتیی ئابووری، پلەوپێگە، وەرزش (بۆ نموونە لە بواری «تۆپی پێ» کە بە ناو ئەوەی کە وەرزش جیایە لە سیاسەت و... خەڵک فریو دەدەن)، راگەیەنە و... کەڵک وەردەگرێت تاکو لە شوناسی خۆیان دووریان خاتەوە و بیانتوێنێتەوە. ئەو ئەرکانەی حکوومەت بۆیان دیاریی دەکات جێبەجێ دەکەن بەڵام، ئاگاداری مافی پێشێل کراویان لەلایەن حکوومەتەوە نین. نازانن ئەرک و ماف گرێ دراوی یەکترن و کاتێک دەبێت ئەرکەکان جێبەجێ بکرێن کە لە بەرانبەردا مافەکان رەچاو بکرێن. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم توێژەدا نەخوێندەواری، نائاگایی، ئابووریی لاواز، تەشەنەی ئایینی نەریتیی لەسەر پێکهاتنی ئەو دۆخە کاریگەر و یارمەتیدەر بووە.

هەروەها لە توێژەکانی تری خەڵکی

> **بێجگە ئەوانەی کە راشکاوانە لە خزمەتی حکوومەتی بێگانەدان، کۆمەڵە خەڵکانێکی تری کۆیلە هەن کە ئاکار و کار و کردەوەیان نەتەنیا بووەتە هۆی کۆیلەتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان، بەڵکو کاریگەریی زۆریشی لەسەر کۆیلەتیی سیاسیی ئەم نەتەوەیە بە گشتی هەبووە**

کۆیلە دەکرێ ئاماژە بــە زۆرێک لەو کارگێڕ و فەرمانبــەرە دەوڵەتیانــە بکرێت کە هەمموو شــتێک دەکەنە قوربانیی پاراســتنی ئیش و مووچــەی خۆیــان و پلەوپێگەیان. ئەم توێژە گیــرۆدەی گەندەڵیی ناو کۆمەڵــگای ئێران بوون. گەندەڵییەک کە حکوومەت پەرەی پێ داوە و هەوڵــی داوە هەمووانی تێوە بگلێنێت. لە بــاری ئابوورییەوە گرێــدراوی حکوومەتن و لە باری سیاســییەوە بە ڕواڵەت هەموویان لەگەڵ حکوومەتن و گوێ لە مشــتی ئەون. بەشــێک لەمانە واتــە فەرمانبەرانی ســادە زۆربەیان دژبەری ڕژێمن هەڵبەت بە گوێرەی پێویســت ئاگاییــی نەتەوەییــان نییە، بەڵام بــۆ پاراســتنی کار و ئیشــیان ناوێرن هیچ نارەزایەتییەک دەرببڕن چ بگات بە دەربڕینی داخــوازی و هەڵوێســتیی نەتەوەیــی. زۆر جاریش دەتوانــن تەنیا ئەرکی فەرمانگەیی و پســپۆڕیی خۆیان بکەن و لانیکەم خەیانەت نەکەن بەڵام بە ســانایی بۆ کەمێ مووچەی زیاتر یان وەرگرتنی پلەیەک تووشی خەیانەت دەبــن و هەندێ جاریش نــەک بە خەیانەت بەڵکو بە زرنگیی دەزانن، گەرچی تاقمێکیش لە نائاگایی هەر نازانــن خەریکی خەیانەتن. ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆریشیان ئاگاداری مافی بەکۆمەڵی خۆیان نین و ئەوەندەش بیری لێ ناکەنەوە. بەڵام جیا لەمانە تاقمی بەڕێوەبەران و کاربەدەســتانی باڵاش هەن کە بۆ گەیشتن و پاراســتنی پۆست و پلەوپێگە نە دەیانەوێت و نە ڕێگەش دەدەن بە بیرکردنەوە لەو بوارەدا چۆنکو بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە و لە خۆیان هیچیان پێ نییە بۆ وتن و جێبەجێ کــردن. هەمموو شــتێکیان و جێگەوپێگەیان گرێ دراوی کورسییەکەیان لە فەرمانگەدایە. ئەگەر وەها کەشــێکی گەندەڵ نەبێت ئەوان هیچ پلە و پێگەیەکیان نییە. ئەمانە ترســیان لە هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی سیاســی هەیە. حکوومەتیش بە باشی دەیانهێنێتە سەر شاشە و کەڵکیان لێ وەردەگرێــت. ئەمە لایەنێکی گرنگ لە دۆخی ئــەورۆی مرۆڤی کوردە کە پیشان دەدات لە نائاگاییدا بۆ کاری دەوڵەتی بێگانە و پلەوپێگە چلۆن بوونەتە کۆیلە و گرێ دراون بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەوە.

هەرچۆنیک بێت ئەوەی سەرەوە دیمەنێکە لە دۆخی کۆیلەتی. شەبەنگێک لەم کۆیلانە دەبینرێت بریتی لە مامۆستایەکی زانکۆ کە ســاڵانێک کارێکی بە هیــچ نییە و تەنیا بۆ ئــەوەی پلەکان تێپەڕێنێــت هەندێ وتاری ساویلکانەی بەرپەسەندی حکوومەت ئامادە دەکات و پرۆژەکانــی حکوومەت جێبەجێ دەکات و خەریکــی گیرفــان پڕکــردن و گەندەڵی ناو زانکۆ دەبێت و ناوێرێت شتێک لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەی بڵێت و بنووسێت؛ تاکو بەرپرسێکی حکوومی کە سی چل ساڵ خزمەتــی حکوومەتی داگیرکەری کردووە و دوایی کە چی تر کردەیەکی بۆیان نامێنێت و قەیــر و حورمەتــی لایان نییــە و هەمموو شــتێکی گرێ دراوی کورســییەکەی بووە کە لێیان سەندووەتەوە دەگەڕێتەوە باوەشی گەل و لە پیریەتیدا دەیەوێت وەک قارەمانی نەتەوەییش خۆبنوێنێت، تاکو خزمەتکارێکی سادەی فەرمانگەیەک کە دەبێتە داردەست و هەواڵنێری دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت و نەتەوەی باندەســت و ئامادەیە چای بنێتە بــەردەم کابرای فارس کــە لە وڵاتی خۆی شوانییان پێ نەدەدا و لە کوردستان بووەتە بەرپرســی باڵا. کەســانێ کە ڕێز لە مرۆڤی کورد ناگرن بەڵام بەردەستیی نەیارانی کورد دەکــەن. ئەم کارانــە زۆر جاریش لە ڕووی ناچاری نییــە و پێیان دەکرێــت کاری تر بکــەن، بەڵام خوویان بــە کۆیلەتی گرتووە. بــۆ ئەمانە بەپێچەوانەی چالاک و مافخوازی کــورد، پلەوپێگــەی حکوومەتــی پێوەری کەســایەتییە و لایان ئەو دیپلۆمە ناتەواوەی کــە لە تــاران و ئەســفەهانەوە هێناویانە و کردوویانە بە سەرۆکی ئەوان، پێگەدارترە لەو مرۆڤە کوردەی کە پلــەی بەرزی خوێندن

و ئاگایی هەبێت و نەیەوێت خۆفرۆشی بکات و ببێتە پیاوی حکوومەتێک، کە مافی نەتەوەکەی ناپارێزێت. ئەمانە لە چاوی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیانەوە هەموو شتێک دەبینن بەڵام بەو ئاوەزمەندییەش نەگەیشتوون کە ڕزگاریی نەتەوەییان، زۆر زیاتر لەو نانەڵەمییەی بۆیان دەبێت کە گەورەکەیان بە منەتەوە پێیان دەدات. کۆیلەتیی ڕاستەقینەی ئەمانە، کاریگەریی بووە لەسەر یەخسیری و کۆیلەتیی سیاسی هەموو نەتەوەی کورد و بوون بە بندەستی دەوڵەتی داگیرکەر. واتە ئەمانە بەشدارن لە پێکهاتنی ئەو دۆخە بێ دەوڵەتییەی کە بە سەر مرۆڤی کورددا سەپاوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبێت بە ناوی وڵات و دەوڵەتانی ترەوە خۆی بناسێنێت؛ وەک کۆیلەیەک کە بە گەورە و سەروەرەکەی خۆیەوە دەناسرێت.

> لە ڕوانگەی کەسانێکی وەک هێگڵ، ئەنگێلس و لوکزامبورگ ئەو نەتەوانەی نەیانتوانیوە دەوڵەتێک پێکبهێنن یان دەوڵەتەکەیان لە مێژە لەنێو چووە و دەبنە داردەست و دەکەونە خزمەتی سوپای سەرکوتگەری دەوڵەتە گەورە و باندەستەکان، «نەتەوەی نامێژوویی»ن

## ٣. پێکهێنانی دەوڵەت؛ دەربازبوون لە کۆیلەتی

کەواتە دەربازبوون و تێپەڕین لە کۆیلەیی و زەینییەتی کۆیلەتی و هەنگاونان بەرەو دەوڵەتی خۆ وەک ئامانجی کۆتایی، ستراتیژیی پێگەیشتنەکە هەرچۆنێک بێت، دەبێت تەوەری وێژمانی نەتەوەیی بێت. لە ڕوانگەی کەسانێکی وەک هیگڵ، ئەنگێلس و لوکزامبورگ ئەو نەتەوانەی کە سەربەخۆ نین و نەیانتوانیوە دەوڵەتێک پێکبهێنن یان دەوڵەتەکەیان لە مێژە لەنێو چووە و دەبنە داردەست و دەکەونە خزمەتی سوپای سەرکوتگەری دەوڵەتە گەورە و باندەستەکان، «نەتەوەی نامێژوویی»ن. بۆیە بۆ بەرگیری لەم نامێژوویی بوونە و ڕۆشتن بەرەو ڕزگاری، نەتەوە جۆراوجۆرەکان کەوتنە بیری مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ و لەو ئاراستەیەدا خەباتی زۆر کرا و زۆر نەتەوە بە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆ، خۆیان لە کۆیلەتی و نامێژوویی بوون ڕزگار کرد.[٧] پێکهاتن و جیابوونەوەی ئەو هەموو وڵاتە لە سەدەی ڕابردوودا پیشاندەری ئەوەیە کە قازانجێ کە لە سەربەخۆیی دەوڵەتدایە لە مانەوە و بندەستیدا نییە و نەتەوەی خاوەن بیر و ئاگایی ڕازی نابێت بە بندەستی کە هێگێل گوتەنی ببێتە «نەتەوەی نامێژوویی» و مەحکووم بە لەنێوچوون.[٨] لەڕاستیدا، وەک گاندی دەڵێت بۆ هەموو گەلانی جیهان «خراپترین خۆحکوومەتی باشترە لە باشترین حکوومەتی داگیرکەر و بێگانە.»[٩] بۆیە تەنیا پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە کە دەتوانێت زۆرترین تاکەکانی نەتەوەیەک لە کۆیلەتی ڕزگار بکات.

لەو ئاراستەیەدا بەر لە هەر شتێک نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەت کورد پێویستیان بە خۆئاگایی و وریابوونەوە هەیە و ئەوەی کە ڕەوشتی خەیانەت و کۆیلەتی لە خۆیان دوور بخەنەوە. بۆیە بە کەم بوونەوەی ئەو جەماوەر و کۆمەڵە کۆیلەیەی کە لەسەرەوە باسیان کرا و هەوڵی زیاتر بۆ سڕینەوەی گرێدراوێتی بە دەوڵەتی داگیرکەرەوە لە هەر بوارێکدا بەتایبەت سیاسی-ئابووری، دەکرێ زیاتر هەنگاو بەرەو ڕزگاری و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی هەڵێنرێت. دەبێت خەڵک زۆر زیاتر ئاگادار بنەوە و وەچەیەک باربهێنرێت کە ئاستی ئاگایی سیاسی-نەتەوەییان لەسەرەوە بێت و خاوەن وەها چاندێک بن کە ڕازی نەبن بۆ هیچ شتێکی حکوومەتی نەتەوەی باندەست بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆیان پێشێل بکەن. بە هیچ قاڵ و پلە و پێگەیەک خۆ نەفرۆشن و نەخڵەتن و خۆیان تووشی گەندەڵی نەکەن.



پێویستە قیزەونترین شت لای خەڵکی نەتەوەی بندەست پلە و پێگەی ناو دەوڵەتی داگیرکەری نادێموکراتیک بێت.

## پەراوێزەکان

١.هەڵبەت ئەم ساتە بۆ نائاگایانیش دەتوانێ ساتی داچڵەکیان لە خەو بێت. بۆیە دەوترێت «دەتوانێ»، لەبەر ئەوەی کە وەک لە دوایی وتارەکەدا باس کراوە، هەندێ کەس قەت داناچڵەکێن یان خویان لە خەو داوە و داناچڵەکێن یان داچڵەکانیان گرێ دراوە بە بەرژەوەندیی تاکەکەسییانەوە.

٢. بە گوێرەی ویژەی ئەم وڵاتە نادێموکراتیکانە کە ئێتنیک و ئێتنیسیتی بە «قەوم» و «قەومییەت» وەردەگێڕنەوە، دەکرێ لە کوردیدا ‹خزم› و ‹خزمایەتی› بەکار بهێنرێت. رەنگە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لەلایەن هەندێکەوە قبوول نەکرێت. بەڵام ئەوە پێوەندیی بە کێشە زمانییەکانەوە هەیە کە هاوکات کە بۆ زمانێک بە کێشەی نازانن بۆ زمانێکی تر کێشەیە. ئەگینە لە زمانی فارسیشدا قوم و فامیل و قومیت لە ئاستی نزمی کۆمەڵایەتیدا بەکار دەهێنرێت و لە ئاستی بەرزتریشدا بۆ کۆمەڵە خەڵکانی خاوەن هەندێ تایبەتمەندیی جیاوازیش بەکار دەهێنرێت و کەسیش گیر نادات. لە کوردیشدا دەتوانێ وەها بێت و بەپێی رستە و ئاستی بەکارهێنان واتاکەی رەچاو بکرێت. بەڵام چاکتر وایە کە «کەمەنەتەوە» و «کەمەنەتەوایەتی» بەکار بهێنرێت. جێی ئاماژەیە کە لە کوردیدا هەندێ جار بینراوە کە لە جێی «کەمینە یان کەمایەتی»، کەمەنەتەوە بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا کە هەر گرووپێکی تری کۆمەڵایەتیش وەک گرووپە ئایینییەکان دەتوانن کەمینە بن و پێوەندییان بە نەتەوەوە نەبێت. بۆیە باشترە کەمەنەتەوە کە خۆیشی ئاماژە بە نەتەوەی تێدایە لە جێی ئێتنیک بەکاربهێنرێت.

٣. جێی ئاماژەیە کە وشەی «قەوم» لە زمانی عەرەبیدا زیاتر لە «ئێتنیک» و «کەمەنەتەوە» نزیکترە تاکو بەکارهێنانی ئەو وشە لە زمانی فارسیدا کە بۆ دابەزاندنی باری یاسایی-سیاسی مافی نەتەوەکان بەکار دەهێنرێت.

٤. لەو پێوەندییەدا، هەندێ جار بۆ هەموو خەڵکی وڵاتێکی فرەنەتەوە بە گشتی لە چەمکی «گەل» کەڵک وەرگیراوە وەک عێراق کە لە «گەلی عێراق» کەڵک وەرگیراوە و لە جێی نەتەوەیی (national) لە ئاستی سیاسی و وڵاتدا لە نیشتمانیی کەڵک وەرگیراوە وەک چۆن دەڵێن «ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق» کە ئەمەش کێشەی هەیە لەوێوە کە مەبەست لە «نیشتمانی» بە پێرەوی لە ویژەی زاڵی نێودەوڵەتی کە نەتەوە پێوەند دەدات بە دەوڵەتەوە، هەمووی خاک و وڵاتی عێراقە کە وەک زێد و نیشتمانی هەمووی عێراقییەکان بینراوە، کەچی نیشتمان (homeland) بۆ کورد کوردەواری یان کوردستانە، کە پۆتانسییەلی بوون بە وڵاتی (country) هەیە.

5. Étienne de La Boétie

٦. اتین دو لا بوئتی، سیاست اطاعت، رساله دربارەی بردگی اختیار، ترجمەی علی معنوی، تهران: نشر نی، چاپ اول ١٣٧٨.

٧. لەم پێوەندییەدا بڕوانە: سەباح موفیدی، «بوون بە دەوڵەت و دەرکەوتن لە دۆخی نامێژوویبوون»، جۆرناڵی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە ٢٥، حوزەیرانی ٢٠١٨، لل ١٢٤-١٣٥.

٨. حسین بشیریە، انقلاب و بسیج سیاسی، تهران: انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٢، ص ١٦٨.

٩. بڕوانە: موفیدی، ٢٠١٨.

# فەلسەفەی سیاسیی خۆسەروەری

ژیلا موکری



**ئاماژە**

کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمی مرۆڤ واتادار دەکات  و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونەوە و بەرهەڤدانی بۆ ساز دەکات. هەروەها ئەو پێداچوونەوە بە باوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانسێلی ئەقڵانی بوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. کەواتە لێرەدا تاکەکان بەرز دەنرخێندرێن ، بەڵام ئەوە نەتەوەکانن کە بژاردەکان دروست دەکەن و خاوەنی بەهاکانن.

## پێشەکی

ئامانجی فەلسەفەی سیاسی دابین کردنی بەختەوەرییە بۆ مرۆڤ و جیاوازە لەگەڵ تیۆریی سیاسی و هەروەها ئایدۆلۆژیی سیاسی. فەلسەفەی سیاسی لەگەڵ «بەهاکان» سەروکاری هەیە و باس لە «دەبێ» دەکات، واتە باس لە ئەو حاڵەتە ئارمانییە دەکات کە وا باشە هەبێت یان دەبێ هەبێت بۆ ئەوەی بە ژیانێکی بەرزتر و باشتر بگەین. بەڵام تیۆریی سیاسی لەگەڵ «راستەقینەکان» سەروکاری هەیە و باس لە «هەیە» دەکات. واتە بە شێوەیەکی بێ لایەن تەنیا دەربارەی راستەقینە سیاسییەکان دەدوێت و دەیەوێ تەکوزی و مانایان پێ ببەخشێ بەڵام بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری لە دۆخی هەبوو هەوڵ نادات. لە وتاری بەردەستدا لە رەهەندی فەلسەفەی سیاسییەوە باس لە پێویستیی هەبوونی خۆسەرەوەری دەکرێت بۆ نەتەوەکان و ئەوە روون دەکرێتەوە کە بۆچی گرنگە نەتەوەکان لە باری سیاسییەوە خاوەنی خۆسەرەوەری بن؟ بە واتایەکی دیکە، خۆسەرەوەری چ شتێک لە ژیانی نەتەوەکان دەگۆڕێ؟ و نەبوونی خۆسەرەوەری لە کوێدا زیان بە نەتەوەکان دەگەیەنێت؟ هەروەها چونکە ئەم وتارە رەهەندێکی فەلسەفەی سیاسی رەچاو کردووە، هەوڵ دەدات هەبوون یان نەبوونی خۆسەرەوەری گرێ بداتەوە بە بەختەوەریی کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچێوەی نەتەوەدا. شایانی ئاماژەیە کە نەتەوە یەکەیەکی مرۆییە و بە پێی ئەو پێناسەگەلەی بۆی کراوە، خاوەنی زمانی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، رابردووی هاوبەش، جوگرافیای هاوبەش، و ئامانجی هاوبەشە.

## بۆچی نەتەوە گرنگە؟

ئەندامێتیی نەتەوەیی یەک لە گرنگترین ئەندامێتییەکانە بۆناسنامەی کۆیی و تاکەکەسیی مرۆڤ. مرۆڤەکان لە خۆیاندا پێویستیان بە کەسانێک هەیە کە لە ئەوان بچن و وەک ئەوان بژین و شێوە ژیانێکی هاوبەش رەچاو بکەن و کەند و لەند و یان خۆشییەکانی ژیان پێکەوە دەربباز بکەن. تەنانەت ئەگەر بگەرێینەوە بۆ گەشەی منداڵ، لە تەمەنێک بەدواوە منداڵ لەگەڵ خەڵکانی تر تێکەڵ دەبێت و خۆی لەگەڵ ئەواندا پێناسە دەکات و بۆ پێداویستی یان پرسیار یان داخوازییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان. هەروەها لە تەمەنێک بە دواوە منداڵ تەنانەت لە کاتی گەمە کردنیشدا حەز دەکات گەمەی چەند کەسی بکات و شکست یان سەرکەوتن لەگەڵ کۆمەڵدا تاقی بکاتەوە. ئەو کۆمەڵە کەسە کە لە تەمەنی منداڵیدا پێداویستییەکانی منداڵ بۆ هەبوونی هاودەم و هاویاری دەستەبەر دەکات، لە تەمەنی گەورەتردا دەگۆڕێت. دەبێ ئەو کۆمەڵە کەسە زیاتر و بەربڵاوتر ببن، چونکە پێداویستییەکانی مرۆڤیش زیاتر و بەربڵاوتر دەبن. دەکرێ بگوترێ ئەو کۆمەڵە مرۆییە، نەتەوەیە. واتە نەتەوە وەک یەکەیەکی مرۆیی، ئەرکی پشتیوانی کردنی مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت. نەتەوە دەبێتە ئەو گرووپە بەربڵاوە کە مرۆڤ ئیدی دەتوانێت تێیدا خۆی بناسێ، خۆی پێناسە بکات، پێداویستییەکانی دەستەبەر بکات و سەرکەوتن و شکست لە ئاستی بەرزتردا تاقی بکاتەوە.

ئەندامێتیی نەتەوەیی وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکیی ناسنامەی تاکەکان دەردەکەوێ و بە چەند هۆکار دەتوانێ ناسنامەیەکی فرەرەهەندی بەربڵاوی دوورمەودایان پێ بدات. سەرەتا مرۆڤ لە نێو نەتەوەدا دێتە دونیا و کاتێکیش دێتە دونیا، بە شێوازی خۆکرد ئیدی ئەندامی نەتەوەکەی خۆیەتی و هیچ کەس ناتوانێ ئەندامێتی نەتەوەیی لە هیچ کەس بستێنێتەوە. مرۆڤ تەنانەت ئەگەر لە وڵاتی خۆیشی دەربکرێت

و یان خۆی ڕێگای ئاوارەیی هەڵبژێرێت و لە شوێنێکی تر نیشتەجێ ببێت، ئەوا هەر وەک ئەندامی نەتەوەی خۆی دەمێنێتەوە و هەر بەو ناونیشانەش خۆی دەناسێنێ. لێرەدا نامەوێ بڵێم نەتەوە دیاردەیەکی زاتی و سروشتییە، بەڵام دەتوانم ئەو ئیدیعایە بکەم کە ناسنامەی نەتەوەیی ئاوێتەی هەبوونی مرۆڤە و هیچ هێزێک ناتوانێ لێی داببڕێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەو ئایدۆلۆژیانەی بانگەوازی بەختەوەری و ژیانی باش بۆ مرۆڤەکان دەکەن، هەر کامیان تەنیا بەشێک لە ناسنامەی مرۆڤ لە خۆ دەگرن و یان بەشێک لە ناسنامەی مرۆڤ بە هەند وەردەگرن. بۆ نموونە، لیبراڵیزم تەنیا جەخت لەسەر تاکایەتیی مرۆڤ دەکاتەوە و پێی وایە کە تاک بە تەنیا و بێ هەبوونی کۆمەڵیش دەتوانێ بەختەوەر بێت و خۆیشی دەبێ بەس بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی ڕەچاو بکات. فیمێنیزم تەنیا جەخت لەسەر لایەنی جێندەر دەکاتەوە (کە ئەمڕۆ تەنانەت مرۆڤەکان بە ئاسانی دەتوانن ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن). مارکسیزم تەنیا بەشی ئەندامێتیی چینایەتی لەبەر چاو دەگرێت و دەخوازێ کە چینایەتی باڵ بکێشی بەسەر هەموو ئەندامێتییەکانی دیکەدا، (لە کاتێکدا مرۆڤەکان دەتوانن چینی خۆیان بگوازنەوە بۆ چینی باڵاتر)، بەڵام نەتەوە هاوکات دەتوانێ هەموو ئەو ئەندامێتیانە لە خۆ بگرێت و هەروەها ئەندامێتیی نەتەوەیی وەک باس کرا، نە کەس دەتوانێ لە مرۆڤی بستێنێتەوە و نە وەک ئەندامێتیی جێندەری و چینایەتی دەکرێ خۆت کۆتایی پێ بهێنی.

بێجگە لەوانەش ئەندامێتی نەتەوەیی ئیمکانی ژیانی باش واتە ژیانێکی ئەخلاقی بۆ مرۆڤ پێک دەهێنی و لەو ڕێگەیەوە یارمەتیی گەشەی کەسێتی و ئەخلاقیی تاکەکان دەدات. ئەم کارەیش لە ڕێگەی ئەو کەلتوورەوە دەستەبەر دەبێت کە تایبەتە بە ئەو نەتەوە و بە پێی دۆخی جیاوازی زمانی و مێژوویی و جوگرافی و ئەنترۆپۆلۆژی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی جیاواز، هەر نەتەوەیەکیش خاوەنی کەلتوورێکی جیاوازە و تەنانەت ئەگەر هەموو فاکتەرەکانیش لە بەر چاو نەگرین، خودی زمان دەتوانێ سنووری کەلتووری نەتەوەییەکان دیاری بکات. جا بۆ ئەوەی بتوانین باس لەوە بکەین کە ئاخۆ کەلتووری نەتەوەیی چلۆن یارمەتیی گەشەی کەسێتی دەدات، دەکرێ دوو دانە کارکردی کەلتووری نەتەوەیی بخەینە بەر چاو. یەکەم: کەلتووری نەتەوەیی پانتاییەک فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەو پانتاییەدا ئیمکانی هەڵبژاردنیان ببێت وئەگەریش ئازادی بە واتای ڕیژەی بژاردەکانی بەر دەمی مرۆڤ بزانین، کەواتە کەلتووری نەتەوەیی پارێزراوتر و بەربلاوتر، واتە ئیمکانی زێدەتر و بەدوایدا تاکی ئازادتر.

دووهەم: کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمی مرۆڤ واتادار دەکات و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونەوە و بەرهەڤدانی بۆ ساز دەکات. هەروەها ئەو پێداچوونەوە بە باوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانسیلی ئەقڵانی بوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. کەواتە لێرەدا تاکەکان بەرز دەنرخێندرێن؛ چونکە خاوەنی ئیختیاران و خاوەنی بەرژەوەندی، بەڵام ئەوە نەتەوەکانن کە بژاردەکان دروست دەکەن و خاوەنی بەهاکانن. کەواتە دەکرێ نەتەوەکان وەک یەکەی سەرەکیی بەهاکان بێنە ئەژمار.

لە پێناسەی نەتەوەدا گوترا کە یەکێک لە فاکتەرەکانی نەتەوە، هەبوونی ئامانجی هاوبەشە و ئەو ئامانجە هاوبەشە لە سەرەی یەکەم دا مەیلە بە خۆسەروەری و ژێردەست نەبوون. واتە نەتەوە وەک گشتییەتێک هەوڵی دەستخستنی خۆسەروەری دەدات وئەو ئامانجە هاوبەشەش، ڕێگا بۆ تاکەکان خۆش دەکات تا لە هەوڵی بە دەست هێنانی خۆسەروەری و چێ کردنی پانتاییەکی

گشـــتیدا بن تا لەویدا وەک مـــرۆڤ بتوانن بیـــر و هزر و توانایی خۆیـــان تاقی بکەنەوە وبە ئاســـتێک لە خۆناســـین بگـــەن. کەواتە لێرەدامەیلی خۆســـەرەوری تاکەکەسی گرێ دەدرێتەوە بە مەیلی خۆسەروەریی کۆیی یان نەتەوەیی. چونکە تـــاک وەک پێکهێنەرێکی نەتەوە، پێویســـتی بە بەســـتێنێک هەیە بۆ دەربڕینی خۆسەروەری و ئازادیی تاکەکەسی خۆی لە ڕێگای بەدەست هێنانی خۆسەروەری و ئازادی کۆییەوە. کەواتە لە یەک ڕســـتەدا دەکـــرێ بڵێین نەتەوە گۆڕەپانێکی باشـــە بۆ تاقی کردنەوەی مەیل و توانا و تایبەتمەندیی خۆسەروەری لای تاکەکان.

لـــە لایەکـــــــی تـــرەوە ئەندامێتیـــی نەتەوەیی، ڕێگری دەکات لە نامۆیی، گۆشەگیری، و گومنـــاوی. واتە ناســـیۆنالیزم بـــە پتەوکردنـــی ئایدیـــای یەکگرتوویـــی، ئـــەو گەرەنتییە بـــە تاکەکان دەبەخشـــێت کە ئـــەوان تەنیا نین، کەســـانێک هەن ئاگایان لێیانە و بە هەمان شێوەش ئەوان دەبێ ئاگایان لە کەسـانێک بێت. جا ئەم بابەتە بە ڕوونـــی لە ژیانی نەتەوەکاندا دەبینرێـــت. بۆ نمونـــە، کاتێک کەســـێک حەزی لە وەرزشی تۆپی پێ هەیە و دەبێت بە یاریزانی تۆپی پێی نەتەوە(وڵات ی خۆی، بە هەزاران کەس هەن کە لە کاتی یاری کردندا هانی دەدەن و پشـــتگیریی لێ دەکەن، هەروەهـــا هاندەرانی ئەو یاریزانەش کـــە ئەندامەکانی نەتەوەکەنی، پێویســـتییان بە کەسانێک هەیە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی وەرزشـــدا وەک نوێنەری ئەوان دەربکەون و ســـەرکەوتن بۆ هەمووان بە دەســـت بهێنن. بەو پێیـــە دەکرێ ئەو ئیدیعایـــە بکەین کە ســـەرکەوتن و شکست ئەو دوو ئەزمونەن کە هەموو ئەندامانی نەتـــەوە پێکەوە ئەزمونیان دەکەن. سەرکەوتنی هاونەتەوەکەم من شاد و ســـەربەرز دەکات وەک چۆن شکســـت و ئابڕوچوونـــی ئەو بۆ منیش ڕێک ئەو مانایەی هەیە. کەواتە نەتـــەوە هیوای نوێ بوونەوەی تاکەکەســـی بە تاکەکانی خۆی دەبەخشێت لە ڕێـــگای نـــوێ بوونـــەوەی نەتەوەییەوە. بەو شـــێوازە کـــە کاتێک نەتـــەوە دادەڕمێ، تاکەکانیـــش بە دوایـــدا دادەڕمێن و کاتێک نەتەوە دەگەشـــێتەوە، تاکەکانیش هەروەها. جا ئالێرەدا دەکرێ نەتەوە بشـــوبهێندرێ بە بنەماڵە. لە ئاســـتی بنەماڵەشدا سەرکەوتن و یان شکستی خوشـــک و براکانمان دەتوانێ ئێمە ســـەربەرز یان سەرشـــۆڕ بـــکات. وێکچوونێکـــی دیکەی بنەماڵـــە و نەتەوەش ئەوەیە کە ئەندامێتیی نەتەوەیی هەســـتی هاوبەشـــێتی دەبەخشـــێت بەڵام جیاوازییـــە جێندەری و چینایەتییەکان ناسڕێتەوە. تەنیا وەک چەترێکـــی گەورە وایە بە هەر ستاتۆ و ڕەگەز و چینێکەوە دەکرێ خۆتی تێدا ببینیەوە.

> کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمی مرۆڤ واتادار دەکات و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونەوە و بەرهەڤدانی بۆ ساز دەکات. هەروەها ئەو پێداچوونەوە بە باوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانسیلی ئەقڵانی بوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات

تایبەتمەندییەکـــی گرنگی دیکەی ئەندامێتیی نەتەوەیی لە گرنگیی خودی ناسیۆنالیزمەوە دێـــت. ســـەرەتا ئـــەوە کـــە ناسیۆنالیزم وەک ئیزمەکانی دیکە تەنیا یەک ئایدۆلۆژیی سیاســـی نییـــە، چونکە دەتوانێ چەندین فۆرمـــی جیاوازی هەبێـــت. لەوانە: ئایینی، کۆنســـەرڤاتیڤ، لیبراڵ، فاشیســـتی، کۆمۆنیستی، کەلتووری، سیاسی، یەکخەرانە، جوداییخوازانە، دیاســـپۆرا، پان و هتد. دوای ئەوەش ناسیۆنالیزم تەنیا جەخت لەسەر یەک خاڵی ناســـنامە ناکاتەوە. واتە وەک باس کرا ناســـیۆنالیزم باس لە یەک لایەنی ناسنامەی مـــرۆڤ نـــاکات وەک ئەندامێتیی جێندەری یان چینایەتی یـــان ناوچەیی، بەڵکوو داوای ئەندامێتیـــی نەتەوەیـــی دەکات کە هاوکات

دەتوانێ هەموو ئەندامێتییەکانی سەرەوەش لە خۆی بگرێت. کەواتە ئەندامێتیی نەتەوەیی بە پێچەوانەی ئەندامێتیی جێندەری، چینایەتی، یان ناوچەیی، هاوکاریی تاک دەکات بۆ دۆزینەوەی جێگایەک بۆخۆی نەک تەنیا لە جیهانێکدا کە تێیدا دەژی، بەڵکوو لە زنجیرەیەکی نەپساوەی بووندا.

## خۆسەروەری چی بۆ نەتەوە دەکات؟

وەک لە سەرەوە باس کرا، نەتەوەکان لە چەندین ڕێگا و دەرفەتی جۆراوجۆرەوە پڕبەها و گرنگن و یارمەتیی پێگەیشتنی تاکەکەس و کۆمەڵ دەدەن. بە واتایەکی تر، نەتەوەخوازی نە بە تەنیا کۆمەڵ بە گرنگ دادەنێت و نە بە تەنیا تاک، بەڵکوو پردێک لە نێوان تاک و کۆمەڵدا دروست دەکات. خۆسەروەری وەک دەسەڵاتی تاکەکانی نەتەوە بەسەر خۆیاندا، وەک بەدەستەوە گرتنی جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیی خۆت، وەک زاڵبوون بە سەر داهاتوو و چارەنووسی خۆتدا، وەک پارێزگاری لە کەلتوور و بەها و خاک و ئاوی خۆت لە ئاست دەستدرێژیی ئەوانی تردا دەتوانێ ببێتە پارێزەری هەموو ئەو تایبەتمەندییانە کە بۆ نەتەوە باس کران و لەو ڕێگایەوە یارمەتیی تاک بدات، کە بریتین لە:

> دارشتنی خۆسەروەری وەک چەمکێکی بنگەهی و لە ڕەهەندی فەلسەفەی سیاسییەوە لە کورتماوەدا دەتوانێ هەستی بڕوابەخۆبوون و مرۆڤی تەواو بوون بۆ مرۆڤی کورد بگێڕێتەوە و لە درێژماوەدا کەرامەت و بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد دابین بکات

### یەکەم:

پاراستنی ئەو یەکە مرۆییە کە دەرەتانی تەناهی و پێوەندارێتی و پرستیژ بە تاکەکان دەبەخشێت.

### دووهەم:

پاراستنی ئەو ئیمکانە کە مرۆڤەکان لە نێو نەتەوەدا بتوانن ببن بە خاوەنی ناسنامەیەکی فرەڕەهەندی فرەچەشن کە هەموو وردەناسنامەکانی دیکەشیان لە خۆ بگرێت.

### سێهەم:

گەشەپێدان و هەروەها پاراستنی بەستێنی کەلتووری نەتەوەیی، کە یارمەتیی گەشەی ئەخلاقی و ئەقڵانیی مرۆڤەکان دەدات بەو شێوەیە کە هەم بژاردە دەخاتە بەر دەستیان و هەم بژاردەکانیان بۆ واتادار دەکات. ئەم تایبەتمەندییەی نەتەوە وەک بەستێنی ئازادی و مومارەسەی ئازادیی تاکەکانیش دێتە ئەژمار.

### چوارەم:

پاراستنی زەمینەی خۆسەروەری بۆ تاکەکان و یارمەتیدانیان کە لە ناو مەیل و خواستی خۆسەروەری کۆیی دا کە وەکوو تاک ئەو پتانسێلەیان ئاشکرا بکەن وخۆیان دەربخەن یان باس لە خۆیان بکەن.

### پێنجەم:

پاراستنی فەزایەک کە تاکەکان لە تەنیایی و گۆشەگیری و بێکەسی دەرباز دەکات و ئەو ئیمکانە دەخاتە بەر دەمیان تا لەگەڵ کەسانی تر و لە ڕێگای ئەوانەوە گەشە بە توانا شەخسییەکانی خۆیان بدەن.

### شەشەم:

پاراستنی نەتەوە وەک سەرچاوەیەکی نەگۆڕی ناسنامەی تاکەکەسی. ناسنامەیەک کە بێ هیچ نێوانگیرییەک لە سەرەتای لەدایکبوونەوە بە مرۆڤ دەبەخشرێ.

## بۆچی کورد دەبێ ببێتە خاوەنی

## خۆسەرووەری؟

باسی خۆســـەرووەری لە هزری سیاسیدا بە دوو جۆر دەکرێ بێتە بەر باس. لە لایەکەوە وەک باســـێکی مافناســـانە باس لەو بابەتە دەکرێت کە لە ژێر ناوی «مافی دیاری کردنی چارەنووس»دا دێتــە ئاراوە. واتە نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بێجگە لەوەش لەم ڕەهەندەوە کە لۆژیکێکی سەلبی و بەرەنگارانەی هەیە باس لەوە دەکرێت کـــە نەتەوەکان ئەگەر لە ژێر هەڕەشەی ڕاســـتەوخۆی توانەوە و لەناوچوون و ژینۆسایددا بوون، ئەوا دەتوانن باس لە مافی دیاری کردنی چارەنووســـیان بکەن. بەڵام ســـەیر ئەوەیە کە تەنیا لایەنی بەرچاو و دیاری توانەوویان مەبەســـتە کە ئەویش کوشـــتن و برینی بە ئاشکرایە. نە بـــاس لە تـــاڵان کرانی ســـەرچاوە ماددی و مەعنەوییـــەکان دەکات و نـــە بـــاس لە داسەپاندنی کەلتووری و تواندنەوەی زمانی دەکات؛ واتە ئارگیومێنتێکی ناتەواوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە لە دەلاقەی فەلســـەفەی سیاســـییەوە دەکرێ باس لە خۆسەرووەری بکرێـــت کە لێرەدا باســـگەلی مافناســـانە و شـــەرت و مـــەرج هەڵناگـــرێ، بەڵکوو وەک بابەتێکە بۆ گەیشـــتنی مرۆڤەکان بە ژیانی بـــاش. لێرەدا کە مەبەســـتی وتاری بەردەستیشـــە، خۆســـەرووەری ماف نییە، بەڵکوو خۆســـەرووەری ئامرازێکە بۆ پاراستن و گەشـــەپێدانی زۆر ئیمکان و دەرەتان کە هاوکاریی تـــاک دەکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی باش و بەختەوەرانە بباتە سەر. واتە نەتەوە وەک خاڵی ســـەنتەر وایە لە ژیانی مرۆڤدا و کارکـــردی جۆراوجۆر و فـــرەی هەیە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی ژیانی مرۆڤ.

ڕاستە کورد تەنانەت لە دوای زۆر ئەزمونی ژینۆساید و هەوڵی ئاشکرای لەناوبردنیشی دیســـان بە دەنگێکی بەرز و زوڵال باســـی لە پێویستیی خۆســـەرووەری نەکردۆتەوە و بە هێندێک دەســـکەوت و دروشمی کەم و پچرپچـــڕ ڕازی بووە، بەڵام ئەگەر نەتەوەی کـــورد بیهەوێت لە نەتەوەیەکی پاســـیڤی چاولـــەدەم و چاولەدەســـتی کەســـانی تر قوتار ببێت، ئەوا دەبێ پرسی خۆسەرووەری بهێنێتە بەر بـــاس و خواس. ئەویش نەک وەک مافێـــک یـــان وەک بژاردەیـــەک لە وەڵامـــی ئەو هەوڵانـــەی بـــۆ تواندنەوەی فیزیکـــی و کوشـــتاری سیســـتماتیک بە ســـەریدا ســـەپێنراوە، و نە وەک کارتێکی فشاری سیاســـی بۆ دیپلۆماسیی ناوچەیی، بەڵکـــوو وەک بابەتێکـــی ئەخلاقی. وەک چەمکێک بـــۆ ڕۆنانی مەعریفەتێکی نوێ و هاتنە ناو کایـــەی مەعریفی بۆ قوتار بوون لە مەعریفەتی زاڵ کراوی ئەوانیتر و وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەر کردنی بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد. کەواتە هەر بزووتنەوە یان شۆڕشـــێک کە لە کوردستانی بندەست ادا بیهەوێ خۆی دابڕێژێ و بیهەوێ کۆمەڵگای کوردســـتان بەرەو ئاقارێکی باشـــتر ببات، نابـــێ لەو بابەتە خافڵ بێت کە دارشـــتنی خۆســـەرووەری وەک چەمکێکی بنگەهی و لە ڕەهەندی فەلســـەفەی سیاســـییەوە لە کورتماوەدا دەتوانێ هەستی بڕوابەخۆبوون و مرۆڤـــی تەواو بـــوون بۆ مرۆڤـــی کورد بگێڕێتـــەوە و لە درێژمـــاوەدا کەرامەت و بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد دابین بکات.

## سەرچاوەکان:


1. Christopher Heath Wellman(2005), a Theory of Secession: The Case for Political self -determination, Cambridge University Press.
2. David Miller (1993), «in Defense of Nationality», Journal of Applied Philosophy, 10, pp. 3-16
3. Margaret Moore (2003), the Ethics of Nationalism, Oxford University Press.
4. William Bloom(1990), Personal Identity, National Identity, and International Relations, Cambridge University Press
5. Yael Tamir (1995), «the Enigma of Nationalism», World Politics, v 47 n 3, p. 418(23).

# ڕاسان نیشانەیەک
# بۆ دەرباز بوون لە قەیران

ئالان. د



**ئاماژە**

ئەو کاتەی قاسملووی نەمر لە دوایین ساتەکانی وتوویژیدا لە گەڵ عینایەت فانی، باسی لە دیموکراسیی عەمیق [دیموکراسی رادیکاڵ] دەکرد، ئەو چرکەساتە بوو کە قاسملوو دەستی نایە سەر خاڵی قەیران و هاوکات دەربازبوون لە قەیران. ئەم چەمکە کورتەی شەهیدی سەرکردە هیچ کاتێک لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئاوڕی لێ نەدرایەوە

زیاتر لە سەدەیەکە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەر چوار بەشی وڵات بە پێی بەستێنی ژینگەی سیاسیی خۆی، لە ناو دۆخی قەیرانی ناوخۆیی و ناوچەییدا توانیویەتی کورد وەک ناسنامەیەکی جیاواز لە ئەتنیکەکانی تری ناوچەکە بپارێزێ و هاوکات هەڵگری داخوازییە سیاسییەکانی گەلی کوردیش بێ. لەم ناوەدا بەردەوامی و گووران، دابران، گۆڕان و ژیان لە ناو قەیران، مۆرکی خۆی لەم خەباتە دەمدرێژە داوە.

ئەم وتارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە لە ڕاستێنەی خەباتی گەلی کورد، پێی وایە ڕەوتی ئەم خەباتە سیاسییەی گەلی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەیەکی دوور و درێژە لەناو قەیراندا ماوەتەوە و ڕاسان وەک نیشانەیەک بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، پێویستی بە خوڵقاندنی دیسکۆرسێکی سیاسیی نوێ هەیە. هەر بۆیە ڕاسان بە مەبەستی دەرباز بوون لە قەیران و بەهەژموون کردنی دیسکۆرسی سیاسیی خۆی، پێویستە بتوانێ کردە و تیۆری سیاسی لەناو پانتای سیاسیی ئێران و کوردستان بە پێناسەکردنی سەرلەنوێی مژاری سیاسی سەر لەنوێ جومگەبەندی بکاتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە، لە یەکەم هەنگاودا، هەندێک لە لایەنەکانی چەمکی قەیران شی دەکرێتەوە، دواتر بە ئاماژە پێدانی چەمکێکی لەبیرکراوەی قاسملووی نەمر، واتە ڕادیکاڵ دێموکراسی، داکۆکی لە گەشەپێدان و بەربڵاوکردنی دیسکۆرسی ڕاسان، ئەرک و پێویستیەکانی ڕاسان لە ئێستاکە و داهاتوودا، بەرهەمهێنانی دەرفەتی سیاسی و قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتانە، دەکرێت.

## پێشەکی:
## کورتەیەک بۆ بە تیۆرکردنی چەمکی قەیران

هەر نوسراوەیەک یان هەر تێبینیەک لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگا و سیاسەت لەم سەردەمەدا، گەر دەستەواژەی قەیران وەک ناوکی لێکدانەوە و شی کردنەوەی دۆخی هەنووکەیی لەبەرچاو نەگرێت، ناتوانێ وەدیهێنەری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی - سیاسی خۆی لەم سەردەمەدا بێ. هەر بۆیە گەڕانەوە بۆ چەمکی قەیران دەتوانێ هەم وەک درمناسیی دۆخی هەنوکەیی و هەمیش وەک کرانەوەی ئاسۆیەک بۆ دەرباز بوون لە قەیران یان کێشانەوەی نەخشە ڕێگایەک بێتە بەرچاو. ئەمە نەک تەنیا تایبەتمەندیی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستاکەی کوردستان، بەڵکوو تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ڕاستینەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمی مۆدێرنەیە. دەستەواژەی قەیران وا دەکا ڕەوشی هەنووکەیی تووشی پرسیار بێت، پێشگریمانەکان لەناو بچن و هاوکات لەگەڵ لەناوچوونی پێشگریمانەکان، وڵامە کۆنەکانیش چیتر نەتوانن ڕەوشی ئەمێستاکە پێناسە بکەن. گرینگیدان بە دۆخی قەیران وامان لێدەکا سەرلەنوێ بگەڕێینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکان، بیرکردنەوە لە ڕێگای نوێ؛ کە ئەگەر وا نەکەین، ڕەنگە قەیران خۆی لە قەرەی کارەسات بدات.

چەمکی یۆنانیی قەیران κρίση - krisis بە پێی پێناسەی ڕاینهارت کوسلێک[١] لە بنەرەتەوە پێوەندیی بە ئایدیای دادوەری کردن و بڕیاردان لە پۆلیسی کۆنی یۆنانەوە هەبووە،[٢] دواتر قەیران وەک چەمکێکی سیاسی یەکەمجار لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە بەریتانیا، لە کاتی ڕوودانی گرژی و ئاڵۆزیی نێوان پەرلەمان و شا بەکار هاتووە.سەرەرای ئەوەی تۆماس هۆبز، لەم سەردەمەدا هیچکات لەم چەمکە بۆ شیکردنەوەی ڕەوشی ئاڵۆزی بەریتانیا کەڵکی وەرنەگرت، بەڵام هەوڵدانەکانی بە مەبەستی فۆرمولەکردنی زانستی سیاسەت، دەکرێ وەک دارشتنی یەکەم تیۆری مۆدێرنی قەیران بنرخێندرێ. لەم ڕوانگەیەوە قەیران

وەک نەخۆشیی جەستەی مرۆڤ، هاوتەریب لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگا وێنا کراوە.

ئەم چەمکە لە سەدەی نۆزدە بە دواوە سەرەرای زۆر مانای جیاواز، رۆڵێکی سەرەکیی لە گەیاندن و ئاراستەکردنی ئامانجە سیاسییەکاندا گێراوە و پرسیارێکی سەرەکی لەناو تیۆری سیاسی بووە. بەم پێیە، قەیرانەکان زۆر جار ژیانیان لەناو بردووە، یان کۆمەڵگایان خستۆتە ناو دۆخێکی نالەبار و هەندێک جاریش بوون بە دووڕگەیەکی ئارام یان دەرفەتێک بۆ دەربازبوون لە مەترسییە گەورە و سیاسییەکان. فەلسەفەی مێژوو و بە تایبەت ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی نەریتە هێگڵی یان مارکسییەکەیدان، زۆرجار قەیرانیان نەک بە لایەنی وێرانکارانە و پڕ لە نەهامەتییەکەی، بەڵکوو بە لایەنی دەرفەت بۆ گۆڕان یان دەرچوون لە رەوشی نالەباری ئەمێستاکە پێناسە کردووە. هەر بۆیە قەیرانەکان دەتوانن نیشاندەری درمناسییێکی قووڵتری پێکهاتەی کۆمەڵگا بن و دەتوانن پەیوەندییە کراوەکانی هێز یان ئەو کێشانەی هێشتاکەش شاراوە ماونەتەوە، پێکەوە بلکێننەوە.[۳]

ئەمرۆکەش قەیران وەک چەمکێک لەناو تیۆری سیاسی، واتاهەڵگری مەترسی، نەهامەتی، هاودژی، کێشە و ململانێ یان دەرفەت بووە. قەیرانەکان وەک مژارێکی تیلۆلۆژیک، حەقیقەتە شاراوەکانی کۆمەڵگا و جیهانی سیاسەت دەنوێننەوە و هاوکات لەناخی خۆیاندا دەرفەتە نوێیەکان بۆ گۆڕان و دەربازبوونیش نیشان ئەدەن. هەر بۆیە قەیران تەنیا نیشاندەری قەڵشتی نێوان ئەو کێشەیەی ئێمە لەگەڵی روبەڕوین و توانستی ئەمێستاکەی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی قەیران نییە؛ بەڵکوو هەڵگری دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە. قەیران ناوی ئالتێرناتیڤێکە بۆ چرکەساتێک کە پرسیار دەکرێت قەیران چییە؟ بۆ لەناو قەیراندایین، بۆ دەرباز بوون لە قەیران دەبێ چی بکرێت؟ بیر کردنەوە لەم چرکەساتە نیشاندەری ئەوەیە کۆمەڵگا یان سیاسەت پارسەنگی خۆی لە دەست داوە. یان ئەوەی سیستەمێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی خاوەن توانست و ئامرازی بەدیهێنانی هەبوونی بەردەوامی نەبووە. رەنگە پێناسەی ئارێنت تا رادەیەک لێڵتر بەڵام بنەرەتیتر بێ، ئارێنت پێی وایە قەیران لە ریشە یا هۆکارەکان، هەر کامیان بێ، وەک لەناوبردنی دەمامکەکان و لەناوبردنی پێشگریمانەکان، ئەو دەرفەتە دەخولقێنێ مرۆڤ بیر بکاتەوە و لە خۆی بپرسێ سەبارەت بەم مژارە کامە بابەت بنەرەتی بوونی خۆی لەکیس داوە.[۴]

ئەم تێڕوانینە لە چەمکی قەیران نیشاندەری داکۆکی کردن لە سەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش بۆ وڵام دانەوەی پرسیارە سیاسییەکانە، ئەو کاتەی نەخشەیەکی روونی سیاسی بۆ دەرباز بوون لە دۆخی هەنووکەیی نەبێ یان ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە نەتوانێ وڵامێکی کردەیی بۆ دەربازبوون لە کێشەکان بخولقێنێ، قەیران روو ئەدا. هۆکاری ئەمەش لە پانتای سیاسیدا روونە؛ ئەو کاتەی عەقڵی هاوبەش لە ناو ژیانی سیاسیی هاوبەشی ئێمەدا لەناودەچێ، هیچ هەستێکی هاوبەش توانای کۆکردنەوەی مرۆڤەکانی لە دەوری دروشمێکی سیاسی بە مەبەستی کردەیەکی سیاسی نابێ، واتە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان وێران بووە. بە لەبەرچاوگرتنی دوو تایبەتمەندیی وەلانانی پێشگریمانەکان و هەستی هاوبەشی ژیان لەناو جیهان یان ژینگەی هاوبەشدا، قەیران ناچارمان دەکات سەر لەنوێ چاوێک بە مێژوماندا بخشێنینەوە و لە لایەکی ترەوە، پرەنسیپی رێنوێنکەرانەی کردە یان دەسەڵات دووبارە دابڕێژینەوە.

لە کائۆتیسکییەوە تا کوو لێنین، تێگەیشتنێکی مارکسیانە لە سیاسەت لەسەر بنەمای تێڕوانینەکانی کلاوزویتسەوە ریشەی داکوتاوە و ئەویش کاریگەریی

جیاکردنەوەیە.[۵] واتە گەر پەیوەندی لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەک پەیوندییێکی سەربازی سەیر بکرێت، ئاکامی پاراستنی شوناسی تاک و تەریکی هەر لایەنێک و دژایەتیی ئەم لایەن لەگەڵ لایەنی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم چەشنە تێڕوانینە لە ژێر کاریگەریی کەش و هەوای سەردەمی دوو جەمسەرییەوە ڕیشەی خۆی لە ناو سیاسەتی کوردیشدا داکوتا و تا ڕۆژی ئێستاکەش کاریگەرییەکانی لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوامە. واتە سیاسەتی ئەم چینە لە دژی چینێکی تر. ئەم سیاسەتە وای کرد سۆشیالیزم بە درێژەی ۷۰ ساڵ لە سەر بنەمای لێکدانەوەیەکی ئابووری، چینایەتی و نەبینینی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، وەدیهاتنی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی ئەوان سەیر بکات. ئاکامی ئەم ڕەوتە لە سیاسەتی سۆشیالیستی، قەیرانێکی بەردەوام بوو و بە ڕووخانی سوڤیەت ڕامانی سۆشیالیستیش تووشی دارمانیکی گەورە بوو. لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی لەم شێوەیە، لاکلاو و مووف بە نووسینی کتێبی هەژمۆنی و ستراتێژیی سۆشیالیستی[۶] - هەوڵی سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی سۆشیالیزم و رزگارکردنی ئەم ڕامانەیان لە قەیرانی سەردەمی نوێ دا.

بەردەوامیی ئەم ڕامانە گەیشتە چەمکێک لە ژێر ناونیشانی ڕادیکال دێموکراسی. ئەم چەمکە وەک پڕۆژەی ئەم دوو بیرمەندە تا کاتی ئێستاکەش بەردەوام بووە. مووف سەبارەت بەم چەمکە دەڵێ: بە لەبەرچاوگرتنی دێموکراسیی ڕادیکال و پلوراڵ کە لە کتێبی هەژموونی و ستراتێژیی سوشیالیستی سەرچاوەی گرتبوو زۆر تێگەیشتنی هەڵە ڕووی داوە. ئەمە دابرانێکی تەواو لە لیبەراڵ دێموکراسی بۆ دامەزرانی رژێمێکی تەواو نوێ نیە. لە ڕاستیدا ئێمە بانگەشەی ڕادیکاڵیزەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیک-سیاسەتی رژێمە لیبەراڵ دێموکراتەکان و ئازادی و هاوسانی بۆ هەمووان دەکەین.[۷]

ئەمە وەک خاڵی پێکگەیشتنەوەی کردە و تیۆر، دامەزرانی هەژمۆنییێکی نوێیە بۆ لە باوەش گرتنی تەواوی پێکهاتە و توێژەکانی کۆمەڵگا، بە مەبەستی جومگەبەندی کردنی نەزمێکی نوێی سیاسی و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری دروست کردنی جیهانێکی هاوبەشی ئازاد و هاوسان. ئەم گۆڕانە بنەڕەتییە لەناو دەقی قەیرانی چەپ، تێڕوانینی کلاسیکی سۆشیالیستی لە بنەما وەرگرتنی ئابوورییەوە بەرەو جومگەبەندی کردنی داخوازییە نوێیەکانی کۆمەڵگا، توێژەکان، پەراوێزخراوەکان و ژنان و... ئاراستە کرد.

## ڕاسان لە ژێر تیشکی ڕادیکال دێموکراسیدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی پێشەنگی خەباتی کوردایەتی لەسەردمی قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران و کوردستان، ڕۆڵی مێژوویی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لە مهاباد گرتە ئەستۆ و هەمدیسان لە دۆخێکی قەیراناوی، ئەم کۆمارە لە ماوەیەکی کورتدا، لەناو چوو. دۆخی دوای کۆماریش بۆ ئەندامانی ئەم حیزبە و تەنانەت زیندوو مانەوەی ئەم حیزبە، هەر دۆخێکی قەیراناوی بوو، بەڵام بە جیاوازییەک؛ دامەزرانی کۆمار یادەوەرییێکی پڕشکۆی بۆ خەباتی دوارۆژ خولقاند و ئەم یادەوەرییە توانی ببێتە وزەیەکی نوێ بۆ کردەی سیاسی لە سەردەمی قەیرانەکان. سەردەمی پەڕیوەبوونی ئەندامان بۆ گەرمێن، زیندانی کرانی ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە زیندانەکانی ئێران، سەردەمی شەهید کرانی سەدیق ئەنجیری ئازەر، سولەیمان موعینی و...هتد کە زنجیرە ڕووداوی قەیران خولقێن بوون و بە شەهیدکرانی ڕێبەرانی سەرکردە،

نەمران قاسملوو و شەرەفکەندی ئەم قەیرانە گەیشتە لووتکە.

ئـەم ڕەوتە پڕ قەیرانە دوای جێگیربوونی حیزبی دێموکرات لە باشـوری کوردستان و ڕاوەسـتانی جموجوولی ڕاستەوخۆی حیزب بە مەبەسـتی پارێزگاری کردن لە ئەزموونی باشـور، وای کرد پانتای سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان تووشـی چەشنە بۆشاییەکی هێز ببێ. هاوکات پێگەیشتنی بەرەیەکی نوێ لە خوێندکاران، بەدیهاتنی توێژێکی ماماوەندی لـە کۆمەڵگا، گەشـەی خۆشـبژێوی ژیان وکرانەوەی پەیوەندییـەکان بوو بە هۆکاری چەقەرەکردنی بیر و ڕامانی نوێ لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران یان تەنانەت خۆشەویسـتیی وڵات و تێکۆشـان لە پێناوی ئازادیدا. ئەم سەردەمە سـەردەمی هاتنە ئـارای پرسـیاری نوێ، گۆڕانی جومگەکانـی کۆمەڵگا و دەرکەوتنی تێڕوانینی نـوێ بوو. هـاوکات لەگەڵ ئەمە سیاسـەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ماوەیـەدا توانیبـووی نەک تەنیـا لە وڵات، بەڵکو لە تەواوی ئێران ئەو جیهانە هاوبەشـە بڕوخێنێ کە سـەردەمانی پێشوو مرۆڤەکانی بۆ مەبەستێیکی سیاسـی-کۆمەڵایەتی لێک کۆ دەکردەوە.

لە بەستێنێکی گشتیی لەم چەشنەدا، لە سـەردەمی قەیرانێکی دیکەی دوای کۆتایی پێهاتنی شـەڕی ئێران و عێراقدا، قاسـملوو توانیبـووی ڕێـگای دەربازبوون لـە قەیران بدۆزێتەوە. بەڵام بە شـەهیدبوونی نەیتوانی ئـەم ڕوانگە نوێیەی خۆی بە تیۆر بکات. ئەو کاتەی قاسملووی نەمر لە دوایین ساتەکانی وتووێژیدا لە گەڵ عینایەت فانی، باسـی لە دێموکراسیی عەمیق [دێموکراسی ڕادیکاڵ] دەکرد، ئەو چرکەساتە بوو کە قاسملوو دەستی نایە سەر خاڵی قەیران و هاوکات دەربازبوون لـە قەیران. ئەم چەمکە کورتەی شـەهیدی سـەرکردە هیچ کاتێک لەلایـەن ئەندامانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانەوە ئاوڕی لـێ نەدرایەوە؛ لەبیر کرا، بەڵام هزر و ڕامـان نافەوتێ، وەبیر دێتەوە و دەبێتە خاڵی پێک گەیشـتنەوەی کردە و تیۆر. بێگوومان قاسـملوو بەهـۆی ئالوگۆڕەکانـی ئەورووپای ڕۆژهەلات، پێشـووەخت ئاگاداری لێکترازانی سـۆڤیەت و سوشـیالیزمی دامەزراو بووبوو. بێ هیـچ گومانێکیش ناوی شـانتال مووف و لاکلاوی بیسـتبوو و ئـاگاداری ناوەڕۆکی کتێبەکەیـان بوو. هەر بۆیە لـەو دیمانەیەدا باسـی لەو چەمکەی ئەوان کردوە. قاسملوو دەیزانی بە هۆی تەواو بوونی شەڕی ئێران و عێراق کۆمەڵگا دەگۆڕدرێت، سیاسەت گۆڕانی بەسـەردا دێت و مرۆڤەکانیش دەگۆڕدرێن. بۆیە داکۆکی لەسەر ئەم چەمکە دەکرد.

دوابـەدوای شـەهیدبوونی دوکتـور شـەرەفکەندی و پەراوێزخرانـی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی دۆخی باشوری کوردسـتان و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی، سـەردەمێکی تری قەیران ـ هەر بەو مانایەی لەسـەرەوە ئاماژەی پێ کرا ـ لە ناوچەکە و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسـتی پێ کرد. بەڵام ئـەم دۆخە نالەبارە دوای نزیکەی بیست ساڵ، بە دروشمی لێک گرێدانەوەی خەباتی شـاخ و شار خوێنێکی نوێی خستەوە ناو پانتای سیاسیی کوردستان. گەر لە سەر بنەمای چەمکی قەیران بنوارینە ڕاسـان، ئـەوە دەکرێ ئـەم دیاردەیە وەک چرکە سـاتی لە بیرکردنـەوە، وەک قەیران و وەک سـاتەوختی هەوڵدان بۆ دەرباز بوون لـە قەیران بنرخێنن. سـاتەوەختی وەلانانی پێشـگریمانەکانی پێشـوو و سـاتەوەختی بڕیـاردان بـۆ دەربازبوون لە قەیـران. بەڵام دەربازبـوون لە قەیرانی ئێسـتاکە، بە واتای دەربازبوون لە قەیرانەکانی داهاتوو نیە، چونکە سیاسـەت پرۆسـەیێکە لەناو قەیراندا گیان دەگرێت و لەناو قەیراندا قەقنەس ئاسا خۆی زیندوو دەکاتەوە. هەر بۆیە گەڕانەوەی ڕاسان

بۆ ئەو چەمکە لەبیر کراوەی قاسملووی نەمر ـ ڕادیکاڵ دیموکراسی ـ دەتوانێ ڕێخۆشکەری زاڵ بوون بەسەر کێشەکانی دوێنێ و ئەمڕۆکە بێ و هاوکات لە ئەگەری ڕووداوی قەیران لە داهاتوشدا، وەک دەرفەت کەڵکیان لێ وەرگیرێ. بەڵام ئەمە چۆن دەکرێ؟ چۆن ڕاسان دەتوانێ وڵامدەرەوەی جیهانی دارماوی هاوبەشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ؟ چۆن دەتوانێ لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێزە فاشیستەکان لە دوارۆژدا هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسی بێ؟ بێگوومان وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە لەم یادداشتەدا جێی نابێتەوە. هەر چەند دەکرێ وەک سەرەداوێکی گشتی لێی بڕوانرێت. پرۆسەی ڕادیکاڵ دیموکراسی وەک پرۆژەی ڕاسان دەتوانێ دوو ئاراستەی ناوخۆیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەبێ.

ئاراستەی ناوخۆیی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەردەمی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ خاوەن دوو هێزی سەرەکی نیە، بەڵکوو خاوەن چەندین پارتی سیاسی و زۆر لایەنی فکریی جیاوازە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموون دەتوانێ لە ڕێگای ڕاسانەوە کولتوری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگۆڕێ؛ هەر بەو تێڕوانینە گرامشیيانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، واتە شەڕی پێگە، وەک ئاماژەیەک بە کار و خەبات و نەک ئاماژە بە شەڕی ڕاستەقینە- دەتوانێ ئەم تێڕوانینە کۆنەی شەڕی باو بۆ باڵادەستی هێز لە کوردستان بگۆڕێ و هەر لە ئێستاوە لە ڕێگای جومگەبەندی کردنی تەواوی داخوازییەکانی خەڵک و ڕوناکبیران هەوڵ بۆ بە ناسەربازی کردنی شەڕ بدات، بە واتاییکی‌تر لە جیاتی پەیڕەوکردنی کایەی بردنەوە- دۆڕان، بە پێی پێگەی مێژوویی و دروشمی دیموکرات بوون، لە ڕێگای جومگەبەندی کردنی تێکۆشانێکی چەن لایەنەوە، داخوازیی دیموکراتیک شوڕ کاتەوە ناو قوڵاییی تەواوی بەش و توێژەکانی خەڵکی کوردستان. ئەم سیاسەتە لە ڕێگای ڕاسانەوە دەتوانێ ڕاسان لە بنکەی حیزبی بوونی خۆی بەرەو بنکەیەکی بەرفراوان و بەرفراوانتری جەماوەری ئاراستە بکات.

لەسەر بنەمای ڕاستینەی ڕادیکاڵ دیموکراسی، ڕاسان وەک دیسکۆرسێکی نوێ کە هەوڵی لێک گرێدانەوەی خەباتی شاخ و شاری هەیە، پێویست ناکا کۆمەڵگا و نەزمی ئێستاکەی کۆمەڵگا وەک پڕەنسیپێکی بنەڕەتی و چەقبەستوو سەیر کات. پێویست ناکات کۆمەڵگا وەک پانتاییێکی داخراوە سەیر بکات، ڕاسان نابێ کۆمەڵگا وەک زات و جەوهەرەیەک ببینێت، بەڵکوو پێویستە تایبەتمەندیی هەردەم ڕوو لە گۆڕانی ناسنامەکان و سەقامگیرنەبوونی واتای ناسنامەی پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێت تاکوو بتوانێ چەتری دیسکۆرسی خۆی زیاتر بکاتەوە، وەک تاکە حیزبێک قەتیس نەمێنێتەوە. هەر بۆیە ڕاسان گەر بتوانێ وەک کردارێکی جومگەبەند، کۆمەڵگا لێک بداتەوە، دەتوانێ ژنان بە داخوازییەکانی خۆیانەوە، لاوان بە داخوازییە تایبەتیەکانیانەوە، مامۆستایان و کرێکاران بە داخوازییەکانی خۆیانەوە، هێزە دیموکرات و تەنانەت ئایینداراکانیش بە ناسنامەی خۆیانەوە لە ناو چەتری دیسکۆرسی خۆیدا جێگا بکاتەوە. ئەم سیاسەتە دەتوانێ لە دەرەوەی چوارچێوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پانتایەکی بەرفرەتر بگرێتە خۆی.

لەم خاڵەدا دەکرێ پرسی سەرەکیی ڕاسان پێناسە بکرێت؛ خولقاندنی هەلومەرجی وەدیهاتنی دیسکۆرسێک بۆ لەدایکبوونی کردەی جەماوەری، کردەیەک دژی داگیرکاری، نادادپەروەری و هێنانە ژێر پرسیاری پەیوەندییەکانی بندەست بوون. لەم خاڵەدا ڕاسان دەتوانێ هاوکات دوو ستراتیژی

دیسکۆرسیف بەڕێوە ببات:
یەکەم بڕەوپێدان و شۆڕکردنەوەی خەبات لە پێناو ناسـاندن و جیاکردنەوەی سەرکوت لە بندەسـتی. خەبات لە پێنـاو ڕزگاری لە سـەرکوت و داگیـرکاری ئاراسـتەیەکە بۆ جومگەبەنـدی کردنی پرسـی دەسـەڵات Soverigenty و ئاراسـتەی دووهـەم، چەسـپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەناو تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگادا لە خۆ دەگرێ.
دووهەم: قووڵ کردنەوە و شۆڕکردنەوەی پرسـی دێموکراسـی، لەبەر چاوگرتنی ئەم ستراتیژیە ئاراستەیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێ. بـە دژ نەناسـینی هیچ پارتـی و لایەنێکی کوردی، ئەمە -وەک لە سـەرەوە باسـی لێ کرا- بە هۆی پێشـگرتن لە خولقانی قەیرانی گەورە لە ئاستی کوردستان لە دوارۆژدا وەک ناسەربازی کردنی شـەڕ پێناسەی بۆ کراوە؛ ڕاسان بە پێی هەڵگرتنی ئەم ڕێبازە دەتوانێ ببێتە داڕێژەری کولتورێکی نوێی سیاسی لە کوردسـتان و ڕکەبەرایەتیی سیاسـی وەک کایەی سیاسـی بچەسـپێنێ و لەم پێناوەدا ببێتە ئاڵاهەڵگری چەسـپاندنی دێموکراسی لەناو کورسـتاندا. ئەمە لـە حاڵەتی ڕوودانی هەر چەشنە بۆشـاییەکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و ئێـران، گرینگتریـن خاڵ بۆ بەردەوامیی خەباتی داهاتووی کورد- نەک بە تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران- دێتـە هەژمار. هیچ لایەنیک ئەزموونی تاڵ و ناڵەباری باشوری کوردستانی لەبیر ناچێتەوە و مەترسیی ئەم قەیرانە لە ڕۆژهەڵاتیش کەم نیە. لەسەر ئەم بنەمایە ڕاسان نەک تەنیا وەک شۆرشێکی چەکدارانە، بەڵکوو وەک هەڵگری دیسکۆرسـێکی سیاسی-جەماوەری، دەتوانێ بە قووڵ بوونەوە لەسـەر نزیـک کردنەوەی لایەنە سیاسـیەکانی کوردستان، خۆی ببێتە هۆکاری چەسـپاندنی زۆرتری دێموکراسی. ئـەم خاڵە بە تایبـەت بـۆ ڕوبەڕوبونەوە لە گـەل هێزە ئێرانیەکان لـە داهاتوودا خاوەن قورساییی تایبەتی خۆیەتی.

## وتەی کۆتایی

ئەوەی لە ڕۆژی ئەمڕۆکە لە پانتای سیاسیی کوردسـتان و ئێرانـدا ڕوو ئەدا، سیاسـەتی دەستەوەستانی و چاوەڕوانییە. چاوەڕوانییەک بۆ گۆڕانـی دۆخـی هەنووکەیی بـەڵام لە دەرەوەی ئێـرادەی سیاسـیی گەلی کورد. ئەمـە ڕاسـتییێکی سیاسـییە. کـورد نە لە ڕووی هێزەوە قورسـاییی ڕوخاندنی کۆماری ئیسـلامیی هەبووە، نە ئەکتەرێکی سیاسـی بووە. کۆمەڵگای کوردسـتان و سیاسەت لە کوردسـتان لە ناو قەیرانادیە. ئـەم قەیرانە ساتە وەختی مەترسی و لەدەستدانی زۆرێک لە بەهـا و بایەخەکانە. لەماوەی ۴۰ سـاڵی ڕابردوودا، لە ماوەی ۲۰ ساڵ لە کۆتاییهاتنی خەباتی ڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرێـک لە هاوبەشـییەکانی کۆمەڵگا، نرخە هاوبەشـەکان و ئـەو جیهانە هاوبەشـەی ژینگەی سیاسیی مرۆڤی کوردی لەم بەشەی وڵات پێکهێنـاوە، ڕووخاوە. بـەڵام ئەمڕۆکە بە لەدایکبوونی ڕاسـان وەک نیشـانەیەک بـۆ دەربازبوون لەم قەیرانـە، دەرباز بوون لە سیاسـەتی چاوەڕوانـی، سـەرنجی یاران و نەیارانی بۆ هـەر کردەیەکی ئەم پرۆژەیە بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.
لـە کات و سـاتی ئێسـتاکەدا کـە دۆخی ئێـران و بە تایبەت کوردسـتان لە هەر ڕوویەکـەوە لە قەیراندایـە و قەیرانی قووڵتریشـی لـە ناخی خۆیـدا هەڵگرتووە، ڕاسان پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی داهاتووی دوور یان نزیک، ئەو کاتەی دۆخی سیاسیی ئێـران لە ناوەند بـە تەواوی گـۆڕاوە، ئەو کاتەی بۆشـاییی هێز لـە ڕۆژهەڵاتی وڵات بۆتـە ئەمری واقیع، بتوانێ دیسکۆرسـێکی سیاسـیی ئەوەندە بەرفرە و پـان و بەرین بخوڵقێنێ کە تەواوی ئەو پارت و گرووپانەی باوەڕیـان بە پرسـی کورد هەیـە، لە ژێر

چەتری خۆیدا کۆ کاتەوە، هاوکات بتوانێ لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازە ئێرانییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد لە پانتای سیاسیی ئێراندا هەیە، بگاتە لێکتێگەیشتنێک. گرتنە بەری ئەم ستراتیژییە پێویستی بە ڕەچاو گرتنی دوو ئاراستەی دێموکراسی هەیە، پەیڕەو کردنی دێموکراسییەک لەناو پانتای سیاسیی کوردستان و جومگەبەندی کردنی دێموکراسییەک بۆ پانتای سیاسیی ئێران. ئەمەش لە ڕێگای تیۆریزەکردنی چەمکی ڕادیکال دێموکراسی دەستەبەر دەبێ. ئەم دوو ئاراستەیە دەبێ و دەتوانن تەواوکەرەوەی دیسکۆرسێکی سیاسی بن، واتە گەیشتن بە ئازادی و سەقامگیر بوونی دێموکراسی. ڕەنگە تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاسۆ دوورە، بتوانین ڕاسان بکەین بە دیسکۆرسێکی سیاسی، ئەگینا قەیران پوتانسیەلی ئەوەی هەیە خۆی لە سیمای کارەساتێکدا دووبارە کاتەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە پرسەکانی ئێستاکەی ڕاسان بە پێشگریمانەکانی پێشوو وڵام بدەینەوە. هەر بۆیە دەربازبوون لە قەیرانی ئێستاکە، بە واتای دەربازبوون لە قەیرانەکانی داهاتوو نیە، ڕاسان پێویستە دوور بنوارێ و بۆ هەر قۆناخێک لە قەیران، نەخشە ڕێگای ئامادەی هەبێ، لە کات و ساتی ئێستادا گەرانەوە بۆ رادیکال دێموکراسی ڕەنگە باشترین تێڕوانین بێ.

## تێبینی

بە هۆی ئەوەیکە هەوڵدراوە ئەم وتارە زۆر نەچێتە ناو خانەی وتارێکی ئەکادیمیەوە، بێ ئەوەیکە دەقاودەق ڕستەکانی سەرچاوەیەک وەرگێڕدرابنە سەر زمانی کوردی، هەندێک لە ئایدیای سەرەکی لە سەرچاوەکان وەرگیراون و وەک سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ بەکار هاتوون.

## سەرچاوەی ڕاستەوخۆ:

Antonio Gramsci (1971) Selections from the Prison Notebooks, trans. and ed. Quintin Hoare and Geoffrey Nowell Smith, New York: International Publishers, esp. pp. 210–8, 275–6

Arendt, Hannah, (1972). Crises of the Republic. New York: Harcourt Brace Jovanovich

Reinhart Koselleck (2006) 'Crisis', trans. Michaela W. Richter, Journal of the History of Ideas 67: 397–400.

## سەرچاوەی ناڕاستەوخۆ

Habermas (1987) The Philosophical Discourse of Modernity: Twelve Lectures, trans. Frederick G. Lawrence, Cambridge, MA: MIT Press, ch. I; S.N. Eisenstandt (2000) 1977.

Arendt, Hannah, Between Past and Future: Eight Exercises in Political Thought. London: Penguin Books.

Chantal Mouffe, For a Left Populism,Verso, 2018

Erensto Laclau & Chantal Mouffe, Hegemony and Socialist Strategy, Toward a Radical Democratic Politics, Verso, 2001

## ژێدەر:

1. Koselleck
2. Koselleck (2006, in n. 1), pp. 358–60
3. Antonio Gramsci (1971)pp. 210–8,275–6
4. Arendt 1977, 174
5. Segeregation effect
6. Hegemony and Socialist Strategy
7. Chantal Mouffe

- Antonio Gramsci (1971) Selections from the Prison Notebooks, trans. and ed. QuintinHoare and Geoffrey Nowell Smith, New York: International Publishers, esp. pp. 210–8,275–6

- Habermas (1987) The Philosophical Discourse of Modernity: Twelve Lectures, trans.Frederick G. Lawrence, Cambridge, MA: MIT Press, ch.I; S.N. Eisenstandt (2000)1977.

- Arendt, Hannah, Between Past and Future: Eight Exercises in Political Thought. London:Penguin Books.

- Chantal Mouffe,For a LeftPopulism,Verso, 2018

# دیالکتیکی ناسیۆنالیزمی حاکم و مەحکووم لە ئێران

ئاسۆ ساڵح



**ئاماژە**

خاڵێکی سەرەنجڕاکێش لەم نووسراوەیەدا پیشاندانی ڕۆڵی سەرەکیی ڕۆشنبیرانی نەتەوەپەرەستی فارس لەم چوارچێوەیەدا بووە. ئەگەرچی دەسەڵات و ڕۆشنبیرانی فارس لەم یەک ساڵەی دواییدا زۆرجار دژی یەکتر ڕاوەستاون، بەڵام ئەو خاڵەی کە هەمووکات ئەو دووانە پێکەوە لە سەری هاوڕا بوونە، سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەیە.

## سەرەتا

یەک: ڕیشەی ئەوەی لە ژێر ناوی «ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی ئێران» لە پێوەندی لەگەڵ کورد، بەلووچ، تورک، تورکمەن، عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەکار دەبرێت و لە لایەن گرووپە جۆراوجۆرە چەپ و ڕاستەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانەوە دژایەتی دەکرێ، لە واقیعدا لەناو پرۆسەیەکی»دژکردەوە«یی بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی (بیخوێننەوە فارسی) دایە کە هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات نەتەوەکانی دیکە و شوناسی نەتەوایەتییان «ئینکار» یان «لە ناو»یان ببات. ئەم ناسیۆنالیزمە لە چەندین دەیەی ڕابردوودا، هەمووکات لە لایەن ڕووناکبیرە ئێرانییەکانی سەر بە نەتەوەی فارسەوە تیۆریزە دەکرێ و لە لایەن سیستێمە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتەوە (مەشرووتە، پاشایەتی یا کۆماری ئیسلامی) بە کردەیی دەکرێت.

دوو: بابەتی ناسیۆنالیزمی فارس، بابەتێکە کە کەمتر لە لایەن میدیاکان و نووسەرانەوە باسی کراوە. زۆربەی باسەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بە شێوەی هەڵڕشتنی قینێک بووە کە ئەم شێوە ناسیۆنالیزمە لە ناو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، پێکی هێناوە. باس کردن لە مێژووی ئەم ناسیۆنالیزمە و جۆری بە کردەیی کردنی ئەمڕۆژی، دەتوانێ بۆناساندنی گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆ و داهاتووی ئێران یارمەتیدەر بێت.

سێ: لە ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆژانە ڕەفتارگەلێک دەبینین کە ئاکامی دەبێتە بەهێزتر بوونی ئەم ناسیۆنالیزمە، چ لە ئاست دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی و چ لە ئاست ئۆپۆزیسیۆنی. بۆ وێنە: باس کردن لە مەکتەبی ئێرانی ئیسلامی لە سەردەمی ئەحمەدینەژاد، هێنانەوەی مەنشووری کووروش لە مووزەخانەی بریتانیا، دژایەتی بەرانبەر بە پەیمانی ستراتژیکی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵە، دژایەتی لە بەرانبەر ڕاسانی حیزبی دیمۆکرات، دژایەتیی مەسەلەی خوێندن بە زمانی دایکی، گرینگی دان بە زمانی فارسی لە دەوڵەتی ڕوحانی و هەزاران نموونەی دیکە.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات لەم ناسیۆنالیزمە و دیالکتیکی نێوان ناسیۆنالیزمی فارس و دەسەڵات و هەروەها دیالکتیکی نێوان ناسیۆنالیزمی فارس و نەتەوەکانی دیکە بکۆڵێتەوە.

## ئیدە

ناسیۆناڵیزم چەمکێکی مۆدێرنە، واتە لە سەردەمی مۆدێرنیتە سەری هەڵداوە، واتە لەو کاتە دەوڵەت\نەتەوەکان دروست بوون، بە واتەیەکی دیکە نەتەوەیەک لە جوگرافیایەکی تایبەت دەسەڵاتی حوکمڕانیی گرتە دەست. بۆیە ناسیۆناڵیزمێک کە گرێدراوی نەتەوە بندەستەکان بووە، لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیدا ناسیۆناڵیزمێکی دژکردەوەیی بووە، واتە بە دژکردەوە لەگەڵ ڕەفتاری ناسیۆناڵیزمی نەتەوەی سەردەست، پێک هاتووە.

ئەم ڕاستییە لە قۆناغی سەرهەڵدانی ناسیۆناڵیزمەکەدایە، بەڵام چارەنووسی ناسیۆناڵیزمەکان بە پێی کات و ڕەوشی تایبەتی نەتەوەی بندەست دەگۆڕدرێت. یان ئەوەی کە بە تەواوی دەتوێنەوە (وەکوو ناسیۆناڵیزمی بەشێک لە نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لەوانە گیلەک و مازەنی لە باکووری ئێران) یان خۆی تیۆریزە دەکات و لە قاڵبی دژکردەوەیی دێتە دەر (وەکوو ناسیۆناڵیزمی کوردی یان تورکی لە ئێران).

ناسیۆناڵیزمی ئێرانی یان ناسیۆنالیزمی فارس بە واتای زمانی هاوبەشی فارسی، چوارچێوەی جوگرافیی نەگۆڕی ئێران و جۆرێک لە ستاتووسی کۆمەڵایەتییە کە لەگەڵ ئەم ناسیۆنالیزمە پێناسە دەکرێت. ئەم ناسیۆنالیزمە جۆرێک پێناسەی لە «خود» و «ئەوی دی» لە سەر ئەساسی جیایی (=بەرزتربوونی) کولتووری هەیە. «ئەوی دی» لەم ڕوانگەیەدا هەر ئەوەیە کە خۆی وەکوو ناسیۆنالیزمی (؟) نەتەوەکانی دیکەی ئێران

دەناسێنێت. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە هیچکات دەسەڵاتی سیاسیی (حکوومەتی) یان هیچکات هێژمۆنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نەبووە، بۆیە ناتوانێ دابینکەری پێوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی حاکم (فارس) بێت.

لە مێژووی سەد ساڵەی ئێراندا، هیچ هۆکارێکی عەینی بۆ هەبوونی ئەم ناسیۆناڵیزمە نەبووە، بەڵکوو خۆی تەنیا لە پێوەندییەکی لە پێش پێناسە کراوی «خود و ئەوی دی» ناسیۆنالیزمی حاکمدا دیتۆتەوە. بەم شێوەیە کە هەست بە بوون لە ئاستێکی نزمتر لەم پێوەندییە، وا دەکات کە هەستێک کە پێی دەگوترێ «گریز از مرکز» پێک دێت. ئەمە دەورێکی پووچە کە هەبووە و هەیە. ئەم دەورە پووچە لە سەردەمی پێک هاتنی ناسیۆناڵیزمی نەتەوە بندەستەکان زۆر جار دووپات کراوەتەوە، تا ئەوەی کە بەشێک لە نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لەوانە کورد، لەو قۆناغە دژکردەوەییە دەرباز کردووە و چۆتە ناو قۆناغی تیۆریک و پێناسە کردن.

## دەوری پووچی دووبارە پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی حاکم (فارس) لە ئێران



## «شـــوناس»، «شوناســـی نەتەوەیـــی» و ناسیۆنالیزم

شوناس دەگەڕێتەوە بۆ تاکی مرۆڤ لە جیهانی کۆمەڵایەتی. شوناس پێکهاتووە لە هەندێ هزر سەبارەت بەوە کە ئێمە «کێین» و لەگەڵ ئەوانی دیکە چۆن پێوەندی بگرین. دوو جۆر شوناس بەدی دەکرێ، شوناسی تاک و شوناسی کۆ.

شوناسی تاک دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکانمان سەبارەت بەو شتانەی کە ئێمە جیا دەکەنەوە، واتە ئەم هەســـتانە جۆرێک لە تێگەیشتنە لە «من». شوناســـی کۆ پێوەندیـــی بە هاوتاکردن و جۆرکردنی ئێمە لەگەڵ کەســـانی دیکەیە، ئەم شوناســـە دەگەڕێتەوە بۆ هەســـتەکانمان لە «ئێمـــە». نەتەوە جۆرێک شوناســـی کۆییە. بەشێک لە نەتەوە بوون، واتە هاوبەش بوون لە بەرژەوەندییەکان.[۱]

شوناس شتێک نییە کە لەگەڵمان لە دایک بێت یـــان پێمان بدرێت، بەڵکوو بە شـــێوەی بەردەوام و لە ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەوە دروست دەبێت. پێک هێنانی شوناسێک دەگەڕێتەوە بۆ هەستێک لە جیایی و هاوکات بە هەســـتێک لە یەک بوون. بەدەســـهێنانی شوناســـی کۆ، هەم پێویستی بە «ئێمە» هەیە و هەم «ئـــەوان». پێک هێنانی شوناســـی کۆ، هەم دروست کردنی سنوورەکان لەگەڵ خۆی دێنێت و هەم ئەندام بوون. تاک پێویستە هەم هەستێک لە لێکچوون و هاوتا بوونی هەبێت و هەم هەستی جیاوازی (لەگەڵ ئەوانی دیکە).

شوناسی نەتەوایەتی دیاردەیەکی مۆدێرنە کە لە ســـەر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی و هزری نەتەوایەتی سوارە. پێش لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، گرووپە ئێتنیکییەکان و کۆمەڵگا کولتوورییـــەکان هەبوون، بـــەڵام تەنیا لەگەڵ پێکهاتنی ناســـیۆنالیزمە کە ئەم شوناسانە لە بواری نەتەوایەتیدا تەعریف دەکرێن.

ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرنە و لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتـــی مۆدێرندا پێوەندی هەیە. دەوڵەتی مۆدێـــرن، پێکهاتەیەکە کە لە ســـەر هەرێمێکی دیاریکراو دەسەڵاتی هەیە. دەوڵەتی مۆدێرن پێش لە ناســـیۆنالیزم شـــکڵی گرت. ناسیۆنالیزم لە زەمەنێک بەرەوپێش چوونی بە خۆیەوە بینی کە دەوڵەتەکان ئیدیعای دەوڵەتی نەتەوایەتییان هەبوو.

فاکتـــەری «شـــوناس» خاڵێکـــی نەگۆڕلە ناســـیۆنالیزمدا دێنێتە ئـــاراوە: «ئێمە/ئەوان». زنجیرە هاوشـــێوەکانی شوناسێک هەمووکات لە بەرانبەر هەندێ زنجیـــرەی دیکە دێن کە «ئەوانـــی دیکە» پیشـــان دەدەن. ئەمە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە «ئەوانی دیکە» لە پرۆســـەی لەناوبردنیـــان، دژایەتی و بـــێ بەش کردن لە مافەکانیان، بۆ خۆیان شوناسێک پێک بێنن.

## ناسیۆنالیزمی ئێرانی

بە باوەڕی نووســـەر، ڕیشـــەی ناســـیۆنالیزمی کـــوردی، عەرەبی، تورکـــی، بەلووچی و هتد لە ئێـــران، لە دژ کردەوەیەکدایـــە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی ئینکارگەر (ناسیۆنالیزمی فارس) کـــە لە دوو قۆناغ لە چەنـــد کاتی جیا، خۆی ڕێکخستووە. ئەم ناسیۆناڵیزمانە دواتر خۆیان تا ڕادەیەک پێناسە کردووە و لە قاڵبی دژکردەوەیی هاتوونەتە دەر، بەڵام مەبەســـت لـــەم دێڕانە، هەڵدانەوەی بنچینەی ئەم ناسیۆناڵیزمانەیە.

ئەو دوو قۆناغە کە بوونەتە هۆی ڕێکخستن و پێناسە کردنی ناسیۆناڵیزمی فارسی لە ئێران بریتین لە نەتەوەپەرەستیی ئیفراتیی ڕۆشنبیرە ئێرانییەکان (فارسەکان) کە هاوکات بوو لەگەڵ شۆرشـــی مەشـــرووتە و هەروەها سیاســـەتی ناوەندگەراییی دەسەڵات. ئەم دووانە هەمووکات یەکتریـــان بەهێزکردووە و لە کۆتاییدا بوونەتە هـــۆی دووبـــارە بەرهەمهاتنـــەوەی (بازتولید) ئەمرێکی دژکردەوەیی بە ناوی ناســـیۆنالیزمی نەتەوەکانی ئێران.[۲]

ناســـیۆنالیزمی ئێرانی (فارسی) لە لایەن ڕۆشـــنبیرەکانەوە تیۆریزە دەکـــرا و لە لایەن دەسەڵاتەوە پراکتیزە دەکرا. بۆیە لە دوو بواردا گۆڕانی بە سەرداهات: بە پشتیوانیی دەسەڵات

و بە ڕێوشوێنی ڕۆشنبیران. ناسیۆنالیزمی ئێرانی (فارسی) هەوڵی دا کە لە ئێرانی فرە نەتەوە و فرە زمان، بیری «ڕەگ و ریشەی هاوبەشی قەومە ئێرانییەکان» بڵاو بکەنەوە و جەخت لە سەر گرینگیی هاوبەشیی مێژوویی لەگەڵ زمانی فارسی، وەکوو پێکهاتەی سەرەکیی شوناسی سەرەکیی «ئێرانی»، بکەنەوە.

ئەم خاڵە بووە هۆی ئەوەی کاتێک کە ڕەزاخان ساڵی ١٣٠٤ ک. ه. دەسەڵاتی گرتە دەست و هەوڵی دا دەوڵەتێکی مۆدێرن، یەکپارچە و ناوەندی پێک بێنێت، پێک هێنانی سیاسەتی «یەک نەتەوە و یەک زمان»ی گرتە بەر. ڕەزاشا سیاسەتی پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانیی لە سەر بنەمای یەکبوونی دەوڵەت و نەتەوەی «ئێران» کە جەخت لە سەر زمانی فارسی و خەڵکی فارس زمان دەکرا، گرتە بەر. لە درێژەی دەورانی پەهلەوی، ڕژێم هەوڵی دا «گەورەیی»ی قەومی پارس، شکۆمەندیی زمان و ئەدەبیاتی فارسی پیشان بدات و کولتوری فارسی بەرز بنێرخێنێت. لە بەرانبەردا، لەگەڵ کولتوورەکانی دیکە، لە ژێر ناوی کولتووری کۆن، ناشارستانیەت و دواکەوتوو ڕەفتار دەکرا. ئەمە بووە هۆی بەهێز بوونی ناسیۆنالیزم لە ناو نەتەوەکانی ئێران.[٣]

یەکەم نیشانەکانی بیری نەتەوەیی ئێرانی نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ مۆدرنیزاسیۆن و ڕۆژئاواگەرایی دەسەڵاتی ئەو کات، بوو و لانیکەم لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا، زۆرتر لە چوارچێوەی یاسادا بوو. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە خێراییەکی کەمتر لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی ڕیشەی دەکرد، بەڵام زۆرتر لەو دوو ناسیۆنالیزمەی دیکە بەربڵاوبوون و بەرەوپێش چوونی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا دەبینی.

یەکەم هەوڵەکان بۆ مۆدێرن کردنی ئیمپراتووری ئێرانی کاتێ دەستی پێکرد کە بە هەوڵی عەباس میرزا، لە شازادەکانی قاجار، یەکەم گرووپ لە لاوانی ئێرانی ساڵی ١٨٢٨ بۆ خوێندن نێردرانە ئۆرووپا. بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی فارسی زمان لە ساڵی ١٨٣٧ یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی دیکەی پەرەپێدانی ئەم ناسیۆنالیزمە بوو. پێشتر چەند ڕۆژنامە لە دەرەوە بە زمانی فارسی بڵاو دەکرانەوە. میرزا مەلکەم خان، سەرنووسەری ڕۆژنامەی قانوون وەکوو گرینگترین ڕۆژنامەی ئەو کات، لە ساڵەکانی ١٨٦٠ کتێبێکی لە ژێر ناوی پولیتیکە دەوڵەتییەکان (پولتیکهای دولتی یان بە زمانی ئەمرۆیی سیاسەتی دەوڵەتی) بڵاو کردەوە. ناوبراو لەم کتێبەدا ئیمپراتووریی ئێرانی لەگەڵ ئیمپراتووریی عوسمانی هەڵسەنگاند و جەختی لە سەر زیندووکردنەوەی ئەم ئیمپراتوورییە لە گەڵ هەندێ ڕیفۆرم کردەوە. هەر ناوبراو لەم پەرتووکەدا بۆ یەکەمین جار وشەی «ئێران»ی بەکار برد. پێشتر لە ڕۆژئاوا ئێرانیان وەکوو پێرشیا ناو دەبرد. لە لایەکی دیکە هەندێ ڕۆشنبیری دیکە وەکوو میرزا محەممەد حسێن نائینی کە بیری ڕیفۆرمیسی پان ئیسلامی هەبوو، هەوڵیان دەدا لە نێوان ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مەزهەبی شیعە پێوەندی ساز بکەن. یەکەم پەرتووکی مێژووی «نەتەوەیی» ئێران لە ژێر ناوی «تاریخ بیداری ایرانیان» لە لایەن نازم الاسلام کرمانی نووسرا کە ڕەنگدانەوەیەکی ئایینی و ناسیۆنالیستی بوو. تەنانەت ڕۆژنامەی صور اسرافیل لە ساڵەکانی ١٩٠٧ تا ١٩٠٩ کە لە ساڵەکانی شۆڕشی مەشرووتەدا بڵاو دەکرایەوە، هەوڵی دەدا لە نێوان ئیسلامیەت و ئێرانییەتدا پێوەندی ساز بکات.

ساڵەکانی دواتر، واتە لە دوو دەیەی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ بە پشتیوانیی شا، مێژوونووسیی نەتەوەیی دەستی پێکرد. بەشێکی هەرە زۆری ئەم مێژوونووسییە ڕوویەکی دژە مەزهەبی هەبوو و جەختی لە سەر گەورەیی کولتوور و مێژووی پێش ئیسلام لە ئێران دەکرد. ئەحمەد کەسرەوی سەرەڕای ئەوەی مێژووی نەخوێندبوو، کرایە گرینگترین ئەدیب و

مێژوونووس. بەشێک لە بەرهەمەکانی ناوبراو بریتین لە: مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان (کە هەوڵی دەدا بڵێت کە ئازەری ئارییین) و مێژووی مەشرووتەی ئێران. هەروەها سەعید نەفیسی ساڵی ١٩٥٦ پەرتووکی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانی بڵاو کردەوە و ساڵێک دواتر وعیسا سدیق پەرتووکی مێژووی فەرهەنگیی ئێرانی بڵاو کردەوە. ئەم پەرتووکانە و بە تایبەت ئەوەی دوایی زۆر شووینیستی بوون و لەگەڵ چکۆڵە کردنەوەی کولتووری نەتەوەکانی دیکە، هەوڵیان دەدا کە گەورەیی شارستانیەتی ئێرانی و فارسی پیشان بدەن.

کاتێک مێژوو نووسەکان و ڕۆشنبیرەکان خەریکی نووسینی پەرتووکەکانیان بوون و بەردی بناغەی ناسیۆنالیزمی فارسی - ئێرانیان قایم دەکرد، ڕەزا شا خەریک بوو ئەم بیرانەی پراکتیزە دەکرد. ناوبراو ناوی بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان، ئازەربایجان و عەرەبستان (خوزستان)ی گۆڕی و ناوی فارسی بۆ هەڵبژاردن. بۆ وێنە بەشێک لە کوردستانی کردە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەنزەلی کردە پەهلەوی و لوڕستان ناوێکی ئێرانیی گرت. بە بڕیاری ئەو لە ساڵی ١٩٣٤ ناوی «ئێران» لە جیاتی ناوی «فارس» یان «پێرشیا» بەکار برا. دەوڵەت لە بڕیارنامەیەکدا نووسیی: «پارس» یان «فارس» زەبوونیی دەسەڵاتی قاجارەکان پیشان دەدات و تەنیا بەشێکە لە وڵات، بەڵام «ئێران» گەورەیی مێژوویی و باستانی پیشان دەدات و ئاماژەیەکە بە نژادی ئارایی. ڕەزا شا هەروەها جێژنی هەزارساڵەی فیردەوسی، ئیبنی سینا و عومەری خەیامی بەڕێوە برد، واتە هەر بەو شێوەی کە کوڕەکەی، حەمە ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٧١ جێژنی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی ئێرانی بە تێچوویەکی زۆر بەڕێوە برد.[۴]

> شوناسی نەتەوایەتی لەسەر هزری نەتەوایەتی سوارە. پێش لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، گرووپە ئێتنیکییەکان و کۆمەڵگا کولتوورییەکان هەبوون، بەڵام تەنیا لەگەڵ پێکهاتنی ناسیۆنالیزمە کە ئەم شوناسانە لە بواری نەتەوایەتیدا تەعریف دەکرێن

لە سەردەمی ڕەزاشا و پاش بەڕێوە چوونی ئەو کارانە کە لە سەرەوە ئاماژە بە بەشێکیان کرا، سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەستی پێکرد و هەموو هەوڵەکان خرایە گەڕ بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی. هەر لەم چوارچێوەدا ئەو مەدرەسانە کە بە زمانەکانی دیکە بوون هەموویان داخران.[۵]

ڕژێمی پەهلەوی سیاسەتێکی گرتەبەر کە جەختی لە سەر ناسیۆنالیزمێک دەکردەوە کە وڵات و نەتەوەی ئێرانی هاوتەریب لەگەڵ فارسەکان و زمانی فارسی دەزانی. بەشێک لەم سیاسەتە، بەزۆر هاوڕەنگ کردنی نەتەوەکانی دیکە لەگەڵ نەتەوەی فارس بوو. نەتەوەکانی دیکە جگە لە نەتەوەی فارس لەم ڕژێمە بە فەرمی نەدەناسران و وەکوو گرووپ دەناسران و لە لایەن دەسەڵاتەوە هیچ جۆرە مافێکیان پێ نەدەدرا.[۶و۷]

پاش شۆرشی ٥٧، بەشێک لە ڕۆشنبیران وەکوو مێهدی بازرگان هەوڵیان دا تا کۆکراوەیەک لە نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی ئێرانی دروست بکەن. خۆمەینی و هاوڕێیانی هەوڵیان دەدا کە بە وتەی خۆیان «ئیدئۆلۆژییەکی لۆکاڵی نەک ڕۆژئاوایی» پەرە پێ بدەن. لە ڕاستیدا دروشمی «نە شرقی، نە غربی» جەخت لە سەر سەربەخۆیی ئێران، زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی فارسی - ئێرانی هەبوو(هەیە).

خۆمەینی لە نووسراوەکان و قسەکانیدا هەموو کات دژی بوونی نەتەوە بووە و هەموو کات «ئۆمەتی ئیسلامی» بە کار هێناوە. ناوبراو هەر ئەم وتەیەی بە ڕاشکاوی لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کورد باس کردووە. لەم وتەیە مرۆڤ بە ڕوونی تێدەگات کە لە

فەلسەفەی کۆماری ئیسلامیدا هیچ شوێنێک بۆ نەتەوەکانی دیکە نیە و هیچ مافێک بۆ نەتەوەکانی دیکە دابین نەکراوە.

لە ساڵەکانی دواییدا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ئێرانی - فارسی، لە چوارچێوەی مانی خۆیان و ئامانجە پۆپۆلیستیەکانیان، تێگەیشتوون. بۆ وێنە لە سەر گۆڕینی ناوی کەنداوی فارس بە کەنداوی عەرەب بە شێوەی هەستیارانە دەجووڵێنەوە (بۆ وێنە وڵامی زەریف لە دوایین دیداری لە ئامریکا کە ئاماژەی بەم خاڵە کرد) یان ئەوەی کە هەندێ هاوکاریی هاوبەشیان لە سەر ئەساسی زمانی فارسی و جۆگرافیای نەورۆز لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەی ناوچە دەست پێکردووە. بەشێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران (بە تایبەت لە سەردەمی ئەحمەدینەژاددا) باسیان لە مەکتەبی ئێرانی - ئیسلامی دەکرد. لەم نێوەدا لە وشەی مەکتەب کەڵک وەردەگیردرێ کە پێشاندەری فکرێکی مۆهەندیسی کراوە و هەروەها جەخت لە سەر ئێرانی بوون (فارس بوون) پێش لە ئیسلامی بوون دەکرێتەوە. حەسەن ڕۆحانیش هەمان سیاسەتی درێژە پێ داوە. ناوبراو لە سەفەرێکی بۆ تاجیکستان لە سەر بەرزتر بوونی کولتوری فارسی بە نیسبەت کولتوورەکانی دیکە قسەی کرد. ناوبراو هەروەها لە وتەیەکی دیکەدا بلاوکردنەوەی زمانی فارسیی وەکوو ئەرکێکی دینی ناساند.

بە شێوەی کورت کراو، دەکرێ ئاماژە بە دوو قۆناغ بۆ پێکهاتن یان پەرەپێدانی «ناسیۆنالیزمی ئێرانی/ فارسی» لە ئێران بکرێت:

## قۆناغی یەکەم: ڕۆشنبیرانی نەتەوەپەرەست

لێرەدا ئاماژە بە چەند بەڵگە و فاکت و هەروەها چەند سەردەمی هەستیار لە مێژووی ئێران دەکرێت کە قۆناغی لە دایک بوونی ڕۆشنبیرانی نەتەوەپەرەست لە ناو ڕۆشنبیرانی فارس بوو. ئەم قۆناغە هاوکات لەگەڵ شۆڕشی مەشرووتە و پاش ئەوە بووە (زۆرتر لە ١٠٠ ساڵ). لەم دەورە هەندێ وشە وەکوو «تەمامیەتی ئەرزی» و «جیایی خوازی» دێنە ناو ئەدەبیاتی ڕۆشنبیران و جۆرێک ناسیۆنالیزمی وشکی فارسی (ئێرانی) پێک دێت. ڕۆشنبیرانی فارس بۆ بەرەنگاربوونەی ترسێک کە خۆیان سازیان کردووە و ناویان ناوە «جیایی خوازی»، هەندێ ڕێگەچارە پێشنیار دەکەن کە پێویستە لە چوارچێوە ئاسیمیلاسیۆنی کولتوری و زمانی یان ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ جینۆسایدی سپی لێک بدرێنەوە. ڕۆشنبیرانی نەتەوەپەرست هاوکات هەموویان لە سەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی «مەرکەزی دەسەڵاتدار» هاوران.

> ڕۆشنبیرانی فارس بۆ بەرەنگاربوونەی ترسێک کە خۆیان سازیان کردووە و ناویان ناوە «جیاییخوازی»، هەندێ ڕێگەچارە پێشنیار دەکەن کە پێویستە لە چوارچێوە ئاسیمیلاسیۆنی کولتوری و زمانی یان ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ جینۆسایدی سپی لێک بدرێنەوە

**١** ساڵی ١٩٠٥ بارودۆخ بۆ شۆڕشێکی سیاسی هاتە ئاراوە. چینی مامناوەندی سوننەتی کە چینێکی بەربلاوتر بوو، لە بواری ئابووری، ئیدئۆلۆژیک و سیاسی لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی جیا ببووەوە. چینی ڕۆشنبیری نوێ، لە ژێر کاریگەریی مەشرووتەدا، «ناسیۆنالیست» و سێکۆلار بوو.[٨]

**٢** ڕۆژنامەی «ئێرانی نوێ» وەکوو یەکێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی تاران و ئێران، ساڵی ١٩٠٩ زنجیرە وتارێکی بۆ پشتیوانی لە ئیدەی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بەشە جیاجیاکانی ئێران بلاو کردوەوە. لە یەکێک لە سەروتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا لە ژێر سەردێڕی «ئێمە یەک نەتەوەین» (ما یک ملت هستیم) هاتووە کە تەنیا نەتەوەگەرایی بەربەستێکی جێی باوەڕە لە بەرانبەر «فرقە گرایی»دا. لەم سەروتارەدا نووسراوە: «بۆ ئەوەی پاش شۆڕشی مەشرووتە نەگەڕێینەوە دواوە

بۆ دیکتاتۆریەت، پێویستە هەموو هاووڵاتیان خۆیان بە ئێرانی بزانن».[٩]

**٣** پاش پەیماننامەی ١٩١٩ی نێوان ئێران و ئینگلیس و هاوکات نارەزایەتییەکانی هەرێمە جیاجیاکانی ئێران، بەشێکی زۆر لە «رۆشنبیران» خوازیاری سیاسەتی ناوەندگەرایی بوون. بەهار، کە خۆی شاعیرێکی تورکە، لەم بوارەدا دەنووسێ: «بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە سیاسەتی دژە ناوەندگەرایی هەرێمی بە ئاسانی دەبێتە هۆی دابرانی نەتەوەیی، من پشتیوانی لە دەسەڵاتی ناوەند دەکەم ورەخنەم لە کووچەک خان، خیابانی و تەقی زادە هەیە. بەم هۆکارە من پشتیوانی خۆم لە پێکهێنانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و دژی خودموختاریی هەرێمی رادەگەیێنم».[١٠]

**٤** گۆڤاری «ایرانشهر» یەکێک لە گرینگترین گۆڤارەکانی دەرەوەی وڵات بوو کە لە بێرلین چاپ و بڵاو دەکرایەوە و زۆر نووسەر و رۆشنبیر تێیدا دەیاننووسی. یەکێک لەو بابەتانە کە لەم گۆڤارە باس کراوە، «زیانەکانی قەومییەت» بووە. لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «ئایین و نەتەوە« هاتوە کە «کێشەی قەوم گەرایی وەها جیددیە کە هەرکات لە دەرەوەی وڵات لە کەسێکی ئێرانی سەبارەت بە نەتەوەکەی دەپرسی، ناوی شوێنی لە دایک بوونی خۆی ئەڵێت نەک ناوی پڕ لە شانازی وڵاتەکەی. ئێمە پێویستە هەموو زمانەکان، جل و بەرگەکان، کولتوورەکانی لۆکالی (محلی) لە ناو ببەین.[١١]

**٥** مانگنامەی «ئایەندە« ساڵی ١٩٢٥ و هاوکات لەگەڵ رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە، خواستەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی سەرکوت کرد وجەختی لە سەر دروست کردنی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و شوناسی نەتەوەیی کردەوە. لە یەکەم بابەتی ئەم گۆڤارەدا و لە ژێر سەردێری «خواستی ئێمە، یەکبوونی نەتەوەیی ئێران» هاتووە: «ئایدیال یان خواستی کۆمەڵایەتیی ئێمە، پاراستنی یەکبوونی نەتەوەییی ئێرانە... مەبەستی ئێمە لە یەکبوونی نەتەوەییی ئێران، یەک بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکێکە کە لە ناو سنوورەکانی وڵاتی ئێرانن. ئەمە بە دوو واتای دیکە دێت کە بریتین لە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی و «تەمامیەتی ئەرزی ئێران» (بۆ یەکەمین جار ئەم وشەیە لێرە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران و لە ناو رۆشنبیراندا لە دایک دەبێت)... پێویستە لە هەموو وڵات زمانی فارسی گشتگیر بکرێت، جیاوازیی لۆکالی (محلی) لە بواری جل و بەرگ و کولتور و ... لاببرێن. کورد، لور، قەشقایی، عەرەب، تورک و تورکمەن و هتد یەکسان بن و هەموویان یەک جل و بەرگیان لە بەر بێت و بە یەک زمان (فارسی) قسە بکەن... بە باوەری ئێمە تا ئەو کاتەی لە ئێران یەکبوونی نەتەوەیی لە بواری زمان، جل و بەرگ و هتد نەیێتە دی، هەرکات مەترسی لە سەر سەربەخۆیی سیاسی و تەمامیەتی ئەرزی هەیە... پێویستە هەزاران پەرتووک بە بەهایەکی کەم و بە زمانی فارسی لە سەرتاسەری وڵات، بە تایبەت ئازەربایجان و خووزستان بڵاو بکرێتەوە. ناوە جۆگرافیاییە غەیری فارسیەکان پێوەیستە بکرێنە فارسی و...»[١٢]

بە دڵنیاییەوە بۆ ئەم قۆناغە دەتوانین سەدان و هەزاران بەڵگە و فاکتی دیکە بهێنینەوە، بەڵام ئەم چەند فاکتە دەتوانن مەبەستی باسەکەی نووسەر بگەیێنن.

## قۆناغی دووهەم: هاوڕایی دەسەڵات لەگەڵ رۆشنبیران

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە لە پاڵ خواستە نەتەوەپەرستییەکانی رۆشنبیرانی ئێرانی (فارس)، دەوڵەتی ناوەندیش هاوکات هەندێ بریاری جێبەجێ کردن. ئەمە تەنیا دەوڵەتی رەزا شا یا سەردەمی پەهلەوی ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەم دیالکتیکە لە نێوان رۆشنبیرانی نەتەوەپەرست (فارس) و دەسەڵات تا ئێستاش درێژەی هەیە.

حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی ناوەند کە

حەزیان لە دروشمی «پێکهێنانی دەسەڵاتی ناوەند»دەکرد (کە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە باس دەکرا)، هەوڵیان دا ئەم بیرانە پراکتیزە بکەن. لەم نێوەدا هەندێ ڕووداویش لە دەورە زەمەنیە جیاجیاکاندا لە سەر نەتەوەگەراییی دەسەڵاتی ناوەندی کاریگەریی هەبووە:

١. سەفیری ئینگلیس سەبارەت بە «ڕیفۆرمەکان»ی ڕەزا شا ئەنووسێ: «شا کە دەسەڵاتی مەلاکان کەم دەکاتەوە، ئێستا پێویستی بە شتێکە کە شوێنی ئاینی بگرێتەوە، ئەمەش شتێک نیە جگە لە نەتەوەپەرەستی...».[١٣]

٢. لە درێژەی سیاسەتەکانی ڕەزاشا دژ بە نەتەوەکانی دیکە، هاوکات لەگەڵ زۆر بوونی ئەو قوتابخانانەی کە وەکوو قوتابخانەی گشتی دەناسران و لەواندا تەنیا بە فارسی وانە دەوترایەوە و هەروەها داخرانی هەندێ مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە توانایی خوێندن و نووسینیان هەبوو لە ناو نەتەوەی فارس زۆری کرد وبە پێچەوانەوە لە ناو نەتەوە بندەستەکان کەمتر بوو.[١٤]

٣. ساڵی ١٩٢٨پەرلەمان جل و بەرگی مەحەلليي وەکوو ناياسايی ڕاگەیاند.[١٥]

٤. ساڵەکانی ١٩٢٨ و ١٩٢٩ بە بڕیاری ڕەزاشا ناوی هەندێ شوێن گۆڕدران. بۆ وێنە عەرەبستان کرایە خوزستان، ئەنزەلی کرایە پەهلەوی، بەشێک لە کوردستان کرایە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئورمیە کرایە ڕەزایە، ئێستێرئاوا کرایە گۆرگان و محەمرە کرایە خۆرەمشار.[١٦]

٥. هەر لەو ساڵانە، بودجەی تاران ٢٠ قات زۆرتر لە بودجەی هەموو ئازەربایجان بوو، ئەمە لە حاڵێکدابوو کە ڕێژەی دانیشتوانی ئازەربایجان سێ ئەوەندەی تاران بوو.[١٧]

## لە کۆتاییدا

لەم نووسراوەیەدا وێڕای ئاماژەیەکی کورت بە بابەتی شوناس و ناسیۆنالیزم، ئاماژە بە هەندێ ڕووداوی سەردەمێکی قەیراناویی مێژووی ئێران کرا کە بە باوەڕی نووسەر، خاڵی سەرەتایی بۆ پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی ئێفراتیی فارس بووە کە هەوڵی ئەوە بووە شوناس و کولتووری نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئینکار بکات. ئەمە لە ڕاستیدا بەردی بناغەی بیرکردنەوەیەک بووە کە تا ئەمڕۆکەش بە ڕوونی دەبیسترێ و دەبیندرێ.

خاڵێکی سەرەنجڕاکێش لەم نووسراوەیەدا پیشاندانی ڕۆڵی سەرەکیی ڕۆشنبیرانی نەتەوەپەرەستی فارس لەم چوارچێوەیەدا بووە. ئەگەرچی دەسەڵات و ڕۆشنبیرانی فارس لەم یەک ساڵەی دواییدا زۆرجار دژی یەکتر ڕاوەستاون، بەڵام ئەو خاڵەی کە هەمووکات ئەو دووانە پێکەوە لە سەری هاوڕا بوونە، سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەیە. ئەم ڕۆشنبیرانە لەو کاتانە و تا ئێستاش خوراکی فیکریی دەسەڵاتی ناوەندگەرایان دابین کردووە و ڕەواییان بە کردەوەکانی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان، دژ بە نەتەوە بندەستەکانی ئێران، داوە. ئەم ڕۆشنبیرانە هەندێ وشەیان داهێناوە کە ئێستاش هەروا ئامێرێکن بۆ سەرکوت و بایکوتی نەتەوە بندەستەکان.

ئەم هاوڕاییەتیەی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵات دژ بە نەتەوەکان تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، درێژەی هەیە. ئێستا بەڵام گرووپێکی دیکە بەم ئاڵقەیە پەیوەست بووە و ئەوەش ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتە، واتە ئەو بەشەی کە دەسەڵاتی نییە و لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریش جێی نابێتەوە. ئەم سێ کوچکەیە ئێستا کە ئاگایی نەتەوەیی لە نێوان نەتەوەکانی غەیری فارس زۆرتر بووە و ناسیۆنالیزم ئیدی لە چوارچێوەی دژکردەوە بۆتە تیۆری، زۆرتر لە جاران لە بەرانبەر خواستی ئەم نەتەوانە ڕادەوەستن.

بەم پێیە دەتوانین دیاگرامی ژمارە ١ بە شێوەی خوارەوە بیکێشینەوە:




## سەرچاوەکان


١. ئەلێکساندێر ماتیل، جنبش ها، شخصیت ها و مفاهیم (ناسیونالیسم)، وەرگێڕان: کامران فانی، نورالله مرادی

٢. لەوانەیە خوێنەری ئەم پاراگرافە بڵێت وا نیە و من هەموو نەتەوەکان بە«ئێرانی» دەزانم، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ یەک چرکە خۆی بخاتە جێی «هاووڵاتییەکی دەرەجە دووی کورد»، دەتوانێ قەبووڵ بکات کە بۆچی هاووڵاتییەکی کورد دەتوانێ ئەم وتەیەی ڕەد بکاتەوە. هاووڵاتیی کورد بیر دەکاتەوە کە: بۆچی لە قوتابخانە بە فارسی قسەیان لەگەڵ کردم و لە ماڵ بە کوردی؟ بۆچی کاتێ کە ڕۆیشتمە قوتابخانە لە جیاتی ئەوە کە خوێندن و نووسین فێر بم، تازە پێویست بوو کە زمانێکی بیانی فێر بم؟ بۆچی زمانێک کە لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەم لەگەڵ ئەوە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەیبیستم جیاوازی هەیە؟

هەروەها لەوانەیە خوێنەر بڵێت کە ئەم کارەساتانە تەنیا لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ڕوو دەدەن، بەڵام ئەگەر ڕوانینێکی مێژووییمان بێت لە سەر چۆنیەتیی پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی فارسی (ئێرانی)، ئەم ئیدیعایەش ڕەد دەکرێتەوە.

٣. ئەلکساندێر ماتیل، جنبش ها، شخصیت ها و مفاهیم (ناسیونالیسم)، وەرگێڕان: کامران فانی، نورالله مرادی

٤. هیلل فریش، خاورمیانە،وەرگێڕ: هرمز همایون پور

٥. هەر هەمان.

٦. ئەم سیاسەتە بە شێوەی عەینی ئەمڕۆش درێژەی هەیە. بۆ وێنە کاناڵە تەلەفزیۆنییەکانی پارێزگاکان کە هەندێ جار بە زمانی نەتەوەکانی دیکە پرۆگرام بڵاو دەکەنەوە، لە ژێر ناوی «شبکە محلی» دەناسرێن، زمانی ئەم نەتەوانە «زبان محلی»یە و جل و بەرگیان، جل و بەرگی «محلی».

٧. ئەلکساندێر ماتیل، جنبش ها، شخصیت ها و مفاهیم (ناسیونالیسم)، وەرگێڕان: کامران فانی، نورالله مرادی.

٨. یرواند ئابراهامیان، ئێران لە نێوان دوو شۆرش، «نشر نی»، چاپی ١٢، لاپەڕە ١٠٣.

٩. ایران نو، ٢٢ آبان ١٢٨٨

١٠. بهار، تاریخ معاصر احزاب، لاپەڕە ix

١١. ایرانشهر، ١١ی سەرماوەزی ١٣٠٣، لاپەڕە ١ و٢

١٢. آیندە، ١١ی پووشپەڕی ١٣٠۴،لاپەڕە ۵ و ۶

13.British minister to the foreignoffice, report on the situation in Iran, 1935

١۴- یرواند ئابراهامیان، ئێران لە نێوان دوو شۆرش، «نشر نی»، چاپی ١٢، لاپەڕە ١٧٧.

١۵- یرواند ئابراهامیان، ئێران لە نێوان دوو شۆرش، «نشر نی»، چاپی ١٢، لاپەڕە ١٧٨.

١۶- هەر هەمان.

١٧- شیخ الاسلام، مذاکرات مجلس، ٣ی ڕێبەندانی ١٣۴٣.

18. A.Lombton, Report on Kurdistan, 1944

١٩- سبب بدبختی آذربایجان چیست؟، ئازەربایجان،١٧ی سەرماوەزی ١٣٢٠.

# “شیکاری”

# «کوردبوون» و بنبەستی ڕاڤەکان

**مەسعود بابایی**



**ئاماژە**

«نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا و«هاوچارەنووسی»ناکۆکن؛ دۆشدامانبوونی»ڕێکخراوی سیاسی» لە بەرانبەر وەها ناکۆکییەکدا، خۆبەدەستەوەدانی «سیاسەت» بەو ناکۆکییەکەی لێ کەوتووەتەوە. ئەم دۆخە وا دەکات کە «ڕێکخراوی سیاسی» ـ لەنێو کورددا ـ لە پێشباری یەکەمەوە بۆ پێشباری دووەم باز بدات، واتە خۆی بە زەمینەی کەتوار بەو چەشنەی کە هەیە بسپێرێت

یەکێک لە پەرۆشی و کەڵکەڵەکانی رووناکبیرانی کورد، پێناسـەکردنی چەمکـی «کوردبوون»ە. گەلێک وتار و باسوخواسـی تیۆری و روانگەی هەمەچەشنە لەمەڕ پێناسەکردنی «فەرهەنگی» و «سیاسی»ی کورد وەک کۆنترین نەتەوەی بناری زاگرۆس یان نێوچۆمان (میزۆپۆتامیا) لە لایەن خامەبەدەستان و توێژەرانی ئەم بوارە خراونەتە روو کە لەگـەڵ ئـەوەی لەباری»تیۆریک»ەوە هەوڵی خاکەڕایانە و جێی رێزن، بەڵام دواجار چاوی واقەلواقی کورد لەمەڕ ناسینی خۆی، تا ئێستەش لەسەر خاڵێک و کیانێکی فەرهەنگیی پێناسـەکراوی تۆکمە نەگیرساوەتەوە و هێشتا دەمەزەردکردنەوەی «گریمانە» و «تیۆرییەکان» بۆ خوێندنەوەی شوناسـی «کوردبوون» وەگەڕ دەخرێ و وەکو ئاوی بەخوڕ لە لمی فشـدا ون دەبێ!

مێژوو مەیدانی «یادگـە» و «بیرەوەری»یە. «خۆفامین» و «خۆناسین» لەنێو «مێژوو»دا دێنە دی. «مێـژوو» لە دەفری «کات» و «شـوێن» و «رووداو»دا بەرجەستە و زەق و زەڵا دەبێتەوە و هوشیاری بە سێکوچکەی کات، شوێن، رووداو وەدەسـتهێنانی پێگەی «شـوناس»ە. لەگەڵ ئەوەی هەمووومان لەمەڕ ئەم بابەتە کەم تا زۆر سووکەئاشنایەتییەکمان هەیە و لێرە و لەوێ لە توێژینەوەکانی تایبەت بە «شـوناس» و «کیانی فەرهەنگی» بەگوێرەی مێتۆدی هێرمێنۆتیکی، ئەم باسـە ـ بـە هانابردن بـۆ هێرمێنۆتیکی فەلسـەفیی گادامێر ـ هاتووەتە کایەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی»سـێنتز»ێک کە «کوردبوون»ی تێدا بنەجێ و سەقامگیر بووبێت، خوێندنەوەی تیۆرییەکانی ئەوانیدی نەیتوانیوە کۆدەنگییەک لە پێناسەی «کوردبوون» بهێنێتە کایەوە.

رەنگـە شـێوەی نووسـینەوەی مێژوو و داوەریی مێژوویی لەمـەڕ خۆمان، کاریگەریی لـەم مەسـەلەیەدا هەبێـت. «گێرانـەوە» و دەمەزەردکردنـەوەی «بیرەوەریـی مێژوویی» تەدارەکـدەری خودئاگاییـی کۆمەڵانـی خەڵکە. «هەسـتی گشـتی» و «هاوسۆزی» و «بەتەنگەوەهاتن» بەرەنجامی هەسـتکردن بە «هاوشوناسـی»ن کە وامان لێ دەکات پەی بە «هاوچارەنووسـی» بەرین. هیچکات بڕوام بەوە نەبووە کە خوێندنەوەی تیۆرییەکانی ناسیونالیزم بەتەنیا بتوانێ ببێتە دارێژەری ناسیونالیزمێک بە ناوی «ناسـیونالیزمی کوردی» کە بە بۆچوونی بەندە هێشـتا لە دایک نەبـووە. هەرچەند لە دروشـمە سیاسـییەکانماندا هەوڵ دراوە بە شێوەیەک لە شێوەیەک چارەنووسی هاوبەشی کورد بە یەک چارەنووس ببەسـترێتەوە، بەڵام بەکردەوە هێشتا باسکردن لە «هاوچارەنووسی» بـۆ کـورد وەک «موزاییکێکی شـێواو» نەک «موزاییکێکی فرەرەنگ» لە دووتوێی باسوخواسی رووناکبیرانـەی پشـوکورتدا ماوەتـەوە و لە زەمینەی کەتوار(واقعیت)ی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی و سیاسیدا سنوورەکانی جوگرافیای ئیتنیکی لە سنووری جوگرافیای نەتەوەیی زەق و زۆپترە. ئەگەر سـەیرێکی جوگرافیای مرۆیی و سروشتیی کوردسـتان بکەین، هەرێمەکان تێکتەنراو نین، بەڵکو کۆمەڵـە بازنەیەکن کە (خێڵ ـ شـێوەی ئاخاوتن) بەئاسانی دەتوانێ ئـەم بازنانە بکاتە دوژمنـی یەکدی. دانان بە دۆخی کەتـواری فەرهەنگی و هێشـتنەوەی دۆخی ژیانـی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە خەڵکێک و «خوڵکەخزمانـێ« (تعارف، مجامله) لەگەڵیدا ناکرێ «نەتەوە»ی لێ بڕسکێ و نابێتە دەسمایەی ناسـیونالیزم. دانان بە کۆمەڵەی بازنەکان کە لە شـێوەی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن)دا دەبنە مایەی دروستبوونی «نیشتمان لەنێو نیشتماندا» لەمپـەری گـەورەی «نەتەوەسـازی»یە. جا ئەگەر هێزێک لەنێو کـورددا هەبێت و خۆی بە «نەتەوەیی» و «ناسیونالیسـت» بزانێ بە کام پێوەر دەتوانێ ئەم کۆمەڵە خەڵکە وەک نەتەوە لەقەڵەم بدات؟

گەرانەوە بۆ «پێناسە»ی «پێناسەکراوەکان» بەو شێوەیەی کە لە ناسیونالیزمی خۆرئاواییدا خراوەتە بەرباس بە بێ لەبەرچاوگرتنی توخمی «خۆوڵاتی»(بومی) کارێکی نەکردەیە. هەوڵدان

بۆ یەکخستنی موزاییکێکی شێواو و ڕازیکردنی ئەم موزاییکە بەوەی لە کیانێکی فەرهەنگی ـ سیاسیی یەکپارچەدا و بە پاراستنی دۆخی چەقبەستووی خۆی، ڕوانگەیەکی »دۆن کیشۆتی«یە و هەرچ چاوەڕوانییەک لەم موزاییکە شێواوە بۆ گەیشتن بە خەونی یەکخستنی نەتەوەیەک، بێمانا و پووچە. دەستەوەستانی لە پێناسەکردن و دارشتنەوە و دۆزینەوەی چارەسەردا، بەرەنجامی سەپاندنی »تیۆری«یە بەسەر »کەتوار«دا؛ واتە: بیرۆکەیەک لە »زەین«ەوە دێتە دەرەوە و لە »کەتوار«دا ناگیرسێتەوە و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ »زەین«! کایەی زەینیی ڕووناکبیران و خەمساردیی سیاسییەکان یان نەخوێندەواریی و هەژاریی هزریی بژاردەی سیاسیی کورد، تەنیا یەک ڕێگەی بۆ سیاسەتکردن هێشتووەتەوە: خوڵکەخزمانێ لەتەک کەتواری کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی و خۆسپاردن بە شێوەژیانێکی سواوی مێژوویی کۆمەڵە خەڵکێک کە هیچکات بەشێوەیەکی بەرهەستەکی(عینی، ئوبژەکتیڤ) نەیانتوانیوە هەست بە »هاوچارەنووسی«بکەن. ئەمە کە کەسانێک یەک شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتییان هەبێت(ژیانی خێڵەکی) و دراوسێی یەکدی بن و تا ڕادەیەکیش لە گەلێ خاڵدا هاوشێوەی یەکدی بن و دابونەریتیان لە یەکدی بچێت، ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە ئیدی ئەم کۆمەڵە خەڵکە »نەتەوە«ن، بەڵکو ئەمە ئایدیای ڕێکخستن، پێکەوەبوون لە دروستکردنی یەک نیشتماندا، دروستبوونی چەمکی »هاونیشتمانی«یە کە دەتوانێ مزگێنیدەری »نەتەوە« بێت. بەشداریکردنی »خێڵ« لە »سیاسەت« و »دەسەڵات« و »شار«دا بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک بە سەر پێکهاتە و بونیادی خۆیدا بهێنێت، تەنیا بەهێزبوونی هەرچی زیاتری »قەڵەمرەو«یەتی کە سنوورە نێوخۆییەکانی جوگرافیای »نەتەوە« تۆختر دەکاتەوە. پێشنیارکردنی کۆمەڵە سیستمێکی نامۆی وەک »کانتۆن«، »خۆبەڕێوەبردنی دیمۆکراتی« کە تێیدا هەرێمی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) وەک کیانێک لەنێو کیاندا یان »نیشتمانێک لەنێو نیشتماندا« پەسند دەکرێ، نیشانەی چارەسەرکردن نیە، بەڵکو نیشانەی دەستەوەستانییە لەبەرانبەر کێشەیەکی هەزاران ساڵەی مرۆڤی کورد کە هەمیشە لەجێی دروستکردنی »نەتەوەیەکی یەکپارچە« بیری لە »فێدراسیونیخێڵەکان«کردووەتەوە کە بەداخەوە ئەو ئاواتەش نەهاتووەتە دی! چ بگات بەوەی کە بەرەبەرە بە »نەتەوە« بگات.

## هاوشوناسی و هاوسۆزی:

أ. هاوشوناسی: بریتییە لەوەی کە کۆمەڵە خەڵکێک لە جوگرافیاییەکدا بتوانن توخمە هاوشێوە و جیاوازەکانیان لێک هەڵاوێرن و بەگوێرەی دووری و نزیکیی توخمە فەرهەنگییەکانیان پێوەندییەکانیان پێناسە بکەن و لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە خۆیان لە ئەویدی جیا بکەنەوە و ڕادەی جیاوازی و هاوشێوەییان کە لە پرۆسەیەکی ڕەفتارناسانە و ڕەفتاری زمانیدا دێتە دی، مەزەندە بکەن؛ واتە: مەودا ـ جیاوازی.

ئەم هەڵسەنگاندنە، بەراوردکارانەیە. ڕێژەی هاوشێوەیی و ڕێژەی جیاوازی دەتوانێ لە دارشتنەوەی ماناکانی(خزمایەتی و ئاشنایەتی و بێگانەیی)دا ببێتە مایەی پەیبردن بە جۆرێک لە »هاوشوناسی«.

ب. هاوسۆزی: نزیکایەتی و خاڵە هاوبەشەکان و شێوەی ژیانی هاوبەش کە دەبێتە مایەی پەیبردن بە »هاوشوناسی« لە ڕەوتی پێوەندی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری زمانیدا بەرەبەرە »هاوسۆزی«ی لێ دەکەوێتەوە کە لە کردەی »بەتەنگەوەهاتن«دا خۆی دەنوێنێت.

لە دوایین وێستگەدا »هاوچارەنووسی« دێتە کایەوە؛ مەرج نیە فرچکگرتن و هەستکردن بە»هاوشوناسی« و »هاوسۆزی« خۆبەخۆ»هاوچارەنووسی«ی لێ بکەوێتەوە.

«هاوچارەنووسی»بابەتێکی «دەروونی» و «زەینی» نیە، بەڵکو بابەتێکی بەرهەستەکییە و فاکتەکانی لە دەرەوەن و بەستێنەکانی»ژینگە» و «جوگرافیا» و «ئابووری» دەوری سەرەکیی تێدا دەگێڕن. بۆ نموونە، کوردستان بە سەر چوار «وڵات»دا دابەش کراوە و بەو پێیەش «ژینگە» و «جوگرافیا» و «ئابووری»یشی دابەش کراون و چارەنووسی کوردی هەر کام لە پارچەکان بە خواستی خۆیانەوە بەند نیە، بەڵکو بە زەبرێکەوە بەندە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوانی لە چەڵمە داوە و بەم پێیە لەتەک ئەوەی کە «هاوشوناسی» و «هاوسۆزی» لە باری «کۆمەڵایەتی» و «فەرهەنگی»یەوە بەدیدەکرێت، بەڵام مەخابن لە باری سیاسییەوە وەها شتێک بەرچاو ناکەوێت. ئەگەر سەیری پارسەنگی هێزی هەرکام لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بکەین، ڕەفتاری سیاسییان نیشان دەدات ـ کە بەگوێرەی بارودۆخی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان کە بە سەر وڵاتێکی داگیرکەردا دابەش کراون ـ «هاوچارەنووسی» چەندان برشتێکی نیە، هەرچەند دروشمی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕۆمانتیسیزمی شۆڕشگێریدا بەزەقی بەرچاو دەکەوێت بەڵام بەکردەوە وەها «هاوچارەنووسی»یەک بەرچاو ناکەوێت. هەر بەگوێرەی پێشبار(اولویت)ەکان لە سیاسەتی حزبەکاندا ئەم «هاوچارەنووسی»یە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. کوردستان وەک شوناس یەک وڵاتە، بەڵام لە جوگرافیای سیاسیدا لە گەمەی چوار سیاسەتدایە و چوار فەرهەنگی سیاسی ئەم وڵاتەی ئێمە بەڕێوە دەبەن کە وێناکانی ئێمەی لەمەڕ «هاوچارەنووسی» شێواندووە.

لە سەرێکی دیکەوە لە باری وێژمانی(دیسکۆرسیڤ)شەوە، لەبەر نەبوونی زمانێکی ستاندارد و شێوازێکی دیاریکراوی نووسین و ئەدەبیات، بەکردەوە «ڕێکخستنی نەتەوەیەک لەسەر کاغەز» لەبار چووە. «وێژمان» لەنێوزمانداڕوودەدات و پەیکاڵکەر(تطبیق دهنده)ی «دەرهەست»(ذهن) و «بەرهەست»(عین)ە. واتە جیهانی بەرهەستەکی(عینی) بۆ کاتیگۆرییەکی زەینی وەردەگێڕێت. دیارە «وێژمان» لە پرۆسەیەکی دەمووددووکردندا چێ دەبێ و پێویستە هەردووک لای دەمووددووەکە لەسەر سیستمێکی چەمکی ڕێک بکەون تا بتوانن بە دووبارەدارشتنەوەی بەستێنەکانی فەرهەنگ، کۆمەڵگە، سیاسەت، ئابووری و زێد و نیشتمان و بەگشتی جوگرافیای نەتەوە، «هاوچارەنووسی»ی خۆیان پێناسە بکەن و بەکردەوە ببن بە «هاوچارەنووس».

کۆسپەکانی هاوچارەنووسی لە کۆمەڵگەی بندەستی کورددا گەلێک زۆرن؛ لەگەڵ ئەوەی بەگوێرەی وێنایەکی هاوبەش لە «کوردبوون» ئێمەی «کورد» هاوزمان و هاونیشتمانییەکانی خۆمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بەشێک لە خۆمان دەزانین، بەڵام هێشتا لە پێوەندیگرتن و هاوخەمی و هاومشووری لەگەڵیان تووشی گرێی تێگەیشتنین. «تێگەیشتن» هەم لە ئاستی زمانی و هەم لە ئاستی «وێنای هاوبەشی فەرهەنگی». لەو دەمەی کە ئێمە خەریکین بەشێک لە جەستەی «نەتەوە»کەمان بناسین، لەمپەرەکانی «ئەویدیناسین» قوت دەبنەوە. هەم ژینگەی فەرهەنگی و هەم ژینگەی سیاسیی پارچەکانی جەستەی نەتەوەی کورد نەبوونەتە جەستەیەکی تۆکمە کە لە باری وێژمانییەوە «بیرۆکە»یەکی هاوبەشی فەرهەنگی ـ سیاسیی بە دوادا بێت. تەنیا مانەوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی ناتوانێ دەستەبەری «نەتەوەبوون»

**»مێژوو مەیدانی «یادگە» و «بیرەوەری»یە. «خۆفامین» و «خۆناسین» لەنێو «مێژوو»دا دێنە دی. «مێژوو» لە دەفری «کات» و «شوێن» و «ڕووداو»دا بەرجەستە و زەق و زەلاڵ دەبێتەوە و هوشیاری بە سێکوچکەی کات، شوێن، ڕووداو وەدەستهێنانی پێگەی «شوناس»ە«**

بێت. واتە دۆخێکــی مێژوویی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک کە گەلێ خاڵی هاوبەشـیان هەیە، ناتوانــێ هەمــوو پاوەجێکەرەکان(مقومـات ی»نەتەوەیەک» لە دۆخێکـــی پەنگراو(بالقوە) وە بۆ دۆخێکی بەرنهێم (بالفعل) وەربگۆڕێت. بەرنهێمیتی(فعلیــت)ی شــوناس دۆخێکــی دینامیکییــە کە لــە باری بەرهەســتەکی و دەرهەســتەکیدا وەگەڕ دەکەوێ و بەگوێرەی پرۆسەی «چەمکسازی»، سیستمێکی چەمکی دەڕەخسێنێ کە لەو ڕێگەوە مەوداکانی «من» و «ئێمە»(بازنەی خزمایەتی)، «تۆ» و «ئێوە»(بازنەی ئاشــنایەتی) و «ئەو و «ئێوە»(بازنەی بێگانەیی) دەستنیشان دەکات. بە بۆچوونی بەندە»هەستی هاوبەش» کاتێک لەنێــو تاکەکانــی نەتەوەیەکدا دەڕەخســێ کە بتوانێ بازنەکانی پێوەندیی (مــن ـ ئێمە)، (تۆ ـ ئێوە)، (ئەو ـ ئەوان)، لێکهەڵاوێر بکات کە لە وێستگەکانی دواتردا «هاوشوناسی و بەتەنگەوەهاتن»ی لــێ دەکەوێتــەوە؛ هەرچەند تا گەیشــتن بە «هاوچارەنووسی» ڕێگەیەکی درێژمان لە پێشە. یەکە پێکهێنــەرە کۆمەڵایەتییەکانی جوگرافیــای کوردســتان لەبەر دابڕانــی جوگرافیایــی، تەنیــا بــە نۆســتالێژیای مێژوویــی و میراتێــک لە ڕابردوودا هەست بە نزیکایەتی لەتەک «یەکە» پێکهێنەرەکانی دیکەدا دەکەن، بەڵام بەکردەوە لە «پێوەندیگرتــن»دا لەبەر نەبوونی وێژمانێکی هاوبەش، شتێکی هاوشێوەی بازنەی ئێتنیکی دەبێتە مایەی بازنە لەنێو بازنەدا و جوگرافیای نیشــتەجێبوونی ئەم کۆمەڵە یەکە پێکهێنەرە تەنیا وەکــوو کۆمەڵــە بازنەیەــک وەبەرچاو دەکەوێــت کە بە چیا و ڕووبــار دەورە دراوە و «زار» قەڵەمڕەویەتی و بێجگە لەم قەڵەمڕەوە ئەو دیوی بازنە وەک «مەیدانی وێژمان» نابینرێت. هەرچەند هاوشــێوەییەکان وامان لێ دەکەن

**بڕوام بەوە نیە کە هەموو فرەڕەنگییەک خۆبەخۆ مایەی هێزە و ئێمە دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا بە فەرمیی بناسین؛ قبووڵکردنی فەرهەنگی پلۆڕال بە مانای قبووڵکردنی سیستمی خێڵەکی نیە**

پێکــەوە هەڵبکەیــن و جاروباریش لە هەندێ بواری تایبەتدا بۆ ئامانجێک یەک بگرین، بەڵام ناتوانین هەمووومان لە یەک بزووتنەوەی سیاسیدا بە یــەک «وێژمانی دیاریکــراو» یەک بگرین. چونکە هێزە سیاســییەکانی کورد بە درێژایی مێژوو لــە چەقێکی بازنەی شــێوەئێتنیکیدا سەریان هەڵداوە کە زیاتر ڕەنگدانەوەی (خێڵ ـ شــێوەی ئاخاوتن)ە و هەڵگری وێژمانێکە کە لەبەر «زەبری زار» لە جوگرافیایەکی سنووورداردا قەتیس دەمێنێتەوە و پەل بۆ ناوچەکانی دیکە ناهاوێــت. بەرەبەرە فرەحزبی لەســەر بنەمانی «بەرتاو»(منطقــە نفوذ) دێتــە کایەوە کە پاش شــەڕی نێوخۆیــی بەناچــاری سازوکاری»ڕێکانە»(توافق) جێی ســازوکاری «دیمۆکراتیــک» دەگرێتەوە و لــە وەها دۆخێکدا بەفەرمیناســینی «بەرتاو» وەک کەتوارێکی سیاسی،«نەتەوەسازی» بــەرەورووی قەیرانێکــی گەورە دەکاتەوە.»بەفەرمیناسینی بەرتاو» کــە لەســەر بنەمــای ناوچەی (خێــڵ ـ شــێوەی ئاخاوتن)ە، چەمکی «نەتــەوە» بۆ «ئێتنیک» دادەلەنگێنــێ. دالەنگــاندنــی وێژمانی(تقلیل گفتمانی) سیاسی لەمەڕ «نەتەوەســازی» هەمیشە مەترســییەکانی شــەڕی نێوخۆیــی لە دڵی خەڵکدا دەهێڵێتەوە و سیاســییەکانیش لەبەر «بەرتاو»ی هێــزە سیاســییەکانی دیکە تەنیا دەتوانن بە «ڕێکانە» و دانوســتانی دوورودرێژ و تاقەتپڕووکێن و ترسێکی شاراوە و دڕدۆنگی و بێ متمانەییەوە هەڵسوکەوت بکەن کە دەبێتە مایەی متبوونی فەرهەنگ و فەرهەنگی سیاسی کە تەنیاوتەنیا پاشکۆیەتی هێزە سیاسییەکانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ناچارن بۆ پاراســتنی «بەرتاو»ی خۆیان پشــت بە وڵاتێکی دراوسێ ببەســتن و لە میرنیشــینییەوە هەتا ئێســتە دۆخی کورد وەها دۆخێــک بووە! بۆیە دانانی

بە بارودۆخێکی چەقبەستووی مێژوویی، سیاسەتی گۆڕانخواز و پەلهاوێژ وەلا دەنێ و سیاسەت لە جەغزی کەتواری چەقبەستوودا دەچەقێ و تەنیا دووبارەبوونەوەی ئەم کەتوارەی لێ دەکەوێتەوە. لەم دۆخەدا «هاوچارەنووسی» تێکڕای ماناکانی خۆی لە کیس دەدات و دروشمی بۆشی چارەنووسی هاوبەش لە گاڵتەوگەپی کۆمەڵگەشدا ڕەنگ دەداتەوە کە هەنووکە لە نوکتە و پەلار و توانجی خەڵکی کورد بەرانبەر هێزە سیاسییەکاندا بەدیدەکرێت.

مانەوە و چەقین لە «بەرتاو»دا «حزب» دەخاتە «بەرتاوی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) و بەرەبەرە خودی حزب و هێزی سیاسیش دەبێتە پارێزەری «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا.

هەموو گێرەوکێشەکە لەوەدایە کە ئاخۆ چلۆن «هاوچارەنووسی» بێتە کایەوە؟ چونکە ئەگەرهەستکردن بە»هاوشوناسی» پێوەندیی بە سیستمێکی وێنایی ـ نیشانەناسانەوە هەیە و پێوەندییەکانی دووری و نزیکی بەگوێرەی «مەودا ـ جیاوازی» میکانیزمی ئەم سیستمە وێنایی ـ نیشانەناسانەیە دەستنیشان دەکەن و بەتەنگەوەهاتنیش درککردن بەم «هاوشوناسی»یەیە، بەڵام دەبێ بزانین سەرەڕای ئەوەش، «بەتەنگەوەهاتن» بە دەروەستبوونێکی ڕەوشتی و وێژدانییەوە بەندە کە مەرج نیە هەموو جارێک گرێدراوی «هاوشوناسی» بێت. بەڵام «هاوچارەنووسی» گرێدراوی «مەیدانی وێژمانی»یە، هەرچەند بە بێ فاکتەری «هاوشوناسی» ناتوانین لە «هاوچارەنووسی» بدوێین، بەڵام پێداویستییەکانی «هاوچارەنووسی» لە «هاوشوناسی» زیاترن و «مەیدانی وێژمانی»لەم بوارەدا مەیدانێکی نەتەوایەتییە و ئەویش پێویستیی بە گۆڕەپانی سیاسەتە.

بەندە بڕوام بەوە نیە کە هەموو فرەڕەنگییەک خۆبەخۆ مایەی هێزە و ئێمە دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا بە فەرمیی بناسین؛ قبووڵکردنی فەرهەنگی پلۆرال بە مانای قبووڵکردنی سیستمی خێڵەکی نیە. داننان بە فرەڕەنگییەک کە بەسەر فرەقەڵەمڕەویدا دابەش کراوە و کێشە بۆ سنووری نەتەوە و دەوڵەت ـ نەتەوە دەنێتەوە و «نیشتمان لەنێو نیشتمان» دەهێنێتە کایەوە، نەک هەر نارەوایە بەڵکو ترسناکیشە! مەبەستمان لە «فرەڕەنگی»، فرەڕەنگییەکی دێوجامەیی نیە، دێوجامە بریتییە لە فرەڕەنگییەکی شێواوی بێ پازڵ کە لەگەڵ ئەوەی لەباری سیمایی و دیدارییەوە پارادۆکسەکان تێیدا دەحەوێنەوە، بەڵام دێوجامە هەرچییەک بێت تەنیا سەرزناک (سرعلامت)ی ڕاوگەیە!

«نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا و «هاوچارەنووسی» ناکۆکن؛ دۆشدامانبوونی» ڕێکخراوی سیاسی» لە بەرانبەر وەها ناکۆکییەکدا، خۆبەدەستەوەدانی «سیاسەت» بەو ناکۆکییەکەی لێ کەوتووەتەوە. ئەم دۆخە وا دەکات کە «ڕێکخراوی سیاسی» ـ لەنێو کورددا ـ لە پێشباری یەکەمەوە بۆ پێشباری دووەم باز بدات، واتە خۆی بە زەمینەی کەتوار بەو چەشنەی کە هەیە بسپێرێت؛ بەم شێوەیە «ڕێکخراوی سیاسی»یش دەکەوێتە نێو جەغزی دۆخێکی تێنەپەڕێنراوی مێژوویی و خودی ڕێکخراو یان هێزی سیاسی بەگوێرەی قەڵەمڕەوی «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا هەڵسوکەوت دەکات. کۆمەڵێک کەتواری سەرزەمینی لە یەک سەرزەمیندا دروست دەبن کە ڕەنگدانەوەی «بەرتاو»ی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن)ن و هێز و ڕێکخراوی سیاسی بەرەبەرە دەبێتە زمانحاڵی ناوچە و دیالکت و ڕێ و ڕەچەیەکی ئایینی یان هەر شتێکی دیکە و ئیدی بەپێچەوانەی بانگەشەکانی سەرەتای دامەزراندنی ناتوانێ نوێنەری بیرۆکە(ئایدیا)ی «کوردبوون» بێت؛ بەڵکو لە نێوەرۆکدا ڕەنگدەرەوەی گوتەزایەکی دالەنگێنراو(مقولەی تقلیلی)ە و ئەویش بەشێوەیەکی پەنامەکی دان بەو سنوورە نێوخۆییانە دادەنێ کە «خێڵ» بەگوێرەی «قەڵەمڕەوی میرنشین»ەکەی، لە جیهانە بچووکەکەی ڕەسەنایەتیی خۆیدا درێژە

به مانەوە لە دەرەوەی مێژوو دەدات.

ئەگەر سەیرێکی مووزاییکی سیاسیی کوردستان بکەین، نەخشەی جوگرافیاییی کوردستان، هەمان دیموگرافیایە کە پێکهێنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەدرێژاییی مێژوو تێیدا نیشتەجێ بووگن. سنووره نێوخۆییەکان و ئاڵوگۆری نێوخۆییی حەشیمەت لە کەمترین ئاستی خۆیدا بووە. ئەگەر دەسکارییەکیش هەبووبێت یان لە بەرەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنی دوژمنانی کورد بووە یان داگیرکاریی خێڵەکان. دیارە «ژن و ژنخوازی» لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکان کاریگەریی لەسەر بەرینبوونەوەی قەڵەمرەوی خێڵەکان یان بەپێچەوانەوە هەبووە، بەڵام ئەم کاریگەرییە ناتوانێ سیمای گشتیی سنووره نێوخۆییەکانی خێڵەکان واتە«نیشتمان لەنێو نیشتمان» بگۆڕێت. «زەوی و زار» و «کشتوکاڵ» چەندە مایەی سەقامگیریی ئابووریی خێڵ بوون، ئەوەندەش مایەی بەهێزبوونی پێگەی خێڵ و سەرخێڵ و دەرەبەگ بوون کە «پێوەندییە نەریتی ـ شێوەی ئاخاوتن و پێوەندیگرتن و گەشتی خوێن لە دەمارەکانی خێڵدا» فاکتەرەکانی بەهێزبوونی سنووره نێوخۆییەکان بوون. دیارە هۆزێکی کۆچەری لە ناوچەیەکەوە پەلاماری خێڵەکانی داوە و بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەوانیدی بۆ خۆی داچڕیوە، بەڵام لەبەرئەوەی خولیای«سەرزەمینێکی تازە» یان «ئیمپراتۆری» یان لانیکەم «دەوڵەت» لە زەینی ئەم هۆزەدا هەنتەش(حضور)ی نەبووە، ئەویش تەنیا جێی خۆی لە تووناوتوونی سنووره دیاریکراو و دیارینەکراوەکان کردووەتەوە و بارێک بووە بە سەر بارەوە.

هەرچەند ئاشنایەتیی ئێمە لەتەک مودێرنیتەی سیاسی بە تاقیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسیزم و جۆرەکانی دەستی پێکردووە، بەڵام بەکردەوە هێزی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە لێروانینی سەربەخۆییخوازانەوە دۆزی کوردی نەخستە ڕۆژڤەوە، چونکە یەکخستنی وەها مووزاییکێکی ئاڵۆزی نێوخۆیی بەو هەموو هێزە سیاسییانەی کە نوێنەری «نیشتمان لەنێو نیشتمان»دا بوون، نەدەکرا دۆزی کورد وەها فۆرمۆلە بکرێت کە بێجگە لە پێناسە کۆنکرێتییە تیۆریکەکانی مودێرنیتە، بژاردەی فەرهەنگی ـ سیاسیی کورد، توخمە تایبەتەکانی «کوردبوون» لە پرۆژەیەکی نەتەوەییدا وەها تێهەڵکێش بکات کە بتوانین لەسەر گەلاڵەیەکی سەرەتایی، بەرەبەرە «کوردبوون» فرچک بدەین، بەپێچەوانەوە لەبەر هاوسەنگیی هێز و دۆخی سەختی جوگرافیای سروشتی و جوگرافیای حەشیمەتی کوردستان کە پڕ بوو لە سنووری «خێڵەکی ـ شێوەی ئاخاوتن» و هیچ هێزێکی سیاسیش نەیدەوێرا توخنی «نەتەوەسازیی پڕزەبروزەنگ» بکەوێت، ئیدی وردە وردە پاش بەریەککەوتنەکانی ئەم هێزانە و شەڕەنێوخۆییەکانیان، لەبەرانبەر حەزیای نەگریسی «نیشتمان لەنێو نیشتمان» کۆڵیان دا کە تا ئێستەش بەزەقی دەبینرێ و ڕۆژبەڕۆژ زەقتر دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە کوردی بەرەو جۆرێک «خوێنبەربوونی شارستانی»[1] بردووە. داواکاری بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی فەرهەنگی و ڕێکخستنی زمان و فەرهەنگێک کە نوێنەری ئەدگار و سیمای «کوردبوون» بێت، بەکردەوە هەنگاوی بۆ نەنراوە. هۆیەکەش ئەوەیە کە «نیشتمان لەنێو نیشتمان» وەکو کەتوارێکی سەختی سیاسی، فەرهەنگی و دیموگرافی ئەم کارەی بەرەورووی ئاستەنگ و دژوارییەکی چەتوون کردووەتەوە.

دیار و ئاشکرایە، حزب و لایەن و هێزە سیاسییەکانمان تەنیا کارێک کە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە کردوویانە، ڕەواییدان بەو «دێوجامە»یە بووە کە پێشتر باس کرا. واتە؛ پەیداکردنی لایەنگری زۆرتر لەنێو سنووره نێوخۆییەکاندا بۆ ئەوەی تەرازووی هێز بە لای خۆیاندا بشکێننەوە؛ بەم کارە هەرچەند ڕێکخراوێکی سیاسی دەکرا بەهێز بێ، بەڵام بەکردەوە

١. زاراوەی بەکارهێنراوی مامۆستا «مەسعود محەمەد».

لەبەر ئەوەی ڕەوایی بەو «دیوجامە»یە دەدا، نەیدەتوانی فەرهەنگێکی سیاسیی نوێ بەرهەم بهێنێت و بەکردەوە بەپێچەوانەی دروشمەکانی، دژی بنەما سەرەکییەکانی «نەتەوەسازی» و دەوڵەت ـ نەتەوە هەنگاوی دەنا.

پاشەکشەی دروشمی سەربەخۆییخوازیی کورد، لەبەر ژیۆپۆلیتیکی سەختی کوردستان و جیهانی دووجەمسەری لە سەدەی بیستەمدا، تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە بارودۆخی سیاسیی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبار نەبوو، بەڵکو لەوەش خراپتر مووزاییکی نێوخۆییی کوردستان بوو کە لەبارەی ئایینیشەوە بەشێک لە حەشیمەتەکەی لەتەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا چەندان تێکەڵ نەبوو و زیاتر لەتەک نێوەندا سەروساختی دەکرد. بۆ نموونە ئایینزای شیعەگەری لە بەشە شیعەنشینەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و عەلەوییەکانی باکووری کوردستان، شوناسی یەکەمیان ئایینی و شوناسی دووەمینیان «کوردبوون» بوو. بەداخەوە خودی هێزە کوردییەکانیش نەیانتوانی خاوەنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی تۆکمە بن یان لە خراپترین دۆخیشدا لانیکەم پێناسەکانیان لەمەڕ «ئاسایشی نەتەوەیی» و جۆری ئەو ناسیونالیزمەی کە نوێنەرایەتیی دەکەن لە ئەدەبیاتیاندا بەروونی بخەنە ڕوو.

لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، پرۆژەی نەتەوایەتیی کورد بەرەو لاوازی هەنگاو دەنێت. مودێرنیتەی سیاسی لە بواری «نەتەوایەتی»دا بە گوتەی هەندێ هێزی وەک «پارتی کرێکارانی کوردستان» بە ئاقارێکی تەواو پێچەوانەدا هەنگاوی ناوە کە تا ڕادەی ڕەتکردنەوەی «دەوڵەت ـ نەتەوە» پاشەوپاش گەڕاوەتەوە. بە بۆچوونی بەندە، ئەم ڕەتکردنەوەیەی «دەوڵەت ـ نەتەوە» ـ بەپێچەوانەی بانگەشەکانیان ـ هیچ پێوەندییەکی بە ستەمکاریی «دەوڵەت ـ نەتەوە»وە نییە. ئەگینا هەمووان دەزانین فۆکۆ گوتەنی:«دەسەڵات لە سروشتی خۆیدا چەوسێنەرە»! بەڵام ئەم دروشمە فەلسەفییە ناکرێ ببێتە دروشمی سیاسیی هیچ سیاسەتزانێک. پرۆسەی «بەتەوەبوون» بە بێ دەوڵەت هیچ مانایەکی نیە. ئەگەر بنبەستێکی ڕاقە لەمبارەوە هەبێت، بنبەستی ڕاقەی مرۆڤی کورد لەبارەی خۆیەتی نەک بنبەستی ڕاقەی دەوڵەت ـ نەتەوە و تیزەکانی ناسیونالیزم. هێشتا ڕیسا گشتییەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە لە خۆرئاوا و جیهانی ئەمڕۆ مودێرنیتەی سیاسی لە گەڕ دان و بەپێچەوانەی بانگەشەکان، ئەوە بنبەستی ڕاقە و بنبەستی کەتواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی مووزاییکی شێواوی کوردە کە وەها جارێکی ناوەخت بە گوێماندا دەدات. ئەگینا دەوڵەت لە سەدەی بیست و یەک و ڕەنگە لە سەدەکانی داهاتووشدا تاکە خودایەکە کە بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە. چونکە تاکە بەرجەستەبوونێکی هێزی جۆرێک لە مرۆڤ، تەنیا لە جۆرێک لە دەوڵەتدا خۆی نیشان دەدات و دەوڵەت نوێنگەی هێزی خودایی مرۆڤە. بە بۆچوونی بەندە وازهێنان لە «دەوڵەت ـ نەتەوە» پێوەندیی بە بنبەستی ڕاقەی بژاردەی ڕووناکبیری و سیاسیی کوردەوە هەیە کە دواجار وای لێ دەکات خۆی بە کەتوارێک بسپێرێت کە درێژبوونەوەی دۆخێکی دووروودرێژی شیرازەترازانە کە لەبەر هەژاریی تیۆریک و تێنەگەیشتن لە سیاسەت وەک «هێزی یەکخەر» کە بەدڵنیاییەوە پێویستیی بە «زەبروزەنگ» لە ڕێگەی یاساوە هەیە نەک «توندوتیژی»، ئێمەی لە بنبەستی ڕاقەدا پەستاندووە.

> هەرچەند ئاشنایەتیی ئێمە لەتەک مودێرنیتەی سیاسی بە تاقیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپ و مارکسیزم و جۆرەکانی دەستی پێکردووە، بەڵام بەکردەوە هێزی سیاسی و ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە لێروانینی سەربەخۆییخوازانەوە دۆزی کوردی نەخستە ڕۆژەڤەوە

# ڕاسان و کورد بوون

**هەرمان هەوشاری**



**ئاماژە**

ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردستانی، لە کۆت و زنجیری خێڵەکی بووندا ماوەتەوە.
نەتەوە سەردەستەکان لەم خەسارە کەڵک وەردەگرن.
هەر کام لە کوردستانی بندەستی خۆیدا و لە پارچەکانی تری کوردستاندا
گوتارێک پەرە پێدەدەن کە شەرعییەت بە دەسەڵاتی خۆیان
بە سەر کوردستاندا بدات.

## پێشەکی

پەیوەندیی نێوان دوو چەمک یان دیاردە بە چەن شێوە دێتە گۆڕێ. یان هەر پەیوەندییان پێکەوە نییە، یان دژ بە یەکترن، یان تەبا و لە یەک بەستێندان. کورد بوون وەکوو ناسنامە کە هەموو ڕەهەند، لایەن و تایبەتمەندیی تاکی کورد ئەگرێتەوە، ئاخۆ دەتوانێ ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە خۆ بگرێت؟ بۆ وڵام دانەوە بەم پرسیارە پێویستە کورد بوون و بە دوای ئەودا ڕاسان لێک بدرێتەوە. لەم دەقەدا بە کورتی لە سەر کورد بوون، ڕاسان و پەیوەندیی ئەم دووانە شرۆڤە دەکەین.

## کورد بوون

نەتەوەی کورد لە پێش مێژووەوە لە جوگرافیای کوردستاندا ژیاوە، بە شەڕ و ئاشتی و ئاڵوگۆڕی کولتووری، لەگەڵ دراوسێکانیدا لە پەیوەندیدا بووە. پەیوەندی لەگەڵ خاوەن ناسنامەی تردا، ناسنامەی، بۆ وێنە کورد و کوردستان، دەردەخات. پەیوەندی نەتەوەکان لە جیا بوونەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستی پێ کردبوو. سەردەمی مۆدێرن هەندێ خاوەن دەسەڵاتی کرد بە نەتەوە، بەڵام نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە ئێتنیک یان خەڵک(people) ناودێر دەکەن. نەتەوە دەسەڵاتدارەکان، بوونی خۆیان وەک نەتەوە دەگەیەننەوە بۆ پێش مێژوو و ئێتنیکەکان بە پاشکۆی خۆیان دەزانن. ئەمە لە کاتێکدایە حکوومەتە پێشمۆدێرنەکان سەردەست بوونی یەک یان چەند خێڵی هاوزمان بووە بە سەر جوگرافیایەکی تایبەتدا. باس کردن لە نەتەوەی فارس و تورک و عەرەب و تەنانەت کورد بە پێوەری مۆدێرن بۆ پێش مۆدێرن گاڵتەجارییە. یەکەی سیاسیی ئەو نەتەوەگەلە خۆیان بەرهەمی هەندێ هۆکارن، بەڵام نەتەوەخوازیی نەتەوە بندەستەکان کە هەر لەو هۆکارگەلە کەڵک وەردەگرن بە ڕەوا نازانن و بە دەسکردی دوژمنانی خۆیان دەیهێننە ئەژمار.

یەکەم زاراوە کە کوردی پێ دەناسێنرێت «نەتەوە»یە. نەتەوەخوازی نە نەئەزەلی بووە نە ئەبەدی. ڕەوتێکی هزری ـ سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ کولتووری، لە سەر بنەمای جوگرافیایەکی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری کە هەوێنی ناسنامەی نەتەوە پێکدێنن، کە تا کاتێ ئامانجی نەتەوە گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە وڵاتی خۆیدا بێت، درێژەی دەبێت. ناسنامەی نەتەوەیی بە پێی واتای چەمکی ناسنامە، بوونێکی پڕ پارادۆکس و هەمیشە لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ «ئەویتر»ـەکاندایە. کورد بوون لە جوگرافیا، زمان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی تایبەتدا ڕەهەندی سیاسیی سەردەمی مۆدێرنیشی لە خۆ گرت. بەڵام لێک ئاڵانی ئەم ڕەهەندانە بێ خەسار نەبووە. کورد، جوگرافیا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆی لە پێناو بە دەوڵەت بووندا نەگۆڕیوە. ئەم کێشەیە تایبەت بە کورد نییە، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی دەگرێتەوە. تورک، فارس و عەرەب بە دەست تێوەردانی بریتانیا بوون بە خاوەن دەوڵەت. کۆمەڵە خێڵێکی تورک لە تورکیا، فارس لە ئێران و وڵاتە گەورە و چووکەی عەرەبەکان جوگرافیایەکی سیاسییان پێ درا بێ ئەوەی ئەقڵییەتی مۆدێرنیان لە زەینی تەنانەت ڕووناکبیرەکانیاندا جێگیر کردبێت. هەر بۆیە سیستەمی دەسەڵاتدارییان مۆدێرن نەبووەتەوە. هەردەم دیکاتۆرێک دەسەڵات دەگرێتە دەست و دوای ماوەیەک بە زەبری دیکتاتۆرێکی تر یان شۆڕشێکی ڕووکەش دەهێنرێتە خوارەوە. کولتووری نەتەوەیەک لە پێناو مۆدێرن بووندا دەگۆڕدرێت، گرینگترین هەنگاو بۆ پەرەدان بەم ڕەوتە دەستەبەرکردنی دەوڵەتە.

هەندێ خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای کورد بە لێکدانەوەی خەسارەکانی

دەوڵەت ـ نەتەوە لە جیهاندا بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەتایبەتی، لە پێویستی دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس پاشگەز بوونەتەوە. دەوڵەت- نەتەوە بێخەسار نەبووە و نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتەکانی دامەزراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەوڵەت ـ ئێتنیکن. قەوارەی سیاسیی دامەزراو لە سەر ژێرخانی ئەقڵییەتی خێڵەکی ـ ئێتنیکی هەرگیز نایهەوێ و ئەگەر بیهەوێ ناتوانێ دەوڵەتێک پێک بێنێ کە مافی سیاسی-ئابووری- کۆمەڵایەتی- چاندی نەتەوەیێکی بندەستی وەکوو کورد بدات. هەر بۆیە دەرهاوێشتەی ئەو بیرمەند و لایەنە سیاسییانەی کە خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی کورد بۆ چالاکیی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بە بێ ڕەهەندی سیاسی دادەبەزێنن، بە هەڵە دەکەوێتەوە. سا ئەگەر ناسنامەی کورد بوون بە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە بەسراوەتەوە، نابێ گۆڕانکاریی بۆ مۆدێرن کردنی کۆمەڵگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی ژیان- بێ دابڕان لە ژێرخانی نەریت، زانست، وێژە و هونەر لە بیر بکرێن.

ڕەوتی نەتەوەخوازیی کوردستانی، لە کۆت و زنجیری خێڵەکی بووندا ماوەتەوە. نەتەوە سەردەستەکان لەم خەسارە کەڵک وەردەگرن. هەر کام لە کوردستانی بندەستی خۆیدا و لە پارچەکانی تری کوردستاندا گوتارێک پەرە پێدەدەن کە شەرعییەت بە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر کوردستاندا بدات. سەقامگیر کردنی ئەو سنوورانەی کە لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا سایکس ـ پیکۆ کوردستانیان پارچە پارچە کردووە، ڕەوتی نەتەوەخوازی کوردستان لاواز دەکات. لەجیاتی ئەوەی شوێن کەوتووانی ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان، خۆیان بە کوردستانەوە پێناسە بکەن، هێزی کوردستانیان لە پێناو ئیدیۆلۆژییە جیهانییەکان و نەتەوە سەردەستەکاندا لە خەسار داوە و لە خەساری دەدەن.



ئاراستەی کورد بوون، خۆ پێناسە کردن لە یەکە سیاسییە داگیرکەرەکان و ڕەوتە جیهانییەکاندا نییە. ئاراستەی کورد بوون سەربەخۆ کردنی ناسنامەی کورد و کوردستانە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. ئەم ئاراستەیە بە ڕێگایەکی پڕ لە بەربەستدا دەڕوات. زمانی کوردی فرەجۆرە، تەنانەت لە زمانە کوردییەکان دەدوێن. پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە بیچم دەگرێت. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنە حکوومییەکاندا کەرتەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە کەرتی زمانەوە هەتا خێڵ و ناوچە دەورووژێنرێتەوە. سیستەمی ئابووریی وڵاتە داگیرکەرەکان، کوردستانیان کردووەتە پەراوێز و سامانی سروشتی، کۆمەڵایەتی و هێزی کاری کوردستان تاڵان دەکات. سیستەمی پەروەردەی داگیرکەر لە قوتابخانەکاندا تاکی دڵخوازی خۆی پەروەردە دەکات. گشت ئەم هۆکارانە بەربەستی نەتەوەی کوردن بۆ گەیشتن بە مافی پێویستی خۆی.

هەر لایەنێک شەرعییەتی خۆی لە کوردستانی بوونەوە وەردەگرێت، دەبێ لەم هەلومەرجەدا بە هێزکردنی ڕەوتی نەتەوەخوازی وەکوو ستراتیژیی خۆی دەس‌نیشان بکات، نەک بە چالاکیی و پەیوەندیی خێڵەکی بە ئاقاری دوژمندا بڕوات. خێڵەکی بوون لە هەموو لایەنە کوردییەکاندا بوونی هەیە و گەورە مەرجی خۆ گرێ دان بە کورد و کوردستانەوە پەرەدان بە ڕەوتی نەتەوەخوازییە. جێی ئاماژەیە هەر ڕەوتێکی سەر بە ئیدیۆلۆژییە جیهانییەکان ئەگەر ستراتیژیی خۆیان بە دامەزرانی یەکەی سیاسیی کوردستانەوە پێناسە بکەن، بێ ئەوەی نەتەوەخواز بن، لەگەڵ نەتەوەخوازیدا تەبان.

> **لەجیاتی ئەوەی شوێن کەوتووانی ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان، خۆیان بە کوردستانەوە پێناسە بکەن، هێزی کوردستانیان لە پێناو ئیدیۆلۆژییە جیهانییەکان و نەتەوە سەردەستەکاندا لە خەسار داوە و لە خەساری دەدەن**

لە کورد بووندا کوردستان یەکەیەکی ژێۆپۆلیتیکی لێک ترازاوە. دوو پرسیار دێنە گۆڕێ؛ بۆ یەکەیەکی ژێۆپۆلیتیکییە؟ ئەگەر یەکەیە، بۆ لێک ترازاوە؟ وەڵامی هەر دوو پرسیار لە کردەوەی داگیرکەراندا دەردەکەوێ. لە قووڵترین ناکۆکیدا پەیمانی هێمنایەتیی هاوبەشیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بتەوتر دەکەنەوە. کەرتەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان دەورووژێننەوە، لە هێزە بێ پرەنسیپەکانی بەشەکانی کوردستان وەکوو ئامراز کەڵک وەردەگرن و ئەو هێزانەی کە ئەقڵییەتی خێڵەکی جڵەویانی گرتووە بە گژ ئەوانی تردا دەدەن.

لەگەڵ ئەم خوێندنەوەیەدا داگیرکەرانی هەر بەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و پێکهاتەی بەشی بندەستی خۆیان تا ڕادەیەک جیاواز ئەندازیاری دەکەن. کەرتە زمانی، خێڵی، ئایینی و ئایینزایی، شێوازی پەراوێز بوونی ئابووری و سیاسەتی داگیرکەر بۆ حەواندنەوە و تواندنەوەی ناسنامەی کوردستانی لە ئێران، ئێراق، تورکیا و سووریا لێک جیاوازە.

تا ئێرە کورد بوون واتە جوگرافیایەکی جڤاکی- چاندی تایبەت کە ئامانج و ڕێگای بە دەوڵەت بوونی گرتووەتە بەر. تایبەتمەندیی هاوبەشی داگیرکەرانی کوردستان سەرکوتی ڕەوتی نەتەوەیی کوردی و ڕێگەدان بە ڕەوتە نانەتەوەیی و دژە نەتەوەییەکانە. وێڕای یەکە بوونی کوردستان و هاوپەیمانیی داگیرکەران، کورد بوون لە خۆیدا فرەڕەنگ و فرە دەنگە کە دەبێ لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیدا لە بەر چاو بگیردرێت. هەوڵ بۆ یەکدەست کردنی کوردستان لە باری

کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕێک هەوڵێکی ڕەزاخانی و ئاتاتورکییە. گواستنەوەی سیاسەتی داگیرکەران بۆ ڕەوتی خەبات و لە داهاتوودا بۆ حەواندنەوەی کوردستان، سەرەڕای نابەجێ بوون، مسۆگەر نابێت. ئەو لایەنانەی کە هەوڵیان یەکدەست کردنی کۆمەڵگایە لە پێناو ئیدئۆلۆژی، شێوازی ژیان، شێوەزار یان حیزبێکی سیاسیدا، بە پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی کورد بوون دەجووڵێنەوە.

## ڕاسان

ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانێکی بە خۆوە بینی. هەندێ لایەنی کوردستانی خەباتی چەکداریی خۆیان لە دژی حکوومەتی ئێران دەست پێ کردەوە. لەو کاتەوە ڕاسان وەکوو زاراوەیەکی بەرچاو، تەنانەت لە وتاربێژانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ئەبیسرێت. بەڵام بابەتەکە لەوە قووڵترە و نابێ سۆزداری و پاڵەوانەتی بەر بە تێرامانمان بگرێت. بە لەبەرچاو گرتنی هەڵسوکەوتی داگیرکەران، دەبینین و مێژووش نیشانی داوە بە سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینە نەتەوەییەکان، هەموو داگیرکەرانی کوردستان هەست بە مەترسی دەکەن. هەندێکیان بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان شۆڕشی بەشێکی تری کوردستان دەکەن بە ئامراز و لە داگیرکەری ئەو بەشە ئیمتیاز وەردەگرن. بەڵام کاتێ شۆڕش گەیشتە ئاستی مەترسیدار، لە نێوان دوو یان چەند داگیرکەردا ڕێکەوتنێک ساز دەبێت و پێکەوە نسکۆی شۆڕشی کوردی دادەڕێژن. لایەنە بێ پرەنسیپەکانی بەشەکانی تری کوردستان کە دەبوا پشتیوانی شۆڕشەکە ببوونایە، دەبن بە ئامرازی داگیرکەر. ئەمە نیشانی دەدات ئەو لایەنە بێ پرەنسیپانە لە باری دەروونی و ئابوورییەوە بە داگیرکەرانەوە بەسراونەتەوە.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی بەشی ڕاساو بە جۆرێ ئەندازیاری کراوە کە لە هەر گوندێدا بە ئاشکرا و بە نهێنی کەسانێ کراونەتە سەر بە حکوومەت و پەرەدان بە سیستەمی ئینتەرنەت و پەیوەندی هەر لە پێناوی کۆنترۆڵدا جێبەجێ کراوە. بە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دۆخەکە تەواو گۆڕاوە. لە شارەکاندا سیستەمی کۆنترۆڵ بە لێکدابڕان و ئەتۆمیزە کردنی تاکی کورد مسۆگەر دەبێت. هەر چەند کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم سیاسەتە بۆ هەموو نەتەوەکانی بندەستی بەڕێوەدەبات، بەڵام بۆ نەتەوە نافارسەکان لایەنی ئەمنی و توندوتیژی و چاوترسێن کردن و سیخوڕی لە یەکتری بۆ حکوومەت، زۆرتر لە ئارادایە. کۆماری ئیسلامی تۆڕی کۆنترۆڵی خۆی بڵاو کردووەتەوە و تەنیا لە ئاستێکی نزمدا ڕێگە بە چالاکیی مەدەنی دەدرێت. دەسەڵاتداری پاوانخواز هێزە دژبەرەکانی بە جۆرێ ئەندازیاری دەکات و لە ئاستی نزمدا ڕایاندەگرێ کە شەرعییەت بە دەسەڵاتەکەی بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ئەرکی خۆی دەخاتە سەر شانی کۆمەڵگا و ئەو هێزەی وا ئەگەری سەرهەڵدان و دژایەتی کردنی هەیە، هەم دەناسێت و هەم لاوازی دەکات. ڕووبەڕوو بوونەوەی ئێمە دەبێ چۆن بێت؟ حکوومەت کایە و بەرنامەی خۆی هەیە. ئێمەش دەبێ بەرنامەی خۆمان دابڕێژین. خەبات بەپێی ئەو بەستێنەی داگیرکەر بۆ ئێمەی کردووەتەوە

ئەو لایەنانەی کە هەوڵیان یەکدەست کردنی کۆمەڵگایە لە پێناو ئیدئۆلۆژی، شێوازی ژیان، شێوەزار یان حیزبێکی سیاسیدا، بە پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی کورد بوون دەجووڵێنەوە

و ناوی ناوە چالاکیی مەدەنی، تەنیا ڕەوایی بە دەسەڵاتی داگیرکەر دەدات. ڕیفۆرمیستە کوردەکان و هەندێ حیزب و لایەنی سیاسی کە هەڵگری دروشمی چالاکیی مەدەنین و ڕاسانی چەکداری بە ڤیرژینی کۆنی خەبات و کوڕی خەڵک بەکوشتدان ناودێر دەکەن، بە کردەوە هاوسەنگییەکە بە قازانجی داگیرکەران دەشکێننەوە ڕیفۆرمیستەکان بە ئاشکرا پاشکۆی داگیرکەرن. بەڵام ئەو هێزە کوردییەی کە هەڵگری ئەو دروشمەیە، سەرلێشێواو و ماندووە. دەنا چۆن لە ژێر چەتری داگیرکەرێکدا کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانی دەدا، دەتوانرێت خەباتی بێ توندوتیژی ببرێتە ڕێوە؟

ڕاسان بۆ زۆر کەس جێی پرسیار و بۆ لایەنە پاوانخوازەکان سەرهەڵدانی برابەش بوو. بەڵام تاک و تاقمی نەتەوەیی وێرای هەندێ پرسیار ڕاسانیان وەکوو ژیانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەژمار دەکرد. پرسیاریان ئەوە بوو؛ ئاخۆ ڕاسان بە بەرچاوڕوونی و ستراتیژیی دیاری کراوەوە هاتووەتە گۆڕێ؟ بۆ ئەوەی ڕاسان گشتگیر بێت چ بەرنامەیەک پەیڕەو بکرێت؟

ڕاسان
بۆ زۆر کەس
جێی پرسیار و
بۆ لایەنە پاوانخوازەکان
سەرهەڵدانی
برابەش بوو.
بەڵام تاک و تاقمی
نەتەوەیی وێرای هەندێ
پرسیار ڕاسانیان وەکوو
ژیانەوەی خەبات لە
ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
هەژمار دەکرد

بە هێنانە ئارای هەندێ مەرج دەتوانین ئاراستەی ڕاسان ڕوون بکەینەوە.

**١** ئەگەر سیستەمی کۆنترۆڵی سەردەست فرە ڕەهەندە، ڕاسان بە خوێندنەوە و دەرخستنی بەرنامەی داگیرکەر دەبێ لە ئاپاراتووسی ئەو دەرباز ببێت و دەوری خۆی بگێڕێت.

**٢** ڕاسان بە گوتارێک کە هەموو لایەنەکان لە خۆ بگرێت پەرە دەستێنێ. ئەگەر داگیرکەر بە کەرت کردنی کۆمەڵگا هەوڵ ئەدات هێزەکانی کۆمەڵگا لێک دوور بکاتەوە و کۆمەڵگا لاواز بکات، ڕاسان دەبێ هێزەکانی ناو کۆمەڵگا ڕێکبخات. ئەو هێزگەلەی کە داگیرکەر بە کاری نەزۆکی مەدەنی بە فیرۆیان دەدات.

**٣** خەباتی شار لە باری دارشتنەوە لە خەباتی شاخ جیاوازە. خەباتی شار بە ئەقڵییەتی خەباتی شاخ ناکرێت. کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئەم دوو شێوە خەباتەی تێکەڵ کردووە.

**٤** خەباتی شاخ و شار هەڵگری توندوتیژین. ئەگەر خەباتی شار شەڕی چەکداریی ڕاستەوخۆ ناکات بەو واتایە نییە کە لە هەڵوێست دادەبەزێ.

**٥** شار بۆ دەسەڵات زۆر مەترسیدارترە لە شاخ. میدیاکانی حکوومەت بانگەشەی گوندی بوون و سروشتی بوون دەکەن. بۆ ئەوەی کە هەڵگرانی ئەو عەقڵییەتە زۆر بە ئاسانی لە گوتاری سەردەست دا دەتوێنەوە، بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوە دەکەون، بە پاراستنی جلوبەرگی کوردی، زمانی کوردی، خواردەمەنی و داب ونەریتی کوردی دڵخۆش دەبن. لە ئامانجی سیاسی و گەیشتن بە مافی پێویست پاشگەز دەبنەوە. زمان و کولتوورێک کە لە سیاسەت خاڵی بووەوە بۆ داگیرکەر هیچ مەترسییەکی نییە. دوای چەند نەوە لە کولتووری سەردەستدا دەتوێتەوە. لە شاردا کورد باشتر دەتوانێ خۆی بە میکانیزمە مۆدێرنەکان ڕابهێنێت. ئەگەر خەباتی شار پەرە بستێنێ داگیرکەر ناتوانێ بیحەوێنێتەوە و ڕێگە بۆ خەباتی شاخیش خۆش دەکات. یەک گرتنی خەباتی شار و شاخ لە وەها دۆخێکدا مسۆگەر دەبێت.

**٦** خەباتی فرەرەهەند بە یەک گوتار و یەک ڕیزەوە واتە لە پێناو دەستەبەر کردنی

مافی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستاندا هەموو لایەنە سیاسییەکان بە هاوزەینی و هاوبەرنامەیی بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی خەبات هەموو قوژبنەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.

بێ گومان دوژمن ئەم خاڵگەلە لە ئێمە باشتر لێکدەداتەوە و هەوڵ بۆ پووچەڵ کردنەوەیان دەدات. بەم پێش گریمانەوە دەبێ پلانی خەباتی شار و شاخ دابرێژرێت. داگیرکەر کایەی خۆی دەکات، ئێمەش دەبێ ڕێسای کایەی خۆمان دابرێژین. جا کێ لەم مەیدانەدا سەردەکەوێ بە وردبینی و ستراتێژیک بوونی بەرنامەی ئەو لایەنە کەوتووە.

## پەیوەندیی ڕاسان و کورد بوون

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و مەودای سەدەی ٢٠ و تا ئێستە(٢٠١٩) ڕاپەرینە کوردییەکان دەماری سیاسییان تێدا بووە. بەڵام ناتەواوی و ناتەبایی ناوخۆ و هەلومەرجی ناوچە و کایەی زلهێزان نەیانهێشتووە کوردستان ببێتە دەوڵەت. سەرەڕای گەیشتن بە ژیۆپۆلیتیکی پۆستمۆدێرن، کورد و کوردستان قۆناخی مۆدێرنیان تێپەڕ نەکردووە. هێشتا ناسنامەیەکی سیاسیی سەربەخۆی نەبووە کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانی پێدا نرابێت. سا ئەم وتەیە کە سەردەمی دەوڵەت نەتەوە کۆتایی پێ هاتووە لە هەر زار و پێنووسێکەوە بانگەواز بکرێت، ڕاستەوراست دەچێتە خزمەت داگیرکەرەکانەوە. لە بەرانبەردا لە دەیەی دووەمی سەدەی ٢١ەوە بۆچوونێکی بێ بنەما هاتووەتە گۆڕێ کە «کوردستان وڵاتێکی داگیر کراوە و دەبێ ڕزگار بکرێت و ببێ بە دەوڵەت. هێزە کوردییەکان گیرۆدەی ئێرانچێتی و تورکچێتی و عەرەبچێتین و شەرعییەتی خەباتیان لە دەست داوە. ئەم بۆچوونەگشت هێزەکانی چوار پارچەی کوردستان دەگرێتەوە».

لە سەر ڕستەی یەکەم هەر لایەنێک بە کوردستانەوە پەیوەست بێت وەری دەگرێ. ڕستەی دووەم باس لە پابەستە بوونی زەینی بە داگیرکەران دەکات کە داگیر کەران بە سیستەمی پەروەردە هەوڵی بۆ دەدەن. بەڵام ئەوەی کە هەموو لایەنەکان پابەستەی داگیرکەرانن جێگەی مشتومڕە. وڵامی ئەم بۆچوونە لە ئامانج و ستراتێژیی هەر لایەنێکی تایبەتدایە کە لێکدانەوەی ئەوە ئامانجی ئەم وتارە نییە.

> سەرینەوەی هەر هێزێکی کوردی بۆشایی ساز دەکات. بەڵام چاکسازی پێویستە. سا وەڵامی هەموو پرسیارەکان لە ستراتێژیدایە کە کورد تێیدا لاواز بووە

هەر ستراتێژییەک کە سنوورە دەسکردەکان پەتوتر بکات، دەچێتە خانەی پابەستبوون بە داگیرکەرانەوە. بەڵام بێ ستراتێژی بوون و ڕەش کردنی هێزە کوردستانییەکانیش هەر دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی داگیرکەرانەوە. سڕینەوەی هەر هێزێکی کوردی بۆشایی ساز دەکات. بەڵام چاکسازی پێویستە. سا وەڵامی هەموو پرسیارەکان لە ستراتێژیدایە کە کورد تێیدا لاواز بووە.

دوکتور قاسملوو بە تێگەیشتن لە واتای ستراتێژی، بە پێی سەردەم، هەوڵی دارشتنی ستراتێژیی حیزبی دێموکراتی دا کە بە شەهید بوونی ناوەختی هەموو بەرنامەکانی ناتەواو مانەوە. پێشتر نووسیم پێشگریمانەمان ئەوە بێت دوژمن شەش خاڵەکە لە ئێمە باشتر لێکئەداتەوە. شەهید کردنی دوکتور قاسملوو تەنیا ڕێگەی دوژمن بۆ تێکدانی خەباتی ئەودەم بوو. دوکتور قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردستان،



پێکهاتـــەی نەتـــەوە جیاوازەکانـــی ئێران و کایەی زلهێزان، هەوڵی دارشتنی ستراتیژیی دا کە بۆ ڕۆژهەڵات و لە بە ســتێنی یەکەی ژیۆپۆلیتیکیی کوردستاندا دایڕشت. سەرەڕای کەموکووڕییەکانـــی، تایبەتمەندییەکـــانـــی ســـتراتێژیی تێدا بوو. بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون کە قاســـملوو بـــە ئێرانچێتی تاوانبار دەکەن، ســـتراتێژییەکەی لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی کورددا بوو.

کوردســـتان کاتـــێ ســـەربەخۆ دەبێ کە هـــەر بەش بتوانێ هێژمۆنیی خۆی بە ســـەر داگیرکەرەکەیدا بســـەپێنێ و ئەوســـا پێکەوە بڕیاری یەک گرتنەوە بدەن. لێرەوەیە قاسملوو قســـە لە خەباتـــی ڕۆژهـــەڵات دەکات. ئەم شـــێوەڕوانینە ناچێتە خانەی ئێرانچێتییەوە، هـــەر وەها بۆچوونێکی بێ بنەما نییە. دوکتور قاسملوو دەڵێ ستراتێژیی حیزبی دێموکرات بـــۆ ٢٥ ســـاڵ ئەوەیە کە لە ژێر ســـەردێڕی دێموکراســـی بۆ ئێـــران، خودموختـــاری بۆ کوردســـتان، تایبەتمەندییەکانی فێدێراڵیزمی تێدا بێت. لەو پلانەدا دامودەزگای کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ... هتد بە حکوومەتی خۆجێیی کوردســـتان بوو. ئەمە واتـــە پەروەردە کردنی بەرەیـــەک کە بە مافی خۆیان ئاشـــنا کراون. دوکتور دەڵێ دوای ٢٥ ســـاڵ دیسان نەتەوە بڕیاری خۆی دەدات.

ڕاســـان لەم سۆنگەیەوە شـــەرعییەتی لە کورد بوونەوە وەردەگرێت کە ئامانجی سیاسی و ستراتێژی و پێکهاتەی خەباتی شار و شاخ، کوردستانییە. بەڵام نابێ سۆزداری و هەستی پاڵەوانی لە بیرکردنەوە و وردبوونەوە دوورمان بخاتەوە. خەباتـــی نەتەوەیی کورد، گیرۆدەی هەندێ خەســـارە کە چارەســـەر کردنی وان پێویستی بە هەرەوەزی هەموو لایەنەکانە.

ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت مەڵبەنـــدی گۆڕانی سیاســـیی لە ناکاوە. ســـا دەبێ هێزە کوردستانییەکان ئامادەی ئەو گۆڕانگەلە بن و بەو پێیە ستراتێژییان هەبێت.

# پارالێکسی ڕاسان، ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە

شوعەیب دانش پەژوو



**ئاماژە**

لایەنی تیۆریکی ڕاسان وەکوو فۆرماسیۆنێکی نوێی خەبات لاوازە و بەمەبەستی ناساندنی ئەم مێتۆدە لە خەبات بە بەردەنگەکانی هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو لەبەردەستدا نییە. لۆژیکی نییە ڕەوتێک لە خەبات دەستپێبکات و پاشان تیۆریزەی بکەین. بەتایبەت کە نووسەری ئەم دێڕانە لەو بڕوایەدایە کە خودی پرسی کورد هێشتا تیۆریزە نەکراوە تاکوو بتوانین ڕێکاری گونجاو ببینینەوە.

بە مەبەستی هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ «ڕاسان» بە چەشنی «فۆرماسیۆنێکی خەبات»، بەبێ ئاوردانەوە و ڕوونکردنەوەی بەستێنگەلی سەرهەڵدانەکەی، لە کۆتاییدا تێگەیشتنێکی ئاڵۆز و نەزۆک دەبێت. یان بە واتایەکی تر، دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی هەر برگەیەک لە مێژوو، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ڕەوتگەلی مێژوویین. هاوکات لەگەڵ چۆنیەتیی برگە مێژووییەک، پێویستە خودی بابەتەکە (لێرەدا مەبەست ڕاسانە)، بە مێتۆدی ڕەخنەگرانە و شیکارانە بکەوێتە بەر تیشکی هەڵدانەوە و پەردە لەسەر لایەنگەلی جیاوازیی لابدەین. چەمکی «پارالێکس» یەکەمجار لە بواری فۆتۆگرافییەوە و پاشان لە فەلسەفەدا بەکارهاتووە. نیچە لە شرۆڤەی حەقیقەتدا کەڵک لە چەمکی «پرێسپێکتیڤیزم» بە مانای «سۆنگەگەریتی» وەردەگرێت. بەبڕوای نیچە، سووژە بەنیسبەت سۆنگە/پێگەی خۆیەوە دەتوانێت گۆشەیەک لە حەقیقەت ببینێت نەک هەمووی حەقیقەت، و بە گۆڕینی سۆنگە/پێگەی خۆیە کە دەتوانێت لایەنێکی نوێی حەقیقەت ببینێت، کەوایە بە ڕێژەی سووژەی ناسێنەر دەتوانین لایەنگەلی جیاواز و نوێی حەقیقەت بدۆزینەوە. فەیلەسووفی ناسراوی ژاپۆنی بەناوی کوجین کاراتانی بە ئیلهام گرتن لە نیچە بۆ ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی مارکس و کانت لە چەمکی پارالێکس کەڵک وەردەگرێت و دەیەوێت لە ڕێگای ئەم چەمکەوە دەست لەسەر مەودایەک دابنێت کە لەنێوان «بەرهەمهێنان» و «بەکارهێنان» دا هەیە و سووچێکی نوێی حەقیقەتی پێوەندیی کار و سەرمایە نیشان بدات. لەم نووسراوەیەشدا مەبەست لە «پارالێکسی ڕاسان» نەک پێداهەڵگوتنی ڕاسان بەڵکوو دەرخستنی لایەنی نەدیتراو یان کەمتر دیتراوی چۆنیەتیی سەرهەڵدان و کەموکوڕیەکانی ڕاسانە. کەوایە لەم کورتە نووسینە و لە هەنگاوی یەکەمدا، هەوڵ دەدرێت بەستێنی دەستپێکی ڕاسان ڕوون بکرێتەوە و پاشان «چەندایەتیی» ڕاسان زیاتر بکەوێتە بەرباس.

دەتوانین پێریۆدیزەیشنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا [دەستپێکی دەیەی شەستی هەتاوی تا هەنووکە]، بەسەر سێ قۆناغی مێژووییدا دابەش بکەین.

## ١. قۆناغی چالاکیی ڕاستەوخۆ:

ئەم برگەیە کە لە نیوەی دووەمی دەیەی پەنجای هەتاوی دەستپێدەکات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوکراو، بەچەشنی هێزی شوێندانەر لە گۆڕەپانی سیاسیی جوگرافیای ئێراندا دەردەکەوێت. حیزبی دێموکرات بە هەبوونی کەسانی خاوەن ئەزموونی خەبات و هەروەها هەڵکەوتەی نەوەی نوێ وەکوو دوکتۆر قاسملوو و بەپشتبەستن بە ئەزموونی کۆماری کوردستان، توانیی ببێتە لایەنێکی شوێنداری کۆمەڵگای کوردی کە لەئاستی گشتیی سیاسەتی ئێراندا دەوری بەرچاو بگێڕێت. جیا لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کورد لەم برگە مێژووییەدا، سووری پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی ئەوکات، بەرهەمهێنەری سووژەیەکی کوردی بوون کە دوو تایبەتمەندیی هەبوو. یەکەم، چالاک/زیندوو بوون و دووەم، خاوەنی شوناسبوون.

ئەم دوو تایبەتمەندییە بارودۆخێکی پێکهێنابوو کە تاکی کورد بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی، تەمەن و جوگرافیای نیشتەجێ بوونی بە شێوەیەکی چالاکانە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەتەوەکەیدا بەشداری بکات و خوازیاری دروست کردنی چارەنووسی ئێستا/داهاتووی خۆی بێت. ڕووداوەکانی ئەوکات ئەوە دەسەلمێنن یەکەمجار بوو کە ئەو دوو تایبەتمەندییە لەگەڵ یەکدا

و لەیەک کاتدا لە تاکی کورد، کۆببێتەوە. ئەم بارودۆخە سیاسییە زیندووە، هاوکات بوو لەگەڵ بارودۆخی ئابووریی نەباش و ساکاری نامۆدێرن کە هێشتا تاکی کورد (هەروەها تاکی ئێرانی) لەگەڵ فۆرمی نوێی هێزەکانی کاریگەری پێوەندیی «شارنشینی» (بەواتا سەرمایەدارانەکەی) ئاشنا نەبووە. ئەمە هاندەرێک بوو بۆ دروستبوونی هەستی «یەکێتیی کۆمەڵایەتی» کە یەکەم دەرکەوتەی، بەرپرسیاریتی سیاسیی تاکی کوردی لێ دەکەوتەوە. بۆیە جێگەی سەرسوورمان نییە کە پێچەوانەی بارودۆخی ئابووریی لاواز، گەشەکردنی کۆفامی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەبینین. لە لایەکی دیکەیشەوە دەرفەتی ئەم برگە مێژووییە ئەوەندە درێژ نەبوو و خاوەنی بنەمایەکی تیۆریکی سەقامگیرکراو لە زەینی ناوشیاری تاکدا نەبوو کە کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکان لەژێر چەترێکی هاوبەشی پەراوێز خستبوو. ئەم دابەش بوونەی تاک بەسەر چەند ڕەوتی سیاسیی جیاوازی کوردستاندا، هەرچەند بەڵگەی پلۆراڵبوونی مەیدانی سیاسەتی کوردی نیشان دەدات بەڵام لە سۆنگەی کارکردییەوە بووە بەربەستێک بۆ هاودەنگ نەبوون لەهەمبەر دەسەڵاتی ناوەندا. ئەم قۆناغە مێژووییە سەرەتا بە ڕێکخستن و بەرێکخراوەیی کردنی هێزی سیاسی دەستی پێکرد و پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، بە ئامادەبوون لەناو خەڵک و خاکی کوردستاندا، چالاکییەکانی خۆی لە دوو ڕەهەندی وتووێژ و خەباتی چەکدارانەدا درێژە دا. سەرەڕای چەند و چۆنیی ئەو دوو ڕەهەندە لەخەبات، کورد لەئاستی گشتیدا بەو ئاکامە گەیشت کە هێز سەرەکیترین بنەمای دیاریکردنی دەرکەوتەی مێزی وتووێژەکانە و بەزمانێکی نیچەیی، سووژە لە پرۆسەی چۆنیەتیی پێکدادان و پێکگەیشتنی هێزەکانە کە بیچم دەگرێت و لەئەنجامدا قەوارە یان پێگەی سووژە بەپێی ئاستی ڕێژەیی گەورە یان بچووک بوونی هێزەکانی دەوروپشتی دیاری دەکرێت. چۆنیەتی و چەندایەتیی هێزی سیاسیی کورد لەو قۆناغەدا، بەستێنێکی پێکهێنابوو کە سووژەی کوردی خۆی لە گۆڕەپانێکی پرشکۆ و حەماسیدا دەدیتەوە.

## ٢. قۆناغی پاسیڤبوون/دابڕان:

چوونەدەرەوەی (بەردەوام و هەمیشەیی) حیزبە کوردییەکان لەناو شارەکان و هەڵگەڕان بۆ بناری کێوەکان، یەکەم هەنگاوی دابڕان بوو. تەواوبوونی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق، تیرۆرکردنی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بەدەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، میلیتاریزەکردنی کوردستان، دارمانی پێکهاتەی ئابووریی ئێران و .... دەیان هۆکاری تر، هەروەها هاوکات دروست بوونی هەستێکی سۆزتەوەر لەنێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەگەل دەسەڵاتی ناوەندی (بەهۆی کوشتنی کەسوکاریان لە شەڕی ئێران و ئێراق)، بارودۆخێکیان پێکهێنا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی هێزی سیاسیی کورد لاواز و لاوازتر دەبوو. لە نیوەی دەیەی حەفتای هەتاوییەوە ، بەهاتنەسەر کاری ڕەوتی ڕیفۆرمیستیی خاتەمی کۆی جوگرافیای ئێرانی بەخۆوە سەرقاڵ کرد و دەورێکی هەشت ساڵەی نۆژەنکردنەوەی پۆپۆلیستیی پێکهاتەی ئێران دەستپێکرد. لەو ڕووەوە پۆپۆلیستبوون بۆ پێناسەی ئەو ڕەوتە بەکار هاتووە کە کۆی ئیدعای بەناو بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی لەو کاتەدا، جەختکردنەوە لەسەر ئازادیی بەیان بوو. واتە هێنانەخوارەوەی ئاستی ئازادیی تاک لە هەموو بوارگەلی یاسا، سیاسەت و فەرهەنگ بۆ تەنها ئاستی ئازادیی نووسین. هەرچەند تەنانەت ئەو برگەیەیش بەشێوەی کردەکی و یەکسان هیچکات ڕووی نەدا. یەکەم پێشمەرجی ئازادی لە هەر کۆمەڵگایەکدا

بەستراوەتەوە بە هەبوونی یاسای بنەڕەتیی دیموکراتیک کە هیچ هەڵاواردنێک لەنێوان تاکەکانی نیشتەجێبووی ئەو جوگرافیایەی تێدا نەبێت. لە هەمووان ڕوونە کە تەنانەت ئەو یەک پێشمەرجەیش لە جوگرافیای ئێراندا نەبووە و نییە، کەوایە خودی پرۆسە یان ئیدعای ڕیفۆرم لە هەنگاوی یەکەمی خۆیدا بێ مانایە. لەم سەردەمەدا هێزە کوردییەکان و تەنانەت توێژی هەڵکەوتە/ڕۆناکبیری کورد ـیش، لە دوو جەمسەردا کۆ دەبوونەوە. جەمسەری هاورا و هاورێی ڕەوتی ڕیفۆرم و جەمسەری بێ لایەن بەنیسبەت ڕەوتی ڕیفۆرم. تاک لە جەمسەری یەکەمدا دوچاری گەشبینییەکی ناواقیعی و هیوادارییەکی خەیاڵاوی بوو و لە جەمسەری دووەمدا بێ بڕوا بە ڕیفۆرم و هەروەها بێ بڕوا بە هێزی خۆی. لێرەدایە کە «دابڕان» مانا بەخۆوە دەگرێت. دابڕانی تاکی وشیار/بەرپرسیاری قۆناغی یەکەم لە گۆڕەپانی سیاسەتی زیندوو و واقیعی، دابڕانی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی لە هاوکێشە کۆمەڵایەتی/سیاسییەکانی قۆناغی یەکەم، و لە هەمووی گرینگتر دابڕانی تاکی ناو کۆمەڵگا لە حیزبی سیاسیی پێشووی. لەلایەکەوە حیزبی سیاسی خۆی لە پێگەی بێهێزیدا دەبینیەوە و هەمووی ئاواتی لەسەر پێشبینیکردنی ڕووخانی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بە دەستی وڵاتانی زلهێزەوە هەڵچنیبوو. لە لایەکی دیکەیشەوە تاکی کورد خۆی لەناو دەریایەکی ئازادا دەبینی کە هەرکات ویستی مەلەکردنی هەبوو، دەریا دەبووە تراویلکە.

ئەگەر بە زمانێکی دەروونناسانە بدوێین دەبێت بڵێین، لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای

> **کورد لەئاستی گشتیدا بەو ئاکامە گەیشت کە هێز سەرەکیترین بنەمای دیاریکردنی دەرکەوتەی مێژی وتووێژەکانە و بەزمانێکی نیچەیی، سووژە لە پرۆسەی چونیەتیی پێکدادان و پێکگەیشتنی هێزەکانە کە بیچم دەگرێت**

کوردی لە تاکگەلێک پێکهاتبوو کە بەشێوەی «دووانەی پاسیڤ» دەژیان. تاکی کورد لەلایەکەوە هیوای خۆی لەسەر ڕەوتێک بەستبوو کە خۆیشی لە ناخەوە بڕوای پێ نەبوو، و لە لایەکی دیکەیشەوە پاڵپشتێکی جیددی و کارامەی بۆ خۆی نەدەدیت و دیسان بەناچار دەگەڕایەوە سەر بیچمدانی «ناهیوا»کەی. بەپێی خوێندنەوەیەکی فۆرماڵ لە قۆناغی یەکەمدا، حیزبی سیاسی دەوری ڕێنیشاندەر و ڕێکخەر دەبینێت، و تاک بە ڕەچاوکردنی ئاواتی زەینیی خۆی پەیوەست بە حیزبەوە دەبێت. واتە حیزبی سیاسییە کە تەکووزی بە کۆمەڵگا دەبەخشێت. ئەم تایبەتمەندییە لە قۆناغی دووەمدا بە تەواوی نامێنێت، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی «ناڕەوت» و «ناحیزب»ی جۆراوجۆر لەم سەردەمەدا ڕووبەڕوو بووین. لە قۆناغی یەکەمدا تاکی کورد شوناسی خۆی وەکوو تاکێکی جیاواز و سەربەخۆ پێناسە نەدەکرد بەڵکوو بە پێچەوانەوە تاک بوونی خۆی بەپێی بەرپرسیارێتیی کۆی کۆمەڵگا (نەتەوە)کەی پێناسە دەکرت و سەرکەوتنی خۆی لەگەڵ سەرکەوتنی گشتی گرێ دەدایەوە. ئەم تێگەیشتنە شاراوەیە لە قۆناغی دووەمدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەجۆرێک کە تاکی کورد یان شوناسی خۆی لە دابڕانی ڕۆژانە و چالاکانەی سیاسیدا پێناسە دەکات یان چارەنووسی خۆی نەک لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی بەڵکوو لەگەڵ تاکی جوگرافیای ئێراندا دەبەستێتەوە. واتە لە ئاستی دەروونناسانەی زەینیدا تاکی کورد دوچاری دابڕانێکی نەتەوەیی دەبێت و لە ئاستی مەعریفەناسانەوە دوچاری گۆشەگیری دەبێت.

لە وێنەیەکی کورتدا و بەزمانێکی ساکار دەتوانین ئەم سەردەمە ئاوا وێنا بکەین: حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی لە مەیدانی ڕاستینی سیاسەتدا نەماوە، تاک لە بارودۆخێکدا دەژیت کە ناتوانێ ڕێگا هەڵبژێرێت و نازانێت چیی دەوێت، دوژمن بەخەیاڵی ئاسوودەوە خەریکی جێبەجێ کردنی پلانەکانی خۆیەتی.

### ٣. قۆناغی ڕاسان:

کاتێک بە مێتۆدگەلی کۆمەڵناسانەوە بمانەوێت بارودۆخی کۆمەڵگا بکۆڵینەوە و کێشەکانی دەستنیشان بکەین، لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە هەرچەشنە سەرکوت، گەوجاندن، بەلارێدابردن و ... واقیعی نەتەوەیەک، هەتایی نییە و لە سەرهەڵدانی قەیرانێکدا دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدانەوەی دووبارەی کێشە چارەسەرنەکراوەکان دەرەخسێت. بە ڕەچاوکردنی قۆناغی یەکەم و دووەم، لەگەڵ ڕەوتێکی بزوێنەر و چالاک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە وردە وردە لە بزوێنەربوونی کەم دەبێتەوە و دەگاتە ئاستی پاسیڤ بوون. بەڵام ئەم پاسیڤ بوونە بەمانای چارەسەرکردن یان سڕینەوەی کێشەکان نییە بەڵکوو کەڵەکەبوونی کێشەکان لەسەر یەک نیشان دەدات. پاش ئەزموون کردنی دەورەی هەشت ساڵەی ڕیفۆرمی حکوومەتی و بەدەستەوەگرتنی دووبارەی دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەن بناژۆخوازەکانەوە، ئەو ڕاستییە (هەرچەند درەنگ) ڕوون بووەوە کە هیچکام لە کێشەکانی نەتەوەی کورد چارەسەر نەکراون و ناکرێن. کێشەیەک کە دەسەڵاتی ناوەند دەیویست بە چەواشەکاری و سەرکوت وەها نیشانی بدات کە کێشەکە لەبنەڕەتدا پرسی زاڵبوونی نەتەوەیەک(فارس) بەسەر نەتەوەیەکی تر (کورد)دا نییە و بەڵکوو کێشەی سەرەکی چۆنیەتیی پرسی یاسایە و دەکرێت لەڕێگای ڕیفۆرمی یاساییەوە چارەسەر بکرێت. ڕاستە کە تێگەیشتن لەم ڕاستییە کاتی زۆری خایاند و شۆرشی کوردی بۆ دوو دەیە گۆشەنشین کرد، بەڵام هاوکات کوردی لەگەڵ ئەو پرسیارە ڕووبەڕوو کردەوە کە ئەگەر پرسی کورد لەڕێگای یاسایی و لەچوارچێوەی حکوومەتی ئێراندا چارەسەر ناکرێت، ئەی ڕێکار چییە؟ هەردوو لایەنی حیزبی سیاسی و ئێلیتی ڕووناکبیری کورد بەجۆرێک بە بنبەست گەیشتبوون. لەلایەکەوە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان لە پێگەی بێهێزی و بێدەسەڵاتیدا دەبینییەوە و هەرچەند لە ڕاستییەکە تێگەیشتبوون بەڵام ئیرادەیەک بۆ دەستپێکی خەباتێکی چالاکیان تێدا نەبوو، و لەلایەکی دیکەیشەوە ئێلیتی ڕووناکبیری کوردیش لە تیۆریزەکردن و پێشکەشکردنی گەڵاڵەیەکی کردەکیدا دەستەوەستان بوون. هاوکات دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە ئاستی گشتیی خۆیدا لەگەڵ سێ قەیرانی گشتی ڕووبەڕوو بوو کە تایبەتترینیان قەیرانی ئابووری بوو.

پێشتر ئاماژەمان بەو خاڵەدا کە دیوی دیکەی قەیران هەمان دەرفەتە. دەرفەتێک کە لە سەرڕێژکردنی کۆمابوونی کێشەکاندا دەرەخسێت. قەیرانی ئابووری لە ئێراندا خۆی لە مانگرتنی جۆراوجۆری توێژگەلی گۆمەڵگا بەتایبەت کرێکارانی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان نیشان دا کە بە سەرکوتی

> لۆژیکی نییە ڕەوتێک لە خەبات دەستپێبکات و پاشان تیۆریزەی بکەین. بەتایبەت کە نووسەری ئەم دێرانە لەو بڕوایەدایە کە خودی پرسی کورد هێشتا تیۆریزە نەکراوە

توندی حکوومەتی هەوڵی پەردەپۆشکردنیان دا.
لەپاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ی هەتاوی، کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست بوو و دەوڵەت لەگەڵ قەیرانی رەواییبوونی خۆی رووبەروو بووەوە. درێژەکێشانی پچڕاو پچڕاوی ئەم دوو قەیرانە و هەروەها قەیرانی ژینگە لە ئاستی گشتیدا، باوەڕی کۆی دانیشتوانی جوگرافیای ئێرانی بەرەو ئەو ئاقارە برد کە ئیتر نەتەنها دەوڵەت رەوایی خۆی لەدەست دابوو بەڵکوو کۆی پێکهاتەی دەسەڵات واتە حوکوومەت لەلایەن خەڵکەوە رەوایی نەما و دروشمەکانی نارەزایەتییەکانی زستانی ٩٦ی هەتاوی سەلمێنەری ئەو ئاماژەیەن. واتە پێوەندیی نێوان خەڵک و مێژووی دەسەڵاتی ناوەندی دوچاری لێکترازان و وەرچەرخانێک بوو. بەڵام لێرەیشدا دیسان بەرەی خەڵک سەرەڕای لەدەستدانی متمانە و باوەڕیان بە حکوومەت، رێکارێکی گونجاو و کردەکی بۆ دەربازبوون لەو دۆخەیان نەدیتووە.
کوردستان و نەتەوەی کورد زۆر زیاتر لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ قەیرانە گشتییەکانی جوگرافیای ئێران رووبەڕوو بوون. هەروەها ماندووبوونی زەینی سیاسیی کورد لە چاوەڕوانی و بێ هیوایی بارودۆخی رۆژانەیان، خواستی خەباتی چالاک و زیندووکەرەوەیان لە حیزبەکان هەبوو. خودی حیزبەکانیش بەهۆی لاوازبوونی رۆژ لەدوای رۆژی دەسەڵاتی ناوەندی بەنیسبەت پێگەی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە، هەستیان بەوە کرد کە دەتوانن لە فۆرمێکی نوێدا چالاک ببنەوە. بەڵام ئەم چالاک بوونەوەیە هەر لە دەستپێکدا چەند گرفتی هەبوو، لەوانە؛ لاوازبوونی ئاستی کارامەیی چالاکیی نیزامی بەهۆی دوو دەیە دووری لەو چالاکییانە، دروست بوونی مەودایەکی زۆر لە نێوان بەرەی نوێی کۆمەڵگا و حیزبەکان، بەربەستی یاسایی سنووری نێوان ئێران و ئێراق و هەروەها نەبوونی سەرچاوەی ئابووریی پتەو بۆ ماوەی درێژخایەن.
راسان لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە لە بارودۆخێکدا دەستپێدەکات کە ئەم گرفت و ئاستەنگانە تا رادەیەک بەهێز و کاریگەر بوون کە ئێستایش لایەنێک پێی وایە چالاکیی نوێ لە فۆرمی نوێدا هیچ کاریگەرییەکی نییە و نابێت بکرێت، لایەنێک هێشتا هەر خەون بە ریفۆرمەوە دەبینێت و لایەنی دیکەیش هێشتا چاوەڕوانی ولاتانی زلهێزە کە دەسەڵاتی ناوەندیی بۆ بڕووخێنن. بۆیە پێش هەموو شتێک، گەڕاندنەوەی بڕوا و متمانە بە خەباتی کورد لە ڕێگای راسانەوە گرینگرین خاڵێکە کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین. بەڵام ئەگەر بمانەوێت خودی راسان لێکبدەینەوە و روانگەیەکی رەخنەگرانە بێنینە بەرباس، پێویستە لە سێ سۆنگەی جیاوازەوە چۆنیەتی و چەندایەتیی راسان شی بکەینەوە.

## یەکەم: سۆنگەی تیۆریک

کۆی مێژووی خەباتی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لە رەوتێکدا بیچم دەگرێت کە سەرەتا بە چوارچێوەیەکی تیۆریک هەوڵ دەدرێت هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەیەک هەڵسەنگێندرێت و پاشان رێکاری کردەوەیی بۆ دەستخستنی ئامانجەکان پێشنیار بکرێت. ئەم رەوتە بەنیسبەت راسانەوە پێچەوانە بووە. واتە لایەنی تیۆریکی راسان وەکوو فۆرماسیۆنێکی نوێی خەبات لاوازە و بەمەبەستی ناساندنی ئەم مێتۆدە لە خەبات بە بەردەنگەکانی هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو لەبەردەستدا نییە. لۆژیکی نییە رەوتێک لە خەبات دەستپێبکات و پاشان تیۆریزەی بکەین. بەتایبەت کە نووسەری ئەم دێڕانە لەو بڕوایەدایە کە خودی پرسی کورد هێشتا تیۆریزە نەکراوە تاکوو بتوانین

ڕێکاری گونجاو ببینینەوە. سەرەڕای ئەوەیش، ناوەڕۆکی ڕوانگە و بۆچوونی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە پرسی کورد ڕوانگەیەکی نەتەوەییە بەڵام ئەم ناوەڕۆکە لە فۆرمی فیدراڵیزمدا دەستەبەندی دەکات. خودی ئەم بابەتە یەکێک لە بەربەستە تیۆرێکییەکانی حیزبی دێموکراتە کە پێویستە هەرچی زووتر کۆتایی بەم ناکۆکییە بهێندرێت.

## دووەم: سۆنگەی جوگرافی

سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ڕاسانەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە پرسی نەتەوەی کورد بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گشتی و سەرانسەری پێناسە بکات بەڵام لەکردەوەدا نەیتوانییە چالاکییەکانی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکردەوەیی بکات بەڵکوو دوو پارێزگای گرینگی ڕۆژهەڵات واتە کرماشان و ئیلام لە ڕاسان بێبەش کراون. لەوانەیە لە وڵامی ئەو ڕەخنەیەدا، خێرا ئیستدلالی دووری و بەرینبوونی جوگرافیای ڕۆژهەڵات بخەنە بەرباس. بەڵام ئەم ئیستدلالە لە سەرەتای دەستپێکی ڕاسانەوە ڕەوایی هەیە نەک پاش سێ ساڵ لە ڕاگەیاندنی ڕاسان و دەبوو تا ئێستا ڕێکاری لابردنی ئەو گرفتانە پێشنیار و بەکردەوە کرابان. بەبێ بەشداری پێ کردنی تاکی کورد لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان (کە زۆرینەی حەشیمەتی ڕۆژهەڵاتن) ناتوانین کاریگەریی پێویست و دەرئەنجامی گونجاو بەدەست بێنین.


> سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ڕاسانەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە پرسی نەتەوەی کورد بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گشتی و سەرانسەری پێناسە بکات بەڵام لەکردەوەدا نەیتوانییە چالاکییەکانی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکردەوەیی بکات


## سێیەم: سۆنگەی ڕەگەزی

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی خەباتی نەتەوەی کورد کە جێگای شانازی بووە، پەیوەست بوونی ژنان بە ڕیزی خەباتەوە بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە دروست کردنی یەکێتیی ژنان، بۆ یەکەمجار ژنی کورد توانیی بەشێوەی ڕێکخراوەیی لە خەباتدا بەشداری بکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوڤیندا دیاردەیەکی بێ وێنە بووە. ئەم شانازییە هەتا ڕاسانیش هەر بەردەوام بووە و ژنانی کورد لە هەموو حیزبە کوردییەکان بەشداریی بەرچاو و چالاکانەیان هەبووە. بەڵام ئەم چالاکییە لە مەیدانی شەڕی چەکدارانە لەڕاستیدا پلەدوو و ناکارامە بووە. پلە دوو و ناکارامەبوون لێرەدا مەبەست لایەنی نەرێنی و بایەخداوەرییەکی ئەخلاقی نییە بەڵکوو پێگەی ژنان لە شەڕی چەکداری مەبەستە. ڕێژەی شەهیدانی ژن چ لە قۆناغی یەکەم و چ قۆناغی سێیەم ئەوە نیشان دەدات کە ژنان نەیانتوانیوە بگەنە هێڵی پێشەوەی خەبات. لە دەستپێکی ڕاسانەوە تا ئێستا بەرێژەیەکی زۆرەوە ژنان پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەوە بوون بەڵام لەکام بەشدا چالاکی دەکەن؟ بۆچی لە هێڵی پێشەوە دەرناکەون؟ وڵامی ئەم پرسیارانە لەسەر شانی ژنان نییە بەڵکوو ئەوە دەرەنجامی سیاسەتی پیاوتەوەریی کۆمەڵگا و حیزبی کوردییە کە ڕێگای گەشەکردنی ژنانیان داخستووە. حیزبی دێموکرات سەرەڕای باوەڕمەندبوونی ڕاستەقینەی سەبارەت بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، بەڵام ئەم یەکسانییە لە ڕاساندا و لەئاستی بەشداری پێ کردنی هاوتەریبی ژنان لە شەڕی چەکداریدا جێبەجێ نەکراوە. (کۆی شەهید و بریندارbووانی ڕاسان، پیاون).



# بەرگریی چەکداری و وشیاریی نەتەوەیی

ئارەش ساڵح



**ئاماژە**

ڕستەی «دڵێکی نوێ خستنە ناو جەستەوە»
ئەگەرچی گوتەیەکی تەواو سادە کراوەیە،
بەڵام لە ڕاستییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت
کە ئەویش هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕۆڵەی بەرگریی چەکداری
لە گەشەی وشیاریی نەتەوەییدا دیگێڕێ.

دوای ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگیی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەنجام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ لە بۆنەی نەورۆز لە چیاکانی سەر سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور دەسپێکردنەوەی قۆناخێکی نوێ لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی ڕاگەیاند. ئەگەرچی ئەم قۆناخە نوێیە هێشتا خەریکی بەرەوپێش چوون و چاکسازی لە ناوخۆیدایە بەڵام هەر لە سەرەتاوە سێ بابەتی سەرەکی لە چوارچێوەی ئەو خەباتە ڕوون و ئاشکرا بوون.

یەکەم بابەت ئەوە بوو کە خەباتی ڕاسان ئامانجە سەرەکییەکەی زیندوو کردنەوەی ڕۆژهەڵات و بەرز کردنەوەی سەنگی ڕۆژهەڵاتە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە جۆرێک پێشڕەوی خەباتە مودێرنەکان بووە، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا نەناسراو و بێ دەنگ مابوویەوە و کەمتر کەسێک ئاگای لەوە مابوو کە لە ئێران کورد هەیە. بابەتی دووهەم ئەوە بوو کە شار و خەباتگێرانی شار ڕۆڵێکی مێحوەرییان لەو خەباتەدا دەبێت. قۆناخی نوێ لە خەباتی ڕۆژهەڵات کە بە ڕاسان ناوزەد کرا، هەوڵی لەسەر ئەوە بوو کە جەختی زۆر لەسەر چینی مامناوەندی شارنشین بکاتەوە. بابەتی سێهەم کە ڕاسان هەر لە دەسپێکەوە لەگەڵ خۆی هێنای، وەستانەوە لە بەرامبەر ئەو گوتارانەدا بوو کە دەیانویست ڕۆژهەڵات لە وشیاریی نەتەوەییی خۆی داماڵن و بیکەنە پاشکۆی هەندێک گوتار کە لە تاران یان بەشەکانی تری کوردستان سەرچاوەیان گرتبوو.

هەر سێ ئەو بابەتەی ڕاسان، دەکرێت بکەوێتە خانەی یەک بابەتی گشتگیرترەوە و لە چوارچێوەی ئەو پرسەدا لێک بدرێنەوە کە ئەویش کاریگەریی شەڕی چەکداری لەسەر وشیاریی نەتەوەییە. ئاخۆ شەڕی چەکداری چۆن دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لە خەباتی ڕزگاریخوازی و وشیاریی نەتەوەیەکی بندەستدا؟ شەڕی چەکداری چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرگریی کەلتووری هەیە و چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەلتووری ژێردەست بتوانێت لە بەرامبەر توانەوەدا بەرگری بکات.

ئامیلکار کابرال کە یەکێک لەو کەسانەیە کە لە ڕزگاریی نەتەوایەتیی و بەرگریی نەتەوایەتی، تیۆریسیەنێکی بەناوبانگە و خۆی یەکێک لە گرینگترین ڕێبەرانی ئافریقا بووە لە دژی کۆلۆنیالیزم، لە وتارێکی بە ناو ڕزگاری نەتەوەیی و کەلتوور کە لە گۆڤاری ترانسیشنی زانکۆی ئێندیانادا بڵاو بۆتەوە دەڵێت :ئیدێئاڵی داگیرکەر کاتێک کە نەتەوەیەکی تر داگیر دەکات دووحاڵەتە، یان ئەوەی کە هەموو خەڵکەکە لە ناو ببات یان ئەوەی کە بەبێ هیچ چەشنە دەست بردن بۆ کەلتوور، داگیرکەرییەکەی بچەسپێنێت. لە درێژەدا دەڵێت کە یەکەمیان کە ژینۆسایدی خەڵکە داگیرکراوەکەیە لەگەڵ ئامانج و توانای داگیرکەر یەک ناگرێتەوە کە ئەویش ئەو خەڵکەیە کە دەیەوێت بەسەریاندا زاڵ ببێت و لە ئاکامدا بیانچەوسێنێتەوە.

بەڵام نموونەی دووهەمیش بە هیچ چەشنێ هەتا ئێستا لە مێژوودا نەبینراوە. هیچ کەلتوورێک نەبووە کە بە تەواوەتی داگیرکراوی قەبووڵ بکات. بۆیە لە ڕاستیدا دۆخێک هاتۆتە ئاراوە کە پێی دەڵێن بەرگریی کەلتووری. واتە جیاوازیی کەلتووری جۆرێک بەرگری لەبەرامبەر داگیرکاریی سیاسی و ئابووری پێک دێنێت. بەرگریی کەلتووری تەنیا بەو واتایە نییە کە لە ڕێگەی بەرهەمی کەلتوورییەوە لە بەرامبەر داگیرکەردا بەرگری بکرێت. ئەم چەمکە مانایەکی بەرینتری هەیە. لە درێژەی داگیرکاریدا ئەو شتەی کە ڕوودەدات ئەوەیە کە داگیرکەر یان سەردەست، دەیەوێت دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا بسەپێنێت. بەڵام

لەبەر ئەوەی هەر دامەزراوەیەکی سیاسی یان ئابووری هەڵقووڵاوی کەلتوورێکی تایبەتە، بۆیە دامەزراوەکانی نەتەوەی سەردەست لەگەڵ کەلتووری گشتیی کۆمەڵگای داگیرکراو نایێنەوە. بۆیە بەهۆی ئەو جیاوازییە کەلتوورییەوە لە لایەن تێگەیشتنی گشتیی کۆمەڵگای داگیرکراو ڕووبەڕووی بەرگری دەبنەوە.

هەر بۆیە، بە گوێرەی ئامیلکار کابرال، داگیرکەر بۆ بەرپەرچ دانەوەی بەرگریی کەلتووری، دەست بۆ سازکردنی هەندێک تیۆری دەبات کە لە ناخی خۆیاندا شتێک نین بێجگە لە فۆرموولەکردنێکی نوێ لە ڕاسیسم و لە کردەوەدا دەبنە هۆی بەردەوام بوونی داگیرکاری لە چوارچێوەی ئەو چەمکەی کە ئەو پێی دەڵێ دیکتاتۆرییەکی دێموکراتیک یان ڕاسیستی. هەوڵی ئەو تیۆریانە پووچەڵ کردنەوەی بەرگریی کەلتوورییە، واتە لە ڕێگەی ساز کردنی گێڕانەوە (Narrative) ەوە، لەسەر شێوازی پێناسە کردنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو لەلایەن خەڵکی داگیرکراوەوە، بەها و تێگەیشتنی گشتیی ئەو کۆمەڵگایە ئامادەی قەبووڵ کردنی دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی گەلی سەردەست بن.

لە نیوەی دەیەی حەفتای هەتاوی، لەگەڵ گوڕ گرتنی شەپۆلی بەجیهانی بوون، ساخت یان پێکهاتەی ئیمپریالیستی لە ئێراندا کە پێک هاتووە لە هەندێک پێوەندیی ئیمپریالیستی لە نێوان فارس لە لایەکەوە و نەتەوە بندەستەکان لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە بگونجێنێت ناچار بە هەندێک گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت کە ناوی بزاقی ڕیفۆرمیستی یان «جنبش اصلاحات»ی لێ دەنرێت.

ئەو چەلێنجانەی کە بەجیهانی بوون ڕووبەڕووی پێوەندییە ئیمپریالیستییەکان لە ئێران دەکاتەوە ئەوەندە بەهێز هەن کە ببنە هۆی لە دایک بوونی بزاقی ڕیفۆرمخوازی؛ بەڵام ئەوەندە بەهێز نین کە ببنە هۆی لاواز بوونی تەواویەتی ئەو جۆرە پێوەندییانە. واتە ئەو پێوەندییە ئیمپریالیستیانەی کە چیەتیی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێراندا پێک دێنن دەتوانن تا ئێستا بەباشی لە بەرامبەر ئەو شەپۆلەی بەجیهانیی بووندا بەرگری بکەن و نەڕووخێن؛ بەڵام هاوکاتیش پەرچەکرداری ئەو پێوەندیانە لە دایک بوونی بزاقی ڕیفۆرمخوازییە.

کاریگەرییەکی سەرەکیی ئەو بزاڤە، تیۆریزە کردنەوەی داگیرکەرییە بە شێوازێک کە پەسەند کردنی لەلایەن گەلانی ژێردەستەوە بێ کێشە بێت. ئامانجی ئەو بزاڤە ئەوەیە کە بتوانێت بەرگریی کەلتووری گەلانی ژێردەستی ئێران -کە لە ئاکامی پرۆسەی بە جیهانی بوون کاریگەرتر بووە- لە ڕێگەی فورموڵە کردنەوەیەکی نوێی ڕاسیسمەوە لاواز بکات و بەم شێوەیە یارمەتیی بەرهەمهێنانەوەی پێوەندیە ئیمپریالیستیەکان بدات.

بنەمای ئەو سەرلەنوێ فورموڵە کردنەیە لەسەر سەپاندنی «گێڕانەوە» یان narrative یێک بنیات نراوە کە ڕابردوویەکی سەرلەنوێ ساز کراو، تێگەیشتنێک لە ئێستا و خەونێک لە داهاتوو بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە بکات کە لە بەرامبەر پێوەندییە ئەمپریالیستییەکان بێ لایەن بێت. ئەو گێڕانەوەیە پێیەکی لەسەر هێزی سەرکوت بنیات نراوە و پێیەکی تریشی لە سەر کردنەوەی دەرگای مەدەنییەتێکی ئێرانی — فارسی بە ڕووی تاکی کورددا، بۆ ئەوەی ئەو تاکە بتوانێت وڵامی ئەو نەهامەتی و دوا کەوتووییانەی کە لە ئاکامی سەرکوتەوە تووشی هاتوون لەو مەدەنیەتەدا ببینێتەوە و جەزبی ببێت.

بۆیە لە ڕاستیدا ئەو پێوەندییە ئیمپریالیستیانەی کە بەسەر گەلانی ژێردەستی ئێراندا زاڵن، لە پەرچەکرداری ئەو چالێنجانەی کە بەجیهانی بوون بەرەوڕوویان دەکاتەوە و بۆ بێ کەڵک کردنی «بەرگریی کەلتووری»، سەرەتا تاکی کورد بە سەرکوتێکی جەستەیی

به شێوازی دەروونی تووشی رووخان و دارمان دەکات و پاشان بۆ رزگاربوون لەو دۆخە، مودێلێکی نوێی پێ دەناسێنێت کە لەوێدا ئەگەرچی دەتوانێت ناوی کورد و زمانی کوردییش بەردەوام بەدوای خۆیدا رابکێشێت بەڵام زمانی ئەدەب، زانست و مەنزەلەتی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکە فارسی دەبێت و مێژوو، ئێستا و داهاتووی ئەو مرۆڤە لەگەڵ ئەو ئێرانە پێناسە دەکرێت کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەردەوام بوونی ئێمپریالسیمی ناوخۆییی خۆی نییە. بۆیە ئەگەرچی زمان و کەلتووری کوردی دەتوانێت لە پانتاییی کۆمەڵایەتیدا حزووری هەبێت بەڵام خودی کورد وەکوو شوناس لە پانتاییی سیاسیدا غایب دەبێت.

ئەگەرچی ئەمڕۆ زۆربەی نزیک بە هەمووی کوردەکان هەم لەگەڵ بنەماڵە و هاورێیانیاندا کوردی قسە دەکەن و کوردی نووسین بەو شیوازەی دنیای تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ هەموو ئەو کەسانە ئیمکانی هەیە، بەڵام رێژەی بەکارهێنانی کوردی نووسین لە ئێس ئێم ئێس، ئیمەیل و لە ناو تۆرەکۆمەڵایەتیە پەیام نێرەکان وەکوو تێلێگرام و واتساپ و .... زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت. زۆر جار روو دەدات کە تەنانەت ئەو کەسانەی لە دەرەوەی دنیای مەجازی لەگەڵ یەک کوردی قسە دەکەن لەو هەلانەدا بۆ پەیام بەرێ کردن بۆ یەکتر لە زمانی فارسی -کوردی کەڵک وەردەگرن. ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە مادامێک کە سەردەست بتوانێت وا لە تاکەکانی نەتەوەی ژێردەست بکات کە زمانەکەی خۆی خاوەنی ئەو فەرمییەتە نەناسێت کە لە پەیامی نووسراو بۆ کەسی نزیکی خۆی بەکاری بێنێت، باس کردن لە زمانی کوردی و وانەی زمانی کوردی و چاپ کردنی کتێب بە زمانی کوردی بەهیچ شێوە ناتوانێت مەترسییەک بێت بۆ ئەو پێوەندیە ئەمپریالیستییانە. لێرە بە روونی ئەگەرچی زمانی کوردی لە پانتاییی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە، بەڵام غیابی کورد لە پانتاییی سیاسەت و پێوەندیەکانی دەسەڵاتدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو زمانە لەلایەن بەکارهێنەرەکانیشیەوە وەکوو زمانێکی دەستە دوو بیتە بەرچاو. پێگەی زمانی کوردی لە موناسێباتی دەسەڵات کە بە شێوازی نافەرمی بوونی ئەو زمانە لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە رەنگ دەداتەوە، غیابی «خودی کورد» لە پانتاییی سیاسەتدا بەردەوام دەکات و ئەو غیابەش بەردەوام پێگەی زمانی کوردی لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدا وەکوو جاران دەهێڵێتەوە.

> قۆناخی نوێ لە خەباتی رۆژهەڵات کە بە راسان ناوزەد کرا، هەوڵی لەسەر ئەوە بوو کە جەختی زۆر لەسەر چینی ماماوەندی شارنشین بکاتەوە. راسان هەر لە دەسپێکەوە وەستانەوە لە بەرامبەر ئەو گۆتارانەدا بوو کە دەیانویست رۆژهەڵات لە وشیاریی نەتەوەییی خۆی داماڵن

مێژوونووسی سیاسیی زاڵی ئێران، رۆڵێکی زۆری هەیە لە غایب کردنی خودی کورد لە پانتاییی سیاسەتدا و لەئاکامدا سرینەوەی فەزیلەتی کۆمەڵایەتی لە مێژووی کورد و گۆرینی واتای مێژوو بۆ تاکی کورد. واتە مادامێک کە مێژووی نەتەوەی سەردەست، شارستانییەتی ئێستا و ئەو داهاتوویەی کە وێنای دەکات بێت بە سەرچاوەی فەزیلەتی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، باس کردن لە قازی محەممەد بە مەبەستی دەنگ هێنانەوەی لایەنێک لە هەڵبژاردندا، تەنیا وەکوو بەکارهێنانی وێنەی چێگۆوارایە لەسەر تیشێرتێک کە لە چاخی سەرمایەداریدا بەرهەم دێت. واتە هەمان قازی محەممەدێک کە بۆ دژایەتی کردنی پێوەندیە ئێمپریالیستیەکانی زاڵ، یەکێک لە گەورەترین رێبەرانی مێژوویە، لەلایەن هەمان ئەو پێوەندیە ئێمپریالێستیانەوە دەبێتە ئامرازێکی بازرگانیی سیاسی.

لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا کە دەسەڵاتی

داگیرکـەر دەتوانـێ پوتانسـیێلی بەرگریی کەلتـووری لە نـاو خەڵکی داگیرکـراو یان ژێردەسـت لاواز بکات، بەرگریـی چەکداری هەڵبژاردەیەکی عەقڵانییە بۆ گەڕانەوەی غایبی پانتاییی سیاسـەت واتە «خودی کورد» بۆ ئەو پانتاییە.

لاواز بوونی دامەزراوە دێموکراتیکەکان بە گشتی لە ناو کۆمەڵگای سەردەست و هەروەها لە ناو بردنی ئەو دامەزراوە ئیداری- سیاسیانە کە دەرخەری ئیرادەی گەلی سـەرکوتکراون، دوو فاکتـەری سـەرەکین لـە لاواز کردنی پوتانسیەلی بەرگریی کەلتووری.

تیم پات گووگان، نووسەری گرینگترین کتێب لەسـەر ئای ئـار ئەی و خەباتـی ئیرلەند بە ناوی The IRA لە سـەرەتای کتێبەکیدا دەڵێت: ئیرلەندیەکان لە باشـوور پێیان وایە مێژووی ئەوان گەڕان لـە بازنەیەکدا بوو کە هەمووکات دەهاتەوە سـەر کارەسـات تـا ئەو کاتـەی کە ڕێبەرانی خەباتی خۆبەخشـانی ئولسـتێر لە ساڵی ١٩١۶ گیانی خۆیان بەخت کرد و خەباتێکی چەکداریـیان دامەزراند کە ئای ئار ئـەی منداڵێکی ئەو شـەرە چەکدارییـە بوو. ئەو دەڵێـت ئیرلەندییەکان پێیـان وایە ئەو خۆ قوربانی کردنە و دەسـت بۆ چـەک بردنـە، دڵێکی نوێی خسـتە ناو جەستەی خەڵکی ئیرلەندەوە و لە ئاکامدا بزاڤی سـەربەخۆییخوازیی ئیرلەندی لێ ساز بوو. لە درێـژەدا گووگان باس لەوە دەکات کە خودی ئەو پەرچە کردارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشتر گرووپێکی پرۆتستان کە لایەنگری دەسەڵاتی بەریتانیا بوون لە ژێر ناوی هێزی خۆبەخشانی ئولستێردا، هەولێکی تریان دەست پێ کردبوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئیرلەندییەکان و دامەزراوە نیشتمانییەکانیان، کە لە قالبی خودموختاری

> ڕستەی «دڵێکی نوێ خستنە ناو جەستەوە» ئەگەرچی گوتەیەکی تەواو سادە کراوەیە، بەڵام لە ڕاستییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕۆڵەی بەرگریی چەکداری لە گەشەی وشیاریی نەتەوەییدا دەیگێڕێ

یان Home Rule بوو، کۆتایی پێ بێنن.

ڕسـتەی «دڵێکـی نـوێ خسـتنە نـاو جەسـتەوە» ئەگەرچی گوتەیەکی تەواو سادە کراوەیـە، بـەڵام لـە ڕاسـتییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕۆڵەی بەرگریی چەکداری لە گەشەی وشـیاریی نەتەوەییدا دەیگێڕێ. ئەم بابەتە لە بەشـە جیاوازەکانی کوردسـتان بە دووشێوە خۆی دەردەخات. یەکـەم زیندوو کردنەوەی شوناس و خواسـت بۆ بەرگریی کەلتووری و دووهەم دەرباز بوون لە ئاگاییی عەشیرەیی بۆ ئاگاییەکی نەتەوەیی.

لە باکـووری کوردسـتان، خەباتـی چەکـداری ١٩٢٥ بە ڕێبەریی شـێخ سـەعید توانی نەتەنیا کەلێنـی نەتەوەیی لەو بەشـە لە کوردسـتان چالاک بکاتەوە، بەڵکوو لەسەر فۆرموولە کردنی خواستی کورد لەو بەشە لە کوردسـتانیش کاریگەر بوو. هەروەهـا خەباتـی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردسـتان لە ١٩٨۴ هەتا دەسبەسـەر بوونی عەبدوڵڵا ئوجـالان، ڕێبەری ئەو حیزبە، لە دۆخێکدا کە بەرگریی کەلتووریی کورد بـە تەواوەتی لەو بەشە لە کوردسـتان تێکشێنرابوو، توانی «دڵێکی نوێ» بخاتە جەستەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا و وشیاریی نەتەوەیی و بەرگریی کەلتووری لە بەرامبەر داگیرکەردا زیندوو بکاتەوە.

چیەتیـی خەباتی کورد لـە ڕۆژهەڵات و پێشڕەو بوونی مێژوویی ئەو بەشە لە خەباتدا، نەیتوانیوە پێش بەوە بگرێت کە داگیرکەر، لە ڕێگەی جۆربەجۆرەوە، بەرگریی کەلتووریی کورد لەو بەشەدا تووشی کێشە و دارمان نەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین هەرکام لە خەباتەکانی سمکۆ، دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەباتی ۴۶-

۴۷، خەباتی چەکداریی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا سەرەتای دەیەی ۷۰ی هەتاوەی و هەروەها خەباتی ڕاسان هەموو ئەو خەباتانەن کە هەرکامیان دوای سەرکوتی خەباتی پێشوو بەڵام هاوکات لەسەر ئەو فونداسیونانەی کە ئەو خەباتە پێشوورییانە دایانناوە، توانیویانە دیسان ئەو بەرگریی کەلتوورییە زیندوو بکەنەوە. چاوخشاندنێک بەسەر ڕێژەی بەهێز بوونی وشیاری و گوتاری نەتەوەیی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بۆمان دەردەخات کە خەباتی چەکداری ۱۳۴۶-۱۳۴۷ چەندە لەسەر بەرز بوونەوەی ئەو وشیارییە کاریگەریی هەبووە. ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ۵۷ بە ڕوونی دەریدەخات کە خەڵک لەو شوێنانە کە یەک دەیە پێشتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی خەباتی چەکداریی ۴۶-۴۷ بۆ ئەو وشیارییە نەتەوەییە ئامادەتر بوون.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی نەتەوەی ژێردەست لە بەرامبەر داگیرکاری و تواندنەوەی شوناس، دەست بردن بۆ چەک و بەرگریی چەکدارانەیە. ئەگەرچی بەرگریی چەکدارانە لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی داگیرکەر بۆ وتووێژ، دەتوانێت ئامرازێکی کارسازی سیاسیش بێتە ئەژمار؛ بەڵام گرینگترین کاریگەریی بەرگریی چەکداری ڕاوەستانە لەبەرامبەر گێڕانەوەی (Narrative) ساز کراوی نەتەوەی سەردەست یان داگیرکەر بۆ پێناسە کردنی نەتەوەی ژێردەست یان داگیرکراو.

چەک دەتوانێت وەکوو چەمکێکی هیوا و وزە بەخش، هەم لە ناسینەوەی ڕابردوو، هەم لە ڕاڤەکردنی ئێستا و هەم لە وزەبەخشین بە خەونەکانی داهاتوو کاریگەر بێت کە هەرسێکیان پێکهێنەری سێ توخمی سەرەکین کە گێڕانەوە (Narrative) پێکەوە گرێیان دەداتەوە و بەو شێوەیە شوناسی تاک فۆرم دەبەخشێت. واتە مێژوویەکی هاوبەش، دۆخێکی هەنووکەیی و خەونێکی هاوبەش پێناسەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەن کە هەمووی لە ژێر کاریگەریی چەمکی چەکدا، بوون پەیدا دەکەن.

ڕاسان کە قۆناخێکی نوێی خەباتی گەلی کوردە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەروەها کە پێشتر باس کرا لە سەر فونداسیۆنەکانی خەباتە پێشووەکانی خۆی دامەزراوە. دوابەدوای سەرکوتی خەباتی گەلی کورد دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، پێوەندییە ئیمپریالیستییەکان بەهیچ چەشنێک هیچ جۆرە بەرگرییەکی کەلتووری لە بەردەم خۆیان نابینن و زمان و مێژووی کوردی، لەبەر بەهێز بوونەوەی غیابی «توخمی کورد» لە پانتایی سیاسەتدا، گرینگیی ئەمنیەتیی خۆیان لە کیس دەدەن و بۆیە دەتوانن لە چوارچێوەی ئایدەنتیتی پۆلیتیکسێکی لیبەراڵدا، بە بێ ئەوەی هیچ مەترسییەکیان بۆ پێوەندییە ئیمپریالیستییەکان هەبێ، بکەونە خزمەتی هەڵبژاردنەوە.

دەسپێکی ڕاسان بەڵام لەیەکەمین هەنگاودا بەرەنگار بوونەوەی ئەو گێڕانەوەیە (Narrative)یە کە پێوەندییە ئیمپریالیستییەکانی زاڵ لە ئێراندا دەیانەوێ لە قاڵبی بزاڤی چاکسازی بەسەر کورددا زاڵی بکەن. ئەو قاڵبە لە ڕاستیدا هەمان فورموولە کردنی نوێی ڕاسیسمە. یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەم فورموولە کردنەوەی ڕاسیسمە، ئەو هەوڵە چەمک داڕێژییانەیە (conceptualization) کە لە لایەن ڕۆشنبیرانی سەردەستەوە هاتۆتە ئاراوە و ناسیونالیزمی نەتەوەکانی ژێردەست دژی بەها مودێرنەکان، دژە ژن، دژە ... پێناسە دەکات و لەلایەکی ترەوە ناسیونالیزمی ئێرانی وەکوو سیمبۆلی بیری مودێرن و پێشکەوتنخوازی دەناسێنێت.

هەربۆیە ڕاسان دەتوانرێ وەکوو هەوڵێک پێناسە بکرێت بۆ زیندوو کردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ژێر چەپۆکی ئەو گێڕانەوە نوێیانە کە ئیمپریالیسمی ناوخۆیی ئێران دەیەوێ بەهۆیانەوە خۆی بەردەوام بکات.

# خەباتی شار و شارۆمەندی بەرپرس

ئاگری ئیسماعیلنژاد



**ئاماژە**

کە وایە شارۆمەندی بەرپرسی گوتارتەوەر بەو مانایە کە ئەوەی کۆی جووڵەی شارۆمەندی بەرپرس وەک ئەکتەری نێو خەباتی شار دیاری دەکات، گوتارەکەیەتی! خۆی لە خۆیدا شارۆمەندی بەرپرس هیچ هەنگاویک نانێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی گوتارەکەی هاودژ بێت.

ناسینی ئەو  پرسەی کە «دۆزی کوردی» پێدەگوترێ، گرینگترین هەنگاوە بۆ ئەوەی چۆنێتی چارەسەری و بەرەڕووبونەوە لەگەڵ بەربەست و دوژمنی ئەو دۆزە دیاری بکرێت.

لە قۆناغی ئێستادا کوردستانی ڕۆژهەڵات لە پێنج مافی خۆی بێبەش کراوە، مافی سیاسی، مافی کۆمەڵایەتی، مافی ئابووری، مافی تەناهی و مافی فەرهەنگی.

هاوکات کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەکی تۆتالیتر دا دەژی کە لانیکەمی پێنج جۆرە توندوتیژی لە دژی دەکرێت: توندوتیژی بە پێی دەستوور، توندوتیژی دادوەری، توندوتیژی ئابووری، توندوتیژی نیزامی ـ سیاسی و توندوتیژی فەرهەنگی.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ لەسەر ئەو بنەمایە کە  تەوەری بێ مافی و توندوتیژی بۆ دۆزی کورد دیاری کرا، چۆن دەکرێت خوێندنەوەیەکمان بۆ خەباتی شار  هەبێت؟

بە بڕاوی من خەباتی شار لە سێ ڕەهەندەوە دەکرێت سەیر بکەین، یەکەم: ڕەهەندی جوغرافیا دووهەم: ڕەهەندی شێواز سێهەم: ڕەهەندی ڕێکخستن

لە ڕووی جوغرافیاییەوە خەباتی شار ئەو خەباتەیە کە لە جوغرافیای شار وەک ناوەندی جەماوەری بەڕێوەدەچێت.

لە ڕەهەندی شێوازدا دەکرێت بڵێین خەباتێکی ناتوندوتیژتەوەرە، بەو مانایە کە خەباتی شار ناچێتە چوارچێوەی خەباتی چەکدارییەوە و ئەگەر لە جوغرافیای شاردا چالاکییەکی چەکداری بکرێت، ئەوە هەمان خەباتی شاخە کە بۆ گۆڕەپانی شارەکان درێژکراوەتەوە.

لە ڕووی ڕێکخستنەوە خەباتی شار لە ڕاستییدا بە تەواوەتی خەباتێکی ڕێکخراوە تەوەر نییە، بەڵکوو زۆرتر گوتارتەوەرە بەو مانایە کە لە دەوری گوتارێکی[1] تایبەت بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی ڕێک دەخات؛ ڕوونە گوتارەکە لە چوارچێوەی ماف_سەرکوت دیاری دەکرێت، بەو مانایە بەپێی مافە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەی کورد و بۆ بەرەڕووبونەوە لەگەڵ سەرکوتە جۆراوجۆرەکان، گوتارێکی ئۆرگانیک دیاری دەکرێت و تاکەکان لە دەوری کۆدەبنەوە.

تایبەتمەندی ڕێکخستنیی ئەوەیە کە هەموو تاکێک لە چوارچێوەی ئەو خەباتەدا دەتوانێ خۆی ببینێتەوە؛ واتە تاک لە خەباتی شاردا  کوردێکی نیشتمان پەروەر وشارۆمەندێکی بەرپرسە.

خەباتی شار لە ڕەهەندی ئامانجیشەوە گرینگی خۆی هەیە. لە ڕاستیدا خەباتی شار سەرەڕای ئامانجە هاوبەشەکەی لەگەڵ خەباتی شاخ ، دوو ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە:

### یەکەم:

گرێدانەوەی خەبات لە بەستێنی مێژوودا. دەبینین کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا خەباتی شاخ هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە دیوە و نسکۆ و سەرکەوتنی بووە، خەباتی شار یەکێک لە کارکردەکانی ئەوەیە کۆی ئەو چالاکییە قۆناغ بە قۆناغەی شاخ، پێکەوە گرێ دەدات.

دووهەم: پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو خەباتی شاخ ،بۆ وینە بە هۆی تایبەتمەندی خەباتی شاخ، ناکرێت بڵێین خەباتی شاخ لە ڕووی هەنگاو بۆ بەرخۆدانی فەرهەنگی پێشەنگە، ئەوە لە کاتێدایە کە خەباتی شار لە بواری بەرخۆدانی فەرهەنگی نە تەنیا پێشەنگی خەباتی کوردستانە، بەڵکوو گەشەپێدەری فەرهەنگی کوردستانیش بووە.

بە هۆی توتالیتاریسمی کۆماری ئیسلامی خەباتی شار لە ڕەهەندی بەرخۆیدانیشەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. بنەمای دەسەڵاتداری تۆتالیتری ئیسلامی لەسەر دوو

١. لە تەواوی ئەو دەقەدا گوتار بەمانای ویژمان بەکار دێت.

تەوەری زمانی فارسی وەلی موتڵەقی فەقێ دامەزراوە، ئەو دوو تەوەرە بەرانبەر بە مافی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جیهان‌بینی خۆیان هەیە و لە جیهان‌بینی ئەوان دا کورد بە ئەویتر دانراوە و هاوکات لەگەڵ ئەوە وەک دوژمن پێناسەکراوە، ئەو شەیتان سازییە بۆتە هۆی ئەوەی بێ مافی و سەرکوت لە کوردستان پێکەوە سەرهەڵدەن. کە وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەم ماف پێشێل دەکرێت و هەمیش هەوڵدەدرێ جێگۆرکێ بە ژیان و جیهان بینی کوردی بکرێت و ژیان و جیهان بینی مرۆڤی کورد بەتاڵ بکرێتەوە، لەباتی ئەو ژیان و جیهانبینیە، وەلی فەقێ لە ئێستادا و «ئێران زەمین» لە ڕابردوودا جێگرەوەی بێت، هەر بەو پێیەش خەباتی شار گەورەترین پشکی لە ڕەهەندی خۆراگری دەکەوێتە ئەستۆ، چون ڕێگرە لە بەتاڵ کردنی تاکی کورد لە فکر و جیهانبینی کوردی.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ خەباتی شار دابنێن دەکرێت بڵێن: خەباتێکە کە لە گۆڕەپانی شارەکان بەشێوازی ناتوندوتیژ لەسەر بنەمای شارۆمەندی بەرپرس هەنگاو بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوتی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی مافە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەنێت.

پاش ئەو پێناسەیە ئێمە لەگەڵ دیاردەی شارۆمەندی بەرپرس بەرەوروو دەبینەوە، لێرە پێویستە باسێک ڕوون بکەینەوە، ئەوەیش بابەتی شارۆمەندی بەرپرسە لە خەباتی شاخدا. ئەو تاکەی بەشدارلە خەبات، وەک شۆڕشگێر دەناسرێ. لەخەباتی شاخدا پێناسەیەک گشتیی بۆ شۆڕشگێری کراوە، بەڵام ئەوەی کە دەکرێت بە وردی لەسەری بڵێین ئەوەیە کە شۆڕشگێر مرۆڤێکە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەکەی ڕادەپەڕێت و جوغرافیای شاخ وەک جوغرافیایەکی «بەیدەست» یان «سڵ» بۆ ژیان و چالاکی هەڵدەبژێرێ، هەروەها شۆڕشگێر شێوازی خەباتەکەی پتر چەکدارییە و ئەو جار شۆڕشگێر بە شێوەی تەواو کات لە خەباتدا بەشدارە!

لە پێناسەی شارۆمەندی بەرپرس دەکرێت بڵێن، شارۆمەندی بەرپرس،تاکێکە کە بەرانبەر بە چارەنوسی نەتەوەکەی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و لە پێناو ئەو بەرپرسیارێتییەدا هەنگاو بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا هەڵدەهێنێتەوە، (ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان شۆڕشگێر و شارۆمەندی بەرپرسە)، بەرپرسیارێتیەکەی پێکهاتووە لە دوو ڕەهەندی فکری ـ ئەخلاقی،بەو مانایە کە شارۆمەندێک لەسەر بنەمای باوەر بە مافی کۆ و تاکی کورد بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا ئەخلاقەن خۆی بە بەرپرس دەزانێ و لەپێناو ئەو بەرپرسیارێتیەشدا، هەنگاو هەڵدەنێتەوە، ئەو شێوە خەباتە خەباتێکی پیشەیی نییە، بەڵکوو هەنگاوگەلێکە کە لە بەستێنی جیاواز و قۆناغی جیاواز تاکەکان بۆ ئامانجێکی ڕوون هەنگاوی بۆ دەنێن.

> **لە ڕووی ڕێکخستنەوە خەباتی شار لە ڕاستییدا بە تەواوەتی خەباتێکی ڕێکخراوە تەوەر نییە، بەڵکوو زۆرتر گوتارتەوەرە بەو مانایە کە لە دەوری گوتارێکی تایبەت بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی ڕێک دەخات**

کە وایە شارۆمەندی بەرپرس گوتارتەوەر بەو مانایە کە ئەوەی کۆی جووڵەی شارۆمەندی بەرپرس وەک ئەکتەری نێو خەباتی شار دیاری دەکات، گوتارەکەیەتی! خۆی لە خۆیدا شارۆمەندی بەرپرس هیچ هەنگاوێک نانێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی گوتارەکەی هاودژ بێت.



هاوکات لەگەڵ ئەوە، شارۆمەندی بەرپرس خەباتگێرێکی پیشـــەیی نییە، بەو مانایە کە بەشێوەی تەواو وەخت چالاکی بکات، بەڵکوو تاکێکی کۆمەڵگایە کە بە هەڵوێست وکردەوە و دژکـــردەوە و رووانیـــن لـــە ڕووداوەکانی دەوروپشـــتی بـــە قازانجـــی بەرژەوەنـــدی گوتارەکـــەی کارتێکـــەری دەخاتـــە ســـەر ڕووداوەکان یان ڕووداو خوڵقێنە، بەمانایەکی سادە شـــارۆمەندی بەرپرس هەم کردەوەیە هەم دژکردەوە، هەم خۆی ڕووداو خوڵقێنە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی دابین بەکات، هەم ڕووداوەکان بـــەو پێیە دەخوێنێتەوە کە زیاتر بەرژەوەندی دابین بکات.

ئێســـتا لێـــرەدا بۆمـــان ڕوون بـــۆوە کە شـــارۆمەندی بەرپرس لە خەباتی شار هەمان تاکی شۆرشگێرە لە خەباتی شاخ، بە هێندێ جیاوازییەوە.

ئـــەوەی لێرەدا گرینگە دوو بابەتە یەکەم: شارۆمەندی بەرپرس و شۆرشگێر دژ بەیەک نیـن و هەر دووکیان لە یـــەک چوارچێوەدا چالاکی دەکەن و تەواوکەری یەکترن.

**دووهەم:**

تاکێکـــی کۆمەڵگای کوردســـتان دەتوانێ لە نێوان دوو شوێنگەی(پۆزیسیۆن) شارۆمەندی بەرپرس و شۆرشگێردا جێگۆرکێ بکات.

کۆتایی ئەو باســـە ئەوەیە کە شـــارۆمەندی بەرپـــرس چون گوتارتـــەوەر و چون لە قۆناغی جیاوازدا هەنگاوی جیاواز هەڵدەنێتەوە، بێ گومان پێویستە شـــارۆمەندێکی بارگاویکراویش بێت، دەنا ناتوانێ لەنێوان چالاکی و بەژرەوەندییەکانی گوتارەکـــەی هاوپەیوەندی ســـاز بکات. کەوایە لە خەباتی شـــار دا بە پێی دۆخی ئێســـتا کە خەباتەکە لە ژێر هەرەشەی دەسەڵاتدارییەکی توتالیتێر دایە، گوتار و شـــارۆمەندی بەرپرسی بارگاویکـــراو ڕۆڵی ســـەرەکیان هەیە و ئەو دوو کۆڵەکەیە لە راستییدا چوارچێوەی خەباتی شار دیاری دەکەن.

# راسان، پارادایم و سەنتێزێکی فەلسەفی و رامیاری بۆ جەوهەری هەبوونی کورد

هادی عەزیزی



**ئاماژە**

لە ڕاساندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەرۆکی ڕاسان زیاتر لێی بدوێین، بەڵام بۆ ئەمەش پێویست دەکا کە شیکارییەکی زانستی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین، هەر بۆیە لەم نووسینەدا بە کەڵک وەرگرتن لە دوو زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی خەسارناسیی دەکەین، هەتا ئامانجەکانی ڕاسان زیاتر بۆ پێکان ڕوونتر ببنەوە.

## پێشەکییەکی گشتی:

هەلومەرج و جوگرافیا چەند گۆشەیەکن کە زۆر جار مرۆڤ بە تاک و پانتایی کۆمەڵگەوە تووشی بوون و نەبوون دەکات. کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و پارچەکراو لە بەشــی ناخۆشــی و چەرمەسەریی ئەم چەند گۆشەیە میراتێکی پێ براوە کە بۆ قەبووڵ نەکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەو میکانیزمە داگیرکارییە، بە تایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە زەمەنی ئاکادیمی بوونەوەی گــۆی زەوییە، بە کەڵــک وەرگرتن لە جۆرەها هــزر و ڕوانیــن هەوڵی خەبات و تێکۆشــانی داوە و هەمیشــە ویستوویەتی خۆی لە بەندی ژێردەستی و دیلی بڕەوێنێتەوە.

بەشــێک لەم نیشــتمانە کە هەمیشــە و بێ برانــەوە دژی داگیرکەر شۆڕشــی کردووە ڕۆژهەڵاتی کوردســتانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ســاڵەکانی پێش ســەدەی بیستەم و زووترەوە، لە قۆناخی شۆڕشــی نەتەوەیی دژی داگیرکەری ئێرانی دەســتی بە شۆڕش کردووە و هەر جارەش بە کەڵک وەرگرتن لە شۆڕشی پێشوو وەک خولقاندنی کۆتێژێک ویستوویەتی بە هەناسەیەکی تازەترەوە گۆڕەپانی خەبات پڕ بکاتەوە.

یەکێــک لــەم خاڵــە جــێ ســەرنج و جەوهەرییانەی خەباتی ئەم پارچەیە لە نیشتمان، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا کە بە پلەیەکی بەرزی سەرکەوتن و شکاندنی تەمی سیاسیی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی لە ڕیزبەندی پێشــەوەی خەبات هێشــتەوە و هــاوکات وەک باڵانس و پاڵنەرێک توانی وزە و هێز بە حیزبەکانی دیکەش ببەخشێت.

ڕاسان لە جەوهەری فەلسەفی و سیاسیدا وەک جیهانبینییەکــی کــوردی لــە ڕێڕەوی خەباتی حیزبــی دێموکــرات، پەنجەرەیەکی کــراوەی دێموکراتیکە کە بــە پابەند بوون بە هەمــوو بەهــا نەتەوەییەکان، هەمــوو باوەڕ و ئایدیایەک لە توێی نەتەوەی دێموکراتیکدا تێک دەهاڵێنێ و جیا لە حاوانەوەی فکری و سیاسی، خزمەتی کورد و کوردستانیش دەکا.

ڕاســان جیا لــە میکانیزمــی بەرەنگاری شۆڕش، لە خودی خۆیدا شۆڕشێکی جەوهەری وێــژدان و ناخە کە مرۆڤــی کورد دەرحەق بە مافی کورد و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاگا دەکاتەوە و بــە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کۆمەڵگە و هێزی پێشــمەرگەی کوردســتان دەیهەوێ مرۆڤی کورد لە دوو بەستێنی شاخ و شاردا تێکەڵ بە ڕەفی شۆڕشگێڕی بکات.

لە زەمەنــی دامەزراندنی هەموو حیزبێکی سیاســیدا، چەند خاڵێکی گرینگ و بنەڕەتی هەیە کە دەکرێ وەکوو سیستمی کارکردن و تەنانەت یاسای حیزبیش کاری پێبکرێت. هەر ڕێکخراوی سیاســی و نیزامی دوای چل ساڵ کارکردنی تیئۆری و پراکتیک ئەگەر نەیتوانی لە ئامانجەکانی نزیک ببێتەوە یان ئامانجەکانی بپێکێت، دەبێ لە ناوەڕۆک و چوارچێوە و هێزی مرۆییدا خــۆی نوێ بکاتەوە، ئەگینا تووشــی پیربوون و قەیرانی سیاسی دەبێت.

حیزبــی دێموکــرات بە دوای هــەوراز و نشیوێکی زۆری مێژوویی هەر لە هەرەسهێنانی ماددیی کۆمار (کۆمار بە مەعنەوییاتی سیاسی نەڕووخــا، چوونکە شۆڕشــی ٤٧/٤٦ کۆتێژی کۆمــارە) و شۆڕشــی ٤٧/٤٦ ی هەتاویــش توانی لە ســەرەتای شۆڕشــی گەلانی ئێراندا، بــە شــێوەیەکی جوان و ڕێــک و پێک وەک خەباتێکی هەمەلایەنە خۆی نوێ بکاتەوە.

ئەگەر بمانهەوێ لــە دوای زەمەنی هاتنە سەر کاری ڕژێمی ئێرانیش چاوپۆشی لە هەموو ڕووداوەکان بکەین و چل ساڵی ڕەبەق خەبات لە دژی ڕژێمی تێرۆریســتی ئێران لە لایەک دابنێیــن، لە ناوەڕۆکی ورد بوونــەوە لە چارت و هەیکەل و بڕیاری حیزبی دێموکرات، خاڵێکی جێــی ڕامان و ســەرنج بەرۆکمان دەگرێ کە ئەویــش تێزی «ڕاســانی ڕۆژهەڵات»ـە کە بە تایبەتیش لە کۆنگرەی شــانزدەیەمی حیزبدا ڕەوایی تەواوی بــە خەباتی حیزبی دێموکرات

بەخشـــی و کە کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە و قەید و بەندی چەند ساڵ مانەوەی باشووری لە پیلی ڕۆژهەڵات داماڵی و توانی بە هەناسەیەکی زیندوو و چواچێوەیەکی ئاپدێت کراو جارێکی تر گۆڕەپانی خەبات دابگرێتەوە. ڕاسان ڕێک لە زەمەنێک سەری هەڵدا کە بیرمەندانی ڕژێمی داگیرکەر و تێرۆریســـتی کۆماری ئیســـلامی بــە ڕوانینی ئەوەی حیزبەکانـــی ڕۆژهەڵات لە قووڵاییی خاکی باشـــووری کوردستان تووشی «پیر مردگی» دەبن، وەک قســـەی سەر زاریان لە خەباتی ڕۆژهەڵاتیان دەڕوانی. بەڵام ڕاســـان وەکوو میکانیزمێکی بەهێزی بەرەنگاری توانی هەموو خەونەکانـــی داگیرکەری ئێرانی لە گۆڕ بنێ و جیـــا لە قازانج بۆ ناوڕۆکی حیزب توانی گـــوڕ و تین بە شۆڕشـــی ڕۆژهەڵات لە هەموو لایەکەوە ببەخشێت.

جیا لەوەش ڕاسان تیرێکی ناوقەدبر بوو بۆ ئەوانـــەی کە لە دوو زەمەنی ۲۰۰۴ و ۲۰۰۷ی زایینـــی، بـــە دەمامکی کوردســـتانی گەورە و دروشـــمی هەســـتیار، هێزی ماددی و مرۆیی ڕۆژهەڵاتیان بۆ شـــوێنێکی دیکە ڕادەگواست هەتـــا لە خەباتی ڕۆژهەڵات دووری بکەونەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەتی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیان دەکرد. ڕاسان بە شێوەیەکی مەیدانی وڵامی باشوور تەوەر و باکوورتەوەرەکانی دایـــەوە و دەمامکی لە ڕووخســـاریان داماڵی و هێز و پتانسییەلی ڕۆژهەڵات جارێکی دیکە بۆ خزمەتکردنی ڕۆژهەڵات قازانج کرایەوە.

## ناوەڕۆک:

وەک لە ســـەرەوە باس کرا، لە ڕاســـاندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەڕۆکی ڕاســـان زیاتر لێی بدوێیـــن، بەڵام بۆ ئەمەش پێویســـت دەکا کە شـــیکارییەکی زانســـتی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین، هەر بۆیە لەم نووسینەدا بە کەڵک وەرگرتن لە دوو زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی زیاتر بەم حاڵاتەدا دەچینەوە و خەسارناســـیی دەکەین، هەتا ئامانجەکانی ڕاسان زیاتر بۆ پێکان ڕوونتر ببنەوە.

## یەکەم:

ڕاسان دژی تەنیایی و ئێلیناسیۆن و گۆشەگیریی تاک لە کوردستاندا؛

زۆربەی زۆری بیرمەندانی دنیا گەورەترێن کێشەی ئێستای کۆمەڵگا، وەک قەیرانی هەبوون یان خۆنەناســـین لێک دەدەنەوە. زۆربەی ئەو فیلسووفانە باسیان لە ئێلیناسیۆن کردووە و هەر کامەیان بە شێوەیەک لە سەری دواون؛ لەوانە هێگێل و مارکس و فۆئێرباخ و ئێریک فرۆم و.... هتد. لە ناو هەمـــوو لێکدانەوەکاندا یەک دۆخ گشتییە؛ ئەویش باس لە هەبوونی دڵەڕاوکی و بێ ئیرادەیی و خۆدۆڕاندن و دوور کەوتنەوە لە ناخ دەکات. هەروەها لە ناو نووسین و ڕادەربڕینی فیلسووفەکانی زاراوەی ئێگزستانیالیزم یش (کە بریتییـــە لە بڕوا بە خۆبوون و هەڵەیە کە وەک پووچ گەرایی لێـــک دەدرێتەوە، کە لێرە جێی باس کردنی نییە)، ئەو دۆخە لەبەر چاو گیراوە و بەم شـــێوەیە لێکی دەدەنەوە. ئەوان دەڵێن: ئێمەی مرۆڤ لە ناخی جیا لە خۆبوونی خۆمان و جیا لە کۆمەڵگای خۆمان ون دەبین و لە پشت دەمامک و ئەرکی کۆمەڵایەتیدا دەنێژرێین. ئەو دۆخە بـــە «غەریب بوون» نێـــو دەبردرێ و بە شیکارییەکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە نێوان بوون یا هەبوون، مرۆڤ لێک دەداتەوە.

لێـــرەدا مرۆڤ، نوێ بوون لە بووندا دەبینێ و ئەوەش مرۆڤ لە ناخی خۆی دوور دەکاتەوە. هەر بۆیە مرۆڤ تووشـــی ئێلیناســـیۆن یان لە خۆ بێگانەبوون دەبێ. ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کە ئێســـتا لە بارودۆخێکی ئابووریی خراپدا بە ســـەر دەبا، ئەوەش لە پێش هەمووشتێکدا ئەو هەلانە لە مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە خۆی ڕابگا و لانیکەم ناتوانێ بە پێداهاتنەوە بە مێشک و ناخ و فێربوونەکانی خۆی نۆژەن بکاتەوە. هەر وەها بن دەســـتیی دەوڵەتی داگیرکەر و چاوترسێن کرانی کۆمەڵگا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

جیا لەوەی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری بە کەس نییە، تەنانەت لە خۆشی دابڕاوە. هەموو کۆمەڵگایەک هەر دە ساڵ جاریک پێداهاتنەوەیەکی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە خۆیدا دەکا، بە لێکدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هاتنی جیلێکی نوێ بۆ ناو بازنەی کۆمەڵگا، سەر لە نوێ داڕێژەی بۆ دادەڕێژنەوە و بە میکانیزمی جۆراوجۆر هەڵیدەسەنگێنن، کە لە کۆمەڵگای بن دەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دۆخە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و بە سەر خەڵک و کۆمەڵگادا دەشکێتەوە و مرۆڤی کورد زیاتر لە ناو سیاسەتە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی سەردەستدا نوقم دەبێت.

ڕەوشی خراپی کۆمەڵگا ئەو هونەرەشی لە تاکی کورد ستاندۆتەوە کە دەبێ خوێندن بۆ فێربوون و زانست بێ، بەڵکوو ئەو دەخوێنێ هەتا بتوانێ وەک فەرمانبەر لە ناو سیستەمی حکوومەتدا جێی خۆی بکاتەوە، هەتا لە دواڕۆژدا لە برسانە نەمرێت. کەوابوو بەو ئاراستانەدا دەڕوا کە حکوومەت بۆی دیاری دەکا و ئەوەش ئەو مرۆڤانە وا هان دەدا کە نەک لە ناخ بەڵکوو لە هەمووشتێکی خۆی دابڕێت. ئەو مرۆڤە دوودڵە لە زۆربەی بڕیارەکانی؛ تەنانەت لە ئاستی خۆشەویستی و پێکهێنانی بنەماڵە وەک بناخەی کۆمەڵگا بە هێز نییە. هەر بۆیە ئەو ئاکامانەی لێ دەکەوێتە کە دواتر بە جیا بوونەوە و لێکترازانی بنەماڵە کۆتایی دێت، کە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو حاڵەتانە پڕە و ئەوەش هەمووی بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەو لە خۆ بێگانە بوونە کە تێگەیشتنی لە گەڵ نییە، هەلومەرجێک دەرەخسێنێت کە وەک چیرۆکی شاری گولان، هەمووی بە لاچاو لە یەک دەڕوانن و کەس لەم دۆخە ڕازی نییە و هاوکاتیش کەس خۆی بە خەتابار نازانێ. کۆی ئەم تێگەییشتنە بەرەو ڕووی مرۆڤێکمان دەکاتەوە کە خۆی نییە و خۆی لە پشت دەمامک حەشار داوە و ئەو دەمامکداربوونە کە بە تێپەڕبوونی کات، کەسایەتی بۆ خولقاندووە و کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێناوە، کە جیا لە بندەستی و داگیرکراوی هەڕاجیش کراوە.

> لە ڕاساندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەرۆکی ڕاسان زیاتر لێی بدوێین، بەڵام بۆ ئەمەش پێویست دەکا کە شیکارییەکی زانستی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین

**دووهەم،**

ڕاسان میکانیزمێک بۆ تێکشاندنی سیاسەتی تواندنەوە و ئاسمیلاسیۆن؛

ئاسیمیلاسیۆن بە واتای گشتی یانی لە یەک چوون، یان درووست کردنی وەک یەک. ئەو زاراوەیە زۆرتر لە باری کەلتووری و فەرهەنگییەوە بە کار دێت و لە زانستدا، بۆ کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک بە کار دەبردرێ کە بە شێوەیەکی گشتی لە بن دەستی تاقمێک یان نەتەوەیەک یان حکوومەتێکی حاکمدا، دەتوێنەوە و لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆیان دادەبڕێن کە ئەم بابەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەمانیش وەک بناخەی کەلتوور هاوڕێیەتی دەکات و دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونترنێوی لێ ببەین کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ئاسمیلاسیۆنی زمانی و کەلتووری بکات.

زمان وەک دیاریکەری جوگرافیای سیاسی و بنەڕەتیی کەلتوور، گەورەترین پێناسەیە بۆ نەتەوە بوون. لە ئێران ئاسیمیلاسیۆن بە شێوەیەکی سیستماتیک لە سەردەمی ڕەزاخانی سەواد کوهی دەستی پێکرد، ئەگەر چی هەر لە ڕووخانی مادەکانەوە هەر پاشایەتییەک کە هاتووەتە سەر کار، حەولی ئەوەیان داوە کە کورد لە هەموو شتێک بێبەش بێت،جا

هەر لە چەواشــەکاری مێژوویی و.......هتد. لە سەردەمی پاشایەتیی بە نێو پاڵەیی(پهلوی) بە ناوی ڕیفۆرمەوە کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتی و سیاســییان بە ســەر نەتەوەکانــی جیا لە نەتەوەی فارسـدا سـەپاند کە نەتەوەی کورد زیاتر ڕووبەــڕووی ئەو ئاراســتەیە دەبۆوە. لەو نموونانە داهێنانی زمانی فارســی کرماشــانی بوو کە هەتا ئێســتاش و لە دوای هاتنە ســەر کاری ڕژیمــی خومەینی، ئــەو دۆخە بە هۆی بــە لە خزمەت گرتنی مرۆڤــی کورد بە هۆی ئایینزاوە لە دامو دەزگا نیزامییەکان بەردەوامە و بە تایبەت لە ناو شاری کرماشان تەواو جێی بە شــێوەزارە کوردییەکان چۆڵ کردووە، ئەوەنــدەی حکوومەتی ئێران بــە ڕێگای نیزامیگەرییەوە حەولــی داوە کرماشــان وەک ناوچەیەکی فارس نشین نیشان بدا، ئەوەنــدەش لایەنی کوردی لێــی بەرپرســیارە کــە وەک خەسارناســیی سیاسی دەتوانین بڵێین شــۆڕش و ســەرهەڵدان لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، بە تایبەت لە هەشــتاکانی زایینیدا نەیتوانیوە لە ناوچەی ناودەروەن لە  کامیاران و شیوی خەراجیان لە ڕوانسەر بەرەو خوارتر بڕوات، هەر بۆیە مۆرکە نەتەوایەتییەکان تووشی کاڵ بوونەوەیەکی بێ وێنە بوون کە زیاتر ڕێگا خۆش کرا بۆ سیستەمی داگیرکەر هەتا سیاسەتی خۆی بەرەو پێشەوە ببا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دۆخێک لــە ئارادایە کــە هەموو کۆمەڵــگای تەنیوە و تاکی کورد بــە گومانەوە لە کورد بوونی خۆی دەڕوانێ. سیستەمی زاڵ وای کردووە کە مرۆڤی کورد لە پێشــینەی خۆی دابڕێ و ئەو ئاستە تــا ئەو جێگایە پێش کەوتــووە کە لە زۆربەی ماڵە کــوردەکان وێنەی درۆیینی پاشــاکانی هەخامەنشــی(ئەخمینی) هەڵدەواســرێت و کوردیش وەک فارس ڕۆژانە هەندێک ڕستە و قسەی ڕاست یان ناڕاستی پاشاکانی هەخامەنشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شانەوشانیان پێدەکا. لە لایەکی دیکەوە زمان لە هەر کۆمەڵگایەکدا قەدەغــە بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ بازنــەی زمانەوانی و واتای وشەکان لە ڕەسەنایەتی دوور دەکەوێتەوە و هــەر زمانێکیش کە ڕۆژانە بە شــێوەیەکی زانستی کاری لە سەر نەکرا، بەرەو نەمان دەڕوا و لە ناو کۆڵان و بازاڕی نەتەوەیەکی بندەست، قســە و ویژەی نەتەوەی سەردەســت و حاکم تێکەڵاوی دەبێــت. ئەڵبەت لێــرەدا مژارێکی گرینــگ هەیە کە باس کردنی جێی خۆیەتی، ئەویش تاقمێک لــە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانن، کە بــە هــۆی ســەرقاڵ بــوون لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا و زاڵ بوون بە سەر ناوەندی شارەکانی ڕۆژهەڵاتــدا، بــە جۆرێک وەک بازرگانێکــی خراپ، هاوردەکاری کەلتووری نەتەوەی سەردەستن لە ناوەنــدی حکوومەتەوە بۆ ناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەر شارێک کۆمەڵێک گوندی بە دەوری خۆیەوە خڕ کردۆتەوە وئەو تاقمە بــە نێوی فەرهەنگی بوونەوە تەواو لــە گەڵ مەرامی حکوومەت هەڵدەسووڕێن و ڕۆشنبیرییەکەشیان لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژنامانەدا دەســووڕێتەوە کە کۆماری ئیســلامیی ئێران چاپ و بڵاویان دەکاتەوە. لە ئاکامدا سیســتەمی حکوومەت بە بڵاو کردنەوەی ئەو هزرە، کە زمانی ئێوە، زمان نییە و شێوەزارێکە لە زمانی فارسی، تاکی کورد تاکی کورد بەرەو ئاراســتەیەک دەبا کە خۆی لە بەرابەر کەلتووری نەتەوەی سەردەســت بە ســووک دەزانێ وهەتا ئەو کەندەڵانە دەچێتە پێــش کە لە شــوێنە گشــتییەکاندا لە گەڵ منداڵەکەی بە فارســی قسە دەکا و کاتێکیش لە گەڵ فارسێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە بە شانازیی

> **لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دۆخێک لە ئارادایە کە هەموو کۆمەڵگای تەنیوە و تاکی کورد بە گومانەوە لە کورد بوونی خۆی دەڕوانێ و سیستەمی زاڵ وای کردووە کە مرۆڤی کورد لە پێشینەی خۆی دابڕێ**

دەزانێ.

**سێیهەم،**
ڕاسان دژی کۆچبەر بوون و ئەنتگراسیۆن ئەنتگراسیۆن بریتییە لە زاراوەیەک کە بۆ کۆمەڵگایەک بە کار دەبردرێ کە باوەشی ئاواڵەیە بۆ کۆچبەر و پەنابەر کە رووی تێبکەن. ئەو کەسەی روو دەکاتە ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە سەر شان کە بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی بە دوا نەکەوێ، دەبێ خۆی لە گەڵ ئەو کۆمەڵگایە بگونجێنێ و لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ فێری زمان و کەلتووری ئەو جوگرافیایە بێت کە دەیهەوێ تێیدا بژیت. لەو نموونە بەرچاوانە کۆچی ئەم دواییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەت کوردستان بەرەو ئەورووپا بوو، کە ئێستاکە هەمووی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن هەتا فێری زمان و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو وڵاتانە بن.

لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئەو شار و مێترۆپۆلە فارس و تورکانە دەگووترێ کە کورد بە شێوازی جۆراوجۆر کۆچبەری ئەوێ بوون و ئێستاکە لێی نیشتەجێن. لێرەدا جێی خۆیەتی کەلێنی دزێو و بەراوەژووی ئەو دۆخەش بورووژێنین کە ئەویش ئەگەر هەتا دوێنێ باژێر و کۆمەڵگای تورک و فارس وەک ئەنتگراسیۆنێک، کوردی کۆچبەریان وەک خۆیان بار دەهێنا، بەڵام ئەورۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی سەردەستدا، لە ئاستی ئاسیمیلاسیۆنێکی پێشکەوتوو، ئەرکی هارینی تاکی کوردی گرتووەتە ئەستۆ و بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێت.

لە کۆمەڵگای دەرەوەی کوردستان، مرۆڤی کورد لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بەرەو پێش چوونی ژیانی، کاتێک دەکەوێتە پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی ژیان، ئیتر بە یەکجاری دەتوێتەوە و ئەوەش دوا قۆناخی دەست بەردان لە نەتەوەیە و بە لەدایک بوونی یەکەم منداڵیان، دەبێ بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە نەتەوە و نیشتمانی کوردی بکەن. دوا وتەی ئەم خێزانە کۆچبەرانەش ئەوەیە کە دایک و باوکم کوردن، بەڵام من فارسم.

لە لایەنی خراپتری ئەم حاڵەتە، کە کۆمەڵگای کوردی بۆ خۆی دەبێتە ئەنتگراسیۆن، تەنانەت خێزانی کوردی تووشی ئەو دارمانەش دەبێ کە گۆیا پیاو یان ژنی بنەماڵە لە هەست و خۆشەویستی تێناگا و ناتوانێ بە لایەنی هێمنایەتی ئەوی دیکەیان بلاوێنەتەوە، هەر بۆیە ئەوە باشترین بیانوویە بۆ لاسایی کردنەوە و بە شوێن پێی نەتەوەی سەردەستدا ڕۆیشتن کە ڕۆژانە بە ڕاگەیاندن و سینەما و پڕۆپاگەندەی کەلتووری زیاتر ئەو بەستێنە خۆشتر دەکا هەتا نەتەوەکانی دیکەی پێ ڕابکێشێ کە لێرەدا لایەنی نەتەوەیی لێی بەرپرسیارە کە نەیتوانیوە متمانەی کوردایەتی بە تاک و کۆمەڵگا ببەخشێت. لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بە پاڕادایمێک کە لە بن چاوەدێریی کەسانی پسپۆڕ و نەتەوەییدا بێت، تاک و کۆمەڵگای کوردی لەم دۆخە ڕەها بکەین.

**لە کۆتاییدا:**
ڕاسان وەک پاڕادایمێک دەتوانێ بە چاودێریی ورد و زانستییانە لە رووی پرەنسیبە نەتەوایەتییەکانەوە، چاودێریی هەموو مژارەکانی ناو کۆمەڵگا بکا کە هەر لە ئەلف و بێی بنەڕەتی خوێندنگە هەتا لە نووسرانی تابلۆی سەر دووکان و بازاڕ و ڕاگەیندن و سینەما لە خۆی دەگرێت.

ڕاسان وێڕای ئەوەیکە دەستەواژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی جارێکی دیکە هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و وەک دەزگایەکی حیزبی کارای کردووەتەوە، دەشکرێت لە ژێر سێبەری ڕاساندا دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بکرێتەوە و وەک ناوەندێکی باڵای نەتەوەیی زیاتر و وردتر دیراساتی دۆخی ڕۆژهەڵات بکا.

# دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەواشەکردنی دۆزی کورد

**زانا هەورامی**



**ئاماژە**

توانای بینینی ئەودیوی ڕووداوەکان یەکەم مەرجی سیاسەتی سەرکەوتوویە. مێشکی ساکار و تاک- ناتوانێت ئەودیوی ڕووداوەکان ببینێت. بە خوێندنەوەیەکی سادە لە نیشانەکان و گوتارەکانی هەندێ حیزبی چەپ و بە ناو نەتەوەیی، بۆمان دەردەوکەوێت کە ئەوان لە فەزای شەڕی ساردداا ماونەوە و نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنن و گوتاری خۆیان بە مەبەستی ڕاکێشانی جیلی نوێ بگۆڕن. زۆربەی ئەو حیزبانە چاوەڕێی دەرفەتێکن هەتا بچنەوە ڕۆژهەڵات و لە لایەن خەڵکییەوە وەک قارەمان پێشوازییان لێ بکرێت و بە یارمەتیی ئەمریکا، مۆدێلێکی حکوومەتی هاوشێوەی باشووری کورستان دابمەزرێنن. بەڵام ئاشکرایە کە ئەوە هەمووی وەهم و خەیاڵە. کاریگەریی پیلانەکانی دەوڵەتی فارس و نەتەوەی باڵادەست لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە قووڵە کە ئەگەر حیزبەکان نەجووڵێینەوە، کاریگەرییەکانی تەنانەت دوای سەربەخۆییش بەردەوام دەبن و ناسنامەی کوردی دەشێوێنن. هەربۆیە من بەکورتی ئاماژە بەهەندێک لایەنی ئەو کارەساتە لە شارە گرینگەکانی ڕۆژهەڵات دەدەم. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو شارانە وەک نموونە ئەوەیە کە ئەو شارانە دەتوانن نموونەی شارە هەستیارەکان بن و بە ڕێگای ئەو شارانەوە دەتوانین بارودۆخی گشتیی ڕۆژهەڵات وێنا بکەین.

**مهاباد:** مهاباد کە سەردەمێک ناوەندی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو و لە دوو برگەی مێژووییدا (کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ و شۆڕشی ١٩٧٩) دەورێکی زۆری گێڕا، ئێستا زۆر گۆڕاوە. لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩وە دامودەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم سێ پلانی هاوتەریبیان لە مهاباد بەڕێوەبرد:

١ گۆڕینی دێموگرافیی ئەم شارە.

٢ گۆڕینی کولتووری کوردیی ڕەسەن و خەباتگێڕانەی ئەو شارە.

٣ پەراوێزخستنی مرۆڤی نیشتمانپەروەر لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لەئاکامی ئەو سێ پلانەدا ئێستا ڕێژیم مهابادی ئاخاندووە لە خەڵکی ناخۆجێیی. کاری گرینگ و زەوی و خانووبەرەی هەرزانیان پێ داون و کوردیان ناچار کردووە ئەو شارە جێ بێڵن. ئەو جێ هێشتنە لەوانەیە بە ڕێگای کار لە شارە غەیرە کوردییەکان یان تەنانەت کۆچ بۆ هەندەران بێت. ئەگەر ڕێکخراوە خەباتکارە کوردییەکان بەرنامەی خۆیان نەگۆڕن، لە داهاتوویەکی نیزیکدا مهاباد وەک نەغەدەی لێ دێت. ئێستا بەشێکی بەرچاوی خەڵکی مهاباد لە تاران و هەندەران دەژین. کەمتر بنەماڵە هەیە کە چەند کەسی لە دەرەوەی کوردستان نەژین. هەروەها ڕێژیم هەوڵی سڕینەوە زمان و کولتووری کوردایەتی دەدات لەم شارە. ئەگەر سەرنج بدەن بە جۆری قسەکردنی خەڵکی ئەو شارە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد بۆمان دەردەکەوێت کە چ بەڵایەکیان بە سەر ئەو خەڵکە هێناوە کە سەردەمێک زمانەکەیان شێوەزاری ستانداردی موکریانی بوو و هۆنیاری وەک هەژار و هێمنیان لێ هەڵکەوتبوو. جگە لەوانە ئێستا دابەزینێکی ئەخلاقیی سەیر دەبیندرێت. مادەی هۆشبەر زۆر بە ئاسانی دەست دەکەوێ و ئیتلاعات مادەی هۆشبەر بڵاو دەکاتەوە. هاوکات مرۆڤە نیشتمانپەروەرەکان پەراوێز خراون و مەیدانی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤی لۆمپەن و بورژوازیی کۆمپرادۆر چۆڵ کراوە هەتا بە کەیفی خۆیان ڕمبازێن بکەن. ئەو پلانانە نەک هەر نێو شاری مهاباد بەڵکوو لە گوندەکانیش بەڕێوە دەچێت. گوندی وەک دریاز و قوونقەڵایان پڕ کردووە لەو کارمەند و کرێکارە هاوردانەی کە لە پێترۆشیمیی مهاباد کار دەکەن. دیارە ئەوە بە سەرنجدان بە نیزیکیی جوگرافیایی مهاباد لە ناوچە ئازەریەکان زۆر پڕمەترسی و هاوکات بابەتێکی زۆر هەستیارە.

**سنە:** سنە دۆخێکی هاوشێوە بگرە خراپتر لە مهابادی هەیە. جگە لە گۆڕینی دێموگرافیی ئەو شارە، قسەکردن بە فارسی لەگەڵ منداڵان و خۆ لکاندن بە کولتووری فارسییەوە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی باو. بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە سنە زۆر بەربڵاوترە لە مهاباد. مرۆڤی سیاسی و نیشتمانپەروەر لە سنە تەواو پەراوێز خراون و تەنیا وەک ڕەمزێک لە ناوی کوردستان جاروبارە لە سەر تەلەڤیزیۆنی ئەو شارە دەردەکەون هەتا وا بنوێنن کە کولتووری کوردی هەر ماوە و هیچ نەگۆڕاوە لەکاتێکدا کە کولتووری کوردی لە سنە مەترسی لە سەرە. زۆربەی بەرپرسانی سنە لە پۆستە هەستیارەکاندا خەڵکی ناخۆجێی کوردیزانن کە بە کوردییەکی سەقەت دەدوێن. ئەو دامەزراوە کوردییانەی سنەش (وەک بەشی زمانی کوردیی زانکۆی کوردستان) تەنیا بۆ کۆنترۆڵ کردن و خافڵاندنی نوخبەی نیشتمانپەروەری کوردستان کار دەکەن و کۆمەڵێک کوردی ئیداری پەروەردە دەکەن کە لە داهاتوودا لە چوارچێوەی نەتەوەی باڵادەستدا دەتوێنەوە.

**کرماشان:** دۆخی کرماشان زۆر لە سنەش خراپترە. فارسی بووەتە زمانی باوی کرماشانییەکان و ماددەی هۆشبەر بووەتە شتێکی ئاسایی. ئەگەر کوردێکی نیشتمانپەروەر لە کرماشان پەیدا بێت یان پەراوێز خراوە یان مەترسیی کوژرانی لەسەرە. ئێستا بابەتی باوی

نێو گرووپە نەتەوەییەکانی کرماشان ئەوە نییە کە دژایەتی لەگەڵ زمانی فارسی و دەوڵەتی داگیرکەر بکەن بەڵکوو بووەتە باسی زاراوەی کەلهوری و لەکی و لوری و هەورامی و سۆرانی و ئەوانە، مخابن هەندێ لایەنی ناسراو بۆ رای گشتیش پەرەیان بەم دیاردانە داوە. کرماشان وەک گەورەترین و گرینگترین شاری رۆژهەڵاتی کورستان پردی پەیوەندیی نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵاتە هەربۆیە پێویستە گرینگیی تایبەتی پێ بدرێت بەڵام ئێستا زۆربەی سیاسییە کوردەکانی رۆژهەڵات دەستیان لەو شارە شۆردووەتەوە چونکە پێیان وایە زۆرینەی شیعەی ئەو شارە خاڵی هاوبەشی زیاتریان لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست هەیە هەتا لەگەڵ کوردان! پێویستە لەگەڵ ئەو بۆچوونە چەوتە بەربەرەکانی بکرێت.

**ئیلام:** ئەگەر بڵێین ئیلام شاری لەبیرکراوی کوردستانە، هەڵەمان نەکردووە. ئیلام بووەتە ناوەندی خۆکوژیی ژنان و تەنانەت پیاوان. هەتا ماوەیەک چاوەدێرە فێمینیستەکان هەموو شتێکیان دەگەڕاندەوە سەر کولتووری پیاوسالاری بەڵام ئاشکرایە کە ئەوە ناتوانێت دۆخی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزی ئیلام شی بکاتەوە. لە راستیدا دۆخی کۆمەڵایەتیی نالەباری ئیلام زیاتر بەرهەمی کۆلۆنیالیسمە، نەک پیاوسالاری. لە وەها دۆخێکدا بوو کە بەختەوەرانە، گەنجە نیشتمانپەروەرەکانی ئیلام دەستیان کرد بە زیندووکردنەوەی کولتووری کوردی و بزوتنەوەی سیاسی. گەنجەکانی ئیلام کە سەردەمێک بەهۆی نەبوونی فەزای کوردی لە نێو نوخبەکاندا دەچوونە نێو ریزەکانی موجاهیدینی خەڵق، ئێستا زۆریان گەڕاونەوە بۆ لای کوردایەتی (کە خۆیان ناویان ناوە کوردەواری). خەڵکی خۆراگری ئیلام چەند ساڵە هەوڵی بەردەوامیان داوە کولتووری کوردی بپارێزن و بەدژی پان-ئیرانیستەکان و کوروش-پەرەستەکان خەبات بکەن بەڵام لە لایەن حیزبەکان و رووناکبیرانی کوردستانەوە بە گوێرەی پێویست، سەرنجیان پێ نەدراوە.

لە دۆخێکی ئاوادا کە شارە گرینگەکانی رۆژهەڵات مەترسی تواوەی کولتووری و سیاسییان لە سەرە، هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات پێویستە ئاورێک لە راستیەکانی رۆژهەڵات بدەنەوە، هەر چەند نادڵخواز و تاڵیش بێت. لامان ئاشکرایە کە بەشێکیان دڵیان بە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران خۆش کردووە و بەشێکیشیان چوونە نێو وەهمی ئیسلاحتەڵەبی. لە کاتێکدا کە ئیسلاحتەڵەبی لە نێو خودی فارسەکاندا پەراوێز خراوە و کەس حیسابی بۆ ناکات، ئیسلاحتەڵەبە کوردەکان خەریکی چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی دۆزی کوردن. یەکێک لەو چەواشەکاریانە، هێنانەگۆڕێی دۆزی کورد وەک دۆزی کەمایەتییەکانە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێ دەدەم.

## چەواشەکردنی دۆزی کورد وەک دۆزی کەمایەتییەکان

یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی کورد لە ساتە هەستیارە مێژووییەکاندا ئەوەیە کە ئاستی خۆی دادەبەزێنێت و بە کەمتر لە مافی راستەقینەی خۆی رازی دەبێت. یەکێک لەو هەڵە بەرچاوانە کە کورد بەردەوام کەوتووەتە داوی، هێنانەگۆڕێی دۆزی کورد وەک دۆزی کەمایەتییەکانە. ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنانەت دوژمنانی کورد دەزانن کە دۆزی کورد دۆزی کەمایەتییەکان نییە، بەڵکوو دۆزی وڵاتێکی داگیرکراوە. بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کورد کەمایەتی نییە، پێویستە بزانین وشەی کەمایەتی (minority) بە کێ دەگوترێت.

کەمایەتی گرووپێکی مرۆییە کە جوگرافیایەکی دیاریکراوی نییە و لەناو گرووپێکی گەورەتردا بڵاو بووەتەوە و بەهۆی ناسنامەی خۆیەوە، هەست بە تەوژم و وەلاوەنان دەکات. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە رەشەکانی ئەمریکا بکەین کە لە سەرەتای هاتنیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا، وەک کۆیلە بازرگانیان پێ دەکرا و دوای هەڵوەشانەوەی سیستمی کۆیلەداری (١٨٦١-١٨٦٥)، بە ڕواڵەت ئازاد کران بەڵام بەردەوام کەوتوونەتە بەر هەڵاواردن. ڕەشەکان لە ئەمریکا کەمایەتین (ئەوان نیزیکەی ١٢ لە سەدی حەشیمەتی ئەمریکا پێکدەهێنن) چونکە لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا ناژین بەڵکوو لە شارەکانی ئەمریکا بڵاون؛ هەرچەندە لەوانەیە ژمارەیان لە هەندێک لە شارەکان و گەڕەکەکان زیاتر بێت. هەروەها جوولەکەکان بەدرێژایی مێژوو لە وڵاتانی دەرەوەی ئیسرائیل کەمایەتی بوون و ئێستاش کەمایەتین.

ئاشکرایە کە کەمایەتییەکان داوای مافی کەمایەتییەکان دەکەن، نەک شتێکی زیاتر. ئەوان داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن (خوێندنی بە زمانی دایک و نوێنەرایەتی بەپێی جەماوەر و هتد). بۆ نموونە ئەرمەنییەکان لە ئێران کەمایەتین. ئەوان لە شارەکانی ئێران بڵاو بوونەتەوە و تەنیا داوای پاراستنی ناسنامەی خۆیان دەکەن بەڵام ناتوانن داوای سەربەخۆیی بکەن چونکە جوگرافیایەکی دیاریکراویان نییە. لەکاتێکدا ئەرمەنییەکان لە وڵاتی خۆیان (واتە ئەرمەنستان) کەمایەتی نین چونکە لە چوارچێوەی جوگرافیای خۆیاندا زۆرینەن و ئەرمەنستان وڵاتێکە کە بە درێژایی مێژوو هی ئەرمەنییەکان بووە. واتە ئەرمەنییەکان لە ئێران کەمایەتین بەڵام لە وڵاتی خۆیان کەمایەتی نین.

بە هەمان شێوە، کورد لە کوردستان کەمایەتی نییە. ئاشکرایە کە کوردستان وڵاتێکی بەکۆلۆنی کراوە و لە لایەن چەند دەوڵەتەوە داگیر کراوە و دەچەوسێتەوە. لێرەدا هێنانەگۆڕێی چەمکی کەمایەتی بۆ کورد بەلاڕێدابردنی دۆزی کوردە کە بەداخەوە هەندێک لە کوردەکان کەوتوونەتە داوی. داواکردنی مافە سەرەتاییەکان بۆ کورد نەک هەر هەنگاوێکی ڕزگاریخوازانە نییە بەڵکوو چەواشەکردنی دۆزی کورد و زەبر وەشاندن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە. بەرتەسک کردنەوەی دۆزی کورد لە چوارچێوەی دۆزی کەمایەتییەکاندا دەبێتە هۆی خەسارکردنی وزەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی کوردستان.

داوای چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە چوارچێوەی مافی کەمایەتیەکان، بە واتای چەواشەکردنی دۆزی کوردە. ئەو گرووپ و حیزبانە کە توانای جێبەجێ کردنی ویستی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردیان نییە، هەوڵ دەدەن بە بەرتەسک کردنەوەی دۆزی کورد خۆیان لە بەرپرسیارەتیی ڕاستەقینەی خۆیان بدزنەوە.

## ئەنجام

کاتێک دوو بابەتی ئەم وتارە (واتە دۆخی نالەباری شارە گرینگەکانی ڕۆژهەڵات وهەڵەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ زەق کردنەوەی دۆزی کورد وەک دۆزی کەمایەتییەکان) لە تەنیشت یەکتری دابنێین، بۆمان دەردەکەوێت کە تاکە ڕێگای دەربازبوون لە هەلومەرجی نالەباری ئێستا ڕادیکالیسمە، نەک ریفۆرمیسم. جیلی نوێی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند پەراوێز خراوە، بەڵام زۆر ڕادیکاڵە و داوای سەربەخۆیی دەکات. پێویستە ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان کەڵک لە هێزی ئەو جیلە کە زۆربەیان خوێندەوارن، وەربگرن و نەهێڵن کە ئەو وزە زۆرە بۆ لای چەواشەکاران بچێت. ئەوەش تەنیا بە گۆڕینی گوتاری حیزبایەتی و هەنگاونان بەرەو گوتاری کوردایەتی دەکرێت. مانەوە لە فەزای سیاسیی سەردەمی شەڕی سارد و دووپات کردنەوەی دروشمە کۆنەکان نابێتە هۆی دەربازبوون لە دۆخی نالەباری ئێستا. نابێت لە بیرمان بچێت کە ئەگەر هەر ئەو کارانە بکەین کە پێشتر کردوومانە، هەر بەو ئەنجامانە دەگەین کە پێشتر پێیان گەیشتووین.

# ڕاسان چەمکێک بۆ هەموو وەرزەکانی شۆڕش
# پڕۆژەییک کە هیچکات نابێت بوەستێت

**سامیار شێروە**



**ئاماژە**

ئەوەی گرینگە بیری شۆڕشگێڕانە دەبێ لەسەر وێنایەکی ڕاستەقینە لە مرۆڤ دەست پێ بکات. دەستپێکردن لەو پرسیارەوە کە چی شتێک مرۆڤ دەکا بە مرۆڤ و دەبێتە هۆی ئەوە کە بە شێوازێکی تایبەت بیر بکاتەوە نەک ئەوەی بۆ نموونە پرسیار لە چییەتی چەوسانەوە؟

*«ئامانــج کوشــتنمان نییــە، بەڵکــو نەژیانەوەمانە. ترسی سیستمی فاشیستی لەوە نییە کە تۆ ئێستا دەژی، بەڵکو ئەو لە بەردەوامیی تۆ دەترسێت، لە راسانی بــەردەوام و دادخوازیــی تاهەتاییت»*

## پێشەکی:

روحی نوێی شۆڕش لەسەر بنەمای ئەو کەتوارە پێک هاتووە کە وەســتان و چەقین لە دونیای کەتواری زاڵدا هیچ چەشنە گۆڕانێکی بنەماییی لێ شــین نابێ و ئەوەی گرینگــە کردنەوەی دەرگایەکی گەورەتری رەتکردنەوەیە. کە بەرەو دەربازبوون لە کەتــواری هەنووکە رێنماییمان بــکات. واتە گرینگی پێــدان بە رێگەیەک کە بەرەو ئیمکان بمانبات، ئەو رێگەیەی کە سوژە لە میرایەتیی ئۆبژە دەرباز بکات و وەک هێزێکی پێکهێنەر بیهێنێتە گۆڕەپانەوە.

راسان وەک چەمک لە تیئۆریدا ئەو رۆحە شۆڕشــگێڕانەیەیە کە لە بەرانبــەر «دژایەتیی» کەتــواری چەقیــن و راوەســتان لەبەرانبەر نیزامێکی دواکەوتوو و قۆرغکەری وەک کۆماری ئیســلامی پێکهاتووە و پێی وایە وەســتان لە وەها دۆخێکدا بە واتای رۆچوون و لەناوچوونی یەکجارەکییە. راسان کە پرۆژەییێکی خۆرسک و هەڵقوڵاوی ویست و خواستی بەدەنەی فکری و کۆمەڵایەتیی خۆرهەڵاتی کوردستانە، هاوکات بە روانگەییێکی بنیامینی، چالاک کردنەوەی توانا سەرکوتکراوەکانی مێژوویمانە، بە واتاییێکیتر بووژانەوەی دەنگە کپکراوەکان و دەرخستنی مانا کۆنەکان و گیانبەخشی پێیان لە ئێستادایە.

## دیموکراسی و شۆڕش

ژاک دریدا فەیلەسووفی ئەلجەزاییری-فەرەنسی پێی وایە دیموکراسی هەمووکات لە داهاتوودایە، شتێک کە لە رێگادایە و دێت، ئەوە جەوهەرەی دیموکراسییە ئەگەر بوەستێت ناتوانێ بە کەماڵ بــگات. هەر بۆیــە، دیموکراســی هەمووکات گیرۆدەی داهاتوویە. هیچ نیزامێک ناتوانێ خۆی وەک مۆدێلێکــی تەواوکــەر و خاڵی کۆتاییی پرۆژەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی نیشان بدات.

کەواتە ئەو ئامانجــەی ناتوانین بیکەین بە کەتوار[۱] (رئاڵ) کام ئامانجە؟

ئەو شــتەی هەمووکات لە داهاتوودا دێتە دی و گومان (شک) بەرهەم دێنێ چییە؟

بلوخ دەڵێ «ئێســتا» سەرەرای ئەوەیکە زۆر لێمان نزیکە و ئێمە تێیدا دەژین هێشتا زۆر ون و تاریک دەردەکەوێ. تاریکی بەشێکی گرینگ لە هەمووی ئەو ســاتانەیە وا تێیدا دەژین، ئەو تاریکییــە ئاماژەیەکە لە نادیــاری و ناروونیی هەتایی. ئەو تاریکییە سەرەرای ئەوەی تاهەتاییە بەڵام بــەردەوام لە گۆڕاندایە و هەمووکات هەر ئەو تاریکییەی پێشــوو نییــە. تاریکییێک کە لــە هەناوی «ئێســتا»[۲]دایە و بۆ ئێمە جێگای نواندن نییە، هەر ئەو شــتەیە کە هێشــتا بە بوون نەگەیشــتووە. ئەو وێچواندنەی بلوخ زۆر وێنەی وێچواندنەکــەی هێگێل لە مەرِ مرۆڤ وەک «شــەوی گەردوون» دەدا. واتا رووکارێک کە ئیمکانگەلی زۆر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگری. بە واتایەکی تر «شــەوی گەردوون»ی هێگێل بەرانبەرە لەگەڵ «هێشتا بە بوون نەگێشتوو»ی بلوخ.

بلوخ دوو جۆری ئیمکان لێک جیا دەکاتەوە:

**۱** ئیمکان لە جیهانی ئەندێشەدا

**۲** ئیمکان لە کەتواری ئۆبژێکتیڤدا

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵفڕێ، هەزاران ساڵ لەمەوبــەر لە بیرۆکە و خەیاڵــی خۆیدا بیری لە فڕیــن کردۆتەوە. فڕین لێرەدا ئیمکانێک لە جیهانی ئەندێشەدایە. بەڵام دواتر کە تەکنەلۆژی و زانست گەشە دەکا، فڕین دەبێت بە کەتواری ئۆبژێکتیڤ. بلوخ یەکگرتنی ئەو دوو ئیمکانە بە مەرجی ســەرەکی بۆ پرۆسەی لەدایک بوونی نوێ[۳] دەزانێ.

«گۆڕانکاریی رۆحی» واتە گۆڕان لە ئاوەز و هۆشیاریی ســووژەدا کە لە فەلسەفەی بلوخدا مەرجی ســەرەکیی گۆڕانکاری لــە کەتواری ئۆبژێکتیڤ دایە.

بلــوخ چەمکێکی نوێ لە ژێــر ناوی «ئەو شتەی هێشتا بەسەریدا ئاگا نین» دێنێتە ئاراوە کە زۆر لە چەمکی ناخودئاگای فرۆید نەزیکە، بەڵام لە ناخودئاگای فرۆیددا شوێن بوونی هەیە، کە مەیلە سەرکووت کراوەکان بەرەو ئەوێ پاڵ نراون بەڵام ناخودئاگای بلوخ ڕووەو داهاتوویە، شـوێنێک کە مەیل و خوازەکان لە داهاتوودا لە دایک دەبــن. بە بڕوای بلــوخ دەرکەوتنی ناوەرۆکی ناخودئاگا بەربەســت ساز دەکا. واتە لەســەر ڕێگەی تێپەڕ بوون لە «ئەو شتەی کە هێشتا بەسەری دا ئاگا نەبووین» بەرەو ئاگایی بەربەست هەیە و دەبێ لابدرێ.

هەرکات ئیمکانی ناو ئاگایی لەگــەڵ ئیمکانی نــاو کەتواری ئۆبژێکتیــڤ هاوتەریــب بێــت پرۆســەیەک دەســت پێدەکات کە پرۆســەی کەتوار کردنی ئەو ئیمکانەیە. هەر لەو ڕوانگەوە، بلوخ یۆتۆپیا و نیشـــتمان دەستکاری دەکا و واتــای نوێیــان پــێ دەبەخشێ. نیشتمان لە ڕوانگەی بلوخەوە وڵاتێک نییە پێشوەخت چێ کرابــێ و ئێمــە تیایدا لە دایک بین بەڵکوو شــوێنێکە کە خۆمان چێی دەکەین، نیشتمان ئەو ئاســۆیەیە کە ڕوومان بەرەو ئــەوە. وڵات بە کەتــوار گەیشــتنی خولیا و ئاواتەکانی ئێمەیە. ئــەوەی لای بلوخ جێگای بایەخە کرانەوەیەکی بە شکۆیە بەسەر ئیمکانە ناوەکییەکانی مێژوودا.

تا ئێستا هەوڵمان دا بە تیشک خستنەسەر بیرو بۆچوونەکانی بلوخ پێشــەکییەک بدەینە دەست بۆ وڵام دانەوەی ئەو دوو پرسیارەی کە لەسەرەتادا و لە هەناوی بیرو بۆچوونی دریدادا بۆمان ساز ببوو کە پرسیاری لاکان و ئێمەشە.

زانست و پێناسەیەک کە «سیاسەت» وەک «مومکینات» لە قەڵەمی دەدا، لە هزری دریدادا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا دێت و دەبێت بە هونەری مومکینات.

> **ڕاسان وەک چەمک لە تیئۆریدا ئەو ڕۆحە شۆڕشگێرانەیەیە کە لە بەرانبەر «دژایەتیی» کەتواری چەقین و ڕاوەستان لەبەرانبەر نیزامێکی دواکەوتوو و قۆرغکەری وەک کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە و پێی وایە وەستان لە وەها دۆخێکدا بە واتای ڕۆچوون و لەناوچوونی یەکجارەکییە**

دریدا هاوارێکی ڕەوایە کە تەنیا بە شــوێن ئیمکان و ئەگەرەکاندا نییە بەڵکوو بۆ گەیشتن بە نامومکینات تێدەکۆشــێ. بە واتایەکی‌تر بۆ گەیشــتن بە ســوێگەگەلێک کە هێشتا تیل نەبوونەتەوە هەوڵ دەدا. ئەو ڕوانینە لە ڕوانگەی دریــداوە یۆتۆپیایــی نییە بەڵکــوو بە تەمای نامومکینات بوونە. نامومکینات لە دەزگای فکریی دریــدادا هێزی پاڵنەر و وزەی لە بن نەهاتووی گەیشتن بە دیموکراسییە. بە بڕوای ئەو مرۆڤ نابــێ لە چوارچێوەی ســنووری ئیمکانگەلی بەرەوڕوویدا ڕاوەستە بکات. بە بڕوای دریدا بێتو مرۆڤ خۆی لەگەڵ ئەو ئیمکانانە هاوئاهەنگ بکات، بە واتای ئەوەیە کە خۆی لەگــەڵ گەلاڵەیەکی پێشوەخت و چاوەڕوان کراو هاو تەریب کردبێت.

وێکچوون و جیرانییەتییەکی نزیک لە چەمکگەلی «ئیمکانی» بلوخ و «نامومکینی» دریدادا هەیە. هەردوو چەمک جەخت لەســەر کەتوار بوونی خۆیان دەکەنەوە و «ئیمکان» لە هزری بلوخدا وزەی هاندەری پرۆسەی یۆتۆپیایە و لە هزری دریدادا «نامومکین» وزەی پاڵنەری ڕەوشــتی مرۆڤییە. ئەو دوو چەمکە لەگەڵ ساتی ئەمێستا پێوەندییەکی نزیکیــان هەیــە و پرۆژەیەک نییــە بتوانین هەڵیپەســێرین. دیموکراســی لە ئەندێشەی دریدادا هەردەم لە شــتێکدا شــاراوەیە کە لە ڕێگادایە نەک ئەوەیکە لە شتێکدا بێ کە بوونی هەیە. کەواتــە دیموکراســی چوارچێوەیێکی داخراو نییــە، کۆتاییی بۆ نییە، هەر ئەو ئەمرە لە دەوڵەتە سۆسیالیستی و دینییەکان جیاوازی دەکاتەوە، واتە شێوەیەک لە دەسەڵاتداری کە هەردەم دەتوانێ شتێکی نوێی پێ زیاد کات و بەردەوام بەرەو داهاتوو کراوە بێ.

«هاڵووی»یش لەو کەسانەیە کە پێی وایە

ڕابردوو دەبێ ڕاگیرێت، فەلسەفەی هاڵووی سوژەتەوەرە و گرینگییەکی زۆر بۆ ئیرادەی مرۆڤ قایلە. جیاوازی و بەربەرەکانیی ئەو لەگەڵ مارکسیستە کلاسیکەکان لەوەدایە کە لەگەڵ ئەو گریمانەی کە بڕوای وایە نیزام بە ناهاوئاهەنگیی ناخۆییە کە هەرەس دێنێ، بە پێچەوانەوە ئەو ناهاوئاهەنگییە بەردەوام خەریکە نیزام بەرهەم دێنێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە گەشەیە. (بۆ نموونە ڕەوتی ڕیفۆرم و بناژۆخوازیی ئێران کە بەردەوام لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا دیسکۆرسی نیزامیان بەرهەم هێناوەتەوە و بگرە لە هەمبەر نەتەوەکانیتری ئێران وەک کورددا بە هێزتریشیان کردووە). هاڵووی پێی وایە بێتو ئێمە ئەو نیزامە نەگۆڕین هیچ مەرجێکی ئۆبژێکتیڤ ناتوانێ بە شێوەیەکی مکانیکی ببێتە هۆی گۆڕانی نیزام. تا ئەو کاتەی ئێمە وەک سوژەی شوێندانەر نەتوانین ئەو کەلێن و بۆشاییيانەی ناوەوەی نیزام ساز نەکەین، گەورە نەکەینەوە و جغزی تێنەخەین هیچ چەشنە گۆڕانێک نایەتە ئاراوە. لێرەدا زیاتر لە هەر کاتێکیتر هەست بە بوونی پرۆژەیەکی وەک ڕاسان دەکرێ. بە گشتی بوون بە سوژەی شوێندانەر تێزی سەرەکیی هاڵوویە نەک یاسای یەک جارەکی و جەبری لە دونیای ئۆبژەکاندا. پرۆژەی ڕاسان دەبێ بەخشینی دووبارەی ئەو شوێندانەرییە بێ بە تاکی کوردی خۆرهەڵاتی.

ئێستا پاش کۆک بوون لەسەر ساز کردنی سووژەی شوێندانەر دەمانهەوێ بزانین میکانیزمەکانی ساز بوونی ئەو سووژەیە چین و لە ڕوانگەی بیرمەندانی ئاماژە پێکراووە دەبێ چۆن پێناسە کرێ.

### مەسەلەی سووژە لە ئەندێشەی فۆکۆ و ژیژەکدا:

ئاخۆ تێپەڕبوون لە نیزام ئیمکانی هەیە؟

فۆکۆ پێی وایە تاک خاڵی بەرانبەری هێز نییە بەڵکوو بەرهەم هاتووی هێزی سەردەستە و ئەوە هێزە تاک چێ دەکات، هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەیە شوێنێک لە کۆمەڵگادا نادۆزرێتەوە کە ئەو هێزە لەو شوێنە حزووری نەبێ. ئۆتۆریتەی هێزی سەردەست سەرلەبەری سنوورەکان دەتەنێ و لە نێوان بچووکترین پێوەندییە ناوخۆییەکانی نیزامدا ڕۆ دەچێ. هێز لە لایان کەسێکی ترەوە ناسەپێ واتە وەک گوڵۆڵەیێک نییە کە لەسەرچاوەیەکەوە تووڕ درێ و ئامانجێک بپێکێ. هێز گوڵۆڵەیەکە لە نێوان تۆڕێک لە یاریکەران بە تێکڕایی، داوێکی گەورەیە پێکهاتوو لە پێوەندییەکان. هێز بە تەنیا چالاککەری وزە نییە بەڵکوو پێک هێنەری وێژمانە و سنوورەکانی «بیر» دیاری دەکات. هێز لە سەردەمی مۆدێرندا بە پێچەوانەی سەردەمی پاشایەتی، گۆڕەپانی پاشگەز کردنەوەیە تاکو سزادان، واتە توانایی زۆرتر لەوەدایە کە مرۆڤەکان بە شێوازێکی تایبەت پەروەردە بکات. کە واتە خەبات لەو چاخەدا دەبێ فرەڕەهەندی و وێژمانساز بێ و بتوانێ تاکێک کە لەوەها بەستێنێکدا پێگەیوە ئازاد بکات. دواجار بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی سووژەیی بەخشین لەسەرەکیترین ئامانجەکانی فۆکۆ بوو.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد نیزام هەردەم لەسەر پێچکەی ناهاوئاهەنگی خۆی گرتووە. ناسینی ئەو، گرێ دراوە بە قاتە شاراوەکانی نێوخۆیی کە وەک «ڕوحی گۆڕان» نێومان برد. «ڕوحی گۆڕان» ئەرکانێکی تێکدەر بە هەژمار دێ کە لە ڕێگەی گەیشتن بە کەماڵ، لەمپەڕ بۆ نیزام ساز دەکا. ڕوحی نیزام کاتێک سنوورەکانی خۆی دەبینێ کە ئێمە لە ڕێگەی ئیرادەی خۆن وەبیری بهێنینەوە.

### پێناسەیەکی کورت لە سووژەی لاکانی:

ئاخۆ دەتوانین ڕوخسارێکی شۆڕشگێڕانە بە کەڵک وەرگرتن لە بیرۆکەکانی ژاک لاکانەوە بۆخۆمان وێنا بکەین؟

سەرەڕای ئەوەی وا دەردەکەوێ لاکان بڕوای بە سووژە نییە و لای ئەو مەیل، مەیلی ئەوی ترە چۆن دەتوانین بڕوامان بە سووژەی لاکانی هەبێ؟

پاش ڕوونکردنەوەی سووژەی لاکانی مەبەست لە سوژەی شۆڕشگێڕ چییە و کێیە؟

سووژە کەلێنێکە لە ناو نیزامی هێماییندا کە پڕ نابێتەوە، پێگەیەکە لە نیزام کە دەیهەوێ دەستی بەسەر ڕۆگرێ و بیتەنێ، ئەمریکی مەحاڵە کە نیزام ناتوانێ بە چۆکیدا بێنێ. لاکان بۆ گەیشتن بە ڕەئاڵ و ئازادی لە چەمکی ڕووداو[۴] کەڵک وەردەگرێ، ڕووداو لە ناو نیزامدا پێشاندەری ئەو شتەیە کە هیچ کات کۆنترۆڵ ناکرێ. بە کورتی، ئازادی شتێکی جیا لە ڕەئاڵ نییە، واتە دەرکەوتنی ئاسۆ لە گەردوون بە دەستی سووژەیێکی نەفیی‌گەری ڕادیکاڵە کە بنیاتنەرە و هەبیتووسی داگیرکەر تێک دەرمێنێ. سووژەی لاکانی ئەرکی ئەوەیە مەنتقی نەفیی و ئیمکانی شکستی نیزام بپارێزێ، ئەو ئەرکەش تەنیا بە کایە و چالاکی لە نێوان کەتوار و نیزامی هێماییی قودرەت و ئایدۆلۆژی دێتە دی. ئەو شتەی وا ڕاسان بە ماوەیێکی کورت و بە شێوەیێکی سەرسوڕهێنەر پێی نیشانی داین. نیزام کەلێنی گەورەی تێدایە و جێگەی تەشەنە کردن تیایدا فرەوانە. ئەوەی گرینگە هەستانەوە و نا گوتنە بە نیزام؛ ئەو کارەش بە سووژەی شۆڕشگێری شوێندانەر دەکرێ.

## لاکان و شۆڕشگێڕ بوون:

شۆڕش ئەمریک نییە کە لە ناکاو ڕوودا و پاشان هەموو دڵەڕاوکێی ئێمە هەوڵ دان بۆ ڕاگرتنی ئایدۆلۆژی و هێماکانی بێ، واتا نەریتێک کە بیری کۆمۆنیستی بۆ جوولانەوە جیهان سێهەمییەکان بە دیاری جێی هێشتووە. ئەو پێشگریمانە ئایدۆلۆژیکە هەڵەی فەلسەفی و پڕ خەساری تەنانەت بۆ کورد لێ کەوتۆتەوە؛ چونکو گریمانەی شکست و چارەنووسی بە ئاکام نەگەیشتووەکانی لەبەر چاو نەگرتووە هەر لەسەر ئەو هەڵە فەلسەفییە، لاکان پێی‌وایە خەبات دژی سیستمە داگیرکەرەکان دەبێ خەباتێکی بەردەوام، فرەڕەهەندی، چەندلایەنە و خاوەن ستراتێژیی جۆراوجۆر بێ. خەباتێک کە لە پێناو پێناسەی بەردەوامی سنووری سیستەم و سوژەی شۆڕشگێر بێ.

تێگەیشتنی باو لە چەمکی شۆڕشگێری لە کولتوری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوینی سەدەی بیستەم، نەفیی ڕادیکاڵی نیزامی سیاسی و پێوەندیی سیاسیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتی و قەومییە هاودژەکان بووە کە زۆربەیان دەستیان بردووە بۆ چەک. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت دەست بردن بۆ چەک بەشێک لەو پرۆژە دوور و درێژەیە و ئێمە بۆ تەیار کردنی سووژەی شۆڕشگێر، پێویستیمان بە هێزی‌تر وەک هێزی وێژمانی و بەدیل سازە.

ئەوەی ئەورۆکە بووە بە خەسار و ڕوانینی زاڵی هێزەکانی دژ بە نیزامی جمهوری ئیسلامییە، ڕوانینی هەڵە بۆ چەمکی شۆڕشە کە لەسەر بنەمای ڕوانینی ئەویترەکەیان پێک هاتووە و بە هۆی تێنەگەیشتن لە سیستم و چۆنیەتیی کارکردی دیسکۆرسیڤ لە ئاستی زمان و پێکهاتەی ڕەوانی ـ هزریی مرۆڤی کورد دامەزراوە. هەڵەیێکی ستراتێژیک کە هێزە ڕزگاریخوازەکان تووشی بوون و دەبن، هەوڵدان بۆ زۆرتر ناسین و بەرەنگار بوونەوەی تواناکان و ئاستی هێزی سیستەمەکانە، لە کاتێکدا ستراتێژیی ئەو هێزانە لە هەنگاوی یەکەمدا و بە بۆنەی نابەرابەری لە هێزدا دەبێ ناسینی کەم و کورییەکان و بۆشایی دیسکۆدیڤی ناو سیستەمەکان و هاوکات کارکردن بۆ زەق کردنەوەیان بێ.

## هەبیتووس

هەبیتووس چەمکێکە کە پییەر بۆردیۆ بە کاری دێنێ. بۆردیۆ پێی وایە سووژە گیرۆدەی بازنەیێکە، واتە سووژە شتێکە کە ئەویتر سازی دەکا. هەبیتووس چەشنێک لە ڕێکخستنی دەروونییە کە بە پێی ئەو، خەڵکی یاسا و ڕێساگەلێک دەروونی دەکەن و ڕەوا و نارەوای کۆمەڵگا دەبێتە بەشێک لە هەبوویەتیی تاک.

ئەو ڕەوتە لە سەرەتای لە دایک بوونەوە دەست پێ دەکا و هەتا کۆتاییی ژیان بەردەوام دەبێ. لە دەرئەنجامدا ئەو ڕەوتە پێکهاتەیی ـ ناسیاری (شناختی)ـیە لە ناوەرۆکی تاکەکاندا پێک دێ و بە شێوەی نەرمە ئامێرێک پێوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە ڕێک دەخات.

هەبیتووسی گەلی کورد ساڵانێکە بە هێزی سەخت و بە دیسکۆرسگەلی جۆراوجۆر کاری بۆ دەکرێ و بووە بە هەبیتووسی ئەوی تر، بۆیە کاتێک باس لە زیندوو کردنەوەی ڕۆحی شۆڕش دەکرێ هەندێ کەس بە خەیاڵێکی شاعیرانەی دەزانێت. لاکان ئەو کەسەیە حوکم لەسەر کردەیی بوونی ئەو گۆڕانە دەدا و باس لە ڕۆحی شۆڕش دەکات و بۆ دواجار دەڵێت سووژە ئەمری ناتەواوە و هێزەکەشی لەو ناتەواو بوونەیدایە. بۆیە ئێمە پێویستیمان بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەیە کە بتوانێ داینەمۆی ڕاسانەوەییەکی نوێ بێت.

> نیزام کەلێنی گەورەی تێدایە و جێگەی تەشەنە کردن تیایدا فرەوانە. ئەوەی گرینگە هەستانەوە و نا گوتنە بە نیزام؛ ئەوە کارەش بە سووژەی شۆڕشگێڕی شوێندانەر دەکرێ

ئەوەی گرینگە بیری شۆڕشگێڕانە دەبێ لەسەر وێنایەکی ڕاستەقینە لە مرۆڤ دەست پێ بکات. دەستپێکردن لەو پرسیارەوە کە چی شتێک مرۆڤ دەکا بە مرۆڤ و دەبێتە هۆی ئەوە کە بە شێوازێکی تایبەت بیر بکاتەوە نەک ئەوەی بۆ نموونە پرسیار لە چییەتی چەوسانەوە؟

پرسیار لە چەوساندنەوە و ئازادی پرسیارگەلی پاشگر و دووهەمی بە ئەژمار دێن.

شەڕ لەگەڵ سیستەم، خەباتێکی بێ وچان، جۆراوجۆر، بە ستراتێژیی جیاواز و فرەڕەهەندییە، خەباتێک کە لەسەر دەستی سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی سنووری نێوان سیستەم و سوژەی شۆڕشگێر چێ دەکرێ.

ئەو بۆشاییەی کە بووە بە وزەیەکی نەرێنی لە ناو سیستەمدا و بەردەوام ئەو کەتوارەمان وەبیر دێنێتەوە کە هەر نیزامێک کوڵە و جێگەی دەستتێوەردانی هەیە، کام بۆشاییە؟

لە هزری لاکاندا ئەو بۆشاییە ناوی کەتوار(ڕەئاڵ)ـە. کەتوار وەک پانتایی بابەتی نەناسراو و بێناو و لێڵ، سەرچاوەی ترس بۆ نیزامە و وەک پاڵنەرێکی نەفیی یا نەسەلمی (انکار)، هۆکاری دەرکەوتنی جیاوازیی ڕادیکاڵ و سەرچاوەی هەرەس هێنانە. کەتوارێکی وەک شۆڕش بریتیە لە شکاندن و نەفیی هێما کۆنەکان و شوێنی ڕووخانی ڕێکخراوە پێکهاتەییەکانی هەنووکەیی.

ئامانجی سەرەکیی ئەو بابەتە، هاوکات لەگەڵ شەرحی چەمکگەلی گرینگی لاکانی، لێکدانەوەی شێوازێک لە تیفکرینی لاکانە بۆ دەربازبوون لە جەبری نیزام، بەستێنێک لە ئەندێشەی ئەو کە دەرکی دۆخی مرۆڤ دەرەخسێنێ و ناوەرۆکی نیزام و تێپەڕبوون لێی سانا دەکات. کەڵک وەرگرتن لەو چەمک و ڕێسایانەی لاکان بۆ دەربازبوون لە دونیای هێماییینی نیزام پێویست و کاریگەرە. ئەو تیئۆرییە پێمان دەسەلمێنێ کە هەرەس پێ هێنان بەو هێزە داگیرکەرە گرێدراوە بە گۆڕانی بنەمایی لە دونیای هێماییندا.

بە بێ پچڕینی زنجیرگەلی دونیای هێماییینی سیستەم، گەیشتن بەو دیوی دونیای هێمایین کارێکی ئاستەمە. هەر بۆیە لاکان پێی وایە ناوەوەی دونیای هێماییینی نیزام پڕیە لە کەلێن و ئێمە دەبێ بیانقۆزینەوە و لە ڕێگەی نەفیی ڕادیکاڵەوە ئەو دیوارە نمادینە بشکێنین.

### ژێدەر:


1. Das Real
2. Moment
3. Norum
4. Event

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاسانەوە

هاوڕێ کرماشانی



لە ناوەڕۆکی دێموکراتدا ئەویدی هەمیشە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستاندایە، چوونکە لە بەرامبەر هیچ هێزێکی ناوخۆییدا خۆی پێناسە نەکردووە، داواکارییەکانی دێموکراتیک و ئینسانی بووە، تەنانەت بە عەقڵیەتێکی سۆبژێکتیڤەوە نەخشەڕێی بۆ پانتاییەکی گەورەتر لە کوردستانیش هەبووە. بۆیە دوو دالی سەرەکیی دیسکۆرسی دێموکرات مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان و دێموکراسی خوازی بووە.

حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی خاوەن پێگــە و مێژوویەکی پڕشــنگدار، ئەبێ زۆر جیــاواز چاوی لێ بکرێ. لەبەر ئەوەی هەر لــە ژێکافەوە تا کۆمار و دواتر تا شۆڕشــی ٥٧ی ئێــران و ئێستاشــی لــە گەڵ بێت، ساردوگەرمی زۆری چێشــتووە و خاوەن ئەزموونێکــی نەک تەنیا کاری و پراکتیکی بەڵکوو مەعریفی و مەعنەویشە، ئەزموونێک کە بووەتە بناخەی سەرهەڵدانی ئەو هەموو هێــز و لایەنەی کــە هەر هیــچ نەبێ لە رۆژهەڵات و باشووردا پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتەوە. چەمکە بنەماییەکانی دیسکۆرسی نەتەوەیی و مۆدێرن لــە داوێنی کۆمارەوە پەروەردەکــراوە، لە چەمکی پێشــمەرگە و ســروودی نەتەوەییەوە تا دەگاتە ئاڵای کوردســتان. ئەم هێــزە مەعریفییە بەر لە هەر شــتێک ئەبێ دەرک بکــرێ. دەرک پێ کردنــی ئەم دیاردەیە پێویســتییەکی حاشــا هەڵنەگرە لەبەر ئــەوەی ئەو هێز و پۆتانســیەلە ئەوەندە مەزنە، کە بەڕاســتی حەیفە لە ململانێی ناشیرینی حیزبایەتیدا خــەرج بکرێــت. دێموکــرات قوتابخانەی سەرهەڵدانی شۆڕشی باشوور و رۆژهەڵاتە، هەمــوو ئــەو حیزبە نەتەوەییانــەی کە لە گۆڕەپانی سیاســیدان ئــەو چەمکانەیان لا قبووڵ و پیرۆزە.

دێموکــرات ئەو حیزبەیە کە بەر لە زۆر لایەنێکی ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، داوای دەوڵەتــی دێموکراتیکی کــردووە. ئەوەش بڵێین مــەرج نیە هــەر حیزبێکی خاوەن مێژوو ئەزموون ناوی کلاســیکی لێبنرێت، دێموکــرات نەک کلاســیک نیــە، بەڵکوو زۆر ئاوانگارد و پێشــڕەوە، پێشڕەوییەکەی ئیدیۆلۆژیــک نیــە بــە ئاراســتەیەکی مارکسیســتی، پێشڕەو بوونی دێموکرات لە واقعبینی سیاســیدا بــووە، زۆر گرنگە ئەم هەموو ئایدۆلوژیە چەپ و راستییە، تەڕاتێن بکەن و تــۆ هەر خۆت بیت و پرەنســیپە ئینســانی و کوردییــەکان بە پشــتیوانیی بۆچــوون و تیۆرێکی مۆدێرنــەوە بپارێزی. کانتێکســتی ســەرهەڵدانی دێموکــرات کانتێکستێکی رەســەن و مۆدێرنە، هەر لە ســەرهەڵدانیەوە یەک ئەویدی ناســیووە، ئەویش داگیرکاری ئێرانی فارسی بووە، بۆیە لە سەر بنەماکانی بووندارێتیی مرۆڤی کورد و ژینگەی ئەو مرۆڤە کە کوردستانە سەری هەڵداوە.

هیچ حیــزب و جەریانێکی ناوخۆیی و دەرەکی نەیتوانیووە باڵ بهاوێتە ســەریا و تەنانەت ئەگەر هەوڵدانێک بووە لەوپێناوەدا، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی بووە و نەیتوانیووە ســەرکەوتوو بێت. ئەو هەوڵانــە لە لایەن حیزبی توودەی ئێرانی و پارتی دێموکراتەوە دراوە، بەڵام ســەرنەکەوتن، هۆکارەکەشی جیا لە توانــای رێبەرایەتــی، دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ناســنامەییەکانی ئــەو حیزبە، کە هەرگیز لە ژێــر کاریگەری ئیدیۆلۆژی یان لایەنێکی تایبــەت نەجووڵاوەتەوە. ئەوەی پێوەندی بە ناســنامەی دێموکراتەوە هەیە بەرادەیــەک بنەمادار و قورس و قایمە، کە هیچ دەســەڵات و ئیدیۆلۆژییــەک ناتوانێ لەخۆیدا نغرۆی بکات. رێچکە و ئەندێشەی دێموکرات لە خودموختارییەوە تا فیدراڵیسم و لــە چەپــی تونــدەوە تا سۆسیالیزمی دێموکراتیک یەک کاکڵی هەیە.

لــە ناوەڕۆکــی دێموکراتــدا ئەویدی هەمیشــە لــە دەرەوەی ســنوورەکانی کوردســتاندایە، چوونکــوو لــە بەرامبــەر هیــچ هێزێکــی ناوخۆییدا خۆی پێناســە نەکــردووە، داواکارییەکانــی دێموکراتیک و ئینســانی بووە، تەنانەت بە عەقڵیەتێکی سۆبژێکتیڤەوە نەخشــەڕێی بۆ پانتاییەکی گەورەتر لە کوردستانیش هەبووە. بۆیە دوو دالی ســەرەکیی دیسکۆرســی دێموکرات مافــە نەتەوەییەکانی گەلی کوردســتان و دێموکراسی خوازی بووە.

دێموکرات لــە قەندیلەوە تاکەمپەکانی باشـــوور دنیایەک ئەزموونی لــە جانتادایە، ئــەو ئەزموونانە دەبێ بکرێنە مەشــخەڵی ڕێی داهاتوو. ترس لە ڕەخنە لە کولتووری دێموکراتدا واتایەکی نییە بۆیە ئەگەر وەها ڕۆحێکــی دژە ڕەخنەتێیــدا پەیدابوو، بێ گومان نیشانەی ئەوەیە ئەو حیزبە بەلاڕێدا چووە.

بۆیــە لە هەمان کاتدا نابێ لە بیربکەین کــە دێموکراتیش وەک هــەر جەریانێکی سیاســیی تر بێ بەش لە هەڵە و بەداخەوە ململانێی نزمی ناوخۆیی و نسکۆ و تەنانەت لادان و دارووخــان نەبووە کە هۆکارەکانی بەشێکی ناوخۆیی بــووە و بەشێکیشــی جەبری جوغرافیــا و ژینگە و تەنانەت ژێئۆپۆلۆتیــک. نەبینینی ئەو خاڵــە لاوازانــە نــەک تەنیا ئاسۆکانی ســەرکەوتن دووره دەســتتر دەکات، بەڵکــوو لــە هەمان کاتدا پشــتکردنە لەکولتووری دێموکرات.

دێموکــرات دژ بــە بوت ســازی و تــاک پەروەرییــە، دێموکــرات ئــەو حیزبە نیە کــە ســەرکردایەتییەکەی لە قەفەســی ئاڵتوونیا دانێــت و لە گیانی مناڵە هــەژاری وڵاتەکــەی بۆخۆی خەرج بکات. مێژوو شایەتمانە بەردەوام لە ئاستی ســەرکردایەتیدا قوربانیــی داوە، و وەک هێزێکی پێشکەوتوو نەک فڕی بە تیرۆرەوە نەبــووە، بەڵکوو خۆی بــەردەوام قوربانیی تیــرۆرە. دێموکرات دوورە لە دەســەڵاتی بنەماڵە و ئەمانەش هەموو خاڵی بەهێزن.

ئەمــە وەبیرهێنانەوەیەک بوو بۆ ئەوەی بزانیــن قورســایی ئــەو حیزبــە چەند و چۆنە، وە بەگشــتی مەبەســتم کولتوور و مێتافیزیکی حیزبــی دێموکراتە، لەهەمان کاتیشدا فیزیکەکەی لێمانەوە شاراوە نیە.

خوێندنــەوەی واقیــع بینانــەی ئــەو مێتافیزیکــە لە لایەن فیزیکــی حیزبەوە، ڕەنگــە زۆرێک لــە کێشــە و گرفتەکانی دێموکرات چارەســەر بــکات و لە هەمان کاتیشــدا بە ئاوایەکــی دێموکراتیک، و بە هاوکاریــی حیزبەکانی تــری ڕۆژهەڵات، ببێتــە بنەمایەکی پتەو بۆ دروســت بوونی بەرەیەکی کوردســتانیی ڕۆژهەڵات تەوەر. نابــێ لەبیرمان بچێ نیشــتەجێ بوون لە کەمپەکانی خاکی باشــووری کوردســتان و هاوکات دەســکورتی و بێ دەســەڵاتیی دەسەڵاتی باشــوور لە ئاست ئێراندا کێشــە و گرفتی زۆری دروست کرد، نابێ حیزبەکانی ڕۆژهــەڵات ئێــزن بــدەن کولتووری حیزبایەتی باشــوور لێــرەش دووپات بێتەوە، ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ بنەما سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهــەڵات. مەبەســتم بەرز نرخاندنی ڕۆژهەڵات لە ئاست باشووردا نیە، بەڵکوو مەبەستم ئــەو تایبەتمەندییانەیە کە بە هۆی سنوورە دەسکردەکان و دەسەڵاتە زاڵە داگیرکەرەکانی سەر کوردستانەوە بەدی هاتوون. ڕۆژهەڵات گۆڕانی بە خۆوە دیوە و وەک جاران نەماوە، ڕۆژهەڵات شتی گەورەتری ئەوێت، ڕاسانی ئەوێت، ئەم ڕاســانەش، ئەبێ ڕاســانەوەی هەمــوو هێز و جومگە و ڕەهەند ڕۆژهەڵات بێت، بەرامبەربە دەســەڵات و کولتوورێک کە قایل بە دێموکراســی و ژیانی هاوبەش نیە.

ئەو کولتوورە ئێرانێک پێناسە ئەکات کە ئێمەی کورد یا بوونمان نیە، یان ئەگەریش بوونێکی لاوازمان هەیــە، لە پەراوێزی ئەو پێناسەدایە. ڕاسان، ڕاسانەوەی سۆبژێکتیڤی

> ❞ راسان فۆرموولی دەرچوون لە قەیرانی ناسامەی تیایە بۆ تاکی کورد. ڕاسان شکاندنی ئەو هێڵەیە کە سنوورێکی لە نیوان کوردی سوننی و شیعەدا دروست کردووە، ڕاسان شۆڕشی زانیاری و گەڕانەوەیە بۆ بەهاکانی شوناسی کوردی ❝



کوردە دژ بە چەمکە دەستکرد و سەپاوەکان. راسان بە هێزی مێشک ئەچێتە ژێری ئەو چەمکانەوە و هەڵیانئەتەکێنێ و دوایی یان پێناسەیەکی هاوبەش و دیموکراتیک جێی دەگرێتەوە، یان ئەم ولاتە هەڵدەوەشێتەوە. هەڵوەشانەوە بۆ ئەوان کۆسپە، بەڵام بۆ ئێمە خۆ کوسپ نیە، ستراتژییەکی ناچارییە لە پێوەندی لەگەڵ شەریکێکدا کە کولتووری شەریکایەتی فام ناکات. هیچ شەریکایەتییەکیش ئەزەلی و ئەبەدی نیە. کورد سەلماندوویەتی لە پانتاییی جوغرافیای ئێراندا ئەگەر چی پێشرەو،بەڵام نەتەوەیەکی بیرکراوە. هەر لە شۆڕشی □۵دا ئێمەی کورد بە هەموو جەریان و حیزبەکانمانەوە ئەمانزانی چیمان ئەوێت، بەڵام ئەوانیتر نەیانئەزانی. ئێستاکەش هەمان دووپاتی دۆخی ۵۷، ئێستەش مرۆڤی ئێرانی فارسی گیرۆدەیە لە نێوان شوناسێکی ئێرانی فارس، ئێرانی شیعی و ئێرانی کەونارایدا. هێشتا لێی روون نیە ئێران چیە و ئەوانەی ئێرانین چ تایبەتمەندییەکی ناسنامەییان هەیە. ئێران چەمکێکی دەرهەستە کە پانتاییی ئیمپراتووریەکی کۆنی هەیە. بەڵام لە وشیاری و بەرهەستیدا تاکی ئێرانی فارسی شیعی، رقی لە عەرەب و تورک و فارس و بەلووچ و کوردە. راسان گەڕانەوەیە بۆ خاڵە جیاوازەکانی ئێمە لە گەڵ ئەویدیدا.

دیسکۆرسی راسان ئەبێ فرە رەهەند بێت، بیر و هزر و تیۆر و رەخنە و کاری پراکتیکی و تەنانەت ئەدەب و رۆژنامەش بگرێتەوە، نابێ بە خوێندنەوەیەکی کلاسیک و بە نۆستالژییەکی دەیەی شەستییەوە رووبەرووی بینەوە. راسان پشت ئەستوورە بە شاخ و شار. شاخ و شار هەردوویان پێکەوە تەواوکەری دیسکورسی راسانن. حیزبی دیموکرات ئەبێ بە دڵفراوانی و بە ئاوایەکی تەواو دیموکراتیکەوە باوەش بۆ هەر جووڵەیەکی نەتەوەیی بکاتەوە. دەبێ راسان پێکهاتەیەک بێت بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە دەرەوەی ماڵە بچووکە حیزبییەکاندا، جارێکی تر لە گەورەماڵی نەتەوەدا خۆی ببینێتەوە. راسان فۆرموولی دەرچوون لە قەیرانی ناسامەی تیایە بۆ تاکی کورد. راسان شکاندنی ئەو هێڵەیە کە سنوورێکی لە نێوان کوردی سوننی و شیعەدا دروست کردووە، راسان شۆڕشی زانیاری و گەڕانەوەیە بۆ بەهاکانی شوناسی کوردی، پێناسەیەکی دووبارەیە بۆ خەباتی رزگاریخوازیی رۆژهەڵات.

# ڕۆڵی ڕاسان بۆ پێشگیری کردن لە بە لاڕێدا بردنی گوتاری کوردایەتی

ئەلبورز ڕوویین‌تەن



ئاماژە

گوتاری کوردایەتی کە خۆی لە خەبات بۆ ماف و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ئاستی جیاوازدا دەبینێتەوە، بەردەوام لە لایەن ڕێژیم کەوتووەتە بەر هێرش و دژایەتی و چەواشەکاری. دوژمن بە شەڕی نەرم هەوڵ دەدات ئەو گوتارە بسڕێتەوە و گوتاری فریودەرانەی خۆی لە جێگەی دابنێت

## له بری پێشەکی

ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر بە دژی بزوتنەوەی حەقخوازانە و ڕەوای نەتەوەی کورد دەوەستنەوە. ئەوان لە شەڕی بزاڤە ڕەواکەماندا وێڕای شەڕی سەخت، شەڕێکی بەربڵاوی نەرمیش دەکاردەکەن. تەنانەت دەتوانم بڵێم وزە و تێچووی زیاتر لە شەڕی سەخت، بۆ شەڕی نەرم تەرخان دەکەن. ڕێژیمی ئێران بە درێژایی مێژووی، لەم جۆرە شەڕەدا، لە داگیرکەرانی دیکە شارەزاتر بووە و بەشێوازی جیاواز ئەو شەڕە بەڕێوە دەبات. یەکێک لە شێوازەکانی ئەو شەڕە بە لاڕێدا بردنی گوتاری کوردایەتییە؛ واتە هەوڵ دەدات کە کوردایەتی وەک بابەتێک یا پرسێکی سادە و نێوخۆیی، کە چارەسەرییەکەی زۆر بە ئاسانی بە دەزگاکانی ڕێژیم دەکرێت نیشان بدات. بەو شێوەیە بەشێکی هێز و وزەی کورد بۆ کوردایەتی کۆنتڕۆڵ دەکات. بۆ ڕوونتر بوونی ئەو بابەتە ئاماژە بە نموونەیەک واتە سیناریۆی هەڵبژاردن لە کوردستان دەکەم. ڕێژیم دیهەوێ بە شەقامی کوردی بڵێت هەڵبژاردنی نوێنەرێکی کورد لە بە ناو مەجلیسی ئێران و گوتنی چەند وشەیەکی جوان لە پشت تریبوونی مەجلیس، کوردایەتیە و تەنانەت چارەسەری پرسەکانی کورد لەو ڕێگەیەوە مومکینە. یا لەوپەڕی دڵ کراوەییدا پرسی کورد بە پرسێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانە هەژمار دەکا و دەیهەوێ بەم شێوەیە بە شەقامی کوردی بڵێت کە ئەوە ئەو نوێنەرەیە کە پرسی کوردایەتیی ئەو چارەسەر دەکات، نەک هێزە شۆڕشگێڕەکان و ناوەندی شۆڕش، کە ناتوان خەباتی خۆیان بە جەماوەری بکەن.

ئەو بە لاڕێدا بردنە بە یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دژایەتی کردنی شۆڕشگێڕان و لاواز کردن و پچڕاندنی پەیوەندییان بە خەڵک هەژمار دەکرێت.

بەڵام ئەوەی بۆ هەمووان ڕوونە ئەوەیە بە هەموو بەڵگەکانی بەردەست و ڕاستیەکانی سیاسەت و کوردستان و کورد کە پرسی کورد نەک بەو شێوەیە چارەسەر نابێت و نەبووە بەڵکو لە هەمان کاتدا داگیرکردن و تاڵان کردن و وێران کردنی کوردستان و سەرکوتی کوردان بە شێوەیەکی سیستماتیک بەردەوامە و پەرەی پێ دەدرێت. هەر بۆیە شۆڕشگێڕان بە بەردەوامیی خەبات وتێکۆشانیان، وێڕای نوێگەرایی و بەردەوامی، دەبێ بە باشی بەرەنگاری ئەو شەڕە نەرمە ببنەوە. لەم وتارەدا ڕۆڵی ڕاسانی نوێی گەلەکەمان بە دژی داگیرکەر، کە ڕۆڵی هەبوە لە پێشگیری لە بە لاڕێدا بردنی گوتاری کوردایەتی، کە ڕێژیم سیستماتیک کاری بۆ دەکات، شی دەکەینەوە.

## گوتاری کوردایەتی

پێناسە و شرۆڤەی زانستیی گوتاری کوردایەتی ئەستەمە چونکە پێناسەی جیاواز لە لایەنی جیاوازەوە کراوە یا لەوانەیە سەرچاوەیەکی وا لە بەردەست نەبێت بەڵام دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی خەباتی کورد بۆ بە دەست هێنانی ماف و ئازادییەکانی بە کوردایەتی وەسف دەکرێت. کامیل ژیر یەکێک لە دامەزرێنەرانی «کاژیک» بە شێوەی خوارەوە باس لە گوتاری کوردایەتی دەکات:

«کوردایەتی هەست و سۆز و بیروباوەڕ و خەباتی بزوتنەوەی کوردە لە پێناو بەرگری کردن لە کوردستان و لە بوونی نەتەوایەتیی کورد و ڕزگار بوون و یەکپارچەیی کوردستان و سەربەخۆیی وئازادی و بەختیاریی نەتەوەی کورد و ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ کۆمەڵگای کوردەواری و بۆ بینینی دەوری مێژوویی خەڵکی کوردستان لە شارستانێتی و لە کاروانی گەلاندا بە مەبەستی چەسپاندنی مافی مرۆڤ و سەرەوەریی یاسا و گەشە پێدانی کۆمەڵگای کوردەواری و چەسپاندنی بنەماکانی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا.»[١]

بێ گومان بە لەبەرچاو گرتنی جیاوازایی سیاسیی لایەنەکان یا شۆڕشەکانی کورد،

لەوانەیە گۆڕانکاری بە سەر ئەو پێناسەیەدا بێت و هەریەکێک لە چوارچێوەی جیهانبینیی خۆی بۆ پرسی کورد پێناسەی کوردایەتی بکات. بەڵام ئەوەی دەکرێ بە نێوئاخنی هاوبەشی گوتاری کوردایەتیی بزانین خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ماف و داخوازە ڕەواکانیەتی. بەم پێناسەیە ئەگەر گوتاری کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەبەرچاو بگرین شۆڕشەکانی کورد و خەباتی لایەنە سیاسییەکان لە خۆ دەگرێت کە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەوە تا ئێستا کە لە چوارچێوەی ڕاسان و خەباتی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا بەردەوامە. «حیزبی دێموکرات وەک پردی نێوان شۆڕشەکانی ڕابردوو تاکوو گەیشتن بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات توانیویەتی هەست و بیری کوردایەتی بپارێزێت.»[٢]

لە سەردەمی ئێستادا ڕاسان وەک گوتاری کوردایەتی دەزانین چونکە «حیزبی دێموکرات دوای خوێندنەوەی دووبارەی خۆرهەڵاتی نوێ و ڕاوێژ و لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٩٤، بەو ئاکامە گەیشت کە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لەو پەراوێز بوون و ئەو ئاسیمیلاسیۆنە پڕ مەترسیەی کە لە سەریەتی ڕزگاری بێ و کورد لە پەراوێزەوە بگەڕێتەوە بۆ چەقی خەبات، پێویستی بە ڕێکخەر و پشتیوان هەیە. ئەو ڕێکخەرو پشتیوانەش خەباتی پێشمەرگە و ئامادەبوونیەتی لە کۆڕێ گەرمی نیشتمان و خەڵکە تامەزرۆیەکەی. خەباتێکی نوێ کە دوایە لە لایەن خەڵکەوە بە ناونیشانی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»ناوزەد کرا.»[٣]

لەو دێڕانەی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناودێر کرابوو، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە پەراوێز کەوتن و ئاسیمیلە کردنی خۆرهەڵات وەک مەترسییەکی گەورە دەزانرێت. بە دەستپێکی ڕاسان، شەقامی کوردی خاوەن ئادرەسێکی بە هێز و سەردەمیانەیە بۆ شۆڕش و کوردایەتی. ئەو ئادرەسەش کاریگەریی دەبێت بۆئەوەی شەقامی کورد پەنا بۆ تراویلکەی چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەبەن.

## شەڕی نەرمی ڕێژیم و بەلارێدابردنی گوتاری کوردایەتی وەک نموونەیەک

دوای تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئاوارە بوونی هێزی شۆڕش لە کوردستانی گەرمێن، دوور کەوتنەوە لە شەقامی ڕۆژهەڵات و گرفتەکانی نێوخۆیی بە پیلانە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم کە کاریگەریی لە سەر لاواز بوونی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات هەبوو، ماتۆری شەڕی نەرمی ڕێژیم لە چەند ڕەهەندەوە ئاراستە کران.

یەکەم: بۆ ئەوەی پێگەی جەماوەریی شۆڕش نەهێڵن لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بە بەکارهێنانی سەدان پێگەی ڕاگەیاندن، بۆ چەواشە کردن و ناشیرین نیشاندانی ناوەندەکانی شۆڕش، کەسایەتیە سیاسییەکان و ڕێبەرانی شەهید و مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و هەروەها حیزبە سیاسییەکان، هەوڵیان دا بەر بە پەیوەست بوونی خەڵک بە شۆڕش بگرن. بۆ ئەو مەبەستە، وێڕای کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی سەر بە خۆیان لە خزاندنی کەسانی جۆراوجۆر لە نێو ڕاگەیاندنەکانی دیکە و هەروەها دروست کردنی پێگە و سەرچاوەی نادیا ڕکەڵکیان وەرگرتووە.

لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە بە ناوی مێژوو نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە زۆر بوختان و درۆیان بۆ ڕێبەرانی خاوەن پێگەی بزووتنەوەی کورد و لایەنە کاریگەرەکانی بزاڤی ڕەوای گەلەکەمان هەڵبەست. ئامانجیان لەو

چەواشــەکاریە دارماندنی پێگەی جەماوەریی شۆڕش و کوردایەتی لە ناخی کورددا بوو هەتا بتوانن ئاسـانتر ئەوەی خۆیان دەیانهەویست جێگیری بکەن.

دووهــەم: دوای پەرەگرتنــی ڕەوتــی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران، ئەو ڕەوتە گرینگییەکی تایبەتی بە کوردستان دا، چونکە کوردستان پوتانســیەلێکی زۆری بە نیسبەتی دژایەتیی سیاسەتی دەسەلاتی حاکم هەبوو. بەو شێوەیە وێڕای کەڵک وەرگرتن لەو پوتانسیەلە بۆ دەنگ وەرگرتن، بە بانگەشەی گۆڕینی ڕوانگەیان بۆ کوردستان، خۆیان وەک ئادرەسی چارەسەریی پرســە جیاوازەکانی کوردەکان نیشان دا. ئەو بانگەشانە تەنانەت خوێندن بە زمانی دایکیشی لە خۆ دەگرت کە هیچ کات جێبەجێیان نەکرد. ئەوەی بەرچاو بوو لەو ڕەهەندە لە کاراکتێری کوردی کەڵکیان وەردەگرت و بە گەرم کردنی کێبەرکێی نێوان کوردەکان، هەروەها کورد و ئازەری، وایان نیشــان دەدا ئێتر کورد ئەگەر گرفتێکیشــی هەبێ، لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی چارەسەری بۆ دەدرێت. لاواز بوونی شۆڕش لە ڕۆژهەلاتدا و دورکەوتنەوەی پێشــمەرگە لە خەڵک دەیتوانــی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بانگەشــەی نەمانی حیزب و لایەنی بزاڤــی کوردایەتی زۆر ئاســانتر بــکات. بەو شێوەیە کاراکتەری ڕیفۆرمخواز بە بانگەشەی جۆراوجۆر و لەبەرکردنی جلی کوردی و بابەتی لەو شێوازە، خۆی وەک بەرگریکەری مافەکانی کورد نیشان دەدا.

ســێهەم: لایەنێکی دیکەی شەڕی نەرمی کۆماری ئیســلامی بۆ بەلارێدا بردنی گوتاری کوردایەتی، ئازاد بوونی دەربڕینی پشــتگیری لــە خەباتی کوردانــی پارچەکانی دیکەیە. لە کاتێکــدا بە هیچ شــێوەیەک ناتوانن باس لە پرســی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتــدا بکەن، بە دەیان جــار دیتوومانــە نوێنەرانی کوردی بە ناو مەجلیســی ئێران، بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ یا دژایەتیی سیاســەتەکانی سەرۆک کۆماری تورکیە بە نیســبەت کــوردەکان لە تریبوونی مەجلیســی ئێراندا وتــار دەدەن. بەلام ئەگەر کوردێکــی ڕۆژهــەلات بــە دوور و نزیــک پەیوەندیدار بــە خەباتی نەتەوایەتی لە لایەن ڕێژیمــەوە دەستبەســەر بکرێ، بــە تۆمەتی «محاربــە با خدا» واتە شــەڕ لە گەڵ خودا لە ســێدارەی دەدەن. کۆماری ئیســلامی بەو شێوەیە سۆزی شــەقامی کوردی بە نیسبەت پارچەکانی دیکە بۆ پشــتیوانی لە کەسانێک کە ســەر بە کۆماری ئیســلامین یــا لە ژێر کۆنترۆڵــی ئەواندان بە کار دێنن، بە واتایەکی دیکە کەســانی ژێر کۆنترۆڵــی خۆیان وەک نیشــتمانپەروەر بە شــەقامی کوردی نیشان دەدەن. ئەگەر هێزی شــۆڕش لــە گۆڕەپانی خەباتدا نەبێت، ئەو بە لارێدا بردنە زۆر ئاسانتر دەبێــت. بە تایبەتی بۆ جیلــی نوێ و لاوان، بە پێچەوانەوە ڕاسان دەتوانێ ببێ بە ناوەندی ڕاکێشانی هێزی لاوان بۆ خەبات لە پێناو ماف و ئامانجە ڕەواکاندا.

ئــەو ڕەهەندانە و دەیان ڕەهەندی دیکەی شەڕی نەرمی ڕێژیم بۆ بە لارێدا بردنی گوتاری کوردایەتــی لە ڕۆژهەلات بــە کار دەهێنران، چونکە ئــەو چالاکیانەی کــە دەکەوتنە ئەو چوارچێوانە لە لایەن ئەوانەوەوە بە کوردایەتی دەناســران. تەنانەت دەتوانیــن بلێین بەر لە ڕاسانی نوێی گەلەکامان، کاریگەریان لە سەر دۆخی ڕۆژهەلات دانابوو. ئەوەش واتە بە لارێدا بردنی هەست و ســۆزی کورد بۆ کوردایەتی بە جۆرێــک کە لە کۆنترۆڵــی ڕێژیمدا بێت. هــەر وەک لــە ڕاپۆرتی سیاســیی کۆنگرەی شازدەدا ئاماژەی پێ کراوە دۆخی ڕۆژهەلاتی بەرەو ئاراســتەیەکی مەترسیدار دەبرد، بەلام بە وەگەڕ کەوتنەوەی شــۆڕش کە بە ڕاســان ناسێنرا ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێشگیری لە بە لارێدا چوونی گوتاری کوردایەتی هەبوو.

## ڕۆڵی ڕاســان بۆ پێشگیری کردن لە بە لارێدا بردنی گوتاری کوردایەتی

له کاتێکی وەهادا کە تەونی فریو و سەرکوتی ڕێژیم ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەنیبوو، تەنانەت بەشێک لە هێز و وزەی کوردی بە لاڕێدا بردبوو، وەرزێکی نوێی چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ هەتاویدا ڕاگەیەنرا کە دواتر بە ڕاسان ناسێندرا. ڕاسان بە شێوازی جیا توانی پیلانی چەندین ساڵەی دوژمن بۆ بەلاڕێدا بردنی گوتاری کوردایەتی وەک شەڕی نەرم پوچەڵ بکاتەوە و بەرەنگاری دۆخی پەراوێز بوونی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات ببێتەوە.

یەکەم: بە چالاک بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات توانی مژدەی دەستپێکردنی قۆناغێکی دیکەی خەبات و لە هەمان کاتیشدا پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم بدات. چونکە چالاکیی پێشمەرگە لە نێوخۆدا درۆی چەندین و چەند ساڵەی دوژمنی بۆ نەمانی هێزی شۆڕش و خەباتی کردە بڵقی سەر ئاو. ڕێژیم بناغەی بە لاڕێدابردنی گوتاری کوردایەتیی لە سەر نەمانی شۆڕش دامەزراندبوو. چالاکیی پێشمەرگە ئەو بنەمایەی ڕووخاند کە دەبێتە سەرەتای ڕووخانی پیلانەکانی دیکەی دوژمن. هەروەها بە هەبوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات، ئەو پیلانەی دوژمنیشی بۆ دوور ڕاگرتنی هێزی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات پوچەڵ کردەوە. دوای ساڵانێکی زۆر لە نێوخۆی وڵات پێشمەرگە و گەل یەکتریان لە ئامێز گرت. بەو شێوەیە ئەو بەشەی چەواشەکاریی ڕێژیم کە دەیگوت شۆڕش نەماوە و تەنیا هێزەکانی ژێردەستی ئەون باس لە خزمەت بە کورد دەکەن، مایەپووچ دەرچوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەوەش ڕانەوەستا بەڵکوو وەک یەکەمین هێزی ڕۆژهەڵات، دوای ساڵانێکی زۆر بە گواستنەوەی بارەگای پێشمەرگە بۆ شاخەکانی ڕۆژهەڵات وێڕای نیشاندانی جیدییەتی خۆی لە وەرزی نوێی خەباتدا، هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانی. لە بیرمان نەچێ ئەو بەشە لە ڕاسان کە گرینگییەکی زۆری هەیە بە نرخێکی گران بە خوێنی دەیان شەهیدی نوێ و قارەمانێتیی پێشمەرگە مومکین بوو. ئیتر شەقامی کوردی بە بیستینی وەگەڕ کەوتنەوەی شۆڕش و چالاکیی باسکی بەهێزی شۆڕش، هیوای ڕزگاربیان لا دروست بوو. ئەوەش دوورکەوتنەوەی زیاتری شەقامی کوردی لەو کەسانە بوو کە بە پیلانی دوژمن خۆیان بە چالاکی گوتاری کوردایەتی دەناساند.

دووهەم: ساڵانێکی زۆر شۆڕش ئەو ڕەخنەیەی لەسەر بوو کە نەیتوانیوە لە نێو شارەکاندا پەل بهاوێژێت. تەنانەت ڕێژیم بۆ کەم نیشاندانی شۆڕش، زیاتر وەک گرووپێکی چەکدار پێناسەی دەکرد. هەر چەند وا نەبوو بەڵام پەل نەهاویشتنی زیاتری شۆڕش بۆ نێو شار ئەو ڕەخنەیەی زەق دەکردەوە. لە ڕاساندا نەک هەوڵ درا بۆ زیاتر پەل هاویشتنی شۆڕش بۆ نێو شار بەڵکو شاری کردە چەقی خەبات و تێکۆشان و هێزی پێشمەرگەی وەک پشتیوانی ئەو خەباتە پێناسە کرد. نیوەڕۆکی ڕاسان کە خۆی لە لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخدا دەبینێتەوە، توانی کاریگەری لەسەر بەدەنگەوە هاتنی شار بۆ داخوازییەکانی دابنێت. لە بۆنەی جیاوازی شاد و خەمباری کۆمەڵگادا ڕۆژهەڵات یەکپارچە بە هانای یەکترەوە چوون. تەنانەت بە هانای پارچەکانی دیکەشەوە چوون. لەو بارودۆخەدا ئیتر دوژمن ناتوانێ حیزب و شۆڕش بە گرووپێکی چەکدار بشوبهێنێ و بە خەڵک بڵێت ئەوە شورای شارە بە دەنگ داخوازییەکانی ئێوەوە دێت. بەڵکوو ئێستا شۆڕش لە شەقامە و پێشمەرگەش پشتیوانە، ئیتر هەندێک کاراکتەری بەرژەوەندیخواز ناتوانن بە بەرگری لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ شاردنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵات خۆیان بە نوێنەری کوردایەتی بزانن، چونکە

خەڵک دەپرسێت هەمان مافخوازی و خەبات و شەهید لە ڕۆژهەڵاتیش هەیە ئەی بۆ باسی ناکەن. واتە هەبوونی ئادرەسی شۆڕش لە شەقامەکان پێشگیرییەکی جیددی لە بە لاڕێدا بردنی گوتاری کوردایەتی و هێز و وزەی کورد دەبێت کە لە داهاتوودا کاریگەرییەکانی ئەو بابەتە زیاتر دەبیندرێت.

سێهەم: ئامانجێکی دیکەی ڕاسان و بەڕێوەبەرەکانی ڕاسان هەوڵدان بوو بۆ یەکڕیزیی زیاتر لە ئاستی ڕۆژهەڵاتدا. سەرەڕای دەستپێکردن و قوربانیدانێکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاساندا، هەروەها ڕەخنە گرتنی ئەو جووڵەیە لە لایەن هێزەکانی دیکەوە، حیزبی دێموکراتی بەرەوە تاکڕەوی نەچوو؛ بەڵکوو وێڕای وەڵام دانەوەی دڵفراوانانەی ڕەخنەکان، کاری زۆرتری بۆ یەکڕیزی کرد. تەنانەت لە دامەزراندنی ناوەندی هاوکاریی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا ڕۆڵێکی کارامەی هەبوو. ئێستاش لە بۆنەی جیاوازدا ڕادەگەیەنێ کە بەهێز کردنی ناوەند بە یەکێک لە سیاسەتەکانی خۆمان دەزانین و لەو بوارەدا هەوڵێکی زۆریش دەدەین.

ئەم بابەتە بەهێز کردنی گوتاری کوردایەتی نیشان دەدات؛ چونکە یەکێک لە بوارەکانی شەڕی نەرمی ڕێژیم زەق کردنەوەی ناکۆکییەکانە لە نێو ڕیزەکانی کورددا، بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێت کورد یەکگرتوو نییە و قەت سەرکەوتوو نابێت. ئەوەش دابەزینی ورەی پشتیوانی لە گوتاری کوردایەتی بە دوادا دێت، بە لام هەوڵەکانی بەڕێوەبەرانی ڕاسان لەم بوارەدا توانیویەتی تا ڕادەیەک بەسەر ئەو کۆسپەشدا زاڵ بێت. شایانی باسە بێگومان ئاستی یەکگرتوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لەوانەیە لە ئاستی چاوەڕوانیی زۆر کەسدا نەبێت. بەڵام بەو مانایە نییە کە هەنگاوەکانی دروست بوونی یەکڕیزی لە لایەن حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکە نەبینین. بەڵکوو ئەو هەنگاوانە زۆر پیرۆزن بە تایبەتی کە دیالۆگی بەردەوام و پەیوەندیی دۆستانە هەیە، بەڵام دەبێ لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەو دیالۆگ و پەیوەندییە دۆستانەیە بکەینە هەوێنی هەنگاو و میکانیزمی کردەوەی جیدی بەو ئاراستەیەدا.

## کۆبەند

گوتاری کوردایەتی کە خۆی لە خەبات بۆ ماف و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ئاستی جیاوازدا دەبینێتەوە، بەردەوام لە لایەن ڕێژیم کەوتووەتە بەر هێرش و دژایەتی و چەواشەکاری. دوژمن بە شەڕی نەرم هەوڵ دەدات ئەو گوتارە بسڕێتەوە و گوتاری فریودەرانەی خۆی لە جێگەی دابنێت، هەتا بتوانێ هێز و پوتانسیەلی شەقامی کوردی بۆ پشتیوانیی کوردایەتی بەرە و ئاراستەیەک کە خۆی کۆنترۆڵی دەکات بە لاڕێدا ببات. لە ئەگەری لاوازیی شۆڕش و خەباتکارانی ڕاستەقینەی گوتاری کوردایەتی، ڕێژیم دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە هەوڵەکانی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام بە ڕاسانی نوێی گەلەکەمان وێڕای ئەو نوێگەراییەی کە لە نێوەرۆکی خۆیدا هەیە و بە قارەمانێتیی پێشمەرگە و سەرهەڵدانی شار توانیویەتی لاوازیی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتدا نەهێڵێت. ڕووداوەکانی ساڵەکانی دوای دەست پێکردنی ڕاسان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ڕۆڵی کارامەی ڕاسان بۆ پێشگیری لە بە لاڕێدابردنی گوتاری کوردایەتی، چونکە بەهەبوونی ڕاسان ئێستا شەقامی کوردی خاوەن ئادرەسێکی گرینگە بۆ شۆڕش و بەرخودان و کوردایەتی.

## ژێدەرەکان

١. کوردایەتی و سەربەخۆیی کامیل ژیر
٢. هێزی شوێندانەر لە ڕۆژهەڵاتدا )ڕاسان( ئەلبورز ڕۆئین تەن
٣. ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شانزدە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

# "ڕوانگە"

# ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (١)

## ئاوڕدانەوەیەکی تیۆری لە خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات

**پێشکەشە بە یاد و بیرەوەریی شەهیدی هەمیشە زیندوو «کاوە جەوانمەرد»**

**سمایل شەریفی**



**ڕوونکردنەوە**

بەشی یەکەمی ئەم بابەتە لە دوای دەستپێکی ڕاسان؛
بە فایلی پی دی ئێف بڵاو کراوەتەوە. لە سەر داوای دەستەی نووسەرانی
گۆڤاری تیشک، لە ژمارەکانی داهاتوودا بەشەکانی دیکەش ئامادە و لە گۆڤاری
تیشک بڵاو دەبێتەوە

١. هـەر جوولەیەکـی بەربـڵاوی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئەوەنـدەی خـۆی لەدوای بارسـتایەک لـە باس‌وخـواس و تیـۆری و تێرامانـەوە دێ، هـەر بـەم شـێوەیەش شـەپۆلێک شـیکاری و شـرۆڤە و پرس و تێڕوانینـی جۆراوجۆریـش بـەدوای خۆیدا دەهێنێ. بەم شـێوەیە هەموو بزاڤە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکان ـ بەگوێرەی بەرتەسـک بوون یان بەربڵاو بوونیانەوەـ بە خەرمانەیەکی تەنک یان تۆخـی تیۆرییەوە دەورە دەدرێن و دواجـار ئەو خەرمانە تیۆرییە کار لەسـەر خودی بزاڤەکەش دەکات و ئەوەندەی شوێنی لێ وەردەگرێ شوێنیشـی لەسـەر دادەنێ. بزاڤـەکان ئەوەنـدەی وە دوای تیۆرییەکان دەکەون، هەر هێندەش تیۆرییەکان وە دووی خۆیان دەدەن.

دیـارە ڕاسـانە نوێیەکەی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتیـش وەکوو جوولەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی لـەم ڕێسـایە هەڵناوێردرێ. هاتنەوەی ڕێکوپێکتر و بەرنامەبۆدارێژراوتر و ڕاگەیەندراوتری پێشـمەرگە بۆ ناو خەڵک و شـڵەژان و دژکـردەوەی هیسـتێریکی حاکمییەتـی کۆماری ئیسـلامی لە لایەک و خوێندنـەوەی سـەرەپێیی و هەندێک جار ساویلکانەی بەشێک لە لایەنە خۆماڵییەکان، جا چ بە ناکۆکی دەربڕین لەبەرانبەر ئەم پرسە بێ یان بە داکۆکی کردن لەم جوولەیە بووبێ، زۆر باس‌وخواس و پرس و ترسـی ورووژاند و زەمینەی بۆ هەڵگیرسـاندنی باسێکی قووڵتر و گەشـەکردووتر خۆش کرد. ئێسـتا دوای نیشتنەوەی کەف و کوڵی سەرەتایی، کاتی ئەوە هاتووە جێگای «هەسـت» بە «هزر» و جێگای «سۆز» بە «سەرنج»، پڕ بکەینەوە و هەنگاوەکانی ڕابردوومـان و بەرنامەکانـی داهاتوومـان وردتر شـەن‌وکەو بکەین و هەندێک پرسیار بەرەورووی خۆمان و خەنیمەکانیشمان بکەین و هەوڵ بدەیـن هەگبەیەک وڵامی پوخت و پـەرداخ، وەک بـەری داری ئەم پرسـیارانە بڕنین و دواجار ئەم میوە بەتام‌وبۆیانە لەسـەر سفرەی خۆش‌ڕاخراوی گوتاری خەباتگێڕانەی نەتەوەییمـان دابنێین و هەم گۆشـەیەکی سفرەی گوتارەکەمانی پێ بڕازێنینەوە و هەم لەبـاری فیکرییەوە لێی بخۆیـن و پێی پاراو بین.

یەکەمین هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە بریتییە لە ڕوخسـاربەندییەکی دروست و وەسفێکی ڕاسـت لـە جوولەکە. ئەم جوولەیـەی وا لە ئەدەبیاتی سیاسـیی کوردسـتان بە ڕاسان نێوی دەرکرد چ جوولەیەکە؟ چۆن دەسـتی پێ‌کردووە و قەرارە چۆن درێژەی پێ بدرێ؟ ئەو ماکەیەی قورسـایی ئـەم جوولەیە پێک دەهێنێ و دەبێ بە شێوەیەکی تیۆری قسەی لەسەر بکرێ کام ماکەیە؟ شەڕی چەکدارییە؟ ئامادە بوونی هێزە سیاسـییەکانی کورد لەناو خەڵکە؟ ڕەت‌کردنەوەی ئەو دابڕانەیە وا بەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات داسەپاوە؟ بردنە سەری ورەی خەڵک لەبەرانبەر سیاسەتی ترس وەبەرنان و تۆقاندنی ڕێژیمە؟ نیشـاندانی ڕووخەک بوون و لەرزۆک بوونی ئەو دۆخەیە وا ڕێژیم بە دۆخێکی سەقامگیر و ئەمن ناوی دێنێ و وەک دۆخی دوورگەیەکی ئارام لەناو دەریایەکی نائارامدا وەسـفی دەکا؟ یان ماکەیەکی تری جودا لەم ماکانەیە؟

هـەر لەبنەڕەتدا ڕوخسـاربەندی هەڵەی باسـەکە، تووشـی وڵامی هەڵەشـمان دەکا و دواجـار ئـەوەی وەک ئەنجامی ئەم دۆخە بۆمـان دەمێنێتەوە، سەرلێ‌شـێواوییەکە کە هەم لە بەسـتێنی تیۆری و هـەم لە بواری کردەوە، بـاوی هەنگاومان پێ شـل دەکا و تووشـی دڕدۆنگیمان دەکا و وامان لێ دەکا تەمی ڕاڕایی نەهێڵێ ڕێگای بەرپێمان و دوورە دیمەنی بەرچاومـان بە ڕوونی ببینین و هەر بۆیـە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕەوت و ڕۆیینی شۆڕشگێڕانەماندا بەلادا بێین و ڕەت ببەین و سەرەنگری بین.

لەم ماوەیەدا هەندێک لایەنی خۆماڵی بۆیە

تووشی وڵامی هەڵە بوون، چونکە لە بنەڕەتدا ڕوخساربەندییان لە جووڵەکە هەڵە بوو. جاری وایە گرفتی وڵامەکان هەر لەناو خودی پرسیارەکاندایە. ناکرێ ئێمە وەسفی دۆخەکە و ڕوخساربەندیی جووڵەکە لە نەیارەکان وەربگرین و هەوڵ بدەین پاساوێکی خۆماڵی بۆ ئەم وەسف و ڕوخساربەندییە بهێنینەوە. ئەمە ڕاست وەک ئەوەیە بانگهێشتنی کەسێک بۆ ژەمەنانێک قەبووڵ بکەین بەڵام وا بڕیار بدەین چێشتی خۆمان ببەین لەسەر سفرەی خانەخوێکە بخۆین. هەر لە بنەڕەتدا قەبووڵ کردنی بانگهێشتنی کەسێک بەمانای ئەوەیە لەسەر سفرەی کابراش دانیشین و لە چێشتەکەشی بخۆین. کەوابوو لێرەدا یەکەم هەنگاو بۆ قەبووڵ کردن یان ڕەتکردنەوەی بانگهێشتنی کەسێک، ناسینی خانەخوێکەیە.

## شەڕی چەکداری، ئەوەی دەڵێ بەڵێ، ئەوەی دەڵێ نا

لە ڕوانگەی تاقمێک لە شرۆڤەکارەکانەوە پرسی ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات و بەجێ هێشتنی کەمپەکانی باشوور، لەڕاستیدا هاوسەنگە لەگەڵ پرسی ڕەوا بوون یان ناڕەوا بوونی شەڕی چەکداری. بەبۆچوونی ئەم تاقمە ئەگەر شەڕی چەکداری ڕەوا بێ، ئەوا ڕاسانی نوێش ڕەوایە و ئەگەر بەرەوڕوو بوونەوەی چەکداری ناڕەوا بێ، ڕاسانیش ناڕەوایە و پێشمەرگە دەبێ بگەڕێتەوە ناو مقەڕەکانی لە کوردستانی باشوور. لە ڕوانگەی ئەم تاقمەوە پێشمەرگە هاتووەتەوە شەڕی چەکداری بکا، ڕێژیمیش نایهەوێ شەڕێکی لەم چەشنە ڕووبدا، لە ئەنجامی ئەم ویستن و نەویستنەدا «توندوتیژی» ڕوو دەدا و بەشێک لە هێزە ئینسانییەکانی هەر دوو لا تێدا دەچن. بەرپرسایەتی ئەم تێکهەڵچوونانەش ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی ئەو لایەنەیە کە دەیتوانی تاراوگە زۆرەملییەکەی بە جێنەهێڵێ و نەیێتەوە بەڵام بەپێچەوانەی ئامۆژگاری خێرخوازانەی بەرپرسە حکوومییەکان ئەم تاراوگەیەی بەجێ هێشتووە و هاتووەتەوە و بووەتە مایەی ئاژاوە و شەڕ و تێکهەڵچوون!

ئەمە ڕوخساربەندی ئەم تاقمەیە لەو ڕووداوانەی لەم دواییانەدا ڕوویان دا و قەرارە لە داهاتووشدا درێژەیان پێ بدرێ. پێویست بە گوتن ناکا کە ئەم ڕوخساربەندییە داوەریی دوایی خاوەنەکەشی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە: تاوانی ئەم خەسارە ئینسانییەی لەم ناوەدا ڕووی داوە لە ئەستۆی ئەم لایەنەیە وا بژاردەی شەڕی چەکداری هەڵبژاردووە و ئەو لایەنەی وا تێکهەڵچوونی ڕەت کردووەتەوە هەر نەبێ کەمتر خەتابارە.

## پێچەوانە کردنەوەی هاوکێشەکان

ئەم شێوە شیکردنەوەی سەرەوە لەو دۆخەی وا بە ناوی «ڕاسان» ناوی دەرکرد، ڕێک وەکوو شیکردنەوەیەکە کە تاقمی گۆڕین لەبارەی ئەو هەڵبژاردنانەی لە کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچن بە دەستەوەی دەدەن. بە دەربڕینێکی تر ئەم شیکارییە زیاتر لەوەی شیکارییەکی تاک، دەربارەی ڕووداوێک و دۆخێکی تاک بێ، لە مەنتیقێکی گشتیترەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەوڵ دەدا زۆر دۆخی هاوشێوە، لە ڕوانگەی خۆیەوە شرۆڤە بکا؛ بەڵام شرۆڤەکەی پێچەوانەیە.

وەسفی پرسی هەڵبژاردنیش لە ڕوانگەی ئەم تاقمەوە بەم چەشنەیە کە ڕێژیم دەیەوێ هەڵبژاردن بەڕێوە ببا و هەندێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش هەڵبژاردن بایکۆت دەکەن و پێویست بە گوتن ناکا کە پشتگیری کردن لە سیاسەتی هەڵبژاردن لە پشتڕاست کردنەوەی سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردن، دێموکراتیکترە و هەر لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی ئەمانەوە جێگای سەرسوڕمانە کە حیزبێکی دێموکرات، هەڵبژاردن کە بەرچاوترین دەرکەوتەی دێموکراسییە بایکۆت دەکا.

لەڕاستیدا ڕێژیم لە کایەیەکی زیرەکانەدا

که له ڕەوتی بەربەرین و خەست و قورسی بڵاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیی ڕەسمی و حکوومەتیدا بەڕێوەی دەبا، جێگای ئاکسیۆنەکان و جێگای ئەکتەرەکان، پێکەوە دەگۆڕێتەوە؛ واتە ناهەڵبژاردن بە هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێ، ئەوەی نایەوێ بچێتە ناو کایەی ساویلکانەی ناهەڵبژاردنەوە، بە کەسێکی «دژی هەڵبژاردن» دەناسێندرێ و ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتێکی یەکجار گەورەی حکوومەتی، لە پرۆژەیەکی زۆر ئاڵۆز و خەرجهەڵگر و موهەندیسیکراودا دەیەوێ سەلیقەی چەند کەسێک یان تەنانەت سەلیقەی تاکێک وەکوو سەلیقەی زۆرینەی دەنگدەران بناسێنێ، بە بروپێدەری بەهاکانی دیموکراسی دەناسێندرێ. ئێنجا لە شەڕی نێوان دیموکرات و نادیموکراتدا کێ هەیە لای کابرای نادیموکرات بگرێ و بە دەنگییەوە بچێ؟

لەم بارەیەدا بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کە هەندێک کەس باسی ئەوە دەکەن کە لە هیچ وڵاتێکدا هەڵبژاردنی سەتاسەت ئازاد و دیموکرات بەڕێوەناچێ و هەمیشە هەندێک تەگەرەی خوازراو و نەخوازراو دەبن بە لەمپەری سەر ڕێگای هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک و هەتا ڕادەیەک چەتی تێ دەخەن. کەوابوو ناکرێ ئەو چاوەڕوانییەی لە هیچ سیستمێکی سیاسیدا وەدی نایە لە کۆماری ئیسلامی داوا بکرێ. ئەوانە پێیان وایە دیویکی دیکەی «نادیموکراتیک بوونی ڕێژەیی» بریتییە لە «دیموکراتیک بوونی ڕێژەیی» و هەر بە هۆی دیموکراتیک بوونە ڕێژەییەکەوە، دەبێ هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیش بە ڕەسمی بناسرێن.

لەڕاستیدا لێرە هەر لە بنەڕەتدا باسی ئاستی دیموکراتیک بوونی هەڵبژاردن لەگۆڕێدا نییە کە جاری وایە ڕەنگە بەرز بێتەوە و جاری واشە نەختێک نزم بێتەوە. بەڵکوو باسی ئەوەیە کە ئایا سیستمەکە خۆی بە شوێنکەوتەی هەڵبژاردن دەزانێ یان هەڵبژاردن بە شوێنکەوتەی خۆی دەزانێ. هەر لە بنەڕەتدا باسی جیاوازیی نێوان «هەڵبژاردن» و «هەڵنەبژاردن» لە گۆڕێدایە. باسی ئەوە لە گۆڕێ دایە ڕێژیم بە بێ ئەوەی هیچ کام لە باجەکانی هەڵبژاردن بدا، لە هەموو دەرفەتەکانی کەڵک وەردەگرێ و کەسانێکیش بە ئاگاداری یان بە نائاگادارییەوە لەم گزی گەورەیەدا دەبن بە هاریکاری و بێ بەرات و خەڵات دەبنە پیادەنیزامی دەزگای حاکم و پێشی دەکەون و بۆی هەڵدەسوورێن!

> لە ڕوانگەی تاقمێک لە شرۆڤەکارەکانەوە پرسی ڕاسانی نوێی ڕۆژهەڵات و بەجێ هێشتنی کەمپەکانی باشوور، لەڕاستیدا هاوسەنگە لەگەڵ پرسی ڕەوا بوون یان ناڕەوا بوونی شەڕی چەکداری

باسەکە ئەوەیە کە هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم هەندێک باجی هەیە و هەندێک سوودیشی هەیە. باجی هەڵبژاردن بۆ ڕێژیم ئەوەیە کە دەبێ مل بۆ ئیرادەی خەڵک لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕابکێشێ، سوودەکەشی ئەوەیە ئاستی شەرعیەت و ڕادەی مەقبوولییەتی خۆی پێ دەباتە سەر. باسەکە لەوەدایە کە ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی دوای شکستپێهێنانی ڕەوتی ریفۆرمخواز و بە داهێنانی پرۆژەیەکی گزیکارانەی یەکجار ئاڵۆز و بەربڵاو بە ناوی «موهەندیسی ئینتخابات» دەیەوێ بە بێ ئەوەی باجی هەڵبژاردن بۆ خەڵک ببژێرێ، لە هەموو سوودەکانی هەڵبژاردن بەهرەمەند بێ.

لە پێناسەی دیموکراسیدا گوتوویانە دیموکراسی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسای «دیار» بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی «نادیار». لە سیستمی دیموکراتیکدا ئەنجامی میکانیسمێکی دیاری وەک

هەڵبژاردن هەرچەنـــدەی نادیار و پێش‌بینی نەکراویش بێ، سیســـتمەکە قەبووڵی دەکا و خۆی لێ لانادا. بەڵام یاسـا و ڕێساکان دیارن و هیچ هێزێکی سیاســی بۆی نییە بەقازانجی خۆی، خۆی لەم یاسـا و ڕێسـایانە بدزێتەوە یان خۆی تــێ هەڵبقوتێنێ. تازەترین نموونە لە مل ڕاکێشان بۆ ئەنجامێکی نادیاری ئەوتۆ کە لەئاکامی بەڕێوەبردنی هەندێک ڕێوشوێن و مێکانیســمی دیــار و شــەفاف ڕووی دا، ڕاپرســی بریتانیا بۆ مانەوە یان دەرکەوتن لە یەکێتی ئورووپا بــوو. کاتێک خەڵکی بریتانیا بەپێچەوانەی ویســتی سیستمی زاڵ، بڕیاری چوونەدەر لە یەکێتی ئورووپایان دا، حکوومەت ملی بۆ داخوازی زۆرینــەی خەڵــک ڕاکێشـا و ئەگەرچی دەنگدانەکە بۆ گۆڕین یــان نەگۆڕینــی حکوومــەت نەبــوو، بەڵام لــە ئەنجامی ئەم دەنگدانەدا حکوومەتیش لاچوو و حکوومەتێکــی نــوێ هاتــە سەرکار.

هەڵبــژاردن لــە ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامیدا ڕێــک پێچەوانەی ئەوەیە؛ واتە لەجیاتی ئەوەی هەڵبژاردن بریتی بێ لە مێکانیســمێکی دیار و تەوافوق لەسەرکراو بۆ گەیشتن بە هەندێک ئەنجامی لەپێشــدا نادیار کە ئیــرادەی خەڵک دواجار دەیخوازێ، هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بریتییە لە بەکار هێنانی هەر مێکانیســمێکی نادیــار بۆ گەیشــتن بە هەندێــک ئەنجامی دیار. ئەم مێکانیســمە نادیارانە ڕەنگە ڕەدی سەلاحیەتی کاندیداکان لە پێش دەنگداندا بێ، ڕەنگە تەئید نەکردنیان دوای دەنگ هێنانەوە بێ! ڕەنگە دەســتتێوەردانی سندووقەکان لە کاتی دەنگدان بــێ!! هیچ کام لەم دەرەتانانە لە هەڵبژاردنی کۆماری ئیســلامیدا دەستیان لێ نەپارێزراوە و زۆر ڕێوشــوێن و دەرەتانی نادیاری دیکەش لەگۆڕێــدا هەن کە هەر لە درێژەی تەمەنی ڕێژیمــدا دەکرێ بەرە بەرە بناسرێن و لە جەعبەی جادووی «هەڵبژاردنی» کۆماری ئیســلامییەوە بێنــە دەر. هەموو ئەو ڕێوشــوێنە نادیار و سەیر و سەمەرانە لەبەر ئەوە لەکار دەکرێــن کە ئەنجامی هەڵبژاردن بگاتە ئەوەی بۆ نموونە ناوی کەســێکی وەک مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد لە ســندووق بێتە دەر.

دەخــوازم وە بیر خوێنەری ئــەم دێڕانە بێنمــەوە کــە باســی هەڵبــژاردن وەکــوو دەروازەیــەک بۆ چوونە ناو باســی شــەڕی چەکداری هاتە گۆڕێ. باســی ئەوە بوو کە چۆن لە سیســـتمە تۆتالیتێــر و ئایدۆلۆژیکەکانــدا جێــگای ئاکســـیۆنەکان و ئەکتــەرەکان دەگۆڕدرێتەوە و بۆ نموونە ئەولایەنەی هەتا سەر ئیســقان بــە دژی هەڵبژاردنە بــە بەڕیوەبــەری هەڵبــژاردن دەناســرێ و ئــەو لایەنەی لە هەموو تەمەنی سیاسیی خۆیدا بۆ هاتنــە کایەی هەڵبژاردنێکی ڕاســتەقینە خەباتی کردووە، بە «دژی هەڵبژاردن» دەناسرێ.

> لەباری «دەروونناسیی کۆمەڵایەتی»یەوە دەکرێ بڵێین ڕەوتی بیچم گرتنی زەینیەتی «سووژە» لە سیستمە ئایدۆلۆژیکەکاندا لەسەر فۆرموولی «دووپات کردنەوەی بەردەوامی درۆ هەتا ئاستی بڕوا پێ هێنان وەکوو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر» دامەزراوە

پرسیارێکی گرینگ ئەمەیە چۆنە کەسانێک ـ با بە هەژمار کەمیش بن ـ دەگەن بەو قەناعەتەی بڕوا بەم درۆ گەورەیە بکەن؟ بەر لەوەی بچمە سەر باسی سەرەکی واتــە باســی شــەڕی چەکــداری دەخوازم ڕوون‌کردنەوەیــەک دەربــارەی چۆنیەتــی قەناعەتی بەڕاستی یان بەدرۆی جەماعەتێک لــە پێوەنــدی لەگەڵ ئــەم ســاختەکارییە ئایدۆلۆژیکانەدا بدەم:

ئــەو تاقمــەی وا دیتە بەرچـاو بڕوا بەم نمایش و ســاختەکارییانە دەکەن لە ڕاستیدا دەســتەیەکی بچووکــی خەڵکــن و ئــەو دەســتەیەش خۆیان دوو لکیان لێ دەبێتەوە:

لکی یەکەم هەر لە بنەڕەتدا زۆر چاک لە قەڵب بوونی قسەکان و گزیکارانە بوونی کردەوەکانی ڕێژیم ئاگادارن، بەڵام بەهرەمەند بوونیان لە سەرچاوەکانی چوارلایەنەی دەسەڵات و سامان و پێگە و زانیاری (قدرت، ثروت، منزلت، اطلاعات) بە هۆی سیستمی حاکمەوە ناهێڵێ ڕاستییەکان وەک هەیە لەقاو بدەن. لەبارەی لکی دووهەم کە ئەوانیش ڕەنگە لەناو ئەم دەستە کەمینەیەدا هەر کەمینە بن و بەڕاستی بڕوایان بە قسە قەڵبەکانی ڕێژیم هێنابێ و لەڕووی قەناعەتێکی دەروونیەوە وەباڵ بۆ قسەکانی دەسەڵاتداران بکێشن، ڕەنگە باس‌کردنی دوو خاڵ بەکەڵک بێ.

یەکەم. لەباری «دەروون‌ناسیی کۆمەڵایەتی»یەوە دەکرێ بڵێین ڕەوتی بیچم گرتنی زەینیەتی «سووژە» لە سیستمە ئایدۆلۆژیکەکاندا لەسەر فۆرموولی «دووپات کردنەوەی بەردەوامی درۆ هەتا ئاستی بڕوا پێ هێنان وەکوو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر» دامەزراوە. «سووژە» لەم کۆمەڵگایانەدا ئەوەندە لە کلاسی دەرس و بۆنە ڕەسمییەکان و میدیا حکوومییەکان و نووسراوە ژوورنالیستییەکان و تەنانەت کۆ بوونەوە نیوەڕەسمییەکاندا حوکمی پەسندکراو لەلایەن حاکمییەتەوە دووپات دەکاتەوە یان دەیبیسێتەوە کە بەرە بەرە و بەدرێژایی زەمان و لەژێر بۆمباردومانێکی خەستی ئایدۆلۆژیکدا خۆیشی درۆ بوون و هەڵبەستراو بوونی ئەو حوکمە لەبیر دەکا و هەتا ڕادەیەک بڕوای پێ دەهێنێ.

دووەم. ڕاهاتن لە دۆخی نائاسایی لە ئەنجامی درێژ بوونەوەی دۆخەکە، زۆرجار دۆخەکە بە ئاسایی نیشان دەدا و نائاسایی بوونەکەی لەبەر چاو دەشارێتەوە. لێرەدا ڕەنگە بەپێچەوانە، لەلای هەندێک کەس قسەی ئەو کەسەی گەرەکیەتی نائاسایی بوونی دۆخەکە ئاشکرا بکا، خۆی نائاسایی بنوێنێ و بۆچوونی ئەو کەسەی دۆخە نائاساییەکە بە ئاسایی دەبینێ، سروشتی‌تر و ئاسایی‌تر بکەوێتە بەرچاو.

## شەڕی چەکداری، تاقە بژاردەی ڕێژیم لەبەرانبەر پرسی کورددا

وەک چۆن لە پرسی هەڵبژاردندا بە گوێرەی ڕیوایەتی ڕەسمی و ئایدۆلۆژیکی حاکمییەت، هێزی دژەهەڵبژاردن و هێزی هەڵبژاردن‌خواز جێگایان دەگۆڕدرێتەوە، لە باسی شەڕی چەکداریشدا ڕیوایەتی دەستەڵاتدارەکان هەر بەم چەشنەیە. واتە ئەو لایەنەی دەیەوێ پرسەکە بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئەوروپیی و دیموکراتیک چارەسەر بکرێ، بە شەڕخواز دەناسرێ و ئەو لایەنەی هەر لەبنەڕەتدا جگە لە بەرەوڕووبوونەوەی چەکداری تاقە بژاردەیەکی تریشی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد نییە، خۆی بە ئاشتی‌خواز دەناسێنێ.

ناکۆکییەکە بە هیچ شێوەیەک لەسەر ئەوە نییە کە لایەنی کوردی دەیەوێ پرسەکە بە شەڕی چەکداری چارەسەر بکا و لایەنی دەسەڵاتخوازیش گەرەکیەتی ئەم پرسە بە پشوودرێژی و بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر بکرێ؛ ناکۆکییەکە لەوەدایە لایەنێک پێی وایە لە ئێراندا پرسێک بە ناوی پرسی کورد بوونی هەیە و دەبێ ڕێگاچارەیەکی ئەوروپیی بۆ بدۆزرێتەوە و لەبەرانبەردا لایەنێک هەر لەبنەڕەتدا پێی وایە لە ئێراندا دیاردەیەک بەناوی پرسی کورد بوونی نییە هەتا پێویست بێ، ڕێگاچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

تێک‌هەڵچوونی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد و حاکمییەتی ناوەندی وەک هەر دیاردەیەکی دیکە پێویستی بە هۆـ هەڵدان (تبیین،explanation) هەیە. هۆـ هەڵدان واتە وەڵام دانەوە بە پرسیارێک کە بە «بۆ» دەست پێ دەکا:

بۆ لەم ماوەی دواییدا لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزە سەربازییەکانی ڕێژیم تێکهەڵچوون ڕووی دا؟

هەوڵ دەدەین چەند هۆـ هەڵدانی گونجاو

بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە.

### ئەلف. هۆ ـ هەڵدانی یەکەم.

ـ هێزی پێشمەرگە دوای ماوەیەک دوور بوون لە ناوخۆی کوردستان، هاتووەتەوە ناوخۆ.

ـ هاتنەوەی هێزێکی چەکداری بەرهەڵستکار درەنگ یان زوو دەبێتە هۆی تێکهەڵچوونی چەکداری.

بەم پێیە ئەم تێکهەڵچوونانەی دوایی، لە شنۆ و مەریوان روویان دا.

ئەم هۆ ـ هەڵدانە لە بنەڕەتدا هی حاکمییەتە. هەندێک کەسی کوردیش دووپاتیان کردووەتەوە. ئەم هۆ ـ هەڵدانە لە راستیدا ساویلکانەترین شیکارییە کە دەکرێ لەم بارەیەدا بەدەستەوە بدرێ. ئەم شەڕانەی لەم دواییەدا لەنێوان حاکمییەت و هێزە کوردییەکاندا روویان دا چەند رووداوێکی دابڕاو لە مێژوو و دابڕاو لە واقیعی تاڵی حاکم بەسەر کۆمەڵگای کوردستان و دابڕاو لە رووداوە هاوچەشنەکانی دیکە لە پارچەکان دیکەی کوردستان و لە بڕگەکانی دیکەی مێژووی کورد نەبوون. پرسیاری دروستتر ئەوەیە بپرسین بۆ لە زەمانی دامەزرانی دەوڵەتی شێوە مۆدێرنەوە لە ئێراندا هەتا ئێستا لە نێوان کورد و حاکمییەتی ناوەندی شەڕ رووی داوە؟ یەکێک لە هۆ ـ هەڵدانە گونجاوەکان بۆ وڵام دانەوە بەم پرسیارە لە خوارەوە باس دەکەین.

### ب. هۆ ـ هەڵدانی دووەم.

ـ لە ئێراندا پرسێک بە ناوی پرسی کورد (بێبەش بوونی گەلی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی) بوونی هەیە.

ـ هەر پرسێک بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، لە درێژخایەندا توندوتیژی و تێکهەڵچوونی لێ دەکەوێتەوە.

ـ حاکمییەتی ئێران جگە لە پشت بەستن بە هێزی سەربازی، هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد نییە.

کەوابوو جارێکی دیکەش لە نێوان حاکمییەت و هێزە کوردییەکاندا تێکهەڵچوون رووی دا.

ئێمە پێمان وایە ئەم هۆ ـ هەڵدانەی دوایی، لەوی یەکەمیان زانستیتر و واقیعبینانەترە. هەرکام لەم هۆ ـ هەڵدانانە بۆ پێش گرتن بە درێژە کێشانی شەڕ پێشنیارێکی ناڕاستەوخۆی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە. رێگایەکی بەراورد کردن و پێکەوە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو هۆ ـ هەڵدانانە ئەوەیە پێشنیارەکانیان بۆ راگرتنی شەڕ پێکەوە بەراورد بکەین. یەکێک لە ئەنجامەکانی هۆ ـ هەڵدانی یەکەم ئەوەیە بڵێین ئەگەر دەمانەوێ پێش بە درێژە کێشانی ئەم شەڕە بگرین پێویستە پێشمەرگە لە تاراوگە زۆرەملییەکەیدا بمێنێتەوە و پارێزگاری لە تێلدڕووەکانی دەوری خۆی بکا! ئەم حوکمە بەئاشکرا حوکمێکی زۆردارانە و نامەنتیقییە. ملڕاکێشانی هێزە سیاسییەکانی کوردیش بۆ ئەم حوکمە زۆردارانەیە، کردەوەیەکی نامەنتیقییە. بەڵام یەکێک لە ئەنجامەکانی هۆ ـ هەڵدانی دووەم ئەوەیە ئەگەر قەرارە پێش بە درێژە کێشانی ئەم شەڕە بگیرێ، دەبێ حاکمییەت دان بە بوونی پرسی کورد دابنێ و بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە پرۆژەی هەبێ و پرۆژەکەشی دادپەروەرانە بێ. پشتبەستن بە هێزی سەربازی و میلیتاریزە کردن و ئەمنییەتی کردنی کەشی کوردستان، هەر بە تەنیا دەبێتە هۆی چەندقات بوونەوەی کێشەکە.

ئەگەر بمانەوێ بە ساکارترین زمان هۆی ئەو تێکهەڵچوونانە دیاری بکەین دەبێ بڵێین حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر دەیەوێ هێزە سیاسییەکانی کورد لە تاراوگەدا بمێننەوە و بە تێلدڕوو دەورەیان بدرێ، بەڵکوو دەیەوێ ئەندیشەی مافخوازی و بیری کوردایەتیش لە زەینی مرۆڤی کورد بنێرێتە تاراوگەیەکی زۆرەملی و تێلدڕوویەکی

فیکری بەدەوری ئەویشدا بکێشێ. باسەکە بە هیچ کلۆجێک ئەوە نییە کورد بژاردەی شەڕی چەکداری هەڵبژاردووە و حاکمییەت نایەوێ ئەم بژاردەیە بێتە گۆڕێ؛ باسەکە ئەوەیە حاکمییەت پێی وایە بیری مافخوازی و هێزی مافخوازی کورد بە هیچ شێوەیەک نابێ حوزووری سیاسی و تەشکیلاتییان لەناوخۆدا هەبێ، هێزە کوردییەکانیش پێیان وایە ئەوان نابێ لەم حوزوورە بێبەش بکرێن و ئەوە مافی سەرەتایی هێزە سیاسییەکانە بتوانن لەناو خەڵکی خۆیاندا حوزووریان هەبێ و ئەندیشە و ئەجندای سیاسیی خۆیان ڕابنێن. حاکمییەت دەڵێ ئەگەر حزوورت هەبێ و تاراوگەنشینیی زۆرەملی قەبووڵ نەکەی بە شێوەی چەکداری بەگژتدا دێمەوە و هێزەکانت، بە کوشتن، حەزفی فیزیکی دەکەم (هەر وەک چۆن تاراوگەنشینی زۆرەملیش هەر جۆرێک حەزفی فیزیکییە) هێزە سیاسییەکانی کورد لە وڵامدا دەڵێن وەک چۆن حوزووری ئێمە لەناو خەڵکی خۆماندا مافی بێ ئەملا و ئەولای ئێمەیە، بەرگری کردن لە خۆشمان لەو کاتەی بەرەورووی هێرشی چەکداری دەبینەوە، مافی خۆمانە.

دەستپێکردنی شیکارییەکان لە باسی شەڕی چەکدارییەوە هەڵەیەکی گەورەی هەندێک لە شرۆڤەکارانی شوێنەوەرگرتوو لە هێژمۆنی حاکمییەتە. باسەکە نە بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد و نە بۆ حاکمییەتی دیکتاتۆریش لە شەڕی چەکدارییەوە دەست پێ ناکا ـ ئەگەرچی سەرەتا و بەر لە هێزە کوردییەکان، ئەوە حاکمییەتە کە دەست بۆ بژاردەی شەڕی چەکداری دەبا ـ باسەکە لە مافی سەرەتایی حوزوور و ژیان لەناو خەڵکدا دەست پێ دەکا. حاکمییەت پێی وایە هێزی سیاسی کورد بە حوکمی ئەوەی هەڵگری بیر و ئەندێشەیەکی تایبەتە مافی حوزوور و ژیان لەناو خەڵکی خۆیدا نییە و ئەگەر بێتو داوای ئەو مافەش بکا یان بە کردەوە بیەوێ بێتەوە ناو خەڵکی خۆی، وڵامەکەی لە لوولەی تفەنگەوە پێ دەدرێتەوە. دیارە مافی بەرگری کردنی هێزی کوردیش لەخۆی لە ئەگەری بەرەوروو بوونەوەی چەکداری وەکوو مافی ژیان لەناو خەڵکی خۆیدا، مافێکە هیچ یاسایەکی ئینسانی و ئەورۆیی ناتوانێ لێی زەوت بکا.

> **دەستپێکردنی شیکارییەکان لە باسی شەڕی چەکدارییەوە هەڵەیەکی گەورەی هەندێک لە شرۆڤەکارانی شوێنەوەرگرتوو لە هێژمۆنی حاکمییەتە**

پێچەوانە دیتنی واقیع لە کۆمەڵگا ئایدۆلۆژیکەکاندا جاری وایە لە ئاستی خەتاوە بەرەو ئاستی پەتا بەرز دەبێتەوە. لانی کەم یەکێک لە پێناسەکانی ئایدۆلۆژی بریتییە لە شێوە بۆچوونێک کە دیاردەکان بەراوەژوو نیشان دەدا و ئاگادارییەکی درۆیین دەدا بەو خەڵکەی بڕوای پێ دەهێنن. ئێمە لە دێڕەکانی پێشوودا هەوڵمان دا ئەوە دەربخەین کە چۆن هێزی ناوەندخوازی نادێموکڕات لە جیاتی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئوسوولی بۆ پرسێکی مێژوویی، دەست بۆ چەک دەبا و هێرش دەکاتە سەر خەباتکارانی کورد و شەهیدیان دەکا. با مێژووی کورد ئەمە لە لاپەڕەیەکی غەمگیندا تۆمار بکا کە ئێمە لە جەنگەی دوایین حوزووری پێشمەرگە لەناوخۆ و هێرشی سپای پاسداران بۆسەر پێشمەرگە، بەداخەوە شرۆڤەکاری ئاوامان هەبوو کە لە ئەنجامی شوێنەوەرگرتن لە ئایدۆلۆژیی بەراوەژووکەرەوەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، لە جیاتی ئەوەی تاوانی کوشتنی ڕۆڵەی کورد بە دەستی پارێزەرانی دیکتاتۆری

ببینێ، کارەساتەکە وەک بەکوشتدانی ڕۆڵەی کورد لەلایەن هێزی سیاسی کوردەوە وەسف دەکا.[١]

ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ نەک هەر لە مێژووی کورددا بگرە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی هەموو گەلانی جیهاندا ئەوە هێزە ئازادیخوازەکان بوون کە بە هۆی خەباتیانەوە، ڕۆڵەکانیان بە دەستی سیستمە تۆتالیتێرەکان بە کوشت دەدا! دیتنی «کوشتن» وەک «بەکوشتدان» ڕاوەستان لە شوێنێک و ڕوانین لە شوێنێکەوەیە کە شوێنی ڕاوەستان و ڕوانینی ئێمە نییە بەڵکوو هی نەیاران و زەوتکەرانی مافی گەلی ئێمەیە. تەشخیسی ئەوەی ئێمە لە کوێ ڕاوەستاوین یان دەبێ لە کوێ ڕاوەستین یەکجار گرینگە.

جیاوازی نێوان «تیۆری» و «گوتار» لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. تیۆری بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری ڕووت کە دەکرێ لەبەریان بکەی و بیانڵێیەوە، کاریشت بەمە نەبێ ئەو کۆمەڵە زانیارییانە چ پێوەندییەکیان لەگەڵ شوێن و کات و بێژەر و بەردەنگ و کەشی گوتنیانەوە هەیە. گوتار بریتییە لە تێگەیشتن لە تیۆری لەم شوێن ـ کاتەی تۆ تێدای. شوێن ـ کاتێکی مێژوویی و فەرهەنگی ئەوتۆ کە ناسینی سەنگت پێ دەدا و نەناسینی سووکت دەکا. گرینگی پێدانی بایەخ بە قسەت دەدا و خۆ لێ نەبان کردنی خەسارێکی قەرەبوو نەکراوەیە و ترۆت دەکا. بە داخەوە یەکێک لەو بۆسانەی ئەوانی دی زۆر کەم وا هەیە تێی بکەون، بەڵام ئێمە زیاتر تێی دەکەوین، هەر ئەمەیە؛ واتە دووپات کردنەوەی ئەو گوتانەی سەر بە گوتاری ئەوان و ڕەنگە لە دەمی ئەوانەوە تەنانەت ناشیرنیش نەبێ، بەڵام ئەگەر لە دەمی ئێمەوە بێتە دەر ببێتە مایەی ڕیسواییمان.

خاڵێکی تر کە شرۆڤەکاران لە شیکارییەکانیاندا نابێ لەبیری بکەن ئەوەیە کە عادەتەن ئەو لایەنە زیاتر دەست بۆ چەک دەبا و پشت بە بڕاردەی تێکهەڵچوونی چەکداری دەبەستێ کە لەباری تێکنۆلۆژیی سەربازی و دەرەتانی چەکدارییەوە تەیارتر و پۆشتە و پەرداختر بێ. ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامیدا دەستەوەستان نییە و توانایەکی باشی بۆ هەڵسووڕانی پارتیزانی هەیە و لەئەگەری هێرشی چەکداری ڕێژیمدا دەتوانێ هەزینەیەکی زۆر بەسەر حاکمییەتی ملهوڕ دابسەپێنێ، بەڵام دواجار ئەوە حاکمییەتە کە لەباری چەکوچۆڵی نیزامییەوە هەتا سەر ئێسقان خۆی تەیار کردووە و پێی وایە بە دابین کردنی دەرەتانی زۆروزەندی نیزامی دەتوانێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکا.

> **دواجار ئەوە حاکمییەتە کە لەباری چەکوچۆڵی نیزامییەوە هەتا سەر ئێسقان خۆی تەیار کردووە و پێی وایە بە دابین کردنی دەرەتانی زۆروزەندی نیزامی دەتوانێ مانەوەی خۆی مسۆگەر بکا**

دیارە کۆماری ئیسلامی لەم موحاسەبە هەڵەیەدا لەگەڵ ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوی هاوبەشییان هەیە. ڕێژیمی پەهلەویش لەباری چەکوچۆڵی نیزامییەوە هێزی یەکەمی ناوچە بوو، بەڵام لەبەرانبەر هێزی بێئامانی خەڵک، خۆی نەگرت و ڕووخا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کورد بەتەنیا ڕێژیمی پەهلەوی نەڕووخاند بەڵام یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی٤٧دا بە بەرگری کردنی چەکدارانەی خۆی لەبەرانبەر هێرشی ئەرتەشی تەیاری شا، سامی خەڵکی لە هێزی ڕێژیم شکاند و دە ساڵ دواتر لە ساڵی ٥٧دا ڕێژیم بەیەکجاری هەرەسی هێنا.

مێژوو پێمان دەڵێ بەڵێ ئەوە کورد نەبوو

که حکوومەتــی پاشــایەتیی ڕووخاند بەڵام ئەو زەبــرەی کورد لە ئەرکانــی حاکمییەتی ڕێژیمی وەشاند هەر نەبێ یەکێک لەو سەدان زەبرانە بوو کە چارەنووســی ڕێژیمی شــایان بەرەو ئاقارێکی دیکە برد. ئێســتا کە دەبینین هەندێک بەناو سەرکردەی کورد کە لەڕاستیدا ناکرێ وەکوو کادری مامناوەندیی سیاســیش حیســابیان لەســەر بکرێ، لــە هەوڵی ئەوە دان ئەجندای سیاســیی سەقەت و ئیفلیجی خۆیان لە مانەوەی کۆماری ئیســلامی گرێ بدەن، لەڕاســتیدا نە مێژوویان خوێندووەتەوە و نــە بەداخــەوە لە شــیکاری و تیۆریشــدا بزگورێکی بەلاش یان بنژیلێکی بێقیمەتیان پێ بــڕاوە. ئەوانــە نەک هەر لە ئینشــعابی تەشــکیلاتییاندا زەبــری خۆیان لــە حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی دێموکڕاتیکی گەلی کورد وەشــاند و خۆیان شــەرمەزاری مێژوو کرد، ئەوە ماوەیەکە فازی دووەمی ئینشعابی خۆیشــیان کە بریتییە لە فازی ئینشــعابی فیکری دەســت پێ کردووە و دیســان ئەوە مێژووە کە پێمــان دەڵێ هیچکام لە جەریانە ئینشــعابییەکان کە ئینشعابی تەشکیلاتییان لــە حیزبی دێموکڕات کرد، نەیانتوانی خۆیان لــە ئینشــعابی فیکری لابدەن و ئینشــعابی فیکری وێڕای ئینشعابی تەشکیلاتی بەرۆکی گرتن ـ جا چ ئەو ئینشــعابە فیکرییە بەر لە ئینشعابە تەشــکیلاتییەکە ڕووی دابێ، وەک ئینشعابی دوای کۆنگرەی چوار و چ ئینشعابە فیکرییەکــە دوای ئینشــعابی تەشــکیلاتی ڕووی دابێ، وەک ئینشــعابی دوای کۆنگرەی ســێزدە، دواجار کۆی ئەو دوو ئینشعابانە کە تەواوکەری یەکترن، جەریانە ئینشعابییەکانی بەرەو هەڵدێر بردن.[٢]

باســێکی دیکــە کە دەربــارەی مافی حزووری هێزە سیاســییەکان لەناو خەڵکی خۆیانــدا هاتووەتە گــۆڕ ئەوەیــە کە بۆچی ناکرێ هێزە سیاسییەکان بەشێوەی فیکری و گوتــاری لەناو خەڵکدا حزووریان هەبێ هەتا لە بەراورد کردنی هەزینە و فایدەدا، کەمترین هەزینە بدەن و زیاترین سوود وەدەست بخەن (ڕەخنەی یەکەم) لە ڕەخنەیەکی تری نزیک لەم ڕەخنەیە، باســی ئەوە کراوە جووڵەیەکی ئەوتــۆ دەبێ پشتئەســتوور بــە گوتارێکی تیروتەســەل بێ و لە حاڵەتــی نەبوونی ئەم گوتارەدا، جووڵەکەش ئەستێور دەمێنێتەوە و بەرێکی بەرچاوی لێ شــین نابێ. (ڕەخنەی دووەم).

لە وەڵامــی ڕەخنەی یەکەمدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاســتیە بکەین ئەو لایەنەی وا دەیەوێ هێزی سیاســیی کورد حەزفــی فیزیکی بکا و بــۆ تاراوگــە دووری بخاتــەوە و پێوەندیی تەشکیلاتی ئەم هێزە لەگەڵ خەڵک بپچڕێنێ یان بیگەیەنێتە نزمترین ئاســتی خۆی، زۆر چــاک دەزانێ حەزفی فیزیکی پێشــەکی و ڕێگاخۆشــکەری حەزفــی فیکرییــە. لەلای حاکمییــەت، دوور خســتنەوەی فیکــری قۆناغی دوای دوور خستنەوەی بەجەستەیە و دەستەڵاتی سەرەڕۆ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم قۆناغەی دواییش سێودوو ناکا.

لەولاوە پەیامی ئەو لایەنەی وا پێشمەرگە دەنێرێتــەوە ناوخــۆ ئــەوە نییە حــزووری پێشمەرگە با ببێتە ئالترناتیڤی بەرهەم هێنانی فیکر و گوتار، بەرهەم هێنانی گوتار شــان بە شانی حزوور و خەباتی پێشمەرگە و هەر لە جەنگــەی ئەم خەبات و حزوورەدا ڕوو دەدا. فیکــر و گوتاری دەوڵەمەند، خەباتی جیددی لێ بەرهەم دێ و خەباتی جیددیش سات بە سات بە سامانی گوتار و فیکرەکەوە زیاد دەکا.

لایەنی تەنزی باسەکە ئەوەیە هەندێک لەو کەســانەی لە حیزبی دێموکڕاتیان ڕانەدەدی دیواری دڕۆیین و بەربەســتی بۆشی هێزی سەربازیی ڕێژیم بۆ پێش گرتن بە هاتنەوەی پێشمەرگە تێکبشــکێنێ و هەر بە هۆی ئەم تێڕانەدیتنە و بە زمانی تەوس، ناوی حیزبی دێموکڕاتیــان وەک حیزبێکی کەمپنشــین دێنا ئێســتا هاواریان لێ بــەرز بووەتەوە کە

بۆچی حیزب لە کەمپەکەی خۆی دانانیشێ هەتا پێشمەرگەی خۆیشی سلامەت بن و برادەرانی سپاش خوێنیان لە لووتیان نەیە! ئەو دەم کەمپنشینی، لەلای ئەم شرۆڤەکارە هەڵەویژانە مایەی گاڵتە و پێکەنین بوو کەچی ئێستا نیشانەی پشووودرێژی و ژیر بوون و موحاسەبەی هەزینە فایدە و موقاومەتی مەنفی و حەلەم قەلەمی لەم چەشنەیە. حیزبی دێموکرات نە ئەو دەم کە بەهۆی هەندێک بەرژەوەندی تایبەتەوە، حوزووری پێشمەرگەی لەناوخۆی کوردستانی ئێراندا سنووردار کردبۆوە، هێزی خۆی لەوەی کە هەبوو کەمتر دەدی و خۆی بەهێزێکی چکۆڵە و لاوەکی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا حیساب دەکرد و نە ئێستاش کە هێزی ئامادەی لەناوخۆدا هەیە، خۆی لەوەی کە هەیە بە قەبەتر دەبینێ.

لەپێوەندی لەگەڵ ڕەخنەی دووەم (ئەو ڕەخنەیەی دەڵێ جووڵەیەکی لەگوێن حوزووری پێشمەرگە دەبێ پشتئەستوور بە گوتار بێ) دەبێ بڵێین ئەو قسەیە هەڵە نییە. بەڵام حوزووری پێشمەرگە لەناو خەڵک و خەباتی پێشمەرگانە دابڕاو لە گوتار نییە. ئامادە بوونی ئەم دواییانەی پێشمەرگە لەناوخۆ و بەرەوروو بوونەوەی حاکمییەت لەگەڵ پێشمەرگە، ڕووداوێک نییە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا ڕووی دابێ، لانی کەم مێژووی هاوچەرخی کورد لەم سەدوبیست ساڵەی دواییدا بەشێکی زۆری لەسەر ئەم شێوە ئامادە بوونەی هێزی کورد لەناو خەڵکی خۆی و بەرەوروو بوونەوەی هێزی نەیار، ساغ بووەتەوە. گومان لەوەدا نییە خەباتی هێزە سیاسییەکانی کورد دەبێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە گوتارێکی تازەتر و مۆدێرنتر هەڵبێنجێ و خۆی پێ پاراو بکا و سامانی بەوەجی نوێی پێوە زیاد بکا. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هاتنەوەی دووبارەی پێشمەرگە جووڵەیەکی کوێرانە و (ئیبتدا بە ساکن) و حیساب بۆ نەکراو و بزاڤێکی دابڕاو لە گوتار بووە. ئەم جووڵەیە نوێترین ئاڵقە لە ئاڵقە زۆر و زەوەندەکانی زنجیرەیەکی دوور و درێژی مێژووییە. جووڵەیەکی ئەوتۆ چۆن جووڵەیەکی دابڕاو لەگوتارە؟ ئەدی گوتاری خەباتگێڕانەی سەدوبیست ساڵەی کورد پێوەندیی بەکام شێوە خەبات و کام شێوە هەڵسووڕانەوە هەیە؟ ئایا ئەم گوتارە بۆ هەموو پارچەکان ڕەوایە و بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات حەرامە؟ ئایا ئەم گوتارە بۆ حیزبە کوردییەکانی دیکە ڕەوایە و هەر بەتەنیا لە حیزبی دێموکرات حەرامە کە بەشێکی بەوەجیش لەم گوتارە هەر خۆی بەرهەمی هێناوە؟

## وێرژێنە جۆراوجۆرەکانی خۆلادان لە چارەسەر کردنی پرسی کورد

گوتمان هۆی سەرەکیی تێکهەڵچوون و توندوتیژی لە کوردستان، خۆلادانی حاکمییەتی ناوەندی یان باشترە بڵێین حاکمییەتی ناوەندخواز لە چارەسەر کردنی پرسی کوردە. بەڵام ئەم خۆلادانەش بە یەک شێوە بەڕێوە ناچێ. ئەوەندەی حاکمییەتی ناوەندخواز لە زەمانی ڕەزاشای پەهلەوییەوە هەتا ئێستا زەبەلاحتر بووە، شێوەکانیشی بۆ خۆلادان لە چارەسەر کردنی پرسی کورد جۆراوجۆرتر بووە. لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هەر چەندەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی سیستمی حاکم زیاتر دەبێ، لەجیاتی ئەوەی ئەو دەسەڵات و دەستڕۆیشتووییە ـ جا چ ڕەواڵەتی بێ و چ ڕاستەقینە ـ خەرجی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی پێشکەوتووانەتر بۆ گرفتە سەرەکییەکانی وڵات بکرێ، خەرجی شێوەی تازەتری خۆدزینەوە لە گرفتەکان و کپ کردنی دەنگی نارازییەکان دەکرێ.

لە مێژووی ئەندیشەدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بزووتنەوەیەکی فیکری لە ئورووپا سەری هەڵدا کە پێی وابوو هەر لە بنەڕەتدا پرسی فەلسەفی بوونی نییە.

بیرمەندانی سەر بەم بزووتنەوەیە پێیان وابوو، ئەوەی بە پرسی فەلسەفی دەناسرێ لەڕاستیدا لە ئەنجامی هەندێک گەمەی زمانییەوە دێتە کایەوە. هەر بۆیە دروشمی ئەم بیرمەندانە ئەوە بوو کە ئێمە نامانەوێ پرسە فەلسەفییەکان «حەل» بکەین یان چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، چونکە هەر بڕوامان بەم پرسانە نییە، بەڵکوو ئێمە دەمانەوێ ئەم پرسانە «مونحەل» بکەین واتە هەڵیان‌وەشێنینەوە.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هێزە سیاسییە ناوەندخوازەکان ـ چ لە دەسەڵاتدا بووبن و چ لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بووبن ـ نەیانویستووە پرسی کورد حەل بکەن، بەڵکوو هەمیشە ئیرادەی سیاسییان خەرجی ئەوە کردووە پرسی کورد مونحەل بکەن. جا بۆ ئەو مونحەل کردنە دەستیان لە هیچ کارێکی توندوتیژ نەگێڕاوەتەوە، لە مونحەل ڕاگەیاندنی حیزبە خەڵکییەکانی کوردستانەوە بگرە هەتا کوشتن و بڕین و ڕاونان و تۆقاندن.

> هۆی سەرەکیی تێکهەڵچوون و توندوتیژی لە کوردستان، خۆلادانی حاکمییەتی ناوەندی یان باشترە بڵێین حاکمییەتی ناوەندخواز لە چارەسەر کردنی پرسی کوردە. بەڵام ئەم خۆلادانەش بە یەک شێوە بەڕێوە ناچێ

لە مێژووی هاوچەرخی ئێران ـ لە ئاستی تیۆریدا ـ بە چوار شێوە هەوڵ دراوە کێشەی کورد ڕەت بکرێتەوە و دەنگی مافخوازیی گەلی کورد کپ بکرێ و پرسی کورد لەجیاتی ئەوەی حەل بکرێ، مونحەل بکرێ. ئەم چوار شێوانە ئەمانەن:

ئەلف. حاشا کردن لە بوونی پرسەکە یان پاک کردنەوەی ڕووی پرسەکە

ب. گۆڕینی ڕووی پرسەکە یان شێواندنی پرسی کورد

ج. پێکهاتەشکێنیی چەمکی «گەلی کورد»

د. پێشنیار کردنی ڕێگاچارەی نادادپەروەرانە

بەر لەوەی ئاوڕێکی کورت لە هەر کام لەم شێوازانە بۆ بەلاڕێدا بردنی پرسی کورد بدەینەوە پێویستە باسی ئەوە بکەین ئەم چوار شێوازە بەڕواڵەت جیاوازانە لەڕاستیدا چوار دیوی دیاردەیەکی واحیدن و بەشێوەیەکی جەوهەری جیاوازییان پێکەوە نییە. بەڵام هەرکام لەم شێوازانە لەکار کرابن، لە درێژخایەندا بوونەتە هۆی شەڕ و تێکهەڵچوون لە کوردستاندا و لە داهاتووشدا هەتا ئەم شێوازانە لە جیاتی شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەیەکی مۆدێڕن لەگەڵ پرسی نەتەوەیەک لەکار بکرێن، شەڕ و تێکهەڵچوون و توندوتیژی هەر دەقەومێتەوە. لەڕاستیدا هاواری کورد لە سەرەتای بزووتنەوەی مۆدێرنی نەتەوایەتییەوە ئەوە بووە کە با شەڕ و توندوتیژی جێگای ڕێگاچارەی مۆدێرن و دیپلۆماسییانە نەگرێتەوە. لەم لاوە لایەنی دەسەڵاتخواز بە دەسەڵاتەکەی و بە ئیمکاناتی ماددی و چەکداریی خۆی غەرە بووە و لە بەرانبەر ئەم داوایەدا هێرشی کردووەتە سەر کوردستان. ئێستا دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم، کورد بە شەڕخواز و خۆی بە ئاشتیخواز دەناسێنێ و ڕەنگە خەڵکی ساویلکەش وەباڵی بۆ بکێشن.

لەبەر ئەوەی هێرشی دەسەڵاتخوازەکان بۆسەر کوردستان هەمیشە بە دوای ئەم بۆچوونە شێوێنەر و شۆڤینییانەوە هاتووە ڕەنگە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەم بۆچوونانە بێ‌کەڵک نەبێ.

## حاشا کردن لە بوونی پرسی کورد یان پاک کردنەوەی ڕووی پرسەکە

ساکارترین کەرەستە کە دەسەڵاتخوازان دەستیان بۆ بردبێ و لەڕاستیدا دواکەوتووانەترین و ناشارستانیانەترین کەرەستەش بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسێکی لەم چەشنە، حاشا کردن لە سەرلەبەری پرسەکەیە. ئەم شێوە

بەرەوڕوو بوونەوەیە زیاتر لەوەی ساکار بێ ساویلکانەیە و زیاتر لەوەی هەڵە بێ گەمژانەیە. دوای سەدوبیست ساڵ مێژووی خەبات و بەرخۆدانی گەلێک، کاربەدەستێکی نەخوێندەوار بێ و بەرەورووی ئەم خەڵکە، دەمی هەتا بنانگوێی دابپچڕێ و شوکرانەبژێر بێ کە بە خۆشییەوە لە ئێراندا لەبەر ئەوەی هەموو خەڵک خۆیان بە ئێرانی دەزانن یان خۆیان بە مسوڵمان دەزانن، پرسێکی وەک پرسی کورد لە گۆڕیدا نییە، ئەمە زیاتر لەوەی بۆ ئەمە بشێ وەسفی ناڕاست بوونی وەپاڵ بدرێ، شیاوی ئەوەیە وەسفی گەمژانە بوونی وەپاڵ بدرێ.

سەیر ئەوەیە دەسەڵاتخوازانی سەرکوتکەر ئەم قسەیان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دووپات کردووەتەوە. لە هەموو پارچەکاندا قسەی دەسەڵاتبەدەستەکان ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دی کە کوردیان تێدا دەژی، جیاوازی هەیە و ئەگەر لەو وڵاتی دیکە ناحەقییەکیش دەرحەق بە کورد بکرێ، لێرە برایەتییەکە لە نێوان کورد و غەیرە کورد هێندە پتەوە کە گرفتی وا لەگۆڕیدا نییە. هەڵبەت لە هەموو پارچەکاندا ئاوڕ دانەوە لە مێژوویەکی دووروودرێژی خەبات و بەرخۆدان و هێرش لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە و خۆڕاگری لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، خێرا ئەم بۆچوونانە هەڵدەوەشێننەوە.

ئەم قسەیە ئەگەرچی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دووپات کراوەتەوە بەڵام لە ئێراندا زۆر زیاتر جەختی لەسەر کراوە. گوتوویانە لەبەر ئەوەی کورد لەگەڵ تورک و عەرەب هاوڕەگەز نییە و بە نیژاد، نەتەوەیەکی ئێرانییە و زمانەکەی لە پۆلێن کردنی زماناساندا وەک یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان دێتە ئەژمار و کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بژی، خۆی بە ئێرانی دەزانێ، کەوابوو دۆزی کورد لە ئێراندا لەگەڵ دۆزی کورد لە وڵاتانی دیکەدا جیاوازیی هەیە.

> ساکارترین کەرەستە کە دەسەڵاتخوازان دەستیان بۆ بردبێ و لەڕاستیدا دواکەوتووانەترین و ناشارستانیانەترین کەرەستەش بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسێکی لەم چەشنە، حاشا کردن لە سەرلەبەری پرسەکەیە

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر ئەم قسانە ڕاست بن، نەک هەر لە بەرپرسایەتیی حاکمییەتی ئێران بە نیسبەتی کوردانی جیهان کەم ناکاتەوە بگرە ئێران دەبێ وەکوو نابەرپرس‌ترین دەوڵەتی جیهان بە نیسبەتی خەڵکی هاوڕەگەزی خۆی بناسرێ. هەموو دەوڵەتەکان خۆیان بە پارێزەری ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی هاوڕەگەزی خۆیان لە هەموو جیهان دەزانن. تورکیا سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئەفغانستان نییە بەڵام سەبارەت بە کەمینەیەکی تورکی ئوزبەک کە لەوێ دەژین بە مافی خۆی دەزانێ هێزی لە ئەفغانستان هەبێ و بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیی ئەم کەمینە هاوڕەگەزەی خۆی بکا. ڕووسیا بۆ پاراستنی مافی ئەو خەڵکە بەرەگەز ڕووسەی لە بێلاڕووس و کریمە دەژین، لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا لە هیچ هەوڵێک درێخیی نەکردووە.

لەولاوە هەموومان ئاگادارین حاکمییەتی ئێران لە هەر وڵاتێکدا وا هەست بکا کوردی ئەو وڵاتە ـ واتە بە گوتەی خۆی هاوڕەگەزەکانی خۆی ـ بە هەر کوێرەوەری و ڕەنج و قوربانیدانێک بێ، خەریکن مافێکی زەوت‌کراوی سەرەتایی خۆیان وەردەگرن، ئەوا ئەم حاکمییەتە بە ئەرکی بێ‌ئەملاوئەولای سەرشانی خۆی دەزانێ هەوڵێکی درێژخایەن یان کورتخایەنی بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم دەسکەوتەی کوردان لە بەرنامەدا هەبێ. پرسیارێکی سەرەکی کە ڕووناکبیران

و سیاسەتمەدارانی ئێرانی دەبێ وڵامی بدەنەوە ئەوەیە ئەوە چ جۆرە هاورەگەزێکە کە ئێوە لە هەموو جیهاندا بەرژەوەندییەکانی بەدژی بەرژەوەندی خۆتان دەزانن؟ ئەوە چ هاورەگەزێکە ڕێژیمی پاشایەتی ویستی بە سەددامی بفرۆشی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە حەشدی شەعبیی بفرۆشێ؟ کامە دەوڵەت لە جیهاندا هاورەگەزەکانی خۆی لەناوخۆی وڵات قەڵاچۆ دەکا و لەدەرەوەش لە هیچ پیلانگێرییەک بۆ شکاندنیان دەست ناگێڕێتەوە؟ ئەوە چ نهێنییەکە کورد لە هەر شوێنێکی جیهان بێ، وەک ئێوە دەڵێن، خۆی بە ئێرانی دەزانێ، بەڵام ئێوە لە هەر شوێنێکی جیهان کوردێکتان پێشک بێ بە بێگانەی دەزانن و وەک هەڕەشەیەک بۆسەر بەرژەوەندی و تەناهیی نەتەوەیی خۆتان حیسابی لەسەر دەکەن؟

ئێستا ئەوا ماوەیەکە پرسی سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم لە کوردستانی باشوور گەرمە. هیچ وڵاتێک ئەوەندەی ئێران کاری جیددیی دیپلۆماسی و سەربازی، بەئاشکرا و بە نهێنی ، بۆ تێک شکاندنی ئەم هەوڵە لە بەرنامەی کاریدا نییە.

هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هێندێک سیاسەتوانی ئێرانی ویستوویانە سەرنجی حکوومەتی ئێران بۆ ئەو خاڵە ڕابکێشن کە بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە جیرانەتیی ئێراندا و لە نێوان دوو دەوڵەتی ڕکابەری ئێران واتە تورکیا و عێراق زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی دیکە بە سوودی ئێرانە. لە ساڵەکانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦دا دکتور مەحموودی ئەفشار بانگەشەی پانتوورانییەکانی تورکیا وەبیر کاربەدەستانی ئێرانی دەهێنێتەوە و پێیان دەڵێ لەبەر ئەوەی کوردەکان لەگەڵ ئێرانییەکان هاورەچەڵەکن، بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە نێوان ئێران و عوسمانیدا بە سوودی ئێرانە و ئێران دەبێ حەولی بۆ بدا. هەر لەو سەروبەندەدا هێندێک لە شارەزایانی سیاسی و کاربەدەستانی ئەوسای ئێران باسی ئەوەیان کردووە کە کێشەی کورد نەک هەر بۆ ئێران خاڵێکی لاواز نییە بەڵکوو دەکرێ وەک خاڵێکی بەهێزیش چاوی لێ بکرێ. دکتور مەحموودی ئەفشار لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوی کردووەتەوە باسی ئەوەی کردووە پێویستە ئێرانییەکان لەناوخۆ هێندێک هەنگاو بۆ باشتر بوونی دۆخی کوردەکانی ناوخۆ هەڵبێننەوە و لە دەرەوەش لایەنگری لە سیاسەتی کوردستانی سەربەخۆ بکەن.[٣]

لە مێژووی دیپلۆماسیی ئێرانیدا دەنگی لە گوێن دەنگی دکتور مەحموودی ئەفشار هەرگیز نەبیستراوە و لە جیاتی «باشتر کردنی دۆخی کوردانی ناوخۆ و لایەنگری کردن لە کوردانی دەرەوە»، «قەڵاچۆ کردنی کوردانی ناوخۆ و پیلانگێری بەدژی کوردانی دەرەوە» بوو بە سیاسەتی ڕەسمی و نەگۆڕی دەسەڵاتبەدەستە ناوەندخوازەکان لە ئێراندا.

ئەم هەموو هەوڵەی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لەناوخۆ و لە دەرەوە بە دژی بزووتنەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک نیشاندەری ئەوە نییە کە لە ئێراندا پرسێک بەناوی پرسی کورد لەئارادا نییە، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە، نیشانەی ئەوەیە پرسێکی زۆر جیددی و کێشەیەکی مێژوویی لە ئێراندا بەناوی پرسی کورد هەیە کە حاکمییەتی ئێران نایەوێ بە ڕەسمیی بناسێ و ئیعتراف بە بوونی ئەم پرسە بکا. ئیعتراف نەکردن بە پرسێکی لەم چەشنە کە کێشەی نەتەوەیەکە، شەڕ و توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە و لەم توندوتیژییەشدا ئەو لایەنە تاوانبارە کە هەر لەبنەڕەتەوە قەبووڵی نییە کە پرسێکی لەم چەشنە هەیە هەتا پێویست بێ بەدوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکدا بگەڕێ.

## گۆڕینی ڕووی پرسەکە یان شێواندنی پرسی کورد

هەوڵێکی دیکە کە بە جیددی لە بەرنامەی

کاری ناوەندخوازەکاندا بووە ئـەوە بووە کە بڵێین ڕاسـتە لە هەندێک برگـەی مێژوویيدا کێشەیەک لە کوردستاندا بوونی هەبووە بەڵام ئەم کێشـەیە کێشـەی خەڵکی کورد نەبووە بەڵکوو کێشـەی چەند حیزبێکی شـەڕانگێز و بەکرێ‌گیـراوی بێگانە بووە کە بە دنەدانی نەیارانـی حاکمییەتـی ئێرانـەوە هەندێک جووڵەیان لەناوچەدا کـردووە. ئەم بۆچوونە، خـۆی چەندیـن وێرژنـی جۆراوجۆری لێ کەوتووەتەوە. لێرەدا ئاماژە بە دوانیان دەکەین:

## بەکرێگیراو بوونی حیزبە کوردییەکان

ئەلف. ئەم قەوانە بەدرێژاییی مێژووی خەباتی کورد پەیتـا پەیتا لەلایەن ناوەندخوازەکانەوە لێدراوەتە. ناوەندخوازەکان دەڵێن هیچ کام لە بزووتنەوەکانی کورد لە برگە جۆراوجۆرەکانی مێژووی خەباتەکەیدا خاوەنی ڕەسـەنایەتی نەبـوون و ئـەم بزووتنەوانـە زیاتـر لەوەی بەسـترابێتنەوە بـە ویسـت و داخوازیـی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەستراونەتەوە بە تاکتیک و سـتراتیژیی هێزە بێگانەکان و نەیارانـی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئێران. لە ڕوانگەی ئەوانەوە بزووتنەوەی کورد لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا جووڵەیەکی کورتخایەنی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو. بزووتنەوەی دوای شۆڕشی ٥٧یش بەسترابۆوە بە دەوڵەتی عێراق و حیزبی بەعس و ڕاسانی تـازەی ڕۆژهەڵاتیـش لە جەمسـەرەکانی عەرەبسـتان و قەتەرەوە گـرێ دراوە. دیارە لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێـک ـ و یەک لەوان ئێـران ـ هەرگیـز بـێ ڕکابـەر و خەنیمی ناوچەیـی نابـێ، کەوابوو ناوەندخـوازەکان دەتوانن هەمیشـە لـە هەنبانـەی بیانوو و وهمی خۆیانـەوە ناوی وڵاتێک یان لایەنێک بهێننـە دەر و پێیـان وابێ شۆڕشـی کورد بەسـتراوەتەوە بەم لایەنەوە. بەڵام هەر وەک گوتمان کارکردی هەڵوێستێکی لەم چەشنە، بێ‌چارەسەر مانەوەی کێشـەیەکی گەورەی وڵات و کارکردی ئەم بێ‌چارەسەر مانەوەیەش سەرهەڵدانی شەڕ و تێکهەڵچوونە.

ناوەندخوازان تەنانەت خۆیشـیان بڕوایان بەم قسـەیەی خۆیان نییە. ئەگەر بەڕاسـتی قسـەی حیزبـە کوردییەکان و لەسـەرووی هەموویانەوە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران، لەجیاتی ئەوەی پێوەندیی بە ویسـتی مێژووییی گەلی کـوردەوە هەبێ، پێوەندیی بە خواسـتی نەیارانی ئێرانەوە هەیە، کەوابوو باشترین هەلوێسـت و پشتپێ‌بەستراوترین هەنگاو بۆ سیسـتمی ناوەندی، بۆ ترۆ کردنی حیزبە کوردییەکان و پێ‌سەلماندنی بەستراوە بوونیان بە هێزی بێگانە و بێ‌بەری بوونیان لە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە جارێک بۆ هەمیشە ڕێفراندۆمێکی ئازاد لە ژێر چاوەدێریی ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستاندا بەڕێوە بچێ، هەتا ڕادەی پێگەی حاکمییـەت و پێگەی حیزبە کوردییەکان لە کوردسـتاندا دەربکەوێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە بەدرێژاییـی مێژوو، دەسـەڵاتی ناوەندی لەم ڕێفرانـدۆم و هەڵبژاردنە خـۆی دزیوەتەوە و هێـزی کوردیش بە تەحەداوە داوای کردووە. هەمـوو لایەک دەزانێ پێگـەی ئەو لایەنەی پێداگری لەسـەر ڕێفرانـدۆم و هەڵبژاردنی ئـازاد دەکا لەچاو ئەو لایەنـەی لە ڕەوتێکی لەم چەشنە تۆقیوە و بە هیچ شێوەیەک ملی بۆ نادا، چەندەیە. دیـارە هێزێک کە ئەوەندە متمانەیـەی بەخۆی هەبێ کـە بەبێ ترس خـۆی بە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئازاد و دەنگی خەڵکی خۆی بسپێرێ، نابێ بەسترابێتەوە بە هێزی بێگانە، بەڵکوو بێ‌شـک بەستراوەتەوە بـە خەڵکی خـۆی. ترسـی حاکمییەت لە حیزبـی دێموکـرات لەبـەر ئـەوە نییە کە بەسـتراوەتەوە بە بێگانە، چونکە حیزبی لەم چەشـنە هەر لەبنەڕەتدا جێگای ترس نییە. ترسی حاکمییەت لەو ڕیشـە بەربڵاوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان لەناو خەڵکی خۆی و لە مێژوو و لە کۆمەڵگای خۆیدا دایکوتاوە.

حاکمییەتی زاڵ بەسەر ئێراندا، نەک هەر لە گشتپرسی بۆ دیاری کردنی ڕادەی جێگە و پێگەی حیزبە کوردییەکان لە کوردستانی دیوی خۆی دەترسێ، بەڵکوو ترسی لە گشتپرسی لە کوردستانی دەرەوەی سنووری خۆیشی هەیە. واتە گرفتی ئەم شێوە سیستمە سیاسییانە هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ مافی دیاری کردنی چارەنووسە. «شەڕ» و «پیلان» دوو وڵامە کە حاکمییەت بۆ ئەم ویستە دەیداتەوە: شەڕ، زیاتر لەناوخۆی سنوورەکانی و بۆ کوردەکانی دیوی خۆی و پیلان زیاتر بۆ کوردەکانی دەرەوەی سنووری خۆی. ئەم دوو سیاسەتە بە سروشتی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراون. کەوابوو با شرۆڤەکارانی خۆماڵی، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی شەڕ و شێواندن، «تەتهیر» نەکەن.

ب. هەڵێنجان لەسەر بنەمای خراپترین هۆ- هەڵدان

لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بیر و زانستدا چەندین جۆری بەڵگەهێنانەوە هەیە. جۆرێک لە بەڵگەهێنانەوە بریتییە لە «ئیستقرا»[۴] واتە ڕیز کردنی نموونە هەندەکییەکان بۆ گەیشتن بە بابەتێکی گشتی. جۆرێکی تر لە بەڵگەهێنانەوە بریتییە لە «قیاس»[۵] . قیاس پێچەوانەی ئیستقرایە؛ واتە گەیشتن لە بابەتە گشتییەکانەوە بە بابەتە هەندەکییەکان. جۆرێکی تری بەڵگەهێنانەوە کە هەم لە زانستدا و هەم لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر باوە و کەم قسەی لێ کراوە بریتییە لە «هەڵێنجان لەسەر بنەمای باشترین هۆ- هەڵدان»[۶]. لەم شێوە بەڵگە هێنانەوەیەدا بۆ شیکاریی دیاردەیەک چەندین مەزەندە دەکرێ. لەناو گشت ئەم مەزەندانەدا ئەوەی لە هەموویان وێچووتر و ماقووڵتر بێ، وەک لێکدانەوەیەکی پشتپێبەستراو بۆ دیاردەکە حیسابی لەسەر دەکرێ.

بۆ نموونە وای دابنێین کەسێک دەخەوێ و دوای چەند کاتژمێرێک لە خەو هەڵدەستێتەوە. کاتێک ئەم کەسە ویستوویە بخەوێ وڵات ویشک بووە. بەڵام کاتێک بەئاگا هاتووەتەوە دیویە وڵات تەڕە. ئەم کەسە بۆ لێکدانەوەی تەڕ بوونی وڵات دەتوانی زۆر مەزەندەی جۆراوجۆر بکا. مەزەندەیەک ئەوەیە کاتێک ئەم کەسە لە خەودا بووە، فڕۆکەیەک هاتووە و وڵاتی ئاوپڕژێن کردووە. مەزەندەیەکی تر ئەوەیە خەڵکی دەروجیران هەموویان پێکەوە حەسار و بەردەرکە و سەربانی ماڵەکانیان شوتووەتەوە. مەزەندەیەکی تر ئەوەیە کەسەکە گومان لەو شتە بکا کە بەچاو دەیبینێ و پێی وابێ لەبەر ئەوەی تازە لە خەو هەستاوە، چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکا، ئەگینا وڵات تەڕ نییە. مەزەندەیەکیش ئەوەیە لەو کاتەدا کە ئەم کەسە لەخەودا بووە، ڕێژنە بارانێک دایکردووە و وڵاتی تەڕ کردووە.

> ترسی حاکمییەت لە حیزبی دیموکرات لەبەر ئەوە نییە کە بەستراوەتەوە بە بێگانە، چونکە حیزبی لەم چەشنە هەر لەبنەڕەتدا جێگای ترس نییە. ترسی حاکمییەت لەو ڕیشە بەربڵاوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان لەناو خەڵکی خۆی و لە مێژوو و لە کۆمەڵگای خۆیدا دایکوتاوە

هیچکام لەو مەزەندانەی باسیان لێ کرا، مەزەندەی ئەوتۆ نین بەهیچ کلۆجێک نەگونجێن و شیمانەیان لە ئاستی سیفردا بێ، بەڵام دیارە وێچووترین و ماقووڵترین مەزەندە ئەوەی دواییانە. واتە کاتێک ئەو کەسە لەخەودا بووە، بارانێک دایکردووە و وڵاتی تەڕ کردووە.

ئەمە نموونەیەکی ساکار بوو لەم شێوە بەڵگە هێنانەوەی پێی دەڵێن «هەڵێنجان لەسەر بنەمای باشترین هۆـ هەڵدان». لەم نموونەیەدا و لە زۆر نموونەی دیکەدا، گەیشتن بە مەزەندەی ناڕاست و هەڵە، ڕەنگە ئەنجامی زۆر کارەساتباری لێ نەکەوێتەوە. بەڵام کاتێک باسەکە باسی سیاسەت و

ویست و داخوازیی خەڵکێکە، گەیشتن بە مەزەندەی هەڵە و ڕێکخستنی بەرنامەکان لەسەر بناغەی ئەم مەزەندە هەڵەیە، ڕەنگە ئەنجامی کارەساتباری لێ بکەوێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی ئاوەدانیی دەڤەرێک و ژیانی خەلکێکی زۆر تێدا بچێ. لە زۆر بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پشتبەستنی دەمارگرژانە بە مەزەندەی هەڵە شەڕ و ناکۆکیی لێ دەکەوێتەوە. هەڵبەت ئەمە دیوی خۆشبینانەی باسەکەیە. واتە گریمانەی ئێمە ئەوەیە لەم ناوەدا لایەنی دەسەڵات بەدەست دەخوازێ ڕاستییەکان ببینێ بەڵام بەهەر هۆیەک بێ، لە دیتنی ڕاستییەکاندا تووشی هەڵە دەبێ. ئەو کاتەی لایەنی دەسەڵات بەدەست خۆی باشتر لە هەر کەسێکی دیکە ڕاستییەکە دەزانێ بەڵام نایەوێ یان لە بەرژەوەندییدا نییە کە دانی پێدا بنێ و بەپێچەوانەوە بە هەموو شێوەیەک بیهەوێ حاشای لێ بکا ئەوە شیمانەی ڕوودانی شەڕ و تێکهەڵچوون یەکجار بەرز دەبێتەوە.

توێژەران و سیاسەتوانان بۆ لێکدانەوەی دیاردەی «کێشەی کورد لە ئێراندا» دەتوانن دەستەوداوێنی زۆر مەزەندە بنەوە. دەکرێ بگوترێ کێشەی کورد خوڵقاوی دەستی زلهێزەکان و زایۆنیزمی جیهانییە و حیزبە کوردییەکان بەکرێگیراوی ئەوانن. ڕەنگە بگوترێ ڕکابەرە ناوچەییەکانی ئێران و هاوسێ ناکۆکەکانی ئەم وڵاتە ئەم کێشەیان خوڵقاندووە هەتا بتوانن لە کاتی پێویستدا کەڵکی خۆیانی لێ وەربگرن. ڕەنگە بڵێن کەمینەیەکی ئاژاوەچی و مافیایی لەناو کورداندا هەن کە نوێنەرایەتیی هیچکام لە چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ناکەن بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەم کێشەیان خولقاندووە.

**ئەگەر بزاڤی ئازادیخوازیی کورد وەپاڵ بێگانە بدرێ، دەبێ ئەم پرسیار گرینگە وەڵامی پێ بدرێتەوە کە ئەوە چ وڵاتێک و چ جۆرە حاکمییەتێکە بە درێژایی سەدەیەک، ناوچە بە ناوچەی هەرێمێکی تایبەتی بووە بە شوێنی نفووزی بێگانە؟**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەستەوداوێن بوونی ئەم جۆرە مەزەندانە لە جیاتی ئەوەی «هەڵێنجان لەسەر بنەمای باشترین هۆـ هەڵدان» بێ، «هەڵێنجان لەسەر بنەمای خراپترین هۆـ هەڵدان»ە. بەڵگەمان بۆ ئەم قسەیە چییە؟

پ. تاقیکردنەوەی ڕەوتەکان بە هۆی بەردەوامیی مێژوویی و بەربڵاویی جوغرافییەوە.

زەرفی تاقی کردنەوەی سیاسەتەکان و ستراتێژییەکان و ئایدۆلۆژییەکان، مێژوو و کۆمەڵگایە. پێویستە هەم کات و هەم شوێن هەتا ڕادەیەکی گونجاو خۆیان لەبەر یەک بکێشنەوە هەتا ڕادەی کارامەیی و ناکارامەیی ڕەوتێک یان ڕوانینێک لەم کات و شوێنە کراوەیەدا خۆی نیشان بدا. کات لە مێژوودا گەریانی دەبێ و شوێنیش لە کۆمەڵگا و جوغرافیادا. با چاوەدێرێکی واقیعبین لە واقیعی مێژوو و کۆمەڵگای کوردی ورد بێتەوە:

ـ لە ڕووی مێژووییەوە چ برگەیێک لە مێژووی هاوچەرخ هەبووە، کورد دەرفەتێکی بۆ وەگەڕ خستنی بزاڤی ڕزگاریخوازانە لەبەردەستدا بووبێ و ئەم دەرفەتەی لەکیس دابێ؟ لە چ برگەیەکی مێژووییدا کورد بە ئازادی یان بە نهێنی باجی بۆ خەباتی نەتەوەخوازانە نەداوە؟ خەباتی کورد لە دیوی ئێراندا لانی کەمەکەی لە کاتی سمکۆوە هەتا ئێستا بەردەوام بووە. ئێنجا ئەگەر کەش و هەوای سیاسیی وڵات داخراو و پڕ لە زەبر زەنگ بووە، خەباتەکەی بە نهێنی بەڕێوە بردووە و ئەگەر کەشەکەش بڕووکەیەک کراوەتەوە خەباتی کوردیش ئاشکراتر و ڕاشکاوانەتر بووە.

ـ لە ڕووی جوغرافی و پانتایی کۆمەڵگاوە

خەباتی کورد هەر هاتووە و لە جوغرافیاییەکەوە تەشەنەی کردووە بۆ جوغرافیاییەکی دیکەوە. ئەگەر حەفتا ساڵ لەمەوبەر شارێکی کوردستان دەوری ناوەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردی گێڕاوە، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی چەندین ناوەندی گەورە و گرینگە و پێشبینیی ئەوە دەکرێ هەتا چەند ساڵی داهاتوو ئەم فرەناوەندییە هێندەی دیکەش بەربڵاوتر بێتەوە.

ئەگەر بزاڤی ئازادیخوازیی کورد وەپاڵ بێگانە بدرێ، دەبێ ئەم پرسیار گرینگە وڵامی پێ بدرێتەوە کە ئەوە چ وڵاتێک و چ جۆرە حاکمییەتێکە بە درێژاییی سەدەیەک، ناوچە بە ناوچەی هەرێمێکی تایبەتی بووە بە شوێنی نفووزی بێگانە؟

ڕەنگە لایەنی کوردی هەتا ئێستا بە جیددی ئەم پرسیارەی بەرەورووی ئایدۆلۆژیی ناوەندخوازانە نەکردبێتەوە کە بۆچی تەمەنی بزاڤی ڕزگاریخوازنەی گەلی کورد لە تەمەنی هەموو دوڵەتەکانی هاوچەرخی ناوەندگەرا زیاتر بووە؟ کاتێک ڕەزاشا دەوڵەتی دامەزراندووە، بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لەگۆڕێدا بووە. دەسەڵاتی ڕەزاشا ڕووخاوە، بزاڤی کورد گەرموگوڕتر بووە. گەلی کورد لە زەمانی حەمەڕەزاشادا کۆمارێکی نەتەوەیی دامەزراند و شۆڕشی ۴۶-۴۷ی بەڕێوە برد. تەختوبەختی حەمەڕەزاشاش تێک چوو، خەباتی کورد هەر تێک نەچوو. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شێستی هەتاویدا یەکێک لە گەورەترین بزاڤەکان لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بوو. کێ هەیە نەزانێ ئەگەر ڕۆژێک کۆماری ئیسلامیش بڕووخێ خەباتی کورد دیسان پەرەسەندووتر و گەشەکردووتر دەبێ؟

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەگەر کەسێک بیهەوێ بەراستی هەڵێنجانێک لەسەر بنەمای باشترین هۆ- هەڵدان بۆ کێشەی کورد بەدەستەوە بدا، دەبێ دان بەوەدا بنێ کە لەناو گەلی کورددا ویستێکی بەگوڕی مێژوویی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییە زەوتکراوەکانی هەبووە و نوێنەرە سیاسییەکانی گەلی کورد ئامادەن باجی خەبات لە پێناو ئەم ئامانجە بدەن.

لایەنی ناوەندخواز ـ جا چ ناوەندخوازی دەسەڵات بەدەست بێ و چ ناوەندخوازی دەرکراو لە دەسەڵات بێ ـ نەک هەر هەڵێنجانەکەی لەسەر بنەمای باشترین هۆ- هەڵدان نییە، بگرە دەستەوداوێنی خراپترین و نەشیاوترین شیکارییەکانیش دەبێ. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم چەشنە بەرەوروو بوونەوە دواکەتووانەیە لەگەڵ کێشەی نەتەوەیەک، بەرچاوترین هۆی شەڕ و تێکهەڵچوون و نائارامی و ناسەقامگیرییە.

## شەرفرۆش بوونی حیزبە کوردییەکان

ئەکبەری گەنجی، لەم وتارانەی کە لەسەر کێشەی کورد لە ئێراندا بڵاوی کردوونەتەوە، بانگەشەیەکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی مێژووی هاوچەرخی کورد هێناوەتە گۆڕ. بانگەشەکە ئەوەیە کە شۆڕشی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا سەرکەوت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٣ی ڕێبەندان واتە ڕۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنە سەرکاری سیستمی تازە، شەڕی خۆی بە دژی ئەم سیستمە و بە هێرش بردنە سەر پادگانی مەهاباد دەست پێکرد و هەر درێژەی ئەم شەڕە بوو کە دواتر زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

دوای ئەکبەری گەنجی، هەندێک لە چالاکە سیاسییەکانی ئێرانی ئەم بانگەشەیەیان دووپات کردووەتەوە و لە نووسین و وتووێژەکانیاندا گوتیانەوە.

بەر لەوەی لە ڕادەی ڕاستی یان ناڕاستیی ئەم بانگەشەیە بکۆڵینەوە، ئاماژە کردن بە چەند خاڵێک پێویستە:

یەکەم. هەوڵی لەم چەشنە، عادەتەن لەبواری «بوولتەن نووسی» و «پەروەندە سازی»دا بەڕێوە دەچن. ئەم هەوڵانە بۆ شوێندانان و ڕێکخستنی بیروڕای گشتیی خەڵک و خۆراکپێدانی ئایدۆلۆژیکی هێزەکانی حاکمییەت و تەنانەت هێزەکانی دەرەوەی حاکمییەتیش جێبەجێ دەکرێن. لە بوولتەن نووسیدا، بانگەشەیەک، هەواڵێک، شیکارییەک یان پێشنیارێکی بەکردەوە لەلایەن کەسێکەوە یان لایەنێکەوە بەرهەم دێ و دواتر هەر ئەم گوتەیە بە شێوەی هەراو (انبوه) لە لایەن کەسانی دیکەوە دەگوترێتەوە هەتا مێکانیسمی شوێندانان لەسەر بیروڕای گشتی بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێ.

دوای ئەوەی گەنجی ئەم بانگەشەیەی بەرهەم هێنا، دەستبەجێ لەلایەن کەسانێکی وەک محەممەدی سەهیمی و عەتائوڵلا موهاجرانی و هەندێک کەسی دیکەوە قۆستراوە و بە دژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دووپات کراوە. ئەکبەری گەنجی کاری خۆی لە سوپای پاسدارانا بە بوولتەن نووسی دەست پێ کرد. دواتریش کە بوو بە ڕەخنەگری باڵی توندئاژۆی حاکمییەت، یەکجار زۆر کەڵکی لە شارەزاییی خۆی لەم بوارەدا وەرگرت.

دووەم. ئەم شێوە ڕیوایەت و سێناریۆیانە لە بنەڕەتدا بۆ ڕەوایی بەخشین بە هێرشی حاکمییەت بۆ سەر کوردستان و پاساودانی شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەی ڕێژیمی تاران لەگەڵ پرسی کوردە. عەتائوڵلاهی موهاجرانی لە بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنی بی‌بی‌سی دا وەک پاساو هێنانەوە بۆ هێرشی چەکداریی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و شەپۆلی ئیعدامەکانی سیستم لە کوردستان بە دەستی کەسانیکی وەک خەڵخاڵی، گوتی حیزبە کوردییەکان لە سبەینێی ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشەوە، چەکیان بە دژی دەوڵەتی تازە هەڵگرت و هەر دەوڵەتێکیش لە جیاتی دەوڵەتی ئێران بایە، هەر بەم شێوەیە لەگەڵ گرووپێکی شەڕخوازی چەکداردا بەرەوڕوو دەبووەوە. حەمیدڕەزا جەلایی پوور و مستەفا تاجزادەش هاوشێوەی ئەم قسانەیان دووپات کردووەتەوە.

ئەم شێوە بۆچوونانە نەک هەر بۆ پاساودانی شەڕ و ئیعدامەکانی ڕابردوو لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش دەردەبردرێن، بەڵکوو بێ‌گومان زەینییەتی باڵی ڕیفۆرمخوازی حاکمییەت و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسۆنی ئێرانیش بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی داهاتوویان لەگەڵ کێشەی کورد نیشان دەدەن.

تەنزی مێژوو ئەوەیە کەسانێک کە پاساو بۆ شەپۆلی ئیعدامەکانی خەڵخاڵی لە کوردستان دەهێننەوە، خۆیان بە دژی شەڕ و توندوتیژی دەزانن، ئەو حیزبەش کە سکرتێرەکەی لەسەر مێزی وتوویژ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، هەر بە دەستی لایەنی وتوویژکار!! کوژراوە بە شەڕخواز دەناسێنن.

با بگەڕێینەوە بۆ ڕیوایەتی ئەکبەری گەنجی لە شەڕی ڕێژیم لە کوردستان کە ئێستا بووە بە ڕیوایەتی ڕەسمیی ناوەندخوازەکان، لە دەسەڵاتبەدەستەکانەوە بگرە هەتا ڕیفۆرمخوازەکان و هەتا ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش.

گوتمان لە ڕیوایەتی گەنجی و هاوبیرەکانیدا حیزبی دێموکرات تاقە ڕۆژێکیش نەیتوانی لەگەڵ سیستمی تازەدامەزراودا هەڵ بکا و لە ٢٣ی ڕێبەنداندا ڕۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە شێوەی چەکداری هەڵیکوتایە سەر پادگانی مەهاباد و بەم شێوەیە شەڕی نێوان ڕێژیم و حیزبی دێموکرات دەستی پێ کرد. لە هەموو سیستمە سیاسییەکانی جیهانیشدا دیارە چۆن مامەڵە لەگەڵ گرووپێکی چەکداری بەرهەڵستکاردا دەکرێ. کەواتبوو هێرشی چەکداریی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان و ئیعدامەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش

و ئی دوای ئەویش کردەوەیەکی پاساوهەڵگرە.
دیارە سێناریۆکەی گەنجی درۆیە و بۆیە هەڵبەستراوە هەتا پاساودەری جینایەتەکانی ڕێژیم بێ. لە سیناریۆی گەنجیدا شۆڕش ئەمرۆ لە تاران سەرکەوتووە و دەزگاکانی سیستەمی تازە بۆ ڕۆژی دوایە لە دوورترین شوێنەکانی ئێران و یەک لەوان لە مەهابادا دامەزراون و سەقامگیر بوون. ئینجا ئەو هێرشەی ڕۆژێک دواتر کرایە سەر پادگانی مەهاباد نەک هێرش بۆ سەر پاشماوەکانی سیستەمی پاشایەتی بەڵکوو هێرش بۆ سەر حاکمییەتی سیستەمی تازە بووا! دیارە ئەوەش بەمانای ئیعلانی شەڕ بە دژی سیستەمی تازە بووە و پیاو حەق بڵێ، سیستەمی تازە، بەستەزمان جگە لە شەڕێک کە وا دەمودەست بەسەریدا سەپاوە، چ بژاردەیەکی دیکەی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەی کورد بۆ نەماوەتەوە و جگە لە پیاوێکی شەریفی وەک خەڵخاڵی ـ وەکوو سەمبۆلی حاکمیەتی تازە ـ کەسی دیکەی نەبووە هەتا وەک قازیی شەرع بینێرێ بۆ کوردستان.
لە سیناریۆی گەنجیدا لە هەموو ئەو حالەتانەی ـ لە شوێنەکانی دیکەی ئێراندا جگە لە کوردستان ـ خەڵک هەڵیانکوتاوەتە سەر ناوەندە نیزامییەکانی بەجێماو لە سیستەمی پاشایەتی، ئەوا خەڵکەکە «خەڵک» بوون و ناوەندەکانیش «پاشماوەی ڕێژیمی پاشایەتی» بوون، بەڵام لە مەهابادا «خەڵک» لەم هەلومەرجە شۆڕشگێرانەیەدا زۆر ئارام و مەند و قووڵ لە ماڵی خۆیان یان لەسەر کاری ڕووتینی ڕۆژانەی خۆیاندا بوون و ئەوە جەماعەتێکی شەڕانگێزی ئاژاوەچیی سەر بە بێگانە بوون کە هێرشیان کردە سەر پادگانی مەهاباد و هێزەکانی ناو پادگانی مەهابادیش هێزی وەفادار بە سیستەمی تازە بوون!
ڕەنگە ئەو خوێنەرەی بە وردی ئاگاداری ئەمە نەبێ لە «بوولتەن نووسی»دا چ دەکرێ، ئێستا تا ڕادەیەک بەم نهێنییەی زانیبێ.
ئەمە یەکێک لە دەیان ڕیوایەتی ناراستی حاکمییەت بۆ ڕەوایی بەخشین بە هێرشی چەکداری بۆ سەر کورستان و گرتنە پێشی سیاسەتی کوشتن و برینە. ئێمە نامانەوێ ئێستا و لەم نووسراوەیەدا دانە دانە ناراست بوون و هەڵبەستراو بوونی ئەم ڕیوایەتانە نیشان بدەین.[۷] ئامانجی ئێمە ئێستا زیاتر ئەوەیە نیشان بدەین چۆن بەرهەم هێنانی ئامانجدار و بڵاوکردنەوەی سیستەماتیکی ئەم سێناریۆیانە دەبن بە پێشبار و زەمینەخۆشکەری هێرش بۆ سەر کوردستان. ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە ئەم لایەنە پێویستی بەم جۆرە سێناریۆیانە هەیە کە شەڕی دەستی پێ کردووە و درێژەی پێ داوە و ئێستاش وەکوو بژاردەیەکی حازر و بزر لە هەنبانەی ملهوریی خۆیدا پاراستوویە و هەر کاتێک کەیفی لێ بێ دەستی بۆ دەبا و دەیەوێ خەڵکی مافخوازی پێ چاوترسێن بکا.[۸]

**ئامانجی ئێمە ئێستا زیاتر ئەوەیە نیشان بدەین چۆن بەرهەم هێنانی ئامانجدار و بڵاوکردنەوەی سیستەماتیکی ئەم سێناریۆیانە دەبن بە پێشبار و زەمینەخۆشکەری هێرش بۆ سەر کوردستان**

گەنجی بەئانقەست یان بەبێ قەست بۆ هەڵبەستنی بانگەشەکەی سێ هەڵەی پێکەوە تێکەڵ کردووە:
یەکەم. حوکمی دەورانی سەقامگیری داوە بە دەورانی شۆڕش
دووەم. حوکمی ناوچەیەکی ـ کە خۆی پێی ناوەندە ـ داوە بەناوچەیەکی دی ـ کە خۆی پێی پەراوێزە ـ
سێیەم. حوکمی نەهادێکی سیاسی داوە بە نەهادێکی سەربازی
ئەوە لە دەورانی سەقامگیری و ئارامیی وڵاتدایە کە حوکمێک لە ناوەندێکی بڕیاردەری

بالادا پەسند دەکرێ و ئەم حوکمە بۆ رۆژی دواتر لە هەموو ناوچەکان بەرێوە دەچێ. ئایا دوای رۆژی بیست و دووی رێبەندان هەموو ئەو هێزانەی پێشتر وەفادار بە سیستەمی پێشوو بوون، بەشێوەیەکی ئوتووماتیک بوون بە وەفاداری سیستەمی تازە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بێ گومان «نا»یە. بەڵام با وای دابنێین وەڵامەکەی «ئەرێ»یە. لە هەڵومەرجێکی ئەوتۆدا «سیستەمی تازە» دەلالەتی بۆ چ سیستەمێک هەیە؟ ئایا لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا سیستەمی تازە ئەو هێزانە بوون کە لە هەناوی خەڵک و لە هەناوی شۆرشەوە سەریان هەڵدابوو، بەڵام لە کوردستاندا ئەو هێزانەی وا لە هەناوی خەڵک و شۆرشەوە سەریان هەڵدا نەدەبوو بە بەشێک لە ئاڵوگۆرەکە حیسێب کرابان؟ ئایا هێزەکانی کورد لە کوردستان دەبوو زوو مەیدان چۆل بکەن و دەنگ و ویستیان کپ بکرێ؟ لە روانگەی کەسانی وەک گەنجییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە «ئەرێ»یە. واتە کە شۆرش کرا ئەوە شۆرشگێرەکانی تارانی و شیرازی و ئیسفەهانی و تەوریزی بوون کە دەبوایە نەهادە حکوومییەکانیان لە پاشماوەکانی سیستەمی پێشوو تەحویل وەرگرتبایە، بەڵام «شۆرشگێری کورد» دەبوو چاوەرێی گەیشتنی نوێنەرەکانی شۆرش لە تاران و تەورێز و شیراز و ئیسفەهانەوە بووایە هەتا دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی «رادەست»ی ئەوان بکردایە. واتە لە هەموو شوێنەکانی دیکە ئەوە خەڵک و رۆڵەکانی شۆرش واتە هێزەکانی هەڵقوڵاو لە شۆرش بوون کە خاوەنی شۆرشەکە بوون بەڵام لەشوێنێ وەک کوردستاندا رۆڵەکانی شۆرش بە چاوی «زر» چاویان لێ دەکرا و دەبوو چاوەروان مابانەوە هەتا لە رۆژی خۆیدا هێزەکانی ناوەند و رۆڵە راستەقینەکانی شۆرش بگەنە کوردستان و ئەمانەتەکەیان تەحویل وەردەگرنەوە! ئێستا راستییەکی یەکجار زۆر گرینگمان بۆ روون دەبێتەوە:

بەپێچەوانەی قسەی گەنجی ئەوە هێزە کوردەکان نەبوون کە تاقە رۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆرش شەری خۆیان بە دژی ناوەند دەست پێ کرد. بەڵکوو ئەوە هێزە ناوەندخوازەکان بوون کە تاقە رۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆرش سیاسەتی هەڵاواردن و جودا کردنەوەیان دەست پێکرد و ئیرادەی خۆیان بۆ بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە ئاشکرا کرد. لێرەشدا بە هەندێک سەرنج و لێوردبوونەوە، ئایدۆلۆژیی بەراوەژووکەرەوەی ناوەندخوازەکان بەرە بەرە ئاشکرا دەبێ. بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە بزانین دەزگای ئایدۆلۆژیک و گوتارساز بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاکسیۆنەکان و ئەکتەرەکان هەر لەناو دەزگا حکوومییەکاندا نامێنێتەوە و تەنانەت لەناو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا کاری خۆی دەکا.

بۆ ئێمەی کورد زۆر گرینگە بزانین دەزگای ئایدۆلۆژیک و گوتارساز بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاکسیۆنەکان و ئەکتەرەکان هەر لەناو دەزگا حکوومییەکاندا نامێنێتەوە و تەنانەت لەناو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا کاری خۆی دەکا

بۆ ئەوەی هەڵبەستراو بوونی بانگەشەکەی گەنجی و پاساودەر بوونی ئەو بانگەشەیە بۆ هێرشی چەکداری بۆ سەر کوردستان زیاتر دەربخەین، با چاوێک بە هەواڵی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمی ئێراندا بخشێنین و بزانین دوای ٢٢ی رێبەندان، چەند کردەوەی هاوشێوەی هێرشی شۆرشگێرانی کورد بۆسەر پادگانی مەهاباد لە باقی شوێنەکانی ئێراندا بەرێوەچوون و چۆن لەم شوێنانەی دیکە هەر ئەم کردەوانە بە کردەوەی شۆرشگێرانە حیسێب کراون!

بەشێک لە هەواڵەکانی رۆژی ٢٣ی رێبەندانی ١٣٥٧:

- پادگانەکانی باغی‌شـــا، عیشــرەت‌ئاباد، حیشــمەتییە، زیندانی قەســر، عەباس‌ئاباد، جی، مێهرئاباد و پادگانی شـــاهپوور [لەلایەن شۆڕشگێرانەوە] دەستیان بەسەر داگیرا.
- ســاختومانی ناوەندیــی ســاواک لــە سەڵتەنەت‌ئاباد دوای نۆ سەعات شەڕی چڕیکی لەلایەن خەڵکەوە دەستی بەسەرداگیرا.
- لە خوررەمئابادی لورستاندا لە شەڕێکی تونــد کە لە نێــوان خەڵــک و ژاندارمەکاندا ڕوویدا، هەندێک کەس کوژران.
- جێگــری لەشــکری زرێهــی قەزوین لەتاران لەلایەن خەڵکەوە کوژرا.
- جێگــری فەرماندەری گاردی جاویدانی شا کوژرا.
- خەڵک بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیندانی ئێوین هەوڵیان دا.
- فەرمانـــدەری هێــزی زەمینی شـــا لە هێرشی خەڵک بۆ سەر شوێنی کاری کوژرا.
- خومەینــی لە پەیامێکدا بۆ ڕاکێشـــانی هاوکاری ئەرتەش ڕایگەیاند:
«من بە فەرمانده‌رانی ئەرتەشی ڕادەگەیەنم ئەگەر بێتو نەهێڵن ئەرتەش دەســتدرێژی بۆســەر خەڵک بــکا و تێکەڵ بــە میللەت و دەوڵەتی یاسایی میللیی ئیسلامی بن، ئەوان بە بەشــێک لە گەل و گەلیش بە بەشــێک لەوان دەزانم و وەک بــرا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم.»[۹]
لە پەیامەکەی خومەینییەوە زۆر چاک ئەوە هەڵدەهێنجرێ کە هێشتا هەموو فەرماندەرانی ئەرتەش و هەموو ناوەندە نیزامییەکان خۆیان بە دەســتەوە نەدابوو و لە هەندێک شــوێندا هێشتا هەر لە بەرانبەر هێزە شۆڕشگێڕەکاندا خۆڕاگرییــان دەکرد. هەر بۆیــە هەواڵی لەم چەشنە لە ڕۆژەکانی دواتریشدا هەر درێژەیان هەبوو.
هەواڵــی لەم چەشــنە کە نیشــان دەدا هەندێک هێزی وەفادار بە سیستمی پاشایەتی هێشــتا خۆیان بەدەســتەوە نــەداوە و هێزە شۆڕشـــگێڕەکان هێشتا هەر هێرشیان بۆسەر دەکەن لە ڕۆژانی دواتریشدا دەبیسترێ. وەک نموونە:

۲۴ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷:
- ســەرلە بەیانی ئەمڕۆ لە چەند شوێنی تاران لەناو ماشێنەوە تەقە لە پاسداران کرا.

۲۵ی ڕێبەندان
- مەئمووران‌ــی ســاواک و هەندێــک لە هێزەکانــی ئەرتــەش [ی شاهەنشــاهی] لە تەورێز بوون بە هۆی تێکهەڵچوونی توندوتیژ. لەم شــەڕ و تێکهەڵچوونانەدا، هەندێک کەس کوژران و هەندێکیــش بریندار بوون و چەند بەشێک لە شاری تەورێز ئاوریان تێبەردرا.[۱۰]

۲۷ی ڕێبەندان
- لــە قەزوین بەهۆی هێرشــی خەڵکەوە چەند فەرماندەرێکی ئەرتەش گیران و ناردران بۆ تاران.[۱۱]
- لــە تەورێز هەندێک لــە فەرماندەرانی ئەرتەش گیران و ناردران بۆ تاران.[۱۲]

کارێکــی دژوار نییــە هەواڵی هێرش بۆســەر پادگانی مەهابادیش لە ڕســتەیەکدا بەدوای هەواڵەکانی پێشــوودا بنووسین و بیر لەوە بکەینەوە کە ئــەوە کامە زەوینییەتە ئەم هەواڵــە هاوشــێوەیە و بکەرەکانی کردەوەکە و سروشــتی کردەوەکــە لەوانــەی پێشــوو هەڵداوێــرێ و نیشــانەی پرســیاری لەپێش دادەنێ؟
پێویســت بەوە ناکا حەتمەن شــیکاریی گوتار بزانین یان شــرۆڤەکارێکی سیاســی لەزەبر بین هەتا بزانین، ئەم هەواڵەش هەر لە ڕەگەزی هەواڵەکانی پێشوو بووە و تەنانەت بە شێمانەیەکی زۆر ئیلهامی لەوانیش وەرگرتووە و لەگەڵ ئەوان هاوئاراســتە و هاوسروشــت بووە. بەڵام پرســیاری گرینــگ ئەوەیە لەناو ئە هەموو خەڵکە و لەناو ئەو هەموو شــوێنە و لەناو ئەو هەموو کردەوانە، بۆچی ئەوە خەڵکی کورد و جوغرافیای کوردســتان و کردەوەی هێــزە کوردییەکانە کە جــودا دەکرێتەوە و

حیسابێکی دیکەی جگە لە حیسابی نموونە هاوشێوەکانی دیکەی بۆ دەکرێ؟

ڕەنگە بکرێ سێ وڵام بەم پرسیارە سەرەکییە بدرێتەوە.

ـ وڵامی یەکەم ئەوەیە کە جیاوازیی کوردستان لەگەڵ شوێنەکانی دیکە ئەوەیە کە لە کوردستاندا کێشەیەکی ئەتنیکی لەگۆڕێدا هەیە کە لە هەندێک شوێنی دیکە ڕەنگە لە گۆڕێدا نەبێ، کەوابوو نەدەبوو ئاکسیۆنێکی ئەوتۆ لەوێ بەرێوە چووبا.

ئەم وڵامە چەند گرفتێکی زۆر سەرەکی بۆ ناوەندخوازەکان دروست دەکا. گرفتێک ئەوەیە کە زۆریەک لە ناوەندخوازەکان هەر لە بنەڕەتەوە حاشا لە بوونی کێشەی کورد دەکەن. لێرەدا ئاماژە کردن بە بوونی کێشەیەکی مێژوویی بەناوی کێشەی کورد بەنیازی تاوانبار کردنی کردەوەیەکی وەک هێرش بۆ سەر پادگانی مەهاباد، نیشانەی ئەوەیە حاشا کردنی ئەوان لە کێشەی کورد هەر لەبنەڕەتدا لەگەڵ بڕوای ڕاستەقینە و قەناعەتی نهێنیی خۆیشیاندا ناتەبایە. ئەوان دەزانن کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد بوونی هەیە بەڵام حاشای لێ دەکەن. ئایا ئەوە دەروازەی هەڵاییسانی شەڕ لە کوردستان نییە؟

گرفتێکی دیکەی ئەم وڵامە ئەوەیە کە هەر لەبنەڕەتدا شۆڕش بە دژی سیستمی پێشوو، بە هۆی کەڵکە بوونی گرفتی لەم چەشنەوە ڕووی داوە و کۆمەڵانی خەڵک بەم هیوایە شۆڕشیان کردووە کە لە سیستمی تازەدا ئەم گرفتانە نەمێنن. کەوابوو یەکەمین هێزی «دژی شۆڕش» ئێوە بوون و یەکەمین ئاکسیۆنی «دژی شۆڕش» و یەکەمین پاشگەز بوونەوە لە «ئارمانجەکانی شۆڕش» و بەگشتی یەکەمین هۆ بۆ هەڵاییسانی شەڕ لە کوردستان لەلایەن ئێوە و بە گەڕانەوەتان بۆ دۆخێک لە دۆخەکانی پێش شۆڕشەوە ڕووی دا.

ـ وڵامی دووەم ئەوەیە بڵێین لە کوردستاندا «حیزب» و «ڕێکخراوەی» سیاسی چالاک بوون و لە باقی شوێنەکانی ئێراندا دیاردەی لەم چەشنە لە گۆڕێدا نەبوو.

ئەم وڵامە لە چەندین لاوە جێگای سەرنجە. ڕاستییەکەی ئەوەیە حیزبی سیاسی دیاردەیەکی مۆدێرنە و بوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی نیشانەی ئاستی پێشکەوتووتری خەباتە. پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە واتە کۆنەپارێزترین و دواکەوتووترین هێزەکان، زیاترین ترسیان لە حیزب و زۆرترین نەگونجانیان لەگەڵ ڕێکخراوەی سیاسییە. حیزبە ئێرانییەکان ـ چ حیزبی ناو دەسەڵات و چ حیزبی دەرکراو لە دەسەڵات ـ ناتوانن خۆیان لەم ڕاستییە نەبان بکەن کە خاوەن پێشینەترین و ڕیشەدارترین حیزبی ئێرانی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەوەش نیشانەی سیستماتیک بوون و خاوەن پێشینە بوون و خاوەن بەرنامە بوونی خەبات لە کوردستانە.

ناوەندخوازەکان بەم وڵامەیانەوە ڕاستیەکی نهێنی ئاشکرا دەکەن. ئەویش ئەمەیە کە ئەوان هیوایان دەخواست هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک لە کوردستاندا نەبووبایە و خەباتی گەلی کورد خەباتێکی ڕێکخراو و مۆدێرن و خاوەن بەرنامە نەبووبا.

لەولاوە دەزانین کە ئەگەرچی حیزبە کوردییەکان زۆر قەدیمیتر و جەماوەریتر لە حیزبەکانی دیکە بوون، بەڵام حیزبە ئێرانییەکان لە باقی شوێنەکانیشدا چالاک بوون. ئەوەی گەورەترین پارادۆکسی خەباتی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانییە ئەوەیە هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئەوسا و ئێستا بە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرانی حیزبی دێموکرات لەلایەن حاکمییەتەوە کەیفخۆش بوون، دواتر خۆیان بە نۆرە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندران. ئەو حیزبە سیاسییە سەرانسەرییانە، ئەوەدەم ئەوەندە بەرچاوڕوونییەیان نەبوو بزانن ئەو مامەڵەی لەگەڵ حیزبی دێموکرات کرا، پێشباری

مامەڵەکەیە کە دواتر لەگەڵ خۆیان دەکرێ. ئێستاش کە مامەڵەی حاکمییەت لەگەڵ خۆیان بە نایاسایی دەزانن، هەمان ئەم بۆچوونەیان بەنیسبەتی مامەڵەی حاکمییەت لەگەڵ حیزبی دێموکرات نییە.

ـ وەڵامی سێیەم ئەوەیە بڵێین هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم کردەوەیە و کردەوە هاوشێوەکانی دیکە لەگۆڕێدا نییە. کەواتوو لەم وەڵامەوە بەم ئەنجامە دەگەین کە زەینییەتێکی نەخۆش ئەوە خەریکی هەڵبەستنی مێژوو و بوولتەن نووسی و پەروەندەسازییە و ئەوانە هەموویان زەمینەخۆشکەری شەڕن. شەڕێک کە ئێوە دەستتان پێ کرد و ئێستاش درێژەی پێدەدەن و پاساوی بۆ دەهێننەوە.

> حیزبی سیاسی دیاردەیەکی مۆدێرنە و بوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی نیشانەی ئاستی پێشکەوتووتری خەباتە. پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە واتە کۆنەپارێزترین و دواکەوتووترین هێزەکان، زیاترین ترسیان لە حیزب و زۆرترین نەگونجانیان لەگەڵ ڕێکخراوەی سیاسییە

## پێکهاتەشکێنیی چەمکی «نەتەوەی کورد»

ڕێگایەکی دیکەی حاشا کردن لە پرسی کورد ئەوەیە زەوتکەرانی مافی کورد ژێستێکی دێموکرات بگرن و بڵێن دیاری کردنی مافی چارەنووس، مافی گەلانە، بەڵام گومان لە نەتەوە بوونی گەلی کورددا هەیە. یان ئەگەر وای دابنێین کورد گەلێکە و زمانی خۆی هەیە، ناکرێ بڵێین بزووتنەوەی کورد نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکا.

پرۆژەی «پێکهاتەشکێنی» بەگشتی سێ وردە پرۆژەی تر لەخۆی دەگرێ:

ـ پێکهاتەشکێنیی چەمکی «گەلی کورد»

ـ پێکهاتەشکێنیی چەمکی «زمانی کوردی»

ـ پێکهاتەشکێنیی چەمکی «بزووتنەوەی نەتەوەخوازانەی کورد»

لەم ساڵانەی دواییدا کەسانێک خەریکن لەسەر ئەم پرۆژەیە کار دەکەن. کاری ئەو کەسانە تێکەڵاوێکی زۆر شپرزە لە کاری مێژوویی و کاری ژوورنالیستی، کاری شێوە لێکۆڵینەوە و شانتاژی مەیلەو سیاسی، مێژووی ڕاست و مێژووی هەڵبەستراو، نووسینی ڕۆژهەڵاتناسەکان و قسەی سەرزارەکی خەڵکی ئاسایی و شتی لەم چەشنەیە. تۆ لە وتاری کەسێکی وەک ئیحسانی هووشمەنددا لە نەقڵی قسەکانی مینۆرسکی و مەکێنزییەوە دەربارەی زمانی کوردی بەسەر گێرانەوەیەکی سووک و چرووکی بیرەوەرییەکی شەخسیدا دەکەوی کە گوایە کەسێکی کرمانج هاتووە و لە زانستگای سنە قسەی کردووە و خوێندکارە سنەییەکان لە زاراوەکەی نەگەیشتوون! یان لە زنجیرە بەڵگەیەک کە دەیانهەوێ نیشان بدەن زمانی کوردی تاقە زمانێکی واحید نییە و چەندین زمانی جیاواز لەخۆ دەگرێ و بۆ نموونە کرمانجی سەروو خۆی زمانێکە و کرمانجی ناوەڕاستیش زمانێکی دیکەیە، لەناکاو بەسەر بەڵگەی ئاوا دا دەکەوی کە دەیانهەوێ نیشان بدەن کوردی هەر بە زمان حیساب ناکرێ و زاراوەیەکە لە زاراوەکانی زمانی فارسی.

لە نووسراوەکانی هووشمەنددا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئیستنادانەی بە ڕۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکان دەکرێ لە سەرچاوە پلە سێ و پلە چوارەکانەوە وەرگیراون و ئەگەرچی قسەکان وەک خۆیان ڕاگوێزراون، بەڵام چاوخشاندنێک بەسەر تەرکیبی سەرچاوەکانی نووسراوەکانی ئەم کەسە ڕادەی هەژاریی سەرچاوەکانی و ڕادەی نائاکادێمیک بوونی نووسراوەکانی دەردەخا. پێکهاتەی نووسراوەکانی هووشمەند یەکجار ئاڵۆز و تێکچڕاو و نارێکوپێکە.

هووشمەند لە هەر سێ بواری سەرەوەدا خەریکی پێکهاتەشکێنی لەو چەمکانەیە

که بـۆ بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کـــورد گرینگن. کەســـانێک هەن کـــە زیاتر لـــە بوارێکدا خەریکی ئـــەم کارەن. بۆ نموونە کەســـێکی وەک عیرفانی قانعیفەرد زیاتر لە بواری پێکهاتەشـــکێنی لە چەمک و مێژووی بزووتنەوەی کورد خەریکی کارە.

ڕەنگـــە هێنانەوەی هەندێـــک نموونە لە نووســـینەکانی هووشـــمەند کە هەر کامەیان پێوەندییان بە دیوێکی ئەم پرۆژە دژە کوردەوە هەیە بەکەڵک بێ.

## ئەلـــف. پێکهاتـــە شـــکێنیی چەمکی «گەلی کورد»

ـ وشەی کورد زیاتر لەوەی ناوی «گەلێکـــی تایبەت» یـــان ناوی «خەڵکێکـــی خـــاوەن زمانێکی تایبەت» بێ ناوی «شـــێوەیەکی تایبـــەت لـــە بەرێچـــوون»ی خەڵکانێـــک بـــووە کـــە یەکەم عـــەرەب نەبوونـــە و دووەم لە شوێنێکدا نیشتەجێ نەبوونە.[١٣]

ـ جیاوازیـــی فەرهەنگـــی و کۆمەڵایەتیـــی کـــوردان لەناو خۆیاندا ئەگەر زیاتر لە جیاوازیی نێوان کـــوردەکان لەگەڵ باقی ئێرانییـــەکان نەبێ، کەمتر نییە.[١٤]

## ب. پێکهاتەشـــکێنیی چەمکی «زمانی کوردی»

ـ لەکاتـــی لێکۆڵینەوە لەســـەر زمانی ئەو خەڵکەی وا لە کوردستان دەژین، ئێمە لەگەڵ زنجیرەیەک لە زمانـــە جیاوازەکاندا بەرەوروو دەبینەوە.[١٥]

ـ تەمەنـــی نووســـین بە زمانـــی کوردی ئەوپەڕەکەی لەم سەدە و نیوەی دوایی تێپەڕ نـــاکا و تەنانەت یەکەمیـــن کتێبی مێژوویی لەبارەی کوردســـتان کە لە لایەن کوردێکەوە لە زەمانی ســـەفەوییەدا نووسراوە و دراوە بە سوڵتانی عوسمانی ـ واتە کتێبی شەرەفنامەـ بە فارسی نووسراوە.[١٦]

ـ [لە زمان نووسەرێکەوە:] زمانی کوردی لە لکـــی زمانەکانی هیند و ئێرانی و لە پەلی زمانی فارســـییە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە، جگە لە هەندێـــک زاراوەی وەک زاراوەی خەڵکی پـــاوە، جیاوازییەکی ئەوتـــۆی لەگەڵ زمانی فارسیدا نییە.[١٧]

پ. پێکهاتەشکێنیی چەمکی «بزووتنەوەی نەتەوەخوازانەی کوردی»

ـ لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەرگیز کوردەکانی باشـــوور (کرمانشا و ئیـــلام) و هەروەها هەندێک لە کوردەکانی ناوچەکانی ناوەندیی کوردســـتان یـــان ئـــەردەڵان (دانیشتووانی ناوچەی گەرووس و قوروە) کە شـــیعەن، ڕوویان لـــە بزووتنەوەکانی دژەناوەند لە باکـــوور (ئازەربایجانـــی ڕۆژئاوا) نەکـــرد و نـــەک هـــەر ڕەگەڵ ئەوان نەکەوتن، بگرە بە توندی لەبەرانبەریشیاندا ڕاوەستان.[١٨]

> ڕێگایەکی دیکەی حاشا کردن لە پرسی کورد ئەوەیە زەوتکەارنی مافی کورد ژێستێکی دیموکرات بگرن و بڵێن دیاری کردنی مافی چارەنووس، مافی گەلانە، بەڵام گومان لە نەتەوە بوونی گەلی کورددا هەیە

پوختەی قسەی هووشمەند ئەوەیـــە کە قســـە کـــردن لە «کـــوردەکان» لەجیاتی قســـە کـــردن لە «کـــورد» وێچووتـــر و ژیرانەترە و دەکرێ لە جیاتی واحیدێکی نەتەوەیی بەناوی «کورد» بۆ نموونە باســـی «کوردی سوننی» و «کوردی شیعە» و «کرماشانی» و «مەهابادی» و «سەقزی» و «گەڕرووسی» و ... بکەین.[١٩]

جارێ کارمان بەوەدا نییە کە قسەی لەم چەشـــنە لە ناوەندە ئەمنـــی و نیزامییەکانی حاکمییـــەت و تەنانـــەت لـــە دەرەوەی حاکمییەتیش کڕیاری تایبەتی خۆی هەیە و سفارشی تایبەتیش بۆ ئەم چەشنە نووسینانە لەگۆڕێدا هەیە. هەروەها کارمان بەوەش نییە کە هووشمەند بەو ئاســـتە لە خوێندەواری و

ئاگادارییەی خۆیەوە، شوێنکەوتە و قوتابیشی لەناوخۆی کوردســـتاندا بۆخۆی دۆزیوەتەوە. ئەوەی دەمانەوێ پێداگریی لەســـەر بکەین، ئاماژە کـــردن بە ئەنجامـــی پێچەوانەی ئەم جۆرە پڕۆژانەیە.

دیاردەیەکی زۆر سەرنجراکێش لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ڕووی داوە کە هووشمەند و کەســـانی لـــەو بەرەژوورتریش بە باشـــی لێـــی ورد نەبوونەتـــەوە. دیاردەکە ئەمەیە کە پێکهاتەشـــکێنی لە چەمکی گەلانی ناوخۆی ئێران بە ســـوودی ناوەندخوازی و بە سوودی زمانی فارســـی، لەولاوە دژکردەوەیەکی وەک پێکهاتەشکێنی لە چەمکی ئێران و پێشینەی سنووره سیاسییەکانی ئێران و پێکهاتەشکێنی لە زمانی فارســـی و مێژووی ئەدەبی فارسی و دیاردەی لەم چەشـــنەی لێ کەوتووەتەوە. ئـــەم دژکردوەیە، چەکێکە لە ڕەگەزی خودی کردەوەکـــە. تۆ ناتوانی دەســـت لـــە خەڵکی دیکە بوەشـــێنی و چاوەڕوانیی ئەوەت هەبێ خەڵکـــی دی پشـــووەدرێژ بن و دەســـتت لێ نەوەشێنن. تۆکاتێک دەستەوداوێنی بۆچوونە دژبەیەکەکانـــی دەیان نووســـەری ناســـراو و نەناسراو و دەستەوداوێنی چەندین گریمانەی بەهێز یـــان لاواز دەبی هەتـــا بۆچوونێک بە کەســـێک یـــان لایەنێک بســـەلمێنی، دڵنیا بە جیهانـــی بۆچوونـــەکان و لێکۆڵینەوەکان ئەوەنـــدەی دە هەنبانەدا هەیە کە لایەنەکانی دژ بەتـــۆش بگەڕێـــن و بەلێشـــاو بۆچوونی دژ بـــە تۆ و پرۆژەکـــەی تۆ لـــەم هەنبانەیە دەربهێنـــن و لـــە پێش تـــۆی ڕیـــز بکەن. کاتێک پێوانەکان لە پێوانەی زانســـتی دوور دەبنەوە و لەجیاتی دۆزینەوەی ڕاســـتییەکان کار دەگاتە هەڵبەســـتنی مێژوو و داتاشـــینی شوناسی ساختە، وا نییە هەر بەتەنیا دەستی تـــۆ ئاوەڵا بێ و دەســـتی لایەنەکەی بەرانبەر بە تۆ ببەســـترێ. بەم شێوەی نزم کردنەوەی پێوانەکان و دابەزاندنی ئاستی باسەکان ـ کە تۆ دەستت پێ کردووە ـ لایەنەکەی دیکەش دەستی بۆ ئەم شێوە بەرەوڕوو بوونەوەیە ئاوەڵا دەبێ.

ئـــەم توندوتیژییە لە گوتـــە و ئاخاوتندا و لـــە ڕەت کردنەوەی شوناســـی ئەوی دیدا، ئێزنـــگ و ئاوردووی ئاوری توندوتیژییەکی بە کردەوەیە کە کەسانی وەک هووشمەند پووش بـــە پووش خەریکن کۆوەی دەکەن و درەنگ یان زوو دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی خۆیان و خەڵکی دیکەشەوە و سەرەنجام وڵاتێکی پێوە دەسووتێ. کەسانێکی وەک هووشمەند ڕەنگە ڕۆژێک بەم ڕاستییە بزانن ـ کە خەریکی کۆ کردنەوەی دەستەچیلە بۆ ئاوری توندوتیژین ـ کە ئیتر زۆر درەنگ بووە.

## پێشـــنیار کـــــردنـــی ڕێگاچـــارەی نادادپەروەرانە

بۆ سەقامگیر بوونی ئاشتەواییەکی بەردەوام لە وڵاتدا، نەک هەر پێویستە ١ـــ پرسێکی وەک پرسی کورد بەرەسمی بناسرێ و ٢ـ مەسەلەکە لەگەڵ باس و بابەتی ساختەی وەک بەستراوە بوون بە ئامریکا و ئیســـرائیل و عەرەبستان و ... یان شـــەرخواز بوونی هێـــزە کوردییەکان جێـــگای پێ نەگۆڕدرێتـــەوە و ٣ـ لە حەولی وەک پێکهاتەشکێنی چەمکی گەلی کورد یان هەر گەلێکی تری ناو سنووەکانی ئێران، پارێز بکرێ، بەڵکوو دوای سەلماندنی ئەم خاڵانەش ئەگەر ڕۆژێک لـــە ڕۆژان ئیرادەی لایەنەکان هاتە سەر ئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم پرسە ببیننەوە، زۆر پێویستە بزانین داکۆکی کردن لەسەر ڕێگاچارەی نەقوستان و نادادپەروەرانە هەر وەک ئەوەیە پرسەکە بە چارەسەرنەکراوی و برینەکە بە دەرماننەکراوی بمێنێتەوە.

ئێمـــە لە ســـەرەتای ئـــەم نووســـینەوە پێداگریمان لەســـەر ئەم بابەتـــە کردووە کە ڕێگاچارەی پێشـــنیارکراوی ئێمە بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد (دامەزراندنی سیستمێکی فێـــدراڵ لە ئێراندا)، پشـــت بـــە مێتۆدێکی مۆدێرن بۆ بەڕێوە بردنی وڵات دەبەســـتێ و

له بەرانبەردا ڕوانینـــی هێزەکانی ناوەندخواز (بـــە هێزەکانـــی حاکمییـــەت و هێزەکانـــی ئۆپۆزیسیۆنیشـــەوە) ڕوانینێکی دواکەتووانە و ناشارستانییانەیە. بەڵگەی ئێمە بۆ ئەم قسەیە چییە؟

فیدرالیزم لـــە ڕوانگەی ئێمەوە لەســـەر بنەمـــای ئەســـڵی گرینگی پێـــش گرتن بە داپەستران واتە (تمرکز)ی دەسەڵات دامەزراوە و وێڕای ئوســـوولێکی وەک دێموکراســـی و سێکۆلاریزم و پابەند بوون بە بەهاکانی مافی مرۆڤ دەبێ بۆ دروســـت کردنی سیستمێکی حکوومەتیی شارســـتانی لە ئێرانی داهاتوودا ڕەچاو بکرێ.

هەر کام لەم ئوســـوولەی باسمان کردن، هەتـــا لە لایەن شـــارۆمەندانی وڵاتێکی وەک ئێرانەوە ســـەلمێندراون، ماوەیەکی زۆری پێ چووە و خۆڕاگریی لەڕادەبـــەر لەبەرانبەریاندا کراوە.

لـــە زەمانی پاشـــایەتیدا ئـــەو بۆچوونەی وا داکۆکـــی لـــە پێویســـتیی دامەزرانـــی سیستمێکی کۆماری و دێموکرات و بیرۆکەی ماوەبەســـەرچوونی سیســـتمی پاشـــایەتی کردووە، هەتا ماوەیەکی زۆر وەک بۆچوونێکی سەیروسەمەرە و ناپێویست چاوی لێ کراوە و نەک هەر هێزە سیاسییە کۆنەپارێزەکان، بگرە بەشێکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی و ئاساییش، سیستمی کۆماری و بیرۆکەی دێموکراسییان وەک شـــتێکی تایبەت بە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان چـــاو لێ کردووە. ماوەیەکـــی زۆری پێ‌چووە هەتا بەشـــێک لـــە خەڵک بەم ڕاســـتییەیان زانیوە کە دێموکراسی و حکوومەتی کۆماری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دیاردەی ئەوتۆ نین پێوەندییان بـــە جوغرافیایەکی تایبەتەوە هەبێ، بەڵکوو ئەوانە هەندێک مێتۆدی مۆدێرن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و هەندێک مێکانیسمی تاقی‌کراوە بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵاتن.

مێژووی هاوچەرخی ئێران نیشـــان دەدا کە سیســـتمی کۆماری سی ساڵ بەر لەوەی لـــە تاران پیـــادە بکرێ لە شـــوێنێکی وەک کوردســـتان بە کـــردەوە جێبەجـــێ کراوە. ڕوونتریـــن دەلالەتی ئەم پێش‌کەوتنە ســـی ســـاڵە ئەوەیە کە نەتەوەکانی وەک کورد و تـــورک بۆ وەرگرتـــن و جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە بیرۆکە تازانە باوەشـــیان ئاوەڵاتر بووە و لـــە بەرانبەردا لە ناوەند، خۆڕاگرییەکی زۆر لە هەمبەر ئەم جـــۆرە بیرۆکانە کراوە و دەکرێ. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا مەشـــرووتیەت هـــەم وەکوو فکـــر و هەم وەکـــوو بزووتنەوە لـــە ناوچە ســـنوورییەکانەوە چوو بـــۆ ناوەند. سیستمی کۆماری، بەر لە تاران، لە کوردستان و ئازەربایجـــان و گیلان بەتاقی کراوە و ئینجا چەند دەیە دواتر لە تاران وەرگیرا.

چیرۆکـــی فیدرالیزمیش هـــەر ئەوتۆیە. وەک چۆن لە ڕۆژی خۆیدا داوای سیســـتمی کۆمـــاری بۆ یەکەمین جار لە شـــوێنی وەک کوردســـتان هاتە گۆڕێ و هەوڵی بە کردەوە بـــۆ جێبەجێ کردنی درا و تـــاران بەرلەوەی مل بۆ ئەم داوایە ڕابکێشـــێ، چاوی لە هێزە ئازادیخوازەکان ســـوور دەکردەوە، ئێســـتاش بانگی فیدرالیزم لە شـــوێنی وەک کوردستان و ئازەربایجان و بەلووچســـتان و خووزستان و تورکەمەنستاندا بڵیندە. سیستمی ناوەندخواز هێشـــتا نەگەیشـــتووە بەم گونجانەی بتوانێ داوای دامەزرانی سیســـتمێکی ناداپەســـتراو (غیرمتمرکـــز) قەبوول بکا، یـــان تەنانەت بە دروستی فامیشی بکا.

حاکمییەت لەبواری دژایەتی کردن لەگەڵ سیســـتمی فیدرال نەک هەر پشتیوانیی باڵی ڕیفۆرمخوازی دەرکراو لە دەســـەڵاتی لەگەڵە، بگرە پشتیوانیی بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی حاکمیەتیشـــی لەگەڵـــە و تەنانەت بە پشـــتیوانیی بەشێک لە خەڵکی مەدەنیش پشت‌ئەســـتوورە. بۆچی ئەم هەمـــوو هێزانە، بـــەدژی فیدرالیـــزم ڕاوەســـتاون؟ ئایا ئەمە نیشـــانەی نەگونجاو بوون یان ناکارامە بوونی فیدرالیزمە؟

بەر لەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ڕەنگە لە جێگای خۆیدا بێ باسی ئەوە بکەین سێ بیرۆکەی سیستمی کۆماری، سێکۆلاریزم و فێدرالیزم، بە چ ڕیزبەندییەک زیاترین خۆڕاگری و بەربەرەکانیان لەگەڵدا کراوە؟

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەم بڕوایە کۆکن کە مێژووی ئێرانی نوێ لە زەمانی شۆڕشی مەشرووتییەتەوە دەست پێ دەکا و یەکەمین دەوڵەتی ڕەهای مۆدێرن لە زەمانی ڕەزاشادا دامەزرا. ئەم سیستمەش وا ڕەزاشا دایمەزراند بەهۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی/ویلایەتی فەقیهەوە ڕووخا و نەزمێکی نوێ جێگای گرتەوە.

شۆڕشی مەشرووتە بەدژی سێ نەریتی کۆنی ماوەبەسەرچوو ڕاپەڕی. ئەم نەریتانە بریتی بوون لە:

- سیستمی پاشایەتیی ڕەها
- سیستمی دەسەڵاتی ئایینی و خۆهەڵقورتاندنی کەسایەتییە ئایینییەکان لە کاروباری دەوڵەتدا
- داپەستراو بوونی دەسەڵات لە تاران وەک ناوەندی ئێران

بزووتنەوەی مەشرووتە بۆ وەلانانی هەر کام لەم نەریتە کۆنانە، پێشنیاری نوێی پێ بوو. ئەگەرچی پێشنیاری مەشرووتەخوازەکان بۆ کاتی خۆی پێشنیاری پێشکەوتووانە بوون، بەڵام ئەوانە هەر نوسخەی سەرەتاییی پێشنیارەکان بوون کە دەبووایە لەگەڵ تێپەڕینی زەمان و پێشکەوتنی بۆچوونەکان و شێوەی تێفکرینەکان کامڵتر بووبان. ئەگەر بۆچوونی مەشرووتەخوازەکان بە بنەمایەکی ساکار بگرین، شێوەی پێگەیشتووتری وەلانانی سیستمی پاشایەتیی ڕەها، لە دامەزرانی سیستمی کۆماریدا خۆی دەدیتەوە. شێوەی ئەوڕۆییتری پێشگرتن بە خۆهەڵقورتاندنی ئایین لە کاروباری دەوڵەت، لە سێکۆلاریزمدا خۆی دەدیتەوە و شێوەی مۆدێرنتر و تاقیکراوەتری نەهێشتنی داپەستراویی دەسەڵات لە ناوەند ـ کە مەشرووتەخوازەکان بەشێوەی دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان پێشنیاریان کردبوو ـ لە فێدرالیزمدا وەدی دەهات. دیارە دەسەڵاتی ئەو سەردەم و کۆی هێزە کۆنەپارێزەکان خۆڕاگرییەکی لەڕادەبەدەریان لە بەرانبەر هەر سێ پێشنیاردا کرد ـ تەنانەت بەم شێوە ساکارترەش کە مەشرووتەخوازەکان پێشنیاریان دەکرد.

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە، ئەگەرچی هەتا ئێستاش هیچکام لە ئارمانجەکانی مەشرووتیەت لە شێوەی پێگەیشتووتریاندا وەدی نەهاتوون، بەڵام دامەزرانی سیستمێکی فێدرال، هەتا ئێستا زیاترین و درێژماوەترین بەربەرەکانیی لەگەڵدا کراوە. دوای ئەم سێکۆلاریزم زیاترین خۆڕاگریی لە بەرانبەردا کراوە و ئینجا دامەزرانی سیستمی کۆماری بەربەرەکانیی لەگەڵدا کراوە.

پێویستی دامەزرانی سیستمی کۆماری، هەرنەبێ لەسەر کاغەز و لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دانی پێدا هێنراوە. سێکۆلاریزمیش ئەگەرچی لەلایەن حاکمییەتی ئێستاوە ڕەت دەکرێتەوە بەڵام هەر نەبێ لەناو شەبەنگە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا کۆدەنگیەکی تەواوی لەسەرە.

لەم ناوەدا فێدرالیزم زیاترین بەربەرەکانیی ـ هەم لەلایەن حاکمییەتەوە و هەم لە لایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە ـ لەگەڵدا دەکرێ و ئەمە بەمانای ڕێگای دژوار و دوورودرێژی

> **کاتێک پێوانەکان لە پێوانەی زانستی دوور دەبنەوە و لەجیاتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان کار دەگاتە هەڵبەستنی مێژوو و داتاشینی شوناسی ساختە، وا نییە هەر بەتەنیا دەستی تۆ ئاوەڵا بێ و دەستی لایەنەکەی بەرانبەر بە تۆ ببەسترێ**

بەرپێی هێزە فێدرالخوازەکان و ئەرکی قورسی سەرشانیانە.

پرسیار ئەمە بوو بۆچی گشت ئەم هێزانە بەدژی فێدرالیزم هەڵوێستیان گرتووە؟

مۆدێلی خووپێکراوی حاکمییەت لە ئێراندا، مۆدێلی «باوکسالاریی سەرەڕۆیانە»یە. ئەم مۆدێلە دوای مەشرووتییەت و هەتا ئێستا، نەک هەر خاشەبڕ نەبووە بگرە زیاتریش ڕیشەی داکوتاوە. بیرۆکەی وەک دێموکراسی و فێدرالیزم بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ باوکسالاریی سەرەڕۆیانەدا ناگونجێن. هەم زەینییەتی تاکی ئێرانی و هەم پێکهاتەکانی دەسەڵات، بەشێوەی مێژوویی بەلای ئەم مۆدێلەدا شکاونەتەوە. وەک چۆن دێموکراسی لە ئێراندا تەعبیری سەروسەمەرە و کووچە بازاریی لێ کراوە، هەر بەم شێوەیە فێدرالیزمیش تەعبیری زۆر نزم و ناحەزی لێ کراوە.

بەشێکی زۆر کە لە ڕووناکبیرانی ئێرانی بەرە بەرە سۆزەی ئەمەیان کردووە کە داپەستراویی دەسەڵات لە ناوەنددا دەتوانێ داهاتووی ئەم وڵاتە بخاتە مەترسییەکی جیددییەوە. ئەم کەسانە بەم قەناعەتە سەرەتاییە گەیشتوون کە ناوەندخوازی لە پێناو بەهێزکردنی مۆدێلی باوکسالاریی سەرەڕۆیانەدایە. هەر بۆیە کەتوونەتە بیری ڕەخنەکاریی مۆدێلی ناوەندخوازانە و پێشنیار کردنی مۆدێلێک کە بە بڕوای خۆیان بتوانێ داپەستراویی دەسەڵات لە ناوەنددا هەتا ڕادەیەک هەموار بکاتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی خراپ تێگەیشتنی مێژوویی لە چەمکی فێدرالیزم بەرۆکی ئەم کەسانەشی بەرنەداوە، ئەمانیش لەجیاتی ئەوەی بتوانن ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانە فۆرموولە بکەن، بە ڕێگاچارەی سەقەت و نادادپەروەرانەدا نووساون و هەر بە ئەدەبیاتی هێزە ناوەندخوازەکان بە گژ هێزە فێدراڵخوازەکاندا دێنەوە و ئەدەبیاتەکەیان لە شوێنێک بەدواوە هەر وەک ئەدەبیاتی ئەوان نزم دەبێتەوە و دوای هەڵبەز دابەزێکی زۆری تیۆری، هەمیسان دەگەڕێنەوە سەر هەڵوێستی پێشوویان و دێنەوە سەر حوللەمەرەسی.

> مۆدێلی خووپێکراوی حاکمییەت لە ئێراندا، مۆدێلی «باوکسالاریی سەرەڕۆیانە»یە. دوای مەشرووتییەت و هەتا ئێستا، نەک هەر خاشەبڕ نەبووە بگرە زیاتریش ڕیشەی داکوتاوە. بیرۆکەی وەک دێموکراسی و فێدرالیزم بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ باوکسالاریی سەرەڕۆیانەدا ناگونجێن

نموونەیەک لەم کەسانە ئیسماعیل نووریعەلایە. پوختەی قسەی نووریعەلا ئەوەیە کە بۆ داهاتووی ئێران زۆر پێویستە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ داپەستراویی دەسەڵات لە ناوەنددا، بیر لە دامەزراندنی سیستمێکی فێدرال بکرێتەوە بەڵام ئەم فێدرالیزمە بە هیچ شێوەیەک نابێ فێدرالیزمێکی ئەتنیکی بێ. بەڵکوو بۆ نموونە دەبێ فێدرالیزمێکی پارێزگایی بێ. نووریعەلا لە هەندێک لە نووسراوەکانیدا دوای ئەوەی بە تێروتەسەلی باسی خێروبێرەکانی فێدرالیزم دەکا و فێدرالیزمی ئەمریکایی بەنموونە دەهێنێتەوە و بە لێزانیی دامەزرێنەرانی سیستمی سیاسیی ئەمریکا هەڵدەڵێ، کاتێک دەگاتە باسی ئێران، ئافەرین لە سەرکردە تورکەکانی بزووتنەوەی مەشرووتییەت دەکا، کە لەکاتی نووسینی یاسای مەشرووتییەتدا بەهیچ شێوەیەک باسی زمانی غەیری فارسییان نەکردووە! نووریعەلا لەکۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگا کە ئەو کەسانەی باسی فێدرالیزمی ئەتنیکی لە ئێراندا دەکەن هەندێک «بوونەوەر»ن کە قسەیان لەگەڵدا نایە. دیارە هۆی بە «بوونەوەر» یان «مەوجوود» ناوبردنی ئەو کەسانەش هیچ نییە جگە لەوەی گوایە گومان لە «مرۆڤ» بوونی ئەم کەسانە دەکرێ! ڕاستییەکەی ئەوەیە زەینییەتی باوکسالار و نادێموکراتی

و ناوەندخواز، تەنانەت ئەوکاتەش وا خەریکین باسی چاکەکانی دیموکراسی و پێویستیی دابەشینەوەی دەسەڵاتیش دەکەین، زۆر زوو خۆی دەردەخا.

دەکرێ بۆچوونەکانی نووریعەلا بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

ــ سیستمی فیدرال بۆ ئێران نەک هەر مۆدێلێکی نەگونجاو نییە بەڵکوو داهێنەری شێوەی سەرەتایی فیدرالیزمیش هەر ئێرانییە کەوناراکان بوونە. فیدرالیزمێکی «ساتراپی» هەر لە زەمانی هەخامەنشییەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان لە ئێراندا بەرپا بووە و ئەم سیستمە نادابەستراوە بە هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر ئێران ـ وەک هەموو شانازییە دانستە و دەگمەنەکانی دیکەی ئێران ـ لەناو چوو.

ــ لە بزووتنەوەی مەشرووتەیەتیشدا ـ بە پەسند کرانی یاسای ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان ـ بناغەی چەشنێک فیدرالیزمی ئێرانی داندرا.

ـ ئێرانی داهاتووش دەبێ بەهۆی دامەزرانی سیستمێکی فیدراڵەوە، وەک ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ببێ بە «ویلایە یەکگرتووەکانی ئێران»

ـ بەڵام دابەشکاریی سیستمی فیدرالی داهاتووی ئێران بەهیچ شێوەیەک نابێ لەسەر بنەمای زمان و ئێتنیسیتە و ئایین بێ. چونکە ئەم دابەشکارییانە دەبنە هۆی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوە واتە «تەجزیە»ی ئێران!

ـ دامەزرانی سیستمی فیدرال لە ئێراندا، نەک هەر عیلاجی نەخۆشیی سەرەڕۆییە، بەڵکوو عیلاجی دەردی هەڵوەشاندنەوەخوازیشە. بە گوتەیەکی تر، سەرەڕۆیی لە ناوەنددا و هەڵوەشاندنەوەخوازی لە دەرەوەی ناوەنددا، دەرکەوتەی نەخۆشییەکی یەکسانن کە هەردووکیان بە دامەزراندنی سیستمێکی فیدرال عیلاجیان دێ.

ـ هاندەری هەڵوەشاندنەوەخوازەکان شتی لەم چەشنەن: تورکەکە دەڵێ ئەگەر ئازەربایجان سەربەخۆ بێ، من دەبم بە سەرۆکوەزیرانی، کوردەکە دەڵێ ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێ من دەبم بە باوکی شێعری نوێی کوردی[۲۰]، بەلووچەکەش دەڵێ ئەگەر بەلووچستان ببێ بە وڵات، من دەبم بە سەرۆککۆماری!!

خوێنەری ئەم دێڕانە با هەر خۆی بەرزیی ئیدەیەکی پێشکەوتوو و مۆدێرنی وەک «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئێران» لەگەڵ نزمیی ئەم قسانەی دوایی، پێکەوە بەراورد بکا.

بەڵگەکانی ئێمە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی کەسێکی وەک نووریعەلا ئەمانەن:

## بەڵگەی یەکەم. دژایەتی کردن لەگەڵ ناوەندخوازی ناکرێ بە هۆی بڕیارێکی ناوەندییەوە بەڕێوە بچێ.

فیدرالیزم میکانیسمێکە بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ناوەندخوازی و داپەسترانی دەسەڵات لە ناوەنددا. کەوابوو جۆری ئەو فیدرالیزمەی قەرارە دابمەزرێ نابێ بە بڕیارێکی لەپێشدا دراو لە ناوەنددا دیاری بکرێ.

کەسانی وەک نووریعەلا دەیانەوێ لە ناوەندەوە چۆنیەتیی سیستمی دژەناوەندخوازانە دیاری بکەن. ئەوانە کاتێک تەنانەت بەگژ باوکسالاری و ناوەندخوازیشدا دێنەوە، دیسان بە خەستی باوکسالار و ناوەندخوازن؛ واتە باوکسالارانە دەیانەوێ ئانگژای باوکسالاری ببنەوە و ناوەندخوازانە گەرەکیانە دابگژێنە سەروسەکوتی ناوەندخوازییەوە! ئەمەش ناوی فیدرالیزمی ئێرانییە و مرۆڤی ئێرانی لە زەمانی کوروشی مەزنەوە بەتاقی کردووەتەوە!

ئەم مەنتیقە خۆی دژایەتی لەگەڵ خۆی دەکا و بەم عەقلییەتەوە ناکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ داپەسترانی دەسەڵات بکەین.

## بەڵگەی دووەم. ئەم دەرهاویشـــتنانەی وا فیدرالیزم دەکەن بە سانترالیزم

هەموو ئەو کەسانەی دژایەتی لەگەڵ چەمکی وەک دیموکراســـی یان فیدرالیـــزم دەکەن، بەئاشـــکرا یان لە ســـەرەتادا ئـــەم دژایەتییە دەرنابـــڕن. دژایەتی کـــردن لەگەڵ چەمکی ئەوتۆ عادەتەن ڕەوتێکی بەم شێوەیە دەبڕێ:

چەمکی «ئەلف» چەمکێکی زۆر بەکەڵک و پێویســـتە، «بـــەڵام» بۆ ئەوەی «بـــۆ ئێمە» گونجاوتر و بەکەڵکتر بێ، دەبێ ئەم خاڵانەی لـــێ دەرهاوێژیـــن: دەرهاویشـــتەی یەکەم، دەرهاویشـــتەی دووەم، ....، دەرهاویشـــتەی چەندەم.

کاتێک مرۆڤ دواجار لەم دەرهاویشـــتانە ورد دەبێتـــەوە، دەبینـــێ کـــۆی ئەمانە، هەر خۆیان جەوهەری چەمکەکە پێک دەهێنن و چەمکەکە بە بێ ئەمانە ناوێکی بێ‌ناوەرۆک و توێکڵێکی بێ کاکڵە. شەڕەکە هەرلە سەرەتاوە لەبـــەر ئەمە بـــوو ئەوانەی بە دەرهاویشـــتە حیســـاب کراون ببن بە بنەما. تـــۆ تەنانەت دەتوانی دژ بەم بنەمایانەش بی، بەڵام گرینگ ئەمەیـــە ناکرێ تۆ بەناوی خاوەنداریتی کردن لەم چەمکە دژ بەم بنەمایانە بی.

کەسێک کە دەڵێ دیموکراسی و هەڵبژاردن باشـــترین سیســـتمی سیاســـییە بەڵام هەر کاتێک خەڵک لەم سیستمەدا هەڵبژاردنێکی هەڵەیان کرد، پێویســـتە تاقمێکی دەستەبژێر بێن و هەڵەکەیان بۆ ڕاست کەنەوە، ئەوە هەر لە سەرەتاوە نەدەبوو زەحمەت بکێشی و بڵێ دیموکراسی سیستمێکی لەبارە.

کەســـێک کە دەڵێ پێویســـتە سیستمی فیـــدراڵ لە وڵاتـــدا دابمەزرێ بـــەڵام ئەگەر ڕۆژێـــک لـــە ڕۆژان خەڵکـــی ئەیالەتێک لە پارلمانی ئەیالەتی خۆیاندا بڕیاریاندا بە زمانی ناوچەی خۆیان بخوێنـــن، دەبێ بڕیارەکە لە «ناوەند»وە هەڵبوەشـــێتەوە، گەلۆ ئەم کەســـە بۆ لە ســـەرەتاوە زەحمەتی بەرگری کردن لە سیســـتمی فیدرالی دەدایـــە بەرخۆی؟ ئەمە فیدرالیزمی سانترالیستیە.

فیدرالیزمی سانترالیســـتی شتێکە وەکوو دیموکراســـی ســـەرەرۆیانە یان فێمینیزمی باوکسالارانە یان سێکۆلاریزمی بناژۆخوازانە! ئەوەی بەرگری لە ســـەرەرۆیی دەکا چۆن و بۆچی قســـە لە دیموکراســـی دەکا؟ با بڵێین قەیـــدی نـــاکا کەســـێک باوکســـالاری پێ نەزمێکی زەریفە، بەڵام زۆر سەیرە ئەم کەسە خۆی پێ بڕەوپێدەری بەهاکانی فێمینزمیش بـــێ. یان ئەگەر کەســـێک بناژۆخـــوازە، ئەم سیستمە سێکۆلارەی دەیەوێ دایبمەزرێنێ، بەڕاستی چەندە جێگەی بەقایە؟ ئەمانە هەموو بـــەم مانایەن کـــە زۆر جار ئـــەم چەمکانەی کەســـانێک قسەی لەســـەر دەکەن، بە باشی لەلایەن ئەم کەسانەوە فام نەکراوە.

## بەڵگەی ســـێیەم. ڕووبار ئەگەر پێشی کراوە خۆی بەستێنی خۆی دیاری دەکا

کاتێک بڕیاری سیاســـیی گشـــتی دێتە سەر ئەوەی دەســـەڵات لە ناوەند دانەپەســـترێ و ناوچەکان دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان هەبێ، ئەوکات بەشـــێوەیەکی سروشتی خەڵکی ئەم ناوچانـــە بۆلای پەســـند کردنی ئەم یاســـا و ڕێســـایانە دەچن کە لەگـــەڵ زمان و ئایین و ئەتنیســـیتەی خۆیان گونجـــاوە. واتە کاتێک فیدرالیزم لە وڵاتێکـــی فرەنەتەوەدا پراکتیزە بکرێ، دوای ماوەیەک بەشێوەیەکی سروشتی و خۆڕســـک بـــۆلای فیدرالیزمـــی ئەتنیکی دەچێ. ئەمـــە بەهۆی پیلان و گەلەکۆمەکێی پیلانگێڕانـــەی هیچ لایەنێکـــی دەرەکی نییە بەڵکوو لەســـۆنگەی هەمان دیاردەوە ڕوو دەدا کە فەلسەفەی فیدرالیزمی لەسەر دامەزراوە؛ واتە دەسەڵاتی گەلان بۆ بڕیار دان.

دەکرێ بـــۆ ڕوونکردنەوەی ئـــەم بابەتە کەڵک لە تەمسیلێک وەربگرین. وای دابنێن لە کوێستانێک بەهۆی بەنداوێکەوە پێشی ئاوی ڕووبارێک گیراوە. دیارە بـــەم پێش‌پێ‌گیرانە ئـــاوی بەندەکە هەر لەوێ خڕ دەبێتەوە. ئەگەر

ڕۆژێک بڕیار هاتە سەر ئەوەی ئاوی بەنداوەکە پێشی بەردرێ، ئەوەدەم ئەوە تایبەتمەندیی زەوییەکانی خوارەوەی بەنداوەکە و چۆنیەتی بەرزی و نزمی عەرزەکە و جۆری خاکەکە و بەربەستەکانی سەر ڕێگایان و ئەم جۆرە شتانەیە کە ڕەوگەی ڕووبارەکە دیاری دەکەن. ئەم بڕیارەی لێرە دەدرێ پێش بەردان بە ئاوەکەیە. بەڵام کە تۆ پێشت بە ئاوەکە بەردا ئیتر ناتوانی بڵێی هەتا ئەم چۆمە دەگا بە دەریا ، خۆیشم بست بە بستی ڕەوگەکەشی بۆ دیاری دەکەم. ڕەوگەکە بەشێوەی سروشتی لەلایەن تایبەتمەندیی شوێن بە شوێنی بەستێنەکەوە دیاری دەکرێ.

## بەڵگەی چوارەم. وەهمی بوونی مەترسییەکانی فیدرالیزم

دژبەرانی فێدرالیزمی نەتەوەیی، ئاماژەیان بە چەندین مەترسی کردووە کە ئەگەر ئێران ببێ بە وڵاتێکی فێدراڵ، گوایە هەڕەشەی ئەم مەترسییانە دەبێتە هۆی ئەوەی خەساری فێدرالیزم لە سوودەکەی زۆر زیاتر بێ. ئەم مەترسییانە ئەمانەن:

ـ فێدرالیزمی نەتەوەیی دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوون و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی خاکی ئێران

ـ فێدرالیزمی نەتەوەیی دەبێتە هۆی شەڕ و پێک هەڵپڕژانی نەتەوەکان لە ئێراندا

ـ فێدرالیزمی نەتەوەیی دیوارێکی پۆڵایین لە نێوان ئەیالەتە فێدراڵەکاندا دروست دەکا و پێش بە جەریانی ئازادی هاتوچۆ و نیشتەجێ بوونی خەڵکی ناوچەکانی دیکە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەگرێ.

دژبەرانی فێدرالیزم بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکانی خۆیان چەند پرسیارێک دەخەنە بەردەم لایەنگرانی فێدرالیزمی نەتەوەیی. پرسیارەکان ئەمانەن:

ـ ئەگەر سیستمی فێدرالیزمی نەتەوەیی لە ئێران زاڵ بێ ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە ئێران پارچە پارچە نەبێ؟

ـ ئەگەر سیستمی فێدرالیزمی نەتەوەیی لە ئێران بێتە سەرکار، ئایا هیچ زەمانەتێک لەگۆڕێدا هەیە شەڕ و تێک هەڵچوون لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا ڕوو نەدا؟

بەڕاستی کێ دەتوانێ بە دڵنیاییەوە ئەم زەمانەتانە بکا؟ دەی ئەگەر ناکرێ ئەم زەمانەتانە بکرێن کەوابوو بۆ دەبێ دەسەڵاتی ناوەندی زەمانەتی جێبەجێ بوونی فێدرالیزم بکا؟ ئایا ئەمە غەدر نییە لایەنگرانی فێدرالیزم نەتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن لە ئەنجامی دامەزرانی سیستمێکی فێدراڵ لە ئێراندا وڵات پارچە پارچە نەبێ یان هیچ شەڕێک لە نێوان نەتەوەکاندا نەقەومێ، بەڵام لەولاوە چاوەڕوانیی ئەوەیان لە دەسەڵات هەبێ زەمانەتی دامەزراندنی سیستمێکی فێدراڵ بکا؟

> شیمانەی تێکهەڵچوونی نێوان نەتەوەکان، بە درێژە کێشانی سیاسەتی هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیی دانان لە نێوان نەتەوەکان زۆر زیاترە لە هەمان شیمانە بە دامەزرانی سیستمێکی دادپەروەرانە کە نەتەوەکان تێیدا هەست بە ژێردەست بوون و مافخوراو بوون نەکەن

لەراستیدا وڵامی ئەم پرسیارانە یەکجار ساکارن. با دوو پرسیارە سەرەتاییەکە پێچەوانە بکەینەوە و ئەوجار ئێمە پرسیارەکان بەرەورووی ناوەندخوازەکان بکەینەوە:

ـ ئەگەر هەر وەکوو پێشوو سیستمی ناوەندخواز لە ئێران حاکم بێ و مافی گەلانی ناو سنووری ئێران نەدرێ، ئایا هیچ زەمانەتێک لە گۆڕێدا هەیە ئێران لە داهاتوودا پارچە پارچە نەبێ؟

ـ ئەگەر سیستمی ناوەندخواز لە ئێراندا زاڵ بێ و سیاسەتی هەڵاواردن و فەرق و جیاوازی دانان لەنێوان نەتەوەکانی ناو سنوری ئێران درێژەی هەبێ، ئایا هیچ زەمانەتێک هەیە

نەتەوەکان تووشی شەڕ و خوێنڕشتن نەبن؟
لەبارەی داهاتوودا هیچ زەمانەتێکی سەتاسەت نادرێ. نە سیاسەتوانان دەتوانن ئەم زەمانەتە بدەن، نە ڕووناکبیران و نە پسپۆڕانی کۆمەڵناسی. فیلسووفێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی دەڵێ هەر بە تەنیا دوو دەستە لە خەڵک دەتوانن زەمانەتێکی سەتاسەت لەبارەی داهاتوودا بدەن بە کەسانی دی: دەستەی یەکەم پێغەمبەرانن و ئەوانی دی فێڵبازانی درۆزنن. فێدراڵخوازەکان نە پێغەمبەرن و نە فێڵباز. بەڵام فێدراڵخوازەکان بە دڵنیاییەوە دەتوانن بەرگری لە چەند بۆچوونێک بکەن:
ـ شیمانەی پارچە پارچە بوونی ئێران بە درێژە کێشانی سیستمی ناوەندخواز زۆر زیاترە لە هەمان شیمانە بە دامەزرانی سیستمێکی فێدراڵ.
ـ شیمانەی تێکهەڵچوونی نێوان نەتەوەکان، بە درێژە کێشانی سیاسەتی هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیی دانان لە نێوان نەتەوەکان زۆر زیاترە لە هەمان شیمانە بە دامەزرانی سیستمێکی دادپەروەرانە کە نەتەوەکان تێیدا هەست بە ژێردەست بوون و مافخوراو بوون نەکەن.
دەربارەی مەترسیی سێیەم دەبێ بڵێین کە دامەزرانی سیستمی فێدراڵ، هیچ دیوارێکی پۆڵایین لە نێوان هەرێمەکاندا ساز ناکا و نە بۆ هاتوچۆ و نە بۆ نیشتەجێ بوونی هیچ تاکێک لە هیچ هەرێمێکدا، بەربەست دروست ناکا. ئەوەی بەربەستی بۆ ساز دەکرێ و دیوارێکی لە بەرنبەردا بەرز دەبێتەوە بوونی یاساگەلی نادادپەروەرانە و نەشیاوی هەرێمەکەن.
ئەوەی سنوورەکانی هەرێمی فێدراڵ دیاری دەکەن دەنگی خەڵکی هەرکام لە ناوچەکانن. دیارە هەندێک هەرێمی خۆڵەمێشی هەن کە شوێنی نیشتەجێ بوونی دوو نەتەوەن، یاساکانی ئەوێ لەگەڵ یاساکانی هەرێمی تر جیاوازیان دەبێ و ئەم ناوچانە بە شێوەی هاوبەش ئیدارە دەکرێن. ئەوانە هەموویان پرۆڤە کردنی پێکەوە ژیان و پێکەوە مانەوەن نەک لێک دابڕان و جودایی.
هەر لە بنەڕەتدا فێدرالیزم فۆرمۆلێکە بۆ پێکەوە ژیان نەک بۆ لێکدابڕان.
لەم نامیلکەیەدا هەتا ئێرە هەوڵ درا بەشێوەیەکی قووڵتر، باسی زەمینەکانی شەڕ و تێکهەڵچوون لە کوردستاندا بکرێ و پێشان بدرێ شەڕی چەکداری بژاردەی چ لایەنێکە و ئەم لایەنە بۆ خۆ بواردن لە بەڕێوە بردنی چ بەرنامە و ئەجندایەکی مۆدێرن و ئەمڕۆیی دەست بۆ چەک دەبا. باسی ئەوە کرا لایەنی ناوەندخواز لە بەرانبەر حوزووری هێزێکی سیاسیی و لە بەرانبەر حوزووری بیرێکی تایبەتی سیاسیدا دەست بۆ چەک دەبا و دەستەوداوێنی حەزفی فیزیکیی جودابیران دەبێ. باسی ئەوە کرا حاکمییەت بەهۆی چ تەمهیدگەلێکی تیۆری و مێژووییەوە زەمینە بۆ هێرشی چەکداری بۆسەر کوردستان خۆش دەکا و چۆن بیروڕای گشتیی خەڵکی دەرەوەی کوردستان بۆ ئەم هێرشە ئامادە دەکا. باسەکە ئەمە بوو کە «ڕاسان» بریتییە لە خۆئامادە کردن بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ سیاسەتی حەزف و هێرشی هەمەلایەنەی حاکمییەتێکی دڕندە.
دەربارەی گرینگایەتیی ڕاسان و پێویستیی بەرخۆدان لەبەرانبەر هێزی سەرکوتکەر و شکاندنی سامی خەڵک لە سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن و بەگژداچوونەوەی قەڵای شەو و چالاک کردنی پتانسیەلە شاراوەکانی سیاسی و مەدەنی بەهۆی بەرخۆدانێکی هەمەلایەنە، زۆر باسی پێویستی دیکە ماون کە لە بەشەکانی تری ئەم نامیلکەیەدا باسیان لێ دەکرێ.
با ئەم بەشە بە سروودی ڕاسان و سروودی سڵام نەکردن لە شەوی هێرشی تەتاران کۆتایی پێ بێنین.

## «دەنگی ڕاسان»

چ سوارە ئەو پشوویەم، وەرە ئاوەڵا کە دەرگا وەرەدەرکی ئەوقەڵایەی، کە لەجادووەو لەحەزیا

بشکێنە تۆ دڵی بەرد، وەکوو سوورە گوڵ لە پاشان
بشەکێنە پەرچەمی خوێن، بکە خۆڵ ڕەوەز بە تەنیا
تۆ کە ئاشنای سپێدەی، بە شێعر، بە وردە قامێک
بکە تەڕ هەناوی دیدە، مەبە گێژی خۆزگە، بریا
بە تەما نییە کە ئەوشەو، لە کەلم هەتاوێ دەربێ
ئەتۆ خۆت لە کەل وەدەرخەو، ببە خۆری زیت و وریا
بە زوڵاڵی دەنگ هەڵێنە، کە هەبوونە دەنگی ڕاسان
دەبە ویرەیەک گڕی دە، هەموو ترس و خۆفی ئێستا
شەوی هێرشی تەتاران، چڕە سێبەری لە هەر لا
وەرە تۆ بە هەورە گرمە، بڕمێنە سێبەری سا
لە دەرێوە نایە کەس تا، کە ببێتە یاری زامت
ئەتۆ خۆت تەتار شکێن بە، وەرە خۆت بگە بە فریا [۲۱]

## سەرچاوەکان

۱. ئەم قسەیە لەلایەن موختار زارعی‌یەوە کراوە.
۲. لە پەراوێزی ئەم باسەدا ناکرێ خۆمان لە بابەتێکی گرینگ ببوێرین. عەبدووڵڵا حەسەن‌زادە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران‌دا سیمایەکی دیارە. هەڵبەت بەداخەوە ئەم کەسایەتییە ـ بەهەر دەلیلێک ـ لە هەڵەی گەورەی ئینشعابەوە گلا و خەتێکی هەڵبژارد کە شەهید دکتور قاسملوو هەتا زیندوو بوو ڕەتی کردەوە؛ واتە خەتی ئینشعاب. ئەو ئینشعابەی حەسەن‌زادە لە حیزبی دێموکراتی کرد، ئینشعابێکی تەشکیلاتی بوو. دیارە ئەمەش هەر بە هەڵە حیسێب دەکرێ و ناکرێ هێچ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام لەبیرمان نەچێ تێوەگلان یان بێدەنگ بوون (هەردووکیان وەک یەک) لە فازی دووەمی ئینشعاب واتە ئینشعابی فکری هەڵەیەکی دووقات و بگرە چەندقاتە و بە هیچ قیمەتێک نابێ حەسەن‌زادە ئەم هەڵەیەش لە کارنامەی خۆی‌دا تۆمار بکا. بەخۆشییەوە حەسەن‌زادە ئێستا لە ژیان‌دایە و ئێمە جگە لە تەمەن‌درێژی هیوای ئەوەی بۆ دەخوازین نەک هەر لە هەڵەی دووهەمەوە نەگلێ بەڵکوو ئەوەندەی دەستی دەڕوا و بۆی هەڵدەسوڕێ هەڵەی یەکەمیش قەرەبوو بکاتەوە.
۳. بڕوانە پێشەکی ئەم کتێبە:
مک داول، دیوید، تاریخ معاصر کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی، تهران، انتشارات پانیذ، صص ۲۴ـ۲۲
4. induction
5. deduction
6. Inference to the best explanation
۷. هەڵبەت هیواداریین بۆمان بڕەخسێ لە نووسینی دیکەدا بپەرژێینە سەر ئەم بابەتە گرینگە و سێناریۆ هەڵبەستراوەکانی ناوەندخوازان بۆ ڕەوا نیشان دانی هێرش بۆسەر کوردستان، ڕیوایەت بە ڕیوایەت شەن‌وکەو بکەین.
۸. جگە لەم سێناریۆیانەی بە نیازی ڕەوا نیشان‌دانی دەست پێ کردنی شەڕ لە کوردستان بەرهەم هاتوون، هەندێک سێناریۆش بەنیازی بەرهەم هێنانەوی ئایدیای زل بوونی ناوەند و چکۆڵە بوونی کوردستان بەرهەم هاتوون. لە سێناریۆیەکی سەیروسەمەرەدا کاتێک تاڵەقانی وێڕای شاندی دەوڵەتی تازە دەگاتە سنە و مەلا شێخ عیززەددین دەچێتە پێشوازی، تاڵەقانی هەر دەگاتە شێخ، زللەیەکی توندی لە بنان‌گوێی دەخەوێنێ و بە شێوەی «میتی کۆمان» تێی دەخوڕێ کە ئەم دۆخە بۆ بەسەر کوردستان‌دا زاڵە؟ مەلا شێخ عیززەددینیش سەری دادەخا و بە وێنەی تاوانبارێک بێدەنگ دەبێ. من یەکەم جار ئەم سێناریۆیەم لە گۆڤاری «اندیشەی پویا» و لە وتارێکی «جلال توکلیان»دا دی. دیارە کەسانێکی وەک ئەکبەری گەنجی و جەلالی تەوەکولیان ئەوەندەی بۆ تێگەیشتن لە کێشەیەکی وەک کێشەی کورد پشت بە فیلمی وەک هێرکوول پوارۆ یان کارتۆنی وەک میتی کۆمان دەبەستن، ئەوەندە پشت بە مێژووی ڕاستەقینەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و تیۆریی ڕۆژ بۆ چارەسەر کردنی پرسی لەم چەشنە نابەستن. ئەگەر ئەوانەش لەبەر دەست‌دا نەبوون ئەوە فیلمی شێوە وێستێرنی ئیبراهیمی حاتەمی‌کیا ـ فیلمی وەک «چێ» ـ لەبەردەست‌دا هەن. ئەگەریش هەر پێویست بوو باسی مێژووی کورد لە زمان خۆیەوە بکرێ، ئەوە شوکر کتێبەکەی مامەغەنی بە وەرگێردراوە فارسییەکەیەوە لە هەوێڵ‌دا هەیە و ئێستا کەم شرۆڤەکاری ناوندخواز هەیە وا بە ئەرکی سەرشانی خۆی نەزانێ حەدیسەکانی موسنەدی مامەغەنی نەقڵ بکا.
۹. هەموو ئەم هەواڵانە لەم سەرچاوەیە وەرگیراون:
سمیعی، احمد، طلوع و غروب دولت موقت، تهران، نشر شباویز، چاپ دوم، ۱۳۷۲، صص ۶-۵
۱۰. سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۰
۱۱. سەرچاەی پێشوو، ل ۲۳
۱۲. سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۳
۱۳. هوشمند، احسان، کرد یا کردها، مدخلی جامعەشناختی بر کردشناسی، فصلنامەی گفتگو، شمارەی ۴۰، شهریور ۱۳۸۳، ص ۹
۱۴. سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۰
۱۵. سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۰
۱۶. سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۲
۱۷. سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۴
۱۸. سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۱
۱۹. سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۰
۲۰. نووری‌عەلا تەنانەت لە تەعبیری «باوکی شێعری نوێی کوردی»ش کەڵک وەرناگرێ بەڵکوو لە تەعبیری «نیما یووشیجی کوردستان»! کەڵک وەردەگرێ. دەسەڵاتی تێفکرینی ناوەندخوازانە تەنانەت لە قسە و بۆچوونی ئەو کەسانەی وا خەریکن بە گژ ناوەندخوازیش‌دا دێنەوە، زۆر زوو بە شێوەیەکی ئایرۆنێک و تەنانەت بەشێوەیەکی تەنزاوی خۆی نیشان دەداتەوە.
۲۱. ئەم شێعرە وەرگێڕدراوی شێعرێکی دکتور محەممەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنییە بەناوی «غزلی در مایه شور و شکستن»:

نفسم گرفت از این شب، در این حصار بشکن
در این حصار جادویی روزگار بشکن
چو شقایق، از دل سنگ، برآر رایت خون
به جنون صلابت صخره کوهسار بشکن
تو کە ترجمان صبحی، به ترنم و ترانه
لب زخم دیده بگشا، صف انتظار بشکن
سر آن ندارد امشب که برآید آفتابی
تو خود آفتاب خود باش و طلسم کار بشکن
بسرای تا که هستی، که سرودن است بودن
به ترنمی دژ وحشت این دیار بشکن
شب غارت تتاران، همه سو فکنده سایه
تو به آذرخشی این سایه دیوسار بشکن
ز برون کسی نیاید چو به یاری تو اینجا
تو ز خویشتن برون آ، سپه تتار بشکن

# ” هەڵسەنگاندن “

# ناساندنی کتێب



«ناسنامەی کورد، مافی مرۆڤ و پێگەی سیاسی»، کتێبێکی قەبارە گەورەی ٣٤٩ لاپەڕەیی بە زمانی ئینگلیزییە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای چاپەمەنیی زانکۆی فلۆریدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم کتێبە کۆی کۆمەڵە وتارێکی بە پیزە لەلایەن چارلز جی. مەک دۆنالد و کارۆڵ. ئێی ئۆلێری ئێدیت کراوە. لە پێشەکییەکەیدا هاتووە: ئەم کتێبە سەبارەت بە ناسنامەی کوردی؛ تایبەتە بە چۆنیەتیی بینینی کوردەکان لە لایەن خۆیانەوە و چۆنیەتیی بینینی کوردەکان لە لایەن کەسانی ترەوە. نوسەرانی هەر کام لە چاپتەرەکانی ئەم کتێبە هەوڵیان داوە لە سەرووی وشیاریی کولتوری، پردێک بۆ مافەکانی مرۆڤ و پێگەی سیاسیی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناقیندا لێبدەن. هەر بۆیە ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوەی پرسی شوناسی کوردی و سیاسەت لە پارچەیەکی کوردستان تایبەت نەکراوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە ئەدا پرسی ناسنامەی کوردی، گرێدراو بە مافەکانی مرۆڤ و پێگەی سیاسی لە هەر چوار بەشی کوردستان بخوێنیتەوە. ئەم کتێبە لە پێشەکییەک و شەش بەش پێکهاتووە.

دوای پێشەکی، ئەم کتێبە شوناسی کوردی لە پێنج بەشدا دێنێتە بەر باس و خواس. بەشی یەکەم تێڕوانینی چەن ئاکادیمیسیەن و کەسایەتیی سیاسییە. «نێچیروان بارزانی»، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەم کتێبەدا یەکەم کەسە بە تێڕوانینێکی دیرۆکی باسی ناسنامەی کوردی و هەوڵەکانی «مەسعود بارزانی» بۆ ناسنامەی کوردی دەکات. لەم چاپتەرەدا نێچیروان بارزانی کێشەکانی بەردەم یەکێتیی کوردان و هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە باس دەکات. دواتر «مایکل ڤان دوسێن»، جێگری بەرپرسی ناوەندی نێونەتەوەیی وودرۆ ڤیلسۆن بۆ توێژەران، باسیک لەسەر پرسی شوناسی کوردی دەکاتەوە. لەم چاپتەرەدا ڤان دوسێن داکۆکی لەوە دەکات کە پێویستە کوردەکان هاوکات لەگەڵ بەدواداچون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەوڵ بۆ بەدواداچونی سیاسیەتی دادپەروەرانەی خۆیان، مافە سیاسییەکانیان بکەن. «شەفیق قەزاز»، وەزیری هاوکاریی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاپتەری دواتردا پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی دەنرخێنێ. شەفیق لەم بەشەدا پێی وایە وڵاتە خاوەن کوردەکان توندوتیژیان بە مەبەستی پەراوێز خستنەوەی کوردەکان بەکار هێناوە بەڵام لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا کوردەکان وەک پێشوو چیتر ئەم سیاسەتانەیان بێ وڵام نەهێشتۆتەوە. پرۆفیسۆر «عەبدولعەزیز سەعید»، بەرپرسی ناوەندی جیهانیی ئاشتی نێونەتەوەیی لە زانکۆی ئەمریکی، پێداگری لەسەر دامەزراندنی ناوەندێک بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان دەکات. پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز لەم بەشەدا پێی وایە بەمەبەستی تێگەیشتنێکی زۆرتر و پەروەردەکردنی شوناسی کوردی لەو کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆکە لە حاڵی وەدیار کەوتنی سیاسەتی پلورالیسیتدان، پێویستە داکۆکییەکی زۆرتر لە سەر چەمکی peoplehood بکرێ تاکوو دەوڵەتبوون.

بەشی سێهەمی ئەم کتێبە لە ژێرناونیشانی «دەوڵەت، کوردەکان و بەدواداچونی دیموکراسی لە تورکیا»، چوار چاپتەری لەخۆ گرتوە. چاپتەرێکی ئەم بەشە بە ناونیشانی گیرانی ئۆجەلان وەک کاتالیزۆرێک بۆ دیموکراسی و کاندیداتۆریی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا باس لە کاریگەرییە دوولایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی لەسەر ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە تورکیا و چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا دەکا. ئەم چاپتەرە کە لەلایەن «مایکێل گوونتێر»ـەوە نووسراوە، پێی وایە ئۆجەلان زیاتر لە هەر ڕێبەریکی کورد، لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی لە دروست کردنی هەستی باوەڕبەخۆبوونی کورد و نەتەوەخوازیی کورد لە تورکیا گێراِبێ. گوونتێر پێیوایە هەر چەن تورکەکان وەک تیرۆریستێک سەیری

ئۆجەلان و بزووتنەوەکەی دەکەن بەڵام دوابەدوای گیرانی لە ساڵی ١٩٩٩ و گۆڕانی بیرۆکەکانی ئۆجەلان، پێداگری ئەو لە سەر دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای تورکیا، هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ئاستی توندوتیژی لەم وڵاتە، ڕەنگە لە درێژخایەندا هەوڵەکانی وەک پرۆسەیەکی سیاسیی دوورودرێژ ڕێگا بۆ کرانەوەی سیاسی لە تورکیا و دەرفەتی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەم ئەم وڵاتە بکاتەوە.

چاپتەری حەوتەم لە ژێر ناونیشانی «پێنج قۆناخی پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا»، لە لایەن «هاکان یاووز»ـەوە نووسراوە. ئەم مامۆستایەی زانکۆی «یووتا»ی ئەمریکا، لەم چاپتەرەدا پێی وایە دارمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و فۆرماسیۆنی پرسی ئەتنیکەکان دەبێتە هۆکاری سیاسیی بوونی ناسنامەی کوردی، دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە تورکیا، وەک دووهەم هەنگاو تا ساڵانی ١٩٥٠ ناسنامەیەکی جیاوازی کوردی بەرهەم دینێت، لە ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٨٣ لە ڕێگای سۆشیالیزمەوە، سێکیولاربوونی ناسنامەی کوردی وەک سێهەم قۆناخی وەدیار دەکەوێ. ساڵانی ١٩٨٣ تاکوو ١٩٩٩ وەک چوارەمین قۆناخە؛ ئەم قۆناخە بە وەدیار کەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان دێتە ناو پانتای سیاسەتەوە. پێنجەمین قۆناخ هاوکاتە لەگەڵ هاتنە ئارای بە فەرمی ناسینی مافە کولتورییەکان و چەشنە دێسێنترالیزاسیۆنێک کە پارتیە کوردییە فەرمییەکان و هاوکات پێداگری کردن لەسەر دێموکراتیزە بوونی تورکیا. چاپتەری هەشتەم کە لە لایەن گوڵستان گوربەی نوسراوە باس لە میکانیزمەکان چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات. گوڵستان پێی وایە هەر وەک وڵاتی ئێران و سووریا، نەبوونی سیاسەتی بە فەرمی ناسینی کوردەکان و نەبوونی دیالۆگی نێوان کورد و تورک و گرینگیی پێنەدانی ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکان، لەمپەرێک بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

چاپتەری نۆهەم لە لایەن «ڕۆبێرت ئۆلسۆن»ـەوە باسی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێران و پرسی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تاکوو ٢٠٠٠ لەماوەی سەرۆک کۆماریی نەجمەدین ئەربەکان و خاتەمی دەکا. ئۆلسۆن پێی وایە پرسی کورد کێشەیەکی گەورەی ژیۆپۆلەتیک و ژیئۆ ستراتیژیی نیوان ئیران و تورکیایە و بالانسی هێزی ئەم دووە لە باشوری کوردستانیش بە هۆی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە سەبارەت بە گەماڕۆکان، دڵەڕاوکێکانی مرۆڤی و لەدایکبوونی دێموکراسیی کوردی لە باشوری کوردستانە. بۆیە چاپتەری دەیەم لە ژێر ناونیشانی «سیاسەتی ئەمریکا و باشوری کوردستان» لە لایەن «دیڤید ئێل.مەک»، پەیوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا و دەسەڵاتە خۆجێیەکان و بە تایبەت هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هەڵدەسەنگێنێ. دیڤید مەک پێی وایە لەناو پەیوەندییە سیاسییەکانی هەریم و بەغدادا، دەکرێ کوردەکان سیاسەتی مافی مرۆڤیش بێننە ناو کایەی سیاسی و وەک فاکتەرێکی جیاواز بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتی دەورەوەی ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگرن.

هانا ی.فریجی چاپتەری یانزەی ئەم کتێبەی لە ژێرناونیشانی «دەوڵەتی عێراق، ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگای چارەسەری» نووسیوە. ئەم چاپتەرە سێ بەشە؛ یەکەم بەش سروشتی دەوڵەتی عێراق و چۆنیەتیی کۆنترۆڵ کردنی عیراق لەلایەن سەدام حوسینەوە باس دەکات. دووهەم بەش لێکدانەوەیەک سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی عێراق لە کۆتایی دووهەم شەڕی کەنداو بە دواوە دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانەوە و سێهەم بەش فۆرمۆلێک بۆ هێزە ناوچەییەکانی عێراق بە مەبەستی دەسپێکردنی

پرۆسەی جارەسەرکردن و پێکهاتن لەم وڵاتە پێشنیار دەکات. «کاریگەریی گەمارۆ ئابورییەکان لە سەر باشوری کوردستان» لە نوسینی «رەند رەحیم فرانک»، «پاکتاوکردنی ئەتنیکی لە باشوری کوردستان» لە نوسینی «نووری تاڵەبانی»، کورستانی «عێراق، پرۆگرامی مرۆڤی» لەلایەن «ستافۆرد کلاری»، «دەرسەکانی عوسمانی بۆ عێراقی فێدرال» لە نوسینی «ئێرنێست توکر»، «فیدرالیزم وەک مۆدێلیک بۆ دێموکراسی» لە نوسینی «عەلی باباخان» و «کۆمۆنالیزم وەک داهاتوی عێراق» لە نوسینی «کارۆڵ ئی.ئۆلێری» چاپتەرەکانی ١٢ تا حەفدەی ئەم بەشە لەخۆ دەگرن.

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە تایبەت بە ناسیۆنالیزمی کورد، مافەکانی مرۆڤ و ئاڵوگۆڕی ئابوری لە ئێرانی ئیسلامی. «چارلز جی. مەکدۆناڵد» چاپتەری یەکەمی ئەم بەشەی لە ژێرناونیشانی «ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێراندا» نوسیوە. ئەم چاپتەرە ناسنامەی کوردی لە ئێران هەر بەو جۆرەی لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە پێکهاتوە دێنێتە بەر باس و خواس. مەکدۆناڵد لەم چاپتەرەدا باس لە ئامانجە سیاسیەکانی کورد لە ئێران دەکات و ئەمە گرێ دەداتەوە بە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. باس لە سیاسەتەکانی دکتور قاسملو بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجی کوردەکان دەکات. لە ئاکامدا نوسەر پێی وایە ناسنامەی کوردی لە ئێران بە وەدیار کەوتنی ناسنامەی ئێرانی لەو ناوچانە لەدایکبووە. هەر بۆیە کوردەکان لە کوردستان خۆیان وەک کورد و وەک ئێرانی بینیوە. بەڵام پێی وایە گەر بێت و ویستی کوردەکان بەرسف نەدرێتەوە، ئەوە کوردەکان خۆیان لە ئێرانییەکان دوور دەکەنەوە.

چاپتەری نوزدەهەم لە لایەن «نادر ئینتسار»ەوە نووسراوە. «شوناسە نەتەوەییە رکەبەرەکان، مەتەڵی کورد لە ئێران» ناونیشانی ئەم چاپتەرەیە. ئینتسار لەم چاپتەرەدا باس لە دەرفەت و ئاستەنگییەکانی کەمینەی کورد لە ئێرانی هاوچەرخدا دەکات و بەم پرسیارە دەستپێدەکا ئاخۆ کوردەکان ئەتنیکن یان نەتەوە؟... ئەی کوردی ئێرانی بە چ واتایەکە؟ چ داخوازییەکیان لە دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران هەیە؟... ئینتسار پێی وایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سووک و ئاسان نییە. هەر بۆیە بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی رەزاشا و پێکدادانی دەسەڵات و گرووپە ئەتنیکییە نافارسەکان باسی وەدیار کەوتنی ناسنامە و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکا. ئەم چاوپێداخشانە تا سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمی و سیاسەتەکانی ئێران لەم سەردەمەدا باسی لێ دەکرێت و لە ئاکامدا ئینتسار پێی وایە وەک پێویستییەک دەبێ مافی تەواوی دانیشتوانی ئێران بە فەرمی بناسرێت.

«ئیلاهە شەریفپور هیکس» و «نیل هیکس»، نوسەرانی چاپتەری ژمارە بیستی ئەم کتێبەن لە ژێر ناونیشانی «مافەکانی مرۆڤ و کوردەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا». لەم چاپتەرەدا بە ئاماژەپێدانی شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ تا ساڵانی ٩٠ی زایینی، باس لە رێژەی گیان بەخت کردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی سیڤیل دەکات و دواتر بە ئاماژە بە خاڵەکانی مافی مرۆڤ پێی وایە پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە رێگای سیاسەتی دێموکراسیانە دەکرێ چارەسەر بێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە دەکاتە سەر هەوڵەکانی دکتور قاسملوو لە ساڵانی ١٩٨١ بۆ دابین کردنی دێموکراسی. بەڵام بە داخەوە دکتور قاسملو لە ژولای ساڵی ١٩٨٩ لە پێناو دابین کردنی چارەسەرییەک بۆ پرسی کورد و دێموکراسی بۆ ئێران شەهید دەکرێ. ئەم دووە لەم چاپتەرەدا ئاماژە بە لاوازبوونی پێگەی کوردی رۆژهەڵات لە ئاستی ناونەتەوەیی دەکەن و پێشیان وایە دەسەڵاتی مەلا شیعەکان مافی دەسنیشان کردنی چارەنوسیان بەلاوە گرینگ نییە،




بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە خاڵێکی هاوبەشی بەرژەوەندی لە نێوان ریفۆرمیستە ئێرانییەکان و ئامانجە سیاسیەکانی کورد هەیە و ئەویش دیموکراسییە.

«فەریدە کووهی کەماڵی» چاپتەری بیست و یەکەمی ئەو کتێبەی لەسەر «گۆڕانی ئابووریی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێراندا» نوسیوە و پێی وایە ئێستا ناسیۆنالیزمی کورد لە بنەمای سەرەکیی خۆی واتە خێڵ و عەشیرە و گرێ درانی بۆ عەشیرە، بەرەو کۆمەڵگا وەک نەتەوە دەوڵەت هەنگاوی ناوە. فەریدە لە سەر بنەمای کتێبەکەی پێشووی خۆی لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی، لەم چاپتەرەشدا لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، گۆڕانی بنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە خێڵەوە بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرنتر نیشان ئەدات و پێی وایە دوابەدوای ئیسلاحاتی ئەرزی، وەفاداری لە خێڵەوە بەرەو کۆمەڵگا ڕاگوێزراوە. لە ئاکامدا فەریدە بە لەبەرچاو گرتنی داهات، باری ئابووریی دابڕان و بەردەوامیی نێوان چین و توێژەکانی کوردستان و هاوکات کاریگەریی گۆڕانی ئابووری لە سەر ناسیۆنالیزمی کورد دەخاتە ڕوو.

«جیهانی عەرەب وجیهانی کورد»، «ڕوانگەی ئەوروپییەکان، ڕوانگەی دیپلۆماتیکی ئەمریکی و شوناسی کوردی لە عێراقیکی دیموکرات» چاپتەرەکانی ٢٢ تاکوو ٢٥ ی ئەم کتێبە پێکدێنن. سەرەڕای ئەوەی نزیک ١٠ ساڵ بەسەر نوسینی ئەم کتێبەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بێ گومان ئارگیومێنت و تیۆروانینەکانی ئەم کتێبە بە هۆی ئەوەی لە ئاسۆیەکی دوورەوە سەیری ناسنامەی کورد و مافەکانیانی لە هەر سێ بەشی کوردستان کردوە، گۆڕانیکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و هاوکات زۆرێک لە ئارگیومێنتەکانی ئێستاکەش هەر سەلمێنراون. ڕەنگە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بتوانێ ژێدەرێکی زۆر باش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماکانی پرسی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی دەستەبەر بکات.

## ڕێنماییی نووسین

### مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

### شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

#### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

#### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

#### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## کورد و فاکتەرەکانی دەسەڵات

٥١

لە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندیکردن:
govaritishk@pdki.org